





# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- میراتی دیکتاتۆرییەت!........................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٥
٢- پلانی ١٠٠ ڕۆژەی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ...............................
..................................................................................... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩
٣- بۆ میرزای ئەدەبی کوردی، فەتاح ئەمیری................................................... یەعقووب ڕەوا ..... ١٧
٤- شکۆی خوێنینی قوتابییەک لە حوجرەوە......................................................... برایم چووکەڵی ..... ٢٠
٥-" دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان تەنیا نۆ ڕۆژیان نێوانە؟............................................ دارسمە ..... ٢٣
٦- حیسام دەستپیش: کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەڕوات......... وتووێژ: شەهرام سوبحانی - وەرگێڕان لە فارسییەوە: دانا خەدیو.............................................................................................. ٢٦
٧- کۆماری کوردستان لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا.......................................... خالید حەسەنپوور ..... ٣١
٨- مانیفیستی تێکۆشان........................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٣٤
٩- کۆماری ئیسلامی و دووڕێیانی چارەنووس!.................................................. عومەر باڵەکی ..... ٣٧
١٠- قەیرانی شوناسی ئێرانی........................................................................ سەفەر عەزیزی ..... ٤١
١١- "موجتەبا" کلیل وشەی دوایین پیلانی دیکتاتۆر!.................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٤٧
١٢- کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان............. فواد خاکی‌بەیگی ..... ٥٠
١٣- لەمپەرەکانی ئەوکات و دەرفەتەکانی ئێستا!........................................... هاشم ڕۆستەمی ..... ٥٦
١٤- کوردستان؛ سەرباشقەی خەبات.............................................................. هەردی سەلیمی ..... ٦١
١٥- نەریتی (گاڤارەوەکووڵ) یان (داڵگەوەهار) لە فەرهەنگی کوردانی یارساندا............. سارۆ خوسرەوی ..... ٦٤
١٦- خەڵکی ئێران و بەڵایەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی........................................ عەلی بداغی ..... ٦٧
١٧- جینایەتی کوشتنی نیان و کورتە سرنجێک!................................................ سۆهراب ڕەحمەتی ..... ٧١
١٨- خالید عەزیزی: نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە..........



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

.......................................................................... کوردکاناڵ ..... ٧٤
١٩- تێکۆشانی خەڵک دەبێ دەق بێ و ئەوانی دی پەڕاوێز.......................... هەردی سەلیمی ..... ٨٨
٢٠- "دەیەی فەجر"ی ڕێژیم و چوار دەیە زەجر و بەشمەینەتیی خەڵک.............................. عەلی بداغی ..... ٩١
٢١- د. ئازاد محەممەدیانی: ناوەند نەیویستوە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکات.................................................................. وتوویژ: شەهرام سوبحانی ..... ٩٤
٢٢- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٧ (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان).................................................................. ١٠١
٢٣- بەڕێوەچوونی یەکەم پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکرات (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)................................................................................ ١٠٥
٢٤- ئیسرائیل دوای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترامپ دەبێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئامادە بێ........................
.......................................................................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٧
٢٥- کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ئایدیاوە هەتا سیستەم................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ..... ١١٢
٢٦- دووانەی وەهم و ترس، دیکتاتۆر، نوێژی مردوو بە جلیقەی گوللەنەبر!..................... ڕەزا دانشجوو ..... ١١٨
٢٧- وڕێنەی دیپلۆماتکارێکی سەرلێشێواو.......................................................... دارسمە ..... ١٢٢
٢٨- لە ڕەگەزی سوارچاکەکانی قەڵای دمدم................................................ برایم چووکەڵی ..... ١٢٦
٢٩- دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خاڵی وەرچەرخان لە خەباتی دوو نەتەوەدا.......................... مستەفا شێخە ..... ١٢٩
٣٠- ژنکوژی دیاردەیەکی دەوڵەتییە نەک نەتەوەیی............................................. هەردی سەلیمی ..... ١٣٦
٣١- ژن وەک خۆی!................................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ١٣٩
٣٢- تاوان و تاڵانی ئابووری، خاڵی هەرەدیاری کارنامەی کۆماری ئیسلامییە..................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٤٣
٣٣- کرماشان لە هەناوی ژێئۆپۆلۆتیکی کوردستاندا.......................................... پژمان شەریعەتی ..... ١٤٦
٣٤- ساڵی دوو بەهار................................................................................ هیوا خانی ..... ١٥٠
٣٥- "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، سەرمایەیی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری......................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٥٤
٣٦- شۆڕشی گەلانی ئێران و، کۆماری ئیسلامی وەک دیاردەیەکی شووم.......................... سمایل شەرەفی ..... ١٥٨
٣٧- کارنامەیەکی ڕەش.............................................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٦٢
٣٨- کۆماری ئیسلامیی ئێران و چەقین لە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکاندا.................. فریاد عیزەتپەنا ..... ١٦٦
٣٩- تێڕوانینێک لەسەر گەمژەیی مرۆڤ........................................................ سەلیم حەقیقی ..... ١٦٩
٤٠- بۆ شۆڕش کرا؟.................................................................................. هەردی سەلیمی ..... ١٧٣



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**


٤١- کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟ ............................................ عەلی بداغی ..... ١٧٦

٤٢- هەموو هێز و ڕوانینمان بخەینەوە سەر نێوخۆی وڵات.............................. سمایل شەرەفی ..... ١٦٩

٤٣- براوەی سەرەکی هەر گەلانی ئێرانن................................................ شاهۆ مەتین ..... ١٨٣

٤٤- دۆناڵد ترامپ و ئێران، لاپەڕەیەکی نوێ یان دووبارەبوونەوەی ڕابردوو؟.................. حەسەن قارەمانی ..... ١٨٦







سەرچاوە
Serchawe

## میراتی دیکتاتۆرییەت!



ڕەزا دانشجوو

ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد نەک هەر لە دڵی میلیۆنان ئاوارە و خەڵکی لێقەوماوی سووریەدا، بەڵکوو لەنێو زۆرێک لە ئێرانییەکانیشدا شەپۆلێکی ئومێد و ئارەزووی زیندوو کردەوە! گەلانی ئێران هیوادارن کە لاوازبوونی هەرچی زیاتری هێزە بەوەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامی ببێتە هۆکاری خێرایی پێدانی ڕووخانی دیکتاتۆریی وەلایەتی فەقیهـ! لە ڕاستیدا دوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانی بەرەی شوومی ناسراو بە میحوەری مقاوەمەت، ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر تاران و پچڕانی دوا ئەڵقەی ئەم زنجیرە ڕزیو و ژەنگاوییەن. بەڵام لەنێو ئەو هەموو ئومێد و هیواداریدا داهاتوو و سەرەنجامی سووریە لە دوای بەشار ئەسەد بە تایبەت و ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی گرێدراوی زۆر ئەگەر و هەلومەرجی جۆراوجۆرە.

ئیسلامییە توندڕەوەکانی باڵادەست لە دیمەشق کە ئێستاشی لەگەڵ بێت لە لیستی تیرۆری زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادان، سەرەڕای گۆڕانکارییە ڕواڵەتییەکانیان، پێناچێت ماڵئاواییان لە ئامانج و ئایدیاڵە ڕیشەییەکانیان کردبێت. دیداری وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لەگەڵ "ئەحمەد ئەلشەرع"، سەرۆکی تەحریری شام و تەوقەنەکردنی لەگەڵ "ئالێنا بێربۆک" و دواتر شێواندنی وێنەکانی ئەم دیدارە لە میدیاکانی سەر بە تەحریری شام، نیشانی دا کە دەبێت بەردەوام چاوەڕوانی

ڕووداوە نوێیەکان لە سووریە بیت. دواجار دەبێت ئەم ڕاستییەش باس بکرێت کە تحریری شام تێکەڵاوێک لە دەیان گرووپ و دەستەی جیاوازی ئیسلامییە و زوو یان درەنگ ئەم گرووپە ڕادیکاڵانە داوای بەش و مافی خۆیان دەکەن. ئاشکرایە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزە جیهانییەکانیش لەم باسەدا بێدەنگ نابن و هەر یەک لە فکری دابینکردنی ویست و داخوازییەکانی خۆیانن.

تورکیە کە بەئاشکرا باس لە خەون و ئارەزووەکانی بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی سەردەمی عوسمانییەکان و داگیرکردنی حەلەب و دیمەشق دەکات، کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر گرووپی تەحریری شامدا هەیە و لەڕاستیدا هێزی بزوێنەری سەرەکیی ئەم چیرۆکەیە. ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەک دراوسێیەتیی گرووپێکی ئیسلامیی توندڕەو قەبووڵ ناکات و دەزانێت سەرەڕای لێدوانە سەرەتاییەکانی سەرکردەکانی تەحریری شام، زوو یان درەنگ ئەم گرووپە دیوی شاراوە و ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدات و بێدەنگیی ئێستای تەنیا بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتە! کۆماری ئیسلامییش وەک دۆڕاوی سەرەکی لە چیرۆکی سووریەدا، وێرای هەوڵدان بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی سووریە تێدەکۆشێت لە هەمان کاتدا بە کایەکردن بە کارتی کەمینەی عەلەوییەکان تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی سووریە هەبێت. کورد وەک پارێزەری سەرەکیی دژ بە هێزە ڕادیکاڵەکان و نموونەیەکی خاوەن سەرنج لە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە پاڵپشتی دەکرێت و ڕووسیەش بە دوای دۆزینەوەی جێگەیەک لە داهاتووی سووریەدا دەگەڕێت و ئامریکاش بیر لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەکاتەوە!

بە هۆی بوونی ئەم هەموو ئەکتەرە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە، پێدەچێت ئایندەی سووریە پڕبێت لە پێشهاتی زۆر جۆراجۆر و ئاڵۆز و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئایندەی سووریە زۆر چەتوون و سەخت بێت!

ئەزموونی تاڵی بەهاری عەرەبی کە لە زۆربەی وڵاتانی مەبەست ڕووبەڕووی شکست بۆوە، ئەم نیگەرانی و نارەحەتییە زۆر زیاتر دەکات. ڕەنگە لیبی تاڵترین نموونەی بەهاری عەرەبی بێت، ڕووخانی دیکتاتۆریی قەزافی نە تەنیا هیچ شتێکی نوێی نەهێنا، بەڵکوو بە هۆی دەستوەردانی هێزی دەرەکی بوو بە هۆکاری خراپتربوونی بارودۆخی ژیان و لە ئاکامدا بوونی سێ حکومەت لە وڵات لە یەک کاتدا! ئاڵۆزییەکانی ئەم چەند ساڵە لەم وڵاتەدا گەیشتۆتە لووتکە و خەڵک تەواو لە داهاتووی وڵاتەکەیان بێهیوا بوون. ئەوەندە ئاڵۆز و تاریک و ناڕوون کە زۆرێک لە خەڵکی لیبی ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریی قەزافین! لێکدانەوەی ڕووداوەکانی بەهار عەرەبی لە تاقمێک وڵاتی دیکەش وەک میسر و تونس دەرخەری هیچ شتێکی ئەوتۆی و خاوەن سەرنج نیە و هیچ گۆڕانکارییەکی تایبەت بەراوورد بە ڕابردووی ئەم وڵاتانە بەدی ناکرێ!



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یان ئەو وڵاتانەی مێژوویەكی دوورودرێژی دیكتاتۆرییان هەیە بە گشتی دوای ڕووخانی دیكتاتۆر ئاڵۆزتر بوون؟
دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی و هەڵاتنی شا، خەڵكی ئێران هیوادار بوون بە دامەزراندنی كۆمارێكی گشتگیر لەسەر بنەمای بەها ئینسانییەكان و دیموكراسی، كۆمەڵگەی بێزار و ماندوو لە دیكتاتوری و "والاحضرت"كان بگاتە كەنارێكی ئارام و شوێنی مەبەست. بەڵام تێپەڕبوونی كات و ئاڕاستەی ڕووداوەكان دواتر نیشانیان دا كە تەنیا شێوازی جل و بەرگ و لیباس پۆشین و هەندێك بیروباوەڕی "والاحضرت"كان گۆڕاون و حكوومەتی ئاخوندەكانی شیعە و دیكتاتۆریی وەلایەتی فەقیهـ زۆر لە ڕێژیمی پەهلەوی بێبەزەییانەتر و دڕندەترە خەریكی چەوساندنەوەی خەڵك و كوشتن و زیندانیكردنی نەیارانە! بەڵام بەڕاستی كێ لەم دۆخە بەرپرسیارە؟

وەڵامێك كە زۆر جاران لە لایەن تاقمێك بیروباوەڕی دیار بۆ شێواندنی ڕاستیەكان و بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەكان دەدرێتەوە ئەوەیە كە ئەم دۆخە نالەبارە بە هۆی ئەمەگنەناسیی خەڵك بەرامبەر بە دیكتاتۆری پێشوویە! بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە تێڕوانینە وەك ژەهرێكی كوشندەیە بۆ كۆمەڵگا و دەبێت بە توندی وەڵام بدرێتەوە! لایەنگران و خزمەتكاران و نۆكەرانی دیكتاتۆر كە خۆیان و بنەماڵەیان ساڵیانی ساڵ لە گیرفانی خەڵك خواردوویانە و نەمانی دیكتاتۆر بە مانای تێكچوون و كۆتاییهاتنی دووكان و توجارەتەكەیانە، بە پیشاندانی چەند وێنەیەك ئاراستە و شیك لە دیكتاتۆر و بنەماڵەكەی و بەراوردكردنیان لەگەڵ دیكتاتۆری ئیستا، وێرای بە شانوباڵ داهاتن و پێداهەڵگوتن بە جەنابی دیكتاتۆری پێشوو! خراپتر بوونی بارودۆخی ژیانی خەڵك بۆ ناسپاسیی خەڵك و خەیانەتیان بە جەنابی دیكتاتۆر دەگەڕێننەوە! لە ڕوانگەی ئەم كەسانەدا لە ڕاستیدا ئەو كەسەی كە دەبێ تووڕە و نارەحەت بێت جەنابی دیكتاتۆری لەكار دوورخرایەوە، كە جەماوەری ناشوكری ڕەعیەت قەدریان نەزانیوە!

ئەمە یانی سڕینەوەی پرسیار و وەڵامی تەواو بێ بنەما! لەبیركردنی خیانەتی مێژوویی دیكتاتۆر! تەحریری شام میوەی كارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ و سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی حیزبی بەعس و بەشار ئەسەدە! دابەشبوونی سیاسی و كۆمەڵایەتی بەرهەمی ساڵانێك زۆر و زەبروزەنگ حوكمڕانیی بەشار ئەسەد و باوكیەتی! ئەوە بەشار ئەسەد و باوكی بوون كە ڕێگەیان بە بیانییەكان دا دەستێوەردان لە كاروباری سووریە بكەن، تەنیا بۆ ئەوەی ماوەیەكی زۆرتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە! ئەوە قەزافی بوو كە بە كودیتا هاتە سەركار و شەهوەتی گەیشتن بە دەسەڵاتی لەم وڵاتەدا دروست كرد، ئەوە قەزافی بوو كە تۆوی دووبەرەكیی لە لیبی چاند!

نۆكەری و كڕنۆش و چەمانەوە میراتی شوومی بنەماڵەی پەهلەوی بوون! كڕنۆش بردن و ماچكردنی دەستی شا و شاژن و

رێبەندانی ٢٧٢٤

کەس و کاری لە لایەن باڵاترین بەرپرسانی سیاسی و سەربازییەوە گرینگترین وێنەی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی سەردەمی پەهلەوین! ئەم داب و نەریتە ترسناکە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی جیاواز دووبارە بووەوە، بەو جیاوازییەی کە ئێستا جەنابی دیکتاتۆری وەلی فەقیهـ ئەنگوستیلە و چەفیە دەدات بە نۆکەر و کۆیلەکان، بەڵام جەنابی دیکتاتۆری پەهلەوی خاک و ماڵ و موڵکی دەدا!

شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی سەردەمی پەهلەوی، لە چاوپێکەوتنێکی مێژووییدا لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە هەلومەرجی پێش شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێراندا دەڵێت: "ئەوەی تاقمێک کەس دەڵێن ئێمە دەبووینە ژاپۆن و فلان و فیسار، ئەمانە هەمووی دوورە لە ڕاستی و تەواو بێمانایە! ئەوانەی کە ئەم قسانە دەڵێن یان نەزانن یان لەو کاتەدا خۆیان لە دۆخێکی باشی ئابووریدا بوون و هەندێک بەرژەوەندییان هەبووە! جگە لەوەش ئەگەر ڕێژیمی پێشوو ئەو زیادەڕەوییانەی نەکردبا، کەس گوێی لە خومەینی نەدەگرت"!

ڕاستی ئەوەیە کە دیکتاتۆرەکان تەنها بەرپرسیاری ئاژاوەگێڕی و نادادپەروەری و دۆخی نالەباری ژیانی خەڵک لە سەردەمی دەسەڵاتی شەرمەزارکەریان نین، ئەوان بەرپرسیاری سەرەکیی تەواوی ئەم نەهامەتی و نارەحەتییانەن کە بە هۆی چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە کۆمەڵگەدا و دارشتنی سیستمێکی فەشەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی تا ساڵیانی ساڵ پاش ڕووخانیشیان یەخە و بەرۆکی کۆمەڵگە بەرنادات!


کۆماری ئیسلامی بەرهەمی فەزای داخراو و سیستەمی حوکمڕانیی پەهلەوییە، نەهێشتن و ئیزن نەدان بە ڕێکخراوە ئازاد و سەربەخۆکان و نەبوونی حیزبی ڕێکخراو و ستراکتۆر، باشترین دەرفەت بوو بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نەناسراو بە ناوی کۆماری ئیسلامی! دیکتاتۆریی سەڵتەنەتی پەهلەوی بە پاشخانی قووڵی مەزهەبی، داماو و کڵۆڵ لە دووانەی مۆدێرنیتە و سوننەتدا، بە پشتبەستنێکی تەواو بە ڕۆژئاواوە و بیانییەکان، ئاشکرایە بەرهەمەکەی جگە لە کۆماری ئیسلامی هیچی تر نابێت!

کاتێک سیستەمی دیکتاتۆری هەموو ڕێگاکانی بە ڕووی دیموکراسی داخستوە، بەداخەوە ئەوەی لە شۆڕشەوە دەست دەکەوێت زۆربەی کاتەکان ناڕوون, تاریک و دووفاقییە!

**میراتی شوومی دیکتاتۆر! دیکتاتۆر دوای دیکتاتۆر!**

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# پلانی ١٠٠ ڕۆژەی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ




و: کەماڵ حەسەنپوور

## پێشەکی

ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی هێندێک پێشنیاری بە بەڕیوەبەرایەتیی نوێی ترامپ کردوە کە بە پلانێکی ١٠٠ ڕۆژە لە بنەڕەتدا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داڕێژێتەوە. ئەم ڕێکخراوەیە دەڵێ ڕێژیمی ئێران وەک سەرەکیترین دەوڵەتی پشتگیریکەری تێرۆریزم ماوەیەکی دوور و درێژە هۆی سەرەکی ناسەقامگیریی ناوچەییە و تا ڕادەیەکی زۆر بێ‌ئەوەی بەرەورووی سزدان بێتەوە، تۆوی دووبەرەکی دەچێنێ. لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و پڕچەککردنی مەترسیدارترین تاقمە تێرۆریستییە ئیسلامییەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژەوە بگرە تا ئەو دواییانە کە بۆ داگیرکردنی ئۆکراین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەناردەی ڕوسیە کردوە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران سەرکوت دەکات و هەڕەشەی هەنگاوەکانی خێرا بەرەو چەکی ناوکی دەکات. ئێران قەت بە شێوەی شیاو ناچار نەکراوە بەرپرسیارەتیی ئەو کردەوانە بگرێتە ئەستۆ.



سەرچاوە Serchawe

ئەوە دەبێ کۆتایی پێ بێ و، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو ترامپ و هەروەها گەلێک لە بەربژێرە پلەباڵاکانی کابینەکەی، هەر ئێستا ئاماژەیان بە ئامانجی خۆیان بۆ دڵنیا بوون لە ئاڵوگۆڕێکی ڕادیکاڵ لە کردەوە بەدخوازانەکانی تاران کردوە. پێشنیارەکانی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی هەموو جۆرە ئامرازەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەمریکا دەگرنەوە: سیاسی، زانیاریی، سەربازیی و ئابووری کە ئامرازی یەکلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەستپێشخەریی بۆ جێبەجێکردن لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا دەگرنەوە.

## سیاسی

باس لە سیاسەت بەرانبەر بە ئێران لە یەکەم وتاری سەرکۆماریدا: سەرکۆماری هەڵبژێردراو دەبێ وتارێکی سیاسی پێشکەش بکات و لەودا خاڵە گشتییەکانی ستراتێژییەکەی بەرانبەر بە ئێران ئاماژەی پێ بکرێ و باسی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تێدا بێ. سەرکۆمار نەتەنیا دەبێ ڕوو بە ئەمریکاییەکان، بەڵکو ڕوو بە ئێرانییەکانیش قسە بکات و بە ڕوونی بڵێ ئامانجی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لاوازکردنی توانای کۆماری ئیسلامی بۆ شەڕەنگێزیی دەرەکی و سەرکوتی نێوخۆییە و بوار بۆ وەدیهێنانی خولیاکانیان خۆش دەکات.

بڕیارنامەی ڕەخنەگرانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی: بناخەی پەسەندکردنی بڕیارنامەیەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن ئەنجومەنی وڵاتانی بڕیاردەری ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی دژی ئێران دابنرێ کە ئاماژە بە ڕەچاو نەکردنی ئەرکەکانی ڕێککەوتنی پەرەپێنەدان بە چەکی ناوکی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەنگاوی زیاتر بکرێ.

کەڵک لە مێکانیزمی پەلەپیتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرە: باس لە پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کەلکوەرگرتن لە میکانیزمی سەپاندنی گەمارۆی پەلەپیتکە لە لایەن سێ وڵاتی ئورووپایی، لە ژێر بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران و تێکشکاندنی چوارچێوەی ڕێککەوتنە فەشەلە ناوکییەکە بەیەکجاری. گەمارۆکانی میکانیزمی پەلەپیتکە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ کاتیان بەسەر دەچێ و، دانانی بەرنامە بۆ کەلکوەرگرتن لە میکانیزمەکە دەبێ دەستبەجێ دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەرکۆماری هەڵبژێردراو ترامپ دەست پێ بکات.

هاوپەیمانییەک بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران پێک بێنە: هاوپەیمانییەک لە وڵاتانێک پێک بێنێ کە ئامادەن هەنگاو بۆ

تەریکخستنەوە و زەخت خستنە سەر کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی: ناوکی، پەرەدان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک، شەڕەنگێزیی ناوچەیی، تێرۆریزم، بارمتەگرتن، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیی بگرێتەوە. وڵاتانی ٥+١ (وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕوسیە و چین) چیدیکە تاقمێکی یەکگرتووی خاوەن داهاتوو نییە کە لەودا، بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئەو دواییانە، لەگەڵ تاران هەڵسوکەوت بکرێ. بەڵام، ڕوانگەی ئورووپا بەرانبەر بە هەڕەشەی تاران لە لایەن ئورووپاوە، لەبەر دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بۆ جەنگ دژی ئوکراین، لە لایەن تارانەوە بە شێوەی بەرچاو گۆڕاوە. ئەوە دەبێتە هۆی دەرفەتی بەهێز بۆ وروژاندنی هاوپەیمانە ئورووپاییەکان و ئەوانی دیکە.

هاتوچۆی کاربەدەستانی ئێرانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان سنووردار بکە: سنوورەکانی سەفەرکردن کە لە یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەسەر نوێنەرایەتیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بگەڕێنەوە، سەفەری دیپلۆماتەکانی ئێرانی بۆ ماڵەکانیان، شوێنی کاریان و بینای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سنوور دار بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ خۆ لە دانی ڤیزا بە سەرکۆمار، وەزیری کاروباری دەرەوە و کاربەدەستانی دیکەی ئێران بۆ سەفەر بۆ نیویۆرک بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئەوکاتەی ئێران هەڕەشە لە خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات، ببوێرێ.

گەمارۆکانی مافەکانی مرۆڤ هاوئاهەنگ بکە: لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان کار بۆ هاوئاهەنگکردنی گەمارۆکانی سەر ئەو کاربەدەستە ئێرانییانە بکەن کە بەرپرسی پێشێلکارییەکانی دژی مافەکانی مرۆڤن.

یاسای مەهسا جێبەجێ بکە: یاسای مەهسا جێبەجێ بکە، کە ڕێگا بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ڕێبەری گەورەی ئێران و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دیکە و یەکەکانی تێوەگلاو لە تێرۆریزم و پێشیلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەدا.

حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی دەستنیشان بکە: تاقمی میلیشیایی ئەنسارئەڵلا (حوسییەکان) لە یەمەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن و بووەتە هۆی وەستاندنی بەرچاوی کەشتیوانیی جیهانیی بە هێرشەکانی و فڕاندنی کەشتییە زەبەلاحەکان، بە تایبەت لە دەریای سوور، جارێکی دیکە وەک ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانی دەستنیشان بکە.

سوپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەستنیشان بکە: ببە بە پێشڕەوی هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری وڵاتانی دنیا بۆ دەستنیشانکردنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، وەکوو چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان لە

سەردەمی یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆماریی هەڵبژێردراو ترامپدا ئەو کارەی کرد. هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەنێویاندا بریتانیا، لە ڕابردوودا ئامادەیی خۆیان بۆ هەنگاوێکی ئەوتۆ دەربڕیوە.

بەربەرەکانی لەگەڵ دزەکردن بکەن: بە هاوبەشیی هاوپەیمانە ئورووپاییەکان گەمارۆ بخەنە سەر تۆڕەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ دانانی کاریگەریی و دزەکردن لە نێو ڕۆژئاوا و ئەو تۆڕانە هەڵوەشێنن کە لە ژێر دەمامکی ئایینی و فەرهەنگیدا کار دەکەن. وەک ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی ئاشکرای کرد، ئەو ناوەندانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سوپای پاسداران و هەوڵەکانی بۆ حاملاندنی توندئاژۆیی و دژە جوولەکەی توندڕەو لە سەر خاکی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەیە.

## ئۆپەراسیۆنی ئاگادار کردنەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ سانسۆر و بڵاو کردنەوەی زانیاریی هەڵە

ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکان: هێزێکی چالاک لە بارەی ئێراندا دروست بکە پسپۆڕی ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکان بە زمانی فارسی بێ بۆ ورەبەخشین بە هەوڵە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران، هاوکات بە مەبەستی لاوازکردن، دووبەرەکی‌نانەوە و بنکۆڵ کردنیان، لە کەمپەینی ئۆپەراسیۆنی دەروونیدا ڕێژیم و سوپای پاسداران بە ئامانج بگرێ.

لاواز کردنی سانسۆڕ: پێشترییەتی بە هەوڵەکان بۆ دڵنیا بوون لە دەستڕاگەیشتنی خەڵکی ئێران بە زانیاریی سانسۆڕنەکراو بدە. ئەوە دەبێ پشتگیریی و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیی وەک ئینتەرنێتی ساتەلایتیی ستارلینک بگرێتەوە، کە کاناڵی جێگرەوە بۆ پەیوەندیی گرتن و بڵاو کردنەوەی زانیاریی جێگای متمانە دەستەبەر دەکات.

بەرپەرچی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و ئۆپەراسیۆنەکانی کاریگەریی خراپ بدەرەوە: ئەوە ستراتیژییەکی گشتگیر دەخوازێ تا هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵمەتەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە لەلایەن ڕێژیمی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای ڕۆژئاوا بکرێ. ئەو هەڵوێستە دەتوانێ بەهێزکردنی گێڕانەوەی جێگای باوەڕ، هاوکاریی لەگەڵ هاوبەشانی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکان بۆ بە ئامانج گرتن و سڕینەوەی زانیاریی هەڵەی ئێران و کەلکوەرگرتن لە تواناییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ ئاشکرا کردن و پووچەڵ کردنەوەی پرۆپاگاندا درۆیینەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێتەوە. ئەوە هەروەها دەبێ گەمارۆ خستنە سەر تاک و یەکەی ئێرانی بگرێتەوە کە هەوڵ دەدەن دزە بکەنە نێو دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا، لە نێویاندا زانستگاکان، ئینستیتۆکانی توێژینەوە و مێدیا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانیان. بەڕێوەبەرایەتیی داهاتوو دەبێ لەگەڵ کەرتەکانی گشتی و تایبەت بۆ کەڵک وەرگرتن لە باشترین ڕێکارەکان، وردبینییەکان وستانداردەکانی ئاشکراکردن لە سەرجەم هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کار بکات.

سیاسەتی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان ببووژێنەوە: بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ پێشڕەوی هەوڵەکان بۆ بووژاندنەوەی سیاستی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران بێ، بە تایبەت ئەژمارەکانی سۆسیال مێدیا بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەیوەندیدار و داهێنەرانە لە مەڕ ئەو بەسەرهاتانە کە خەڵکی ئێران ڕاستەوخۆ پێیانەوە سەرقاڵن. پەیامی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ جەخت لەسەر تەریک خستنەوەی کۆماری ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەمەڕ گەندەڵیی ڕێبەریی ئێران، دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی و بەفیڕۆدانەکانیان بێ، هاوکات خەڵکی ئێران بەهێز بکات.

## ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و تایبەت

لێدوانی فەرمی لەمەڕ لەکارکردنی هێز: سەرکۆماری هەڵبژێردراو ترامپ دەبێ لە وتاری ڕاگەیاندنی سیاستەکەیدا بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بڵێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا دوو دڵ نابێ، بێتوو بەرنامەی ناوکی ئێران بەرەو پەرەپێدانی زیاتر بە تواناییەکانی هەنگاو بنێ. ئەو هەروەها دەبێ داوا لە ئێران بکات پرەنسیپی سڕکردنی پیتاندن یان کەم کردنەوەی ئاستی ئۆرانیۆمی پیتێندراو قبووڵ بکات. بە هەمان شێوە، ئەو دەبێ بەئاشکرا بڵێ کە بێتوو ئێران یان بەکرێگیراوەکانی زەرەر بە ئەمریکاییان بگەیەنن، هێرشەکان بە هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر بنکەکانی سوپای پاسداران لە نێوخۆی ئێران وەڵام دەدرێتەوە.

دانی چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو بە ئیسرائیل: دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بکە بۆ گواستنەوەی هاژەکی GBU-57 کە بۆ تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی ئیسرائیل بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئامانجی ناوکی پتەوکراو وەک بنکەی پیتاندنی فۆردۆ، و هەروەها بۆمبهاوێژی B-52 وەک هەڵگری ئەو هاژەکانە بەکرێ بدە بە ئیسرائیل. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ هەروەها دڵنیایی بدا کە فڕۆکەی هەڵگری سووتەمەنی بوئینگ KC-46A کە قەرارە لە سەرەتای ٢٠٢٥ بدرێن بە ئیسرائیل، لە کاتی خۆیدا ئەو کارە دەکرێ.

بەڕێکردنی چەکوچۆڵ بۆ هاوبەشە عەرەبەکان زیاد بکە: بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ دەبێ بەڕێکردنی چەکوچۆڵ بۆ هاوبەشە عەرەبەکان زیاد بکات تا توانایییە چاوترسێنکەرانەکانیان دژی ئێران باشتر بکات.

لە هێرشی ئامانجدار بەردەوام بە: فەرماندەکانی سوپای پاسداران، ئەندامانی بەووجی سوپای قودس و وەزارەتی هەواڵگریی لە نێوخۆی ئێراندا بە ئامانج بگرە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی زەرەر بە ئەمریکاییان بگەیەنێت. لە جانیوەری ٢٠٢٠ لە هێرشێکدا ژەنراڵ قاسم سلێمانی کوژرا کە لێدانێکی گورچوبڕ لە سوپای قودس بوو و توانایییەکان و پێکهاتەکەی

بنکۆڵ کرد. بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دەبێ هەروەها ڕوونی بکاتەوە کە ڕێبەریی حوسییەکان دەبێتە ئامانجی سەربازیی ڕەوا لە وەڵامی هەر هێرشێکی حووسییەکان بۆ سەر پاپۆڕە مەدەنی و سەربازییەکانی ئەمریکا.

ئامرازەکانی سەرکوت لاواز بکە: لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی لە ئێران، دامەزراوەی سەرکوتکاری سوپای پاسداران، بە ئامرازی سایبەری و فیزیکی بە ئامانج بگرە، بێتوو بڕیار بدا توندوتیژانە خۆپیشاندەرانی ئێرانی سەرکوت بکات. ئەو هەنگاوانە دەتوانێ تواناییەکانی سوپای پاسداران لاواز بکات، ڕێژەی خوێنڕێژیی لە سەر شەقامەکانی ئێران کەم بکاتەوە و، پشتگیریی لە داوا دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بکات.

بەرنامەی وازهێنانی سەربازی: بەرنامەی ئامانجدار و گشتگیری وازهێنان داڕێژە کە ببێتە هۆی هاندانی مۆرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم، لە نێویاندا ئەندامانی سوپای پاسداران، بەسیج و پێکهاتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایشەوە، تا واز لە ڕێژیم بێنن.

## ئابووری و کەشتیوانی

گەمارۆی دارایی: پێشترییەتی بدە بە بەربەرەکانی لەگەڵ سپی کردنەوەی دراو و دابین ردنی پشتگیریی دارایی بە هەڵۆێستی فرە ڕەهەند کە ئابووری ئاشکرا و ئابووری ڕەش/شاراوەی کۆماری ئیسلامی بە ئامانج بگرێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی، گەمارۆی بەهێز بە سەر دامەزراوە گرینگە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە نێویاندا یەکە ڕووکەشییەکانی کە بە نێوی "خێر خوازیی" کار دەکەن و کەسانی پێوەندیدار بەوانەوە بسەپێنێ و جێبەجێیان بکات. بەڕیوەبەرایەتی نوێ هەروەها دەبێ دەست بە هەڵمەتی ئاشکرا بکات کە لەواندا خەڵات بۆ دانی زانیاریی یەکلاکەرەوە دیاری بکرێ تا ئەو ئێرانییانە، یان ئەو کەسانەی هاوکاریی کۆماری ئیسلامی دەکەن، هان بدا زانیارییەکان لەمەڕ گەندەڵیی ڕێژیم، سپی کردنەوەی دراو و چالاکیی تاوانکارانەی ڕێژیم ڕادەست بکەن.

داخستنی بانکەکانی ئێرانی: کار بۆ ناچارکردنی هاوپەیمانان و هاوبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە تایبەت لە ئوورووپا بکرێ تا ئەو بانکانەی لەوێ چالاکن داخرێن. بۆ وێنە، بانکی میللی، بانکی سێپە، بانکی سادرات و بانکی بازرگانیی ئوورووپا-ئێران درێژە بە چالاکییەکانیان لە ئاڵمان دەدەن سەرەڕای پەیوەندییەکانیان بە تارانەوە. بە هەمان شێوە، چەند بانکی ئێرانی کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆیان بەسەردا سەپێنراوە، لقەکانیان لە بریتانیا، فەڕانسە و

ئیتالیا، سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چالاکن. ئەوانە دەبێ هەموویان داخرێن.

بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی: دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە هاوکاریی هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی هێزێکی بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتداران، بەکرێگیراو و ئۆلیگارکەکانی ئێرانی دروست بکات، کە هاوشێوەی ئەو هێزە بێ کە جەخت لەسەر ڕووسیە دەکات، تا بتوانێ سامانی کۆکراوە کە بە شێوەی نایاسایی لە خەڵکی ئێران دزراوە و ئۆلیگاریی ئێرانی و ئەندامانی بنەماڵەکانیان گواستوویانەتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان و هاوبەش، لە نێویاندا ئورووپا، دەستیان بەسەردا بگیرێت.

سندووقی دابین کردنی دارایی بۆ دێموکراتیزە کردن: بە هاوکاریی هاوپەیمانان و هاوبەشانەوە، کەڵک لە سامانە سڕکراوەکانی ئێران بۆ دروستکردنی سندووقی دێموکراتیزە کردن وەرگرن تا پشتگیریی دارایی دابین بکات، لەنێویاندا سندووقی مانگرتن، بۆ خەڵکی ئێران و پشتگیریی لە ئاواتە دێموکراتیکەکانیان. مودێلەکە دەبێ هاوشێوەی گواستنەوەی سامانی ڕوسیە بۆ ئوکراین بێ. ئەوە دەبێ هەر جۆرە سامانێک بگرێتەوە کە پەیوەندیی بە ئۆلیگارکەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بتوانن دەستی بەسەردا بگرن.

ڕاگەیاندنی ئاشکرا لەمەڕ خۆ لادان لە سەپاندنی گەمارۆکان: سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ جێبەجێ کردنی تەواوی گەمارۆکانی سەر نەوتی ئێران و کەم کردنەوەی فرۆشتنی نەوتی ئێرانی ڕابگەیەنە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بە فەرمی بۆ چین، کڕیاری سەرەکی نەوتی ئێران، ڕوون بکاتەوە کە ئەو کڕینانە کاردانەوەی دەستبەجێ و بەهێزی لەسەر پەیوەندیی واشینگتۆن و بەیژینگ دەبێ.

جێبەجێ کردنی گەمارۆکان بەهێزتر بکە: پێشترییەتی بە جێبەجێکردنی گەمارۆ دەریاییەکان بە مەبەستی تێکدانی هەناردەکردنی نایاسایی نەوتی ئێران بدە. ئەوە جێبەجێکردنی بەهێزی یاسای گەمارۆی ئێران، یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ئەمریکا بە گەمارۆ و، یاسای ئازادیی ئێران و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی تاوانی ناوکی، دەگرێتەوە. ئەو یاسایانە چوارچێوەی پێویست بۆ سزادانی ئەو لایەنانەی لە کەشتیوانیی، بیمە کردن، دابین کردنی دارایی یان شێوازی دیکەی ڕەخساندنی بوار بۆ گواستنەوەی نەوتی ئێران تێوەگلاون، دەستەبەر دەکات. جێبەجێ کردنی هەوڵەکان دەبێ جەخت لەسەر دۆزینەوە و بە ئامانج گرتنی ئەو پاپۆڕانە بکات کە خەریکی گواستنەوەی نەوتی ئێران یان گواستنەوە لە پاپۆڕێکەوە بۆ پاپۆڕێکی دیکە یان گواستنەوەی نەوتی ئێران بە تایبەت لە شوێنی خاوەن ڕیسکی زۆر وەک کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ئاسیان، هاوکات کەڵک لەو یاسایانە بۆ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بە سەر ئەو لایەنانەدا کە لە خۆ لادان

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

له جێبەجێ کردنی گەمارۆکان دا چالاکن، وەرگیرێت.

## دەرئەنجام


بە سەر یەکەوە، ئەو پێشنیارانە نەخشەڕێگایەکی یەکلاکەرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێ پێک دێنن. بە جێبەجێکردنی خێرا وکاریگەری ئەوان، وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بە شێوەی بەرچاو توانای کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێرۆر کەم بکاتەوە، پێش بە دەستڕۆیشتووییە ناسەقامگیرکەرانەکەی بگرێ و هێز و ئاسایشی ئەمریکایی بسەپێنێتەوە. مەودای نەخشەڕێگایەکە، چڕیی و هاوئاهەنگیی لە نێوان بەرەکانی دیپلۆماتیک، زانیاریی، سەربازیی و ئابوورییەکانەوە، دڵنیایی دروست دەکات کە ئێران ناچار بکرێ بە ڕێبەریی بەهێز و یەکلاکەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرپرسیارەتی وەئەستۆ بگرێ.

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ میرزای ئەدەبی کوردی، فەتاح ئەمیری




**یەعقووب ڕەوا**

ستاندال ڕۆماننوسی بەنێوبانگی فەرەنسی دەڵێ ڕۆمان وەکوو ئاوێنەکەیە لەسەر ئارەبانەیەک کە ڕێگایەک دەپێوێ. لەو ڕێگایەدا جار شینیی ئاسمان و جاریش قووڕوچڵپاوی سەر ڕێگە دەنوێنێتەوە! بەو واتایە ڕۆمان ئاوێنەی بالانوێنی کۆمەڵگەیە کە لەسەر باڵی خەیاڵی ڕۆماننوس سوارە و جوانی و کرێتیی جیهان-ژینیی نووسەر دەنوێنێتەوە. ڕۆمانی مۆدێرن نەک حەقایەت و گێڕانەوەی ژیانی پاشا و بەگ و شازادان بەڵکو ڕیوایەت و وەگۆتنی ئەو مرۆڤانەیە ناویان لە هیچ شوێنی هیچ کتێبەکدا نەهاتوە و ڕەنج و خۆشی و هەست و نەستییان بۆ هەمیشە لە سووچی تاریکی مێژوودا هاڕدراوە. قارەمانی ڕۆمان دەتوانێ شوانەوێڵەیەک بێ کە چەندین لاپەڕەی لەسەر گێڕاونەوەی خەون و خەیاڵ بە سەرەشوان بوون بێ! کەسانێک کە لە پەراوێزی مێژوودا ونن!

ژانری ڕۆمان لە ئەدەبی کوردییدا هێشتا ساوایە و خەریکی دارە دارەیە. بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زمان کوردی، زمانی فەرمی نیە و لە گۆشە و کەناران و لەژێر هەژموونی زمانی داگیرکەری فارسیدا هەناسە هەڵدەکێشێ. لە

وەها دۆخێکدا فەتاح ئەمیری و خامەکەی ڕچەیەک دەشکێنێ بە ئەستووریی بەفری کەوانگرتووی زۆر لەمێژ هاوین نەدیتوو! ئەمیری نە یەکەمین ڕۆماننوسی کوردە و نە "هاوارە بەرە" یەکەم ڕۆمانی کوردی. بەڵام یەکەمین ڕۆمانی چاپکراوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە فراوانی چاپ و بڵاو کرایەوە و کاریگەری بەربەرینی دوای خۆی ساز کرد، بەرهەمی خامەی ئەمیرییە. "هاوارە بەرە" بەر لەوەی خۆی وەکوو ڕۆمانێکی بەهێز نیشان بدا، فاکتێکە بۆ بەهێزیی زمانی کوردی. ئەو زمانەی شووینیستە فارسەکان لەژێر چەتری ئاکادێمیسییەن پێیان وایە تەنیا بەرهەمی "بەنەخوێنی" دەئافرێنێ و تەنیا لە پەراوێزی فارسییدا دەتوانێ بژی. فەتاح ئەمیری بەڵام ئەو گەفەی تێکقرماند و ئەو سەروەرییەی بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاندەوە.

گەشەی زمانی کاتێک ڕوو دەدا کە خۆی زمان ڕۆڵی خۆی لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی جڤاکیدا ببینێ و لە قۆناغی تێپەڕیندا حزووری ئەکتیڤی هەبێ. لە تێپەڕین لە قۆناغی فئوداليزم بۆ قۆناغی پاش ئەودا واتا شارنشینی و گۆڕانی دەست و پەیوەندی تازەی ئابووری و بنیادنانەوە چینایەتی کوردستان، زمان وەکوو ئۆرگانیزمێکی چالاک حزوری لاوەکی هەبوو. قۆناغی مۆدێرنیزاسیونی ئێرانی زمانی کوردی خستە پەراوێز و دەستی لە مەکتەب و ئیدارە و دیوان بڕی. بۆیە زمانی کوردی نەیدەتوانی خۆی لە بەرۆژبوونەوەی کۆمەڵگەدا بژێنێتەوە و زمانی چینە خوێندەوارەکان ئیدی ئەو کوردییە ئۆرگانیکە نییە کە بەپێی دیالێکتیکی زمانی دەبا خوڵقابا. بەڵکوو زمانێکی بێسەروبەرەیە کە خۆی ئاخێوەر هەست دەکا بێهێز و لاوازە و لە بەرانبەر زمانی سەردەست کلۆڵە.

ئەمیری لە "هاوارە بەرە"دا دەگەڵ ئەو ئاڵنگارانە ڕووبەڕوویە. یەکەم کەسانێک کە زمانی کوردی تەنیا لە ڕوویەکی کولتورییەوە سەیر دەکەن و پێیان وایە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی زمانی فارسی بە تایبەتی لە ژانرێکی قورس و ئاڵۆزی وەکوو ڕۆماندا نییە. دووهەم زمانێک کە قۆناغی فیودالیزمی تێنەپەڕاندبوو و نەببووە زمانی تازە شارییەکانی کوردستان. زۆرینەی وشە و کۆدەکانی ون کرابوون، یان نەیانتوانیبوو گۆڕانی سروشتی زمانی بۆ حزوور لە قۆناغی تازەی ژیانی کوردیدا، ئەزموون بکەن. لەنگەری بەهێزی کاری ئەمیری ڕێک ئەو خاڵە بوو. ڕۆچوون بە مێشک و هزری پیرسۆناژەکاندا و کۆلینەوەی کەلێن و قوژبنی زەینیان و گەمەی زمانی و کاتیی بە کوردی!

ئەمیری لە "میرزا"دا بە بروابەخۆبوونەکی زیاترەوە خامەکەی هەڵدەسوورێنێ و ڕۆمانێکی تەواو عەیار دەخوڵقێنێ. کاریگەریی ئەو دوو ڕۆمانە زۆر کورتتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا دەرکەوتن. ڕۆماننوسانی لاو و تازەقەڵەم بوێریی ئەوەیان پەیدا کرد دەست بۆ قەڵەم بەرن و دەق بخولقێنن و زمانی کوردی "شاریزە" بکەن و ساڵانی دواتر شەپۆلی دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبییە کوردییەکان و چاپەمەنی کوردی بەدواوە بوو. هەرچەند ڕەوتی گەشەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی


سەرچاوە
Serchawe

کوردستان بێگومان لە دوای دامەزرانی "سروە" و "چاپەمەنیی سەلاحەدین ئەیوبی" دەستی پێ کردبوو، بەڵام ڕەوتی دەقنوسی غەیرە شێعری دوای "هاوارە بەرە" خێرایی و دەولەمەندییەکی زۆر بەرچاوی بەخۆوە بینی.

ڕۆلان بارت ڕەخنەگری نێوبەدەرەوی ئەدەبی فەرەنسیی دەڵێ، دەبێ دەق جیا لە نووسەر بخوێندرێتەوە و بەو پێیەش ڕاڤە بکرێت. ئەمە ئەو واتایەی هەیە کە خوێنەر خۆی لە خولقاندنی مانا و وێنای دەقدا بەشدارە. فەتاح ئەمیری بەڵام دەڵێ دەق جیا لە جیهان-ژینیی نووسەر نییە، نووسەر یەکسەر خۆی دە دەقی خۆیدا دووپاتە دەکاتەوە. لە ڕواڵەتدا ئەو دوو بۆچوونە دژبەرن بەڵام لە ڕاستیدا یەک ئاراستەن. بۆ تەفسیری دەقی "هاوارە بەرە" نیشانەناسی و هێرمۆنیتیک پێویستە. کاراکتێرەکان و پێرسۆناژەکان ستریوتیپی سەردەمی فیودالیزمی کوردستانن. د. قاسملوو لە "کوردستان و کورد"دا ئاماژە بەوە دەکا کە هەتا کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای زایینیی سەدەی پێشوو ڕێژەی گوندنشین و شارنشینی کوردستان بە نیسبەی هەشتا و پێنج بۆ پازدەیە و دەست و پەیوەندی زاڵی ئابووری، فیودالیزمە. فیودالیزمی زاڵ بەسەر کوردستاندا جگەی لەوەی خۆی سیستەمێکی زۆرداری چینایەتی بوو، درێژە و کلکەی سیستەمی داگیرکەری کوردستان بوو. بەو واتایەی خۆشی لە خزمەت چەوساندنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەوری دەبینی و زۆرینەی دەربەگ و ئاغاکان دەستیبیان دەگەڵ حکومەتی ناوەندی تێکەڵ بوو.

"میرزا" خوێندەوارە، ڕووناکبیرە و خەمخۆری میللەتی خۆیەتی و لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕێکی ڕاساوە لە هەمبەری زۆرداری و داگیرکاری. میرزا خوێندەوارێکی شارییە کە بەئاگا بۆتەوە، روون بۆتە و نوێنەرایەتیی وشیاریی نەتەوەیی دەکا. لەو ڕوویەوە "میرزا" تەنیا یەک کەس نییە بەڵکوو ڕوحی وشیاربوو و شۆڕشگێڕی نەتەوەیەکی بندەستە. نزیکترین کەسایەتی لە کارێکتری میرزا لە ژیانی فەتاحی ئەمیری وەکو نووسەری ڕۆمان، مهەندیس سمایلی شەریفزادەیە. بەڵام نە لە سەردەمی پەهلەویی باوک، بەڵکوو لە سەردەمی پەهلەوی کوڕدا. وێدەچێ لەبەر دۆخی سەپاوی خۆسانسوریدا ئەمیری سەردەمەکەی گۆڕیبی. گەرچی کوردستان هەتا شۆڕشی شۆڕشگێڕانی دەیەی شەست چ گۆڕانکارییەکی ئەوەتۆ بەخۆوە نەدیبوو. "میرزا" نوێنەری هەموو ئەو حەز و خولیاکانی شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیین و "زیندەخەو"ی ئازادی و سەربەستی دەبینن و ئەوینی زەمینی و ئینسانیان دە سینگدایە. لەو ڕوویەوە ڕۆمانەکانی فەتاح ئەمیری لەخانەی ئەدەبی بەرگری و دەرەوەستدا دەگونجێ.

لە کۆتاییدا ئەمیری حەقایەتخوانی گەلێکی مەزلوومە کە ئیرادەی خۆی لێ زەوت کراوە و زمان و خۆشی لە پەراوێزی مێژوودا دەژین.

**تێبینی: ئەو دەقە نەک خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قووڵ و شایانی فەتاحی ئەمیری، بەڵکوو ئەزموونی هاوبەشی خوێنەرێک و بەرهەمەکانی ئافرێنەری "میرزا"یە.**

١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# شکۆی خوێنینی قوتابییەک لە حوجرەوە




**شەهید عەبدوڵڵا محەممەدی ناسراو بە فەقێ عەولا**

**برایم چووکەڵی**

لە مێژووی خەبات و قوربانیدانی حیزبی دێموکراتدا زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەر و شێلگیری ڕێگای ئازادی هەبوون کە لە دوو قۆناغی خەبات و دژی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەوە و هیچ کۆسپ و لەمپەرێک نەیتوانیوە هەنگاویان پێ شل بکات. یەکێک لەو فیداکارانە شەهید عەبدوڵڵای محەممەدی ناسراو بە فەقێ عەولا لە ناوچەی ڕەبەتە.

عەبدوڵڵا محەممەدی ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی لە ئاوایی "نواوێ"ی ڕەبەت لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئایینیدا چاوی بە رووی ژیاندا کردەوە. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ساڵان بەهۆی ئەوەی لە نواوێ قوتابخانە نەبوو، ڕەوانەی حوجرەی فەقێیان کرا. پاش ماوەیەک مانەوە لە حوجرەی فەقێیاندا لە ئەدەبییاتی فارسی و عەرەبی شارەزایی پەیدا کرد و زوو بەو ئاکامە

گەیشت کە ئایین هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ نەتەوەخوازی نیە.

فەقێ عەولا لە تەمەنی ١٧ساڵیدا پێوەندیی بەحیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت. ساڵی ١٣٤٦ کاتێک کادرە شۆڕشگێڕەکانی حیزب، دورگەی بەقەول مەندی پاشایەتییان شڵەژاندبوو ناوبراو پێوەندی بە خەباتگێڕانی دێموکراتەوە گرت و شەرەفی ئەندامەتی حیزبی وەرگرت. ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی تێکۆشانی سیاسیی فەقێ عەولا بوو. ئەو وەک ئەندامیکی بەدیسیپلین کاری لەنێو فەقێیەکانی ناوچەی ڕەبەت و سەردەشتدا دەست پێ کرد و هەر لەو کاتەدا بۆ سەرکەوتنی خەباتی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ ئەوەی لە توانایدا بوو کردی. ئەگەرچی سەرکوتکردنی ئەو خەباتە چەکدارییە کۆستێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات بوو ، بەلام فەقێ عەولا دەستی لەسەر دەست دانەنا و، زۆر ئازایانە لە زۆر شوێنی ناوچەی ڕەبەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لە شیکردنەوەی سیاسەتی حیزب بەردەوام بوو، وخەڵکی بۆ بەردەوامی لەسەر ڕێبازی شەهیدان هان دەدا.

فەقێ عەولا لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە پێشەوەی خۆپێشاندەران بوو. ئەو تەمەنی ٢٧ ساڵان بوو کە ئاواتی گەورەی هاتە دی و لافاوی ئاگر و خوێن و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک لە شار و گوندەکان هاتە کوڵین و چۆکی بە دامودەزگای ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا دا. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان فەقێ عەولای محەممەدی وەک یەکەم کەسەکان پێوەندیی بە حیزبەوە گرت و بەڵێنی بە حیزب و نەتەوەکەی دا هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی ساتێک لە خەبات و تێکۆشان نەوەستێ.

فەقێ عەولا سەرەتا لە هێزی ١١ی شەهید موعینی دەستی بە تێکۆشان کرد و زۆر زوو لە ناوچەی ڕەبەت دەستی بە ڕێکخستنی خەڵک کردەوە و خەڵکێکی زۆر لە لاوانی ئەو ناوچەیەی لە دەوری ئاڵای پیرۆزی حیزبەکەی کۆ کردەوە. کاتێکیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان و شەڕی بەسەر کورددا سەپاند، فەقێ عەولا زۆر ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا چۆوە و شانبەشانی ناوچەکانی دیکە، کوردستانیان لە دوژمنان کردە گۆڕستان.

فەقێ عەولا لە ماوەیەکی کورتدا سەلماندی کە بڕوایەکی پتەوی بە ڕێبازەکەیەتی و لە شەڕ لەگەڵ دووژمناندا نیشانی دا چاونەترس و بوێرە. هەربۆیە زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتیی یەک لە دوای یەک بڕی و ساڵی ١٣٦٠ وەک فەرماندەری لکی مینەشەم دیاری کرا. ئەو لەو بەرپرسایەتییەدا زۆر شەڕی ئازایانەی لە ناوچەی ڕەبەت فەرماندەهی کرد، بەتایبەتی ساڵی ١٣٦١ کاتێک ڕێژیم هێرشی کردە سەر گوندی "خولیسان"، قارەمانانی لکی مینەشەم زۆر ئازایانە هێزی ڕێژیمیان تێک شکاند و بە دەیان کەسیان کوشت و دەیان چەکداری ڕێژیمیان بە دیل گرتن. عەمەلیاتە پەیتاپەیتاکانی لکی مینەشەم بوو



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

بە هۆی ئەوەی دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیار بدا لکی مینەشەم بکرێ بە هێز و قارەمانی وەک فەقێ عەولا بە فەرماندەری هێزی مینەشەم دیاری کرا. فەقێ عەولا کاتێک ئیبلاغی بەرپرسایەتیی فەرماندەریی هێزی وەرگرت زۆر جەسوورانە شانی دا بەر ئەو بەرپرسایەتییە و دەیان عەمەلیاتی قارەمانانەی لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەڕێوە برد، چەندین مۆڵگەی بەسەر بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا وێران کرد، دەیان کەمینی لەدژی هێزەکانی ڕێژیم دانایەوە و چەندین هێرشی تێکشکاند.

بەهاری ساڵی ١٣٦٣ لە کاتێکدا سروشت دیمەنی تازە و نوێی بە خۆیەوە دەگرت و دار و دەوەن و لێڕەوارەکانی ناوچە ڕەبەت لە خەوی سێ مانگەی زستان وەخەبەر دەهاتن و ڕوحێکی نوێیان دەهاتەوە بەر، دوژمنی سوێندخواردووی نەتەوەی کورد بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە هێرشیان هێنایە سەر گوندی "چوالان" و دەوروبەری ئەو گوندە لە ناوچەی ڕەبەت. پێشمەرگەکانی دێموکرات ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوە لە چەندین شەڕگە بەرەنگاری لەشکری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ڕۆژی هەوڵ و هیممەت و ئازایەتی بوو، ڕۆژی دیفاع لە شەڕەف وک ەرامەتی نەتەوەکەمان بوو. لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان کە کوردستان سەنگەری دیفاع لە ئازادییە و بۆ دوژمن سەر نەوی ناکا. شەڕ لە چەندین بەرە بەتوندی بەردەوام بوو. فەقێ عەولای فەرماندە چاوەدێریی بەسەر شەرگەکاندا دەکرد، سەنگەراوسەنگەری دەکرد و بۆ ساتێک وەستانی نەبوو، و هیوا و ئۆمێد و ورەی بە هاوسەنگەرانی دەدا.

ڕۆژەکانی ١٦ و١٧ی خاکەلێوەش شەڕ هەر درێژەی هەبوو. لەو ٣ ڕۆژەدا پێشمەرگە فیداکارەکانی دێموکرات هەڵۆئاسا، دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزی دوژمن دا کە ئێستاش خەڵک وەک نموونەی قارەمانەتی بۆ ڕۆڵەکانیان دەگێڕنەوە. ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوە بوو کە هاورێی فەرماندە فەقێ عەولا لە ئاکامی ئەو خۆڕاگری و بەربەرەکانییە کەم وێنەیەدا لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی حوسێن شەمامی، محەممەد شێخەیی، عەلی شەریفزادە، عومەر ڕەحمانی، برایم ئەحمەدی و محەمەد گەرۆری چوونە نێو ڕیزی پڕ لە شانازیی کاروانی شەهیدان و لە سەنگەری دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیاندا سەریان دانا.

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## ""دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان تەنیا نۆ ڕۆژیان نێوانە؟



**دارسمە**

دوو" و "دوازدە"ی ڕێبەندان لە سەدەی ڕابردووی مێژووی ئوممەت و میللەت و خەڵک و نەتەوە و گەلانی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و هەموو موسوڵمانان و کوردانی دراوسێی ئێراندا بوونەتە دوو ڕۆژی مێژوویی و بە کوێریی چاوی کوێری دوژمنانی ئوممەت و میللەت و خەڵک و نەتەوە و گەلانی ئێران بەردەوام ناویان دەمێنێتەوە.

مێژوونووسانی نێوخۆیی و دەرەکی و چاودێرانی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیش زۆریان لەسەر ئەم دوو بۆنەیە نووسیوە. ئەو ئوممەتە "هەمیشە دەر سەحنەیە"ی لەم دواییانەدا لە فەلەستین و لوبنان و سووریە و ئەم عێراقەی دراوسێمانەوە بە بەشێک لە هەمان ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنە بوون، ئێستا لە دوورەوە بەرەو نێوخۆی ئێران خەریکن لە هەندێک شوێن بە خێرایی و لە هەندێکیش بە نەرمی و وردەوردە خەریکی چۆڵکردنی ئەم سەحنە بەرینەن. لەبیرتان نەچێت ئەوەی چۆڵ دەکرێت "پانتایی" ئەو شوێنانەیە ئوممەت بە تەمابوو بۆ هەمیشە لێی بمێنێتەوە و بە هیچ شێوەیەک مەبەستی نووسەر شاری "سەحنە"ی پارێزگای کرماشانی خۆرهەڵاتی کوردستان نییە و ئەم شارە هەر وەک سەحنەی کوردانی یارسان لە شوێنی

خۆی دەمێنێتەوە.

دیارە چۆڵکردنی سەحنەی "مەیدان"یش لە لایەن ئوممەتی ڕاکردوو لە سەحنە، وەک لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دیتمان بە شلی و توندی و بە خێرایی و نەرمی بەڕێوە دەچوو. بە تایبەت دوای ڕووخانی حکومەتی سیکۆلاری ئیسلامپەسەندی ئەسەدەکان لە سووریە ڕەوتی ڕاکردنی ئوممەت لە سەحنە خێراتر بوو. بەڵام کاتێک گەیشتە نێوخۆی ئێران و پاش سەپاندنی ئاگربەست لە لایەن حەماسەوە بەسەر ئیسرائیل و ئەمریکادا، هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەر داهات. ڕۆژی هەینیی ٢٩ی بەفرانبار واتە دوو ڕۆژ پێش "دووی ڕێبەندان"، ئەوەندە ئوممەتەی لە شارە گەورەکانی ئێران بە هەناسەبڕکێوە لە سەحنەدا ماون، دوای کوژرانی ڕەئیسی و هەنیە و سینوار و حەسەن نەسروڵڵا و زیاتر لە نزیکەی ٥٠ هەزار فەلەستینی و لوبنانی، سەپاندنی ئاگربەست لە لایەن فەلەستینیانەوەیان کردە جێژن.

لەم دێڕانەی سەرووتردا، بە ناچاری چەند جارێک باسی وشەی نەرمان کرد و گوتمان بەشێک لە ئوممەت بە نەرمی پاشەکشەیان کرد. ئەم وشەی "نەرمە" پێویستیی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە و سەرەڕای ئەوەی وشەی "نەرم" بۆ زۆر شتی نەرمی خۆش و ناخۆش کەڵکی لێوەردەگیرێت، بەڵام وشەی تێکەڵاوی دیکەی وەک "نەرمش"یشی لێ دروست دەبێت. بۆ وێنە دەکرێت ئاماژە بە "نەرمشی" بەیانیان و "نەرمشی قارەمانانە" بکەین. دیارە ئەوانەی کەمێک بایەخ بە تەندروستیی خۆیان دەدەن، بەیانیان نەرمش دەکەن و هەموومان دەزانین نەرمشی بەیانیان چییە، بەڵام "نەرمشی قارەمانانە" دەستەواژەیەکە لە لایەن میرزا عەلی خامنەیی و ڕێبەری ئوممەتی سەحنە چۆڵکەرەوە دانراوە و جۆرە نەرمییەکە بۆ کشانەوە لەو سەحنەیەی هەندێک کەس بە خێرایی و بە نەرمی لێی دەکشێنەوە. ئەم نەرمشە قارەمانانەیە بۆ خەڵکی نێو کۆزیلەکەی بەجێماو لە ئوممەتی لە سەحنە ڕاکردوو پاساوێکی بەجێیە. ئەگەر وایە با بەردەوام بێت نەرمشی قارەمانانە.

بەڵام قسەی خۆمان بێت، کێشە لە نێوان دوو سبەی و ١٢ ڕۆژی دیکەدایە. دوو سبەی و ١٢ ڕۆژی دیکە یانی "دوو" و "دوازدەی ڕێبەندان" وەک لە سەرەوە باسمان کرد بۆ هەمیشە لە مێژووی ئێران و ناوچە و تەنانەت جیهانیشدا دەناسرێتەوە. دووی ڕێبەندان ئەو ڕۆژەیە لەم مەهابادەی دوای هەمان ڕۆژەوە بووەتە وێردی سەر زمانی هەموو کوردانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و ئەولاتریش. ڕۆژێکە تێیدا ئاڵای کوردستان بۆ یەکەم جار بە ئازادی هەڵدرا. ئەم ئاڵایە پارچە پەڕۆ چوارڕەنگەکەی نا، بەڵکوو دارەکەی زۆر ڕەق و بە گرێیە و نەیارانی کوردان بە تایبەت لە ئێران، عێراق، تورکیا و سووریە تووشی ژان و برین دەکات، بەڵام دوای سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای نوێ و لە سەردەمی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە ئاڵاکە بێ داریش دەشەکێتەوە و ئەمەش هەم بۆ گەلی کورد و هەم بۆ نەیاران هەواڵێکی خۆشە، چونکە لەلایەک ئەم دارە ئازاردەرە نامێنێت و لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانی ئاڵا بە داکوتانی دارەکەیەوە زۆر ماندوو نابن و وەک دەشبینین



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

ئەم ئاڵایە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بەردەوام و زۆر زۆر زیاتر لەو کاتە دەشەکێتەوە و نەیارانیش جگە لەوانەی ئێران، لە بەرانبەر ئاڵای بێ داردا خەریکی نواندنی "نەرمشی قارەمانانە"ن. بەم جۆرە ئێران لە جیات شۆڕشی ئیسلامی نەرمشی قارمانانەی هەناردەی دەرەوە کردوە.

دیارە هەموومان جیاوازیی نێوان "دوو" و "دوازدەی" ڕێبەندان دەزانین و ئەگەر هەر هیچی لێ تێنەگەین، ئەوەندە دەزانین لە ئەژماردندا ٢ زۆر لە پێش ١٢دایە و لە ٢ڕا هەتا دەگەینە ١٢ پێویستە ٩ دەنکی دیکە بژمێرین. سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان گوتمان ئەم ئاڵایە لەوکاتەوە بە شێوەی ڕەسمی بە بەشداریی جەماوەری خەڵک لە مەهاباد هەڵدرا و ئێستاش لە نێو جەماوەرێکی هەزاران ئەوەندەی جەماوەری ئەوکاتدا دەشەکێتەوە و گوتیشمان هەوڵدان بۆ "تاسولووس" کردنی داری ئاڵا و لە شێوازی گونجاودا شەکانەوەی ئاڵای بێ دار بەشێکی بەرچاوی کێشەی شەکانەوەی ئاڵای کوردستانی چارەسەر کردوە. بەڵام بۆ ١٢ی ڕێبەندان دەبێت بڵێین ١٢ هەتا ٢٢ی ڕێبەندان بۆ دانشتوانی ئێران بە کوردستانیان و ئەوانی دیکەوە بە "دەیەی فەجر" بە مانای "دەیەی سەرلە بەیانی" دەستی پێ کردووە.

ئەم سەرهەڵدانی "ئوممەتی دەر سەحنە"یەش لەوێوە دەستی پێکرد و ئێستا خەریکە دەیەی بەیانی ئێوارەی بەسەر داهاتووە و بەرەو تاریکان دەڕوات و گومانی تێدا نییە تاریکانیش بەیانییەکی دیکە و دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێی بە دواوەیە.

دیارە ئاڵا دەتوانێت لە ڕۆژان و ساڵانی بەردەوامدا بە ڕۆژ و بە شەو بشەکێتەوە، بەڵام بەیانیی هەر ڕۆژێک سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە. ئێستا لەگەڵ ئوممەتی ڕاکردوو لە سەحنە یەک دەنگ هاوار دەکەین خۆزگە ئەم ناوەمان بۆ ڕۆژی ١٢ی نیوەی یەکەمی مانگی ڕێبەندان هەڵنەبژاردبا و کوردانیش بە خۆ هەڵفشاندێکی تایبەتەوە نەیانگوتبا "ڕێبەندان گەرچی ڕێگەبەندانی/ گلێنەی چاوی گەلی کوردانی".

ای ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# حیسام دەستپێش: کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەڕوات




**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: دانا خەدیو**

**ئاماژە:**

**ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد و لەسەر چارەنووسی حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکانی یەمەن و وڵاتانی عێراق و سووریە کاریگەریی قووڵی داناوە، بەستێنی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕی بەربڵاوتر و پێکهێنانی نەزمێکی نوێی ناوچەیی دروست کردوە. لە ئێستادا ئەم نەزمی نوێیە لەسەر بنەمای ئەسڵی کۆتاییهێنان بە "بەرەی مقاومەت" بە لاوازبوونی پراکسییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە. پرسیار ئەوەیە دەرهاویشتەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لە سووریە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سەر کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوە و نێوخۆ چییە هەروەها دوورەدیمەنی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە چۆم دەبێت؟ "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە لەگەڵ حیسام دەستپیش، چاودێری سیاسیی کورد وتووێژێکی پێکهێناوە:**

**شەهرام سوبحانی: کاک حیسام دەرهاویشتەکانی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لە سووریە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سەر پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوە و نێوخۆ چییە؟**



سەرچاوە Serchawe

**حیسام دەستپیش**: بۆ تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی سووریە و شوێندانەریی لەسەر نێوخۆ و دەرەوە دەتوانم لە سەر چوار ئاست ڕیزبەندیان بکەم.

**یەکەم**: پێکهاتەی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا خاوەن پشتیوانگەلێک وەکوو ڕووسیە بوو، ئەو پشتیوانە یەکێک لە هێزە گەورەکانی جیهان بووە یان هەیە و لە ئێستادا سەبارەت بە سووریە لەگەڵ کێشەیەکی لەڕادەبەدەر جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە و سووریە بۆ ئەو بووەتە شوێنێکی زۆر مەترسیدار و جێگای نیگەرانی. لە ئاستی ئورووپاشدا لەگەڵ ئۆکراین لە شەڕدایە و لە بواری ئابووریشەوە کێشەیەکی جیددی یەخەی گرتوە، هەروەها لە بواری نیزامییەوە نەک هەر توانایی ناردنی هێزی بۆ وڵاتانی دیکە نییە بەڵکوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆکراین لە کۆرەی باکوور و وڵاتانی دیکەوە هێزی یارمەتیی هێناوە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە هۆکاری لاوازیی یەکێکی دیکە لە پشتیوان و هاوپەیمانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوو. بۆیە لە ئاستی یەکەمدا ئەوەی لە سووریە ڕووی دا بۆ ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا قەیرانێکی جیددی بوو.

**دووهەم**: بابەتێک کە زۆر جێگای سەرنجە لە ئاستی ئەو ناوچەیەدا، ئەوەیە کە یەکێک لە دوژمنەکانی ڕێژیم، ئیسرائیلە کە دوای ئەوەی لە غەززە، لوبنان و لە هەمان کاتدا لە سووریە ڕووی دا و لە عێراقیشدا ڕەنگی داوەتەوە و خەریکە لە یەمەنیش پەرە دەگرێت، دەبێ بڵێین ئیسرائیل بووەتە هێزێکی هێژموونی لە ناوچەکە و هەوڵ دەدات خواست و ئامانج و ستراتیژییە باڵاکانی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێت. سرووشتییە ڕێژیمی ئیسلامی لە بواری دژەکردنەوە تووشی کێشە و گرفتێکی زۆر ببێتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی لەگەڵ قەیرانێکی جیددی ڕووبەڕوو بێتەوە.

**سێهەم**: تورکیە کە وەکوو دوژمنێکی دیکەی ڕێژیم بۆ ماوەی چەندین ساڵ کەرەستەی ئابووری، نیزامی، ئەمنییەتی خۆی بۆ دژایەتیکردنی خەرج دەکرد لە ئێستادا تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئەوەش بەو واتایە کە قووڵایی ستراتیژیی تورکیە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندایە و بە جۆرێک وەکوو بەربەستێک لە بەردەم ڕێژیمدا ڕاوەستاوە. لە ئاستی ناوچەکەشدا بە جۆرێک تووشی شکست و زیان بووە کە وڵاتانی عەرەبی کە هەتا پێش ڕووخانی ڕێژیمی سووریە، لوبنان و فەلەستین یان باشترە بڵێین پێش ٧ی ئۆکتۆبر بە کردەوە خۆیان لە ئاستێکی لاوازتر لە ڕێژیم دەبینی و ڕێژیم ئەوانی بە هاژەک دەکردە ئامانج و بە جۆرێک هەڕەشەی لێیان دەکرد کە گوایا ئەوان لە تیرڕەسی ئەواندان بەڵام لە ئێستادا ڕێژیم پێویستی بەوان هەیە و بە هەر شێوەیەک بووە دەبێت دڵیان بە دەست بێنێت هەتا بتوانیت لەگەڵیان بسازێت بەڵام لەم کاتەدا لە چوارچێوەی ناوچەکەدا تووشی گرفتێکی زۆر جیددی بووەتەوە. ئەو گرفتەی ڕێژیم لە ناوچەکە تووشی بووە لە ڕاستیدا کۆڵەکەی سەرەکیی قەیرانێکە بۆ ڕێژیم و بەرەی مقاومەتەکەی، ئەو بابەتە لەگەڵ بابەتی هاژەکیی کە دوو کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لە ناوچەکەیە بە شێوەی کردەیی یەکیان یانی بەرەی مقاومەتی بە تەواوی لەنێو چووە و چیتر

بەناو بەرەی مقاومەتێك لە ناوچەكەدا نییە. ڕێژیم بەرەی مقاومەتی وەكوو كەرەستەیەكی سیاسەتی دەرەوە لە ناوچەكە و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشدا وەكوو گوشارێك بۆ چەنەلێدان، مانەوە و بەردەوامیی بەرژەوەندییەكانی خۆی كەڵكی لێ وەردەگرت. دەبینین لە چوارچێوەی ناوچەییدا، ڕێژیمی ئیسلامیی لە بنەڕەتدا ڕێژیمی ئیسلامیی سەردەمی ڕێژیمی ئەسەد نییە و لە ئێستادا وڵاتێكی شكستخواردووە كە لە نێو سنوورەكانی خۆیدا بیر لە خۆ پاراستن دەكاتەوە، بەڵام لە ئاستی نێوخۆیی پێش هەموو شتێك ئەوەی بۆ ڕێژیم لە چوارچێوەی نێوخۆییدا ڕووی داوە جێگای سەرنج و گرنگییەكی تایبەتە چونكە ویژمانی ڕێژیم لێك هەڵوەشایەوە، ئێمە نابێت لە بیرمان بچێت لێكهەڵوەشانەوەی پێكهاتەیەكی ئیدۆلۆژیك لە "ویژمان"ەوە دەست پێدەكات لە بناخەی ڕەوایی بیركردنەوەیەك كە لەودا سیستەمی سیاسی هەیە و ئەو ڕووداوە لە ئێستادا چوارچێوەی ویژمانی ڕێژیمی ئێرانی لەنێو بردووە و خامنەیی لە وتەكانی چەند ڕۆژی ڕابردوویدا هەوڵیدا بتوانێت بە جۆرێك نۆژەنی بكاتەوە و ورەیانی پێ بەرز بكاتەوە هەتا وایان تێبگەیەنێت كە هێشتا خاوەن ویژمانن و ئەو ویژمانەش هەنووكە دەتوانێت شوناسیان بۆ بگەڕێنێتەوە بەڵام دەبێ بڵێین ئاكامی ئەو لێك هەڵوەشانەوەی ویژمانە، تەنیا گرووپێك دەتوانێت كەڵكی لێوەربگرێت ئەویش ڕیفۆرمخوازەكانە كە ویژمانی وان هێز دەگرێت و بەو واتایە كە ئەوانەی لە سەر باوەڕی بوونی بەرەی مقاومەت و هەڵسوكەوتە نابەجێیەكانی ڕێژیم لە ناوچەكە و چوارچێوەی نێونەتەوەییدا بوون لە ئاكامدا ئەو هەلومەرجە دەتوانێت جۆرێك قورسایی هێز لە ڕێژیمدا دروست بكات و ڕەقیبی خۆیان بە جۆرێك سەركۆنە بكەن یان بە واتایەكیتر ڕەخنەیان لێ بگرن یانی ئەو گرووپە ئەگەر توانایی جووڵانەوەی ببێت وەكوو ئەو گرووپانەنكە دەتوانن تەنانەت وەكوو یەكیەتیی سۆڤییەت ڕۆڵی لێك هەڵوەشانی ڕێژیم دەگێڕێت.

**چوارەم**: ڕێژیم لە بواری ئابووری و پێكهاتەی خۆشبژێوییەوە زۆر زیاتر لە جاران شكستخواردووترە، ئەگەر پێشتر دەیتوانی لە ڕێگەی بەرەی مقاومەت و بابەتی ناوكییەوە و... چەنەلێدانێك بۆ كرانەوەی ڕۆچنەیەكی ئابووری بكاتەوە لە ئێستادا ئەو توانایەشی لێ وەرگیراوەتەوە و پتر لەوە بابەتی ناوكییە كە هەر ئەوەش بووەتە بەربەستی سەرەكیی كرانەوەی ڕۆچنەی ئابووری و یان بە شێوەی قەزافی بینێنە لاوە یان ئەوەیە دەبێتە شاخێك و بە سەر هەمووی پێكهاتەی ئابووریی و بژێوی ئەو ڕێژیمەدا دەڕووخێت بەگشتی دەمهەوێت بڵێم كە ئەوەی بۆ ڕێژیم لە دوای بەشار ئەسەد ڕوویداوە ڕوانگەی زۆری هەیە هەتا لێیەوە بڕوانی كە ئەو ڕوانگانە جۆرە قەیرانێكی بۆ ڕێژیم بە دواوە بوو كە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر و بەرفراوانتر دەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: **هەندێك لە شرۆڤەكارانی سیاسی پێیان وایە دوای سووریە نۆرەی عێراقە. ڕای ئێوە لەو بوارەوە چییە؟**

**حیسام دەستپیش**: ئێمە ناتوانین بە واتا گشتییەكەی لە بارەی عێراقەوە قسە بكەین، چونكە عێراق لە بنەڕەتدا

گرووپێکی شیعەن کە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و لە ڕاستیدا لە دوو بەرەی سەرەکی پێکهاتوون. گرووپێک کە پێیان باشە ڕەوتی سیاسی لە عێراقدا ڕۆڵ بگێڕێت و عێراق ببێتە ڕۆڵگێڕێکی ئاسایی و لە بنەڕەتدا لایەنگری دەوڵەتی مەدەنین. گرووپی دووهەم کە لە میلیشیاکان پێکهاتووە و لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم و بەرەی مقاومەت و شوناسی شیعەی ویلایەتیی فەقێی ئێران بە ئەژمار دێن. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە لە عێراقدا ئەو گرووپەی لە ڕێژیمی ئێرانەوە نزیکە تووشی قەیران بووە. ئەو گرووپە لە دوو ڕێیانێکی دژواردایە و دەبێت هەڵبژێرێت کە ئایا وەکوو هێزێکی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا چالاکی بکات، یان ئەوەی درێژەدەری هەمان ئیدۆلۆژیی نزیک لە تاران دەمێنێتەوە. نیشانەگەلێک هەن کە پێمان دەڵێن عێراقییەکان پاشەکشێیەکی زۆر جیددیان کردوە. یەکەمین و گرنگترین پاشەکشێی ئەوان ئەوە بوو کە نیانوێرا پشتیوانی لە ئەسەد بکەن تاکوو ڕێژیمی سووریە نەڕووخێت. نیشانەی دووهەم هەندێکیان ڕایانگەیاند کە چیتر لە دژی ئیسرائیل کارێک ناکەن و بە سەرنجدان لە هەلومەرجی هەنووکەیی، ئەگەر ڕەوتی سیاسی لە سووریە لە دۆخی نۆرماڵی خۆیدا جێگیر ببێت ئەوا ئەو گرووپانە ناچارن پاشەکشێ بکەن. ناچار دەبن پێوەندی و وەفاداریی خۆیان سەبارەت بە تاران وەلا بنێن و وەفاداریی خۆیان بۆ بەغدا بسەلمێنن بە واتایەکی دیکە سەرچاوەی وەفادارییان بەغدا بێت نەک تاران. ئەگەر ئەو ڕووداوە بەگشتی ڕوو بدات ئەوا ڕێژیم لە بنەڕەتدا پاڵپشتی و سەنگەرێکی بە ناو عێراق نامێنێت و لە ئێستادا ئەو دۆخەی لەم ماوە کورتەدا ڕوویدا شێعەکانی عێراق نەیانتوانی لە سووریەدا یارمەتی ڕێژیم بکەن و لە دروستکردنی ژانەسەر بۆ ئیسرائیل خۆ دەبوێرن، ئەوەش بەو واتایە ئەو پاشەکشێیەکی تەواوە و شوێندانەرییەکەی پێش ئەوەی لە بەغدا بەدی بکرێت لە تاران دەبینرێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی ڕێژیمی ئێران ئامادە نییە دان بە شکستی خۆی دابنێ؟

**حیسام دەستپێش**: هیچ پێکهاتەیەکی ئیدۆلۆژیک، نادێموکراتیک و دیکتاتۆرییەت نییە کە دان بە شکستی خۆیدا بنێت. لە بنەڕەتدا قەبووڵی شکست بە واتای پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو شتانەیە کە پێکهاتەیەکی سیاسی لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا هەیبووە و هەروەها خستنەڕووی شێوازێکی نوێ بۆ نۆژەنکردنەوە و چاکسازییە. بە بڕوای من ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی بچێتە نێو وەها هەلومەرج و دۆخێکەوە بەهۆی ئەوەی لە سەر بنەڕەتی وەهمێکی زەینی و ناڕاست بنیات نراوە، لەگەڵ کێشەیەکی زۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئێمە هەتا ئەمڕۆ ئەوەمان بینیوە کە هیچکام لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی لە سووریەدا ڕووی دا ئامادە نەبوونە ئەو شکستە قبووڵ بکەن، چونکە ڕاگەیاندنی شکست بە واتای هاتنە دەرەوەیە لە بەرەی مقاومەت لە دەزگای زەینی و وێژمان و ڕەفتاریی ڕێژیمی ئێران و هەروەها پێداچوونەوە بە بابەتی هاژەکی و ناوکیی ڕێژیمە، کە ئەو سێ ڕوانگە تەواوی شوناسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانن و قبووڵی ئەو شکستە بە واتای وەلانانی ئەو شوناسەیە و وەلانانی ئەو شکستە سیستەم و پێکهاتەی ئەو ڕێژیمە تووشی قەیران دەکات، و هۆکاری ئەوەی

هەتا ئێستا ئەو شکستەی قبووڵ نەکردوە، بۆ ئەوەیە لەگەڵ ئەو قەیرانە ڕووبەڕوو نەبنەوە. بۆچی؟ بۆ ئەوەی قبووڵی شکست لە پێش هەموو شتێک لەنێو سیستەمدا قەیران دەخوڵقێنێت و دواتر کۆمەڵگەیش دەگرێتەوە و ئەوەی هەتا ئێستا ڕێژیمی هێشتووەتەوە هەمان پێکهاتەی ئەمنییەتی، سیاسی و باوەڕەیە و ئەگەر شکست ڕابگەیەنن ئەو ناوەندە بەهێزە بە تەواوی دەپسێت و لێک هەڵدەوەشێتەوە، لە ڕاستیدا ئەوان لە ڕێگەیەکدان کە ئیمکانی گەڕانەوە یان بە قەولی ئەوان ڕاگەیاندنی شکستیان نییە، ئەوەی لە سووریە ڕووی دا شکستێکی زۆر بەرچاو و ڕوونە کە تەنیا خودی ڕێژیم ئینکاری دەکات.

**شەهرام سوبحانی: دژبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەمەڕ ئەم ئاڵوگۆڕیانەدا لە چ دۆخێکی کارتێکەریی و لێهاتوویدا بەسەر دەبەن؟**

**حیسام دەستپێش**: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دژبەرانی ڕێژیم هێشتا نەبوونەتە ئۆپۆزسیۆن "دژبەری ناوەندگەرا". ئەوان هێشتا دژبەرن و وەکوو چالاکانی سیاسی تەنیا خەریکی شرۆڤەکردنی دۆخی ڕێژیمن، نەک سازکردنی بەستێنی لێک هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە. بەو واتایەیە کە ئێمە هێشتا هێزێک نین کە ئاسۆیەکی دیاریکراومان سەبارەت بە پرۆسەی گۆڕان لە ئێراندا ببێت. هەرچەند نابێ ئەوە لە بیر بکەین لە پەراوێزی دژبەرانی ڕێژیم ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکی کوردستانی و بەلووچستانیمان هەیە کە خاوەنی مەرامنامە و ئاسۆیەکی دیاریکراون سەبارەت بە گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیم. بەڵام بەداخەوە تێڕوانین بە نیسبەت گۆڕان لە ئێراندا هێشتا لە ژێر کارتێکەریی ناوەندگەراییدایە. هەر بەو هۆیەیە کە ڕێگەی گۆڕانی ڕێژیم لە ئێراندا بووەتە بەربەست و لەمپەرێک. لە لایەکی دیکەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، ڕاپەڕینی خەڵکە لە ئێران. ئاڵوگۆڕییەک وەکوو هێرشی ئیسرائیل و بڕیاری وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا لە ڕاستای ڕووخانی ڕێژیمدا کردەیەکی گونجاوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هاواهەنگیی زیاتر. ڕاپەڕینی خەڵکیش لە ئاکامی دۆخی ئابووری، بژێوی و گوشارە سیاسییەکانەوە بوو و بەو قەناعەتەی گەیاندن کە نەمانی ڕێژیم داهاتوویەکی باشتری بە دواوەیە. بەگشتی سەرنجی من زیاتر لە سەر دۆخی نێوخۆیی ئێرانە کە دەتوانم بڵێم لێک هەڵوەشانەوە لەنێوخۆ یان ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە کۆتاییدا ڕێژیم لەنێو دەبات.

**شەهرام سوبحانی: کاک حیسام سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژە، ماندوو نەبن**

**حیسام دەستپێش**: ڕێزتان هەیە، هەروەها ئێوەش ماندوو نەبن.

**١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری کوردستان لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا



**خالید حەسەنپوور**

هەتا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دوورتر دەکەوینەوە، گرینگی ئەو ڕووداوە و ئەو ڕۆژە زیاتر هەست پێدەکەین. بە دڵنیایەوە ئەو بایەخ و جێگەو پێگەیەی کە کۆمار لە سێ دەیەی ڕابردوو لەنێو کورد دا وەدەستی هێناوە، لە سەردەمی کۆمار و تەنانەت زۆر دواتریش گرنگیەکەی بەو جۆرەی ئێستا هەست پێنەکراوە!

پاش ئەوەی کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان ڕووخا و زۆربەی بەڕێوەبەرانی ئەو دوو کیانە ئیعدام کران یان لە بەندیخانە پەستێوران یان ڕێگای ئاوارەییان گرتەبەر، پارسەنگی هێز بە زیانی" دیسەنترالیزە کردن" ی ئێران و پرسی نەتەوایەتی لە ئێران و بە سوودی حکوومەتی ناوەندگەرا گۆڕا. هۆکاری ئەوەش لە لایەک دەگەڕایەوە بۆ زاڵبوونی بیری سەرانسەری بەگشتی و هەروها ڕوانگەی چەپ بەتایبەتی کە لەو سەروبەندەدا وەک ئالترناتیڤێک بۆ پرسی نەتەوایەتی برەوی پەیدا کردبوو! ئەو بیرۆکەیەش پاش شکستی کۆماری کوردستان و هەروەها ڕووخانی حکوومەتی ئازەربایجان، بە هۆی حیزبی توودەوە ئێران و حکومەتی پاشایەتی و شۆڤێنیزمی ئێرانی بە گشتی پەرەی پێدرابوو . لەگەڵ ئەوەی حیزبی توودە و نیزامی پاشایەتی لە ڕووی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکەوە دژی یەک بوون، بەڵام هەردوکیان لە پێناوو یەک ئامانجدا کە

ئەویش سەنترالیزەکردنی ئێران بوو تێدەکۆشان. لەلایەکی ترەوە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئێعدامی قازی محەممەد وەک نوێنگەی سەروەری نەتەوەیی کورد ، بیری ناوەندگەرایی لە ڕوانگەی چەپ بەرەبەرە باڵی بەسەر سیاسەت لە کوردستانیشدا کێشابوو و، هەرەسهێنانی کۆمار خۆی لە خۆیدا ببوو بە هۆی ئەوەی بیری چەپ و بەسترانەوە بە ناوەند لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا چەکەرە بکا.

بەڵام پاش ئەوەی نیزیکەی چوار دەیە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دوور کەوتینەوە، ڕوودانی هێندێک ئاڵوگۆڕی گرینگی سیاسی وەک هاتنە کایەی هەرێمی کوردستانی باشوور لە سێ دەیەی ڕابردوودا و پێکهاتنی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا، هەروەها سەرهەڵدانی بناژۆیی ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەپێی ئەوە بەشێک لەو وڵاتانەی کە خاوەن کێشەی کوردن، لە حیساباتی نێونەتەویی دا جێگاو پێگەی ڕابردوویان نەما، ئەوانە هەمووی وایکردوە کە کێشەی کورد زیاتر لە ڕابردوو بێتە ناو ڕۆژەڤی سیاسیەوە و تەنانەت بچێتە ناو چەقی سیاسەتی نێونەتەویشەوە. مەسەلەی کورد ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە جێگای سەرنجی ڕای گشتی و ناوەندەکانی دەسەڵات، تەنانەت لە رووی فۆڕمی سیاسی نێوەڕۆکی سێکۆلارەوە، وەپێش کێشەی فەلەستینیش کەوتۆتەوە. کەس نییە لە جیهانی پێشکەوتوو سەبارەت بە نێوەڕۆکی بزووتنەوەی کورد قسەیەکی هەبێ، بەڵکوو ئەگەر قسەیەکییان هەبێ، لەسەر تێکچوونی ئەو جوگرافیە سیاسیە هەیانە کە کورد تێیدا دەژێ! هەمووی ئەوانەش وایانکردوە کە پرسی دەسەڵات و سەروەری بێتە ناو ئەجێندای سیاسی کوردەوە. هەر لەو گۆشە نیگایەشەوەیە کە تاقیکردنەوەی کۆماری کوردستان، گرنگیەکی زیاتری لەنێو سیاسەتی کوردیدا پەیدا کردوە.

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرێ، هێندێک هۆکاری نێوخۆیی لەنێو بزووتنەوەی کوردا هەن کە، بەنۆرەی خۆیان بوونەتە هۆی پرستیژی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژی زیاتری کۆماری کوردستان. پاش٧٨ ساڵ کە لە تەمەنی کۆمار تێدەپەڕێ، هێشتا هیچکام لەو کیانانەی کورد کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دامەزراون، لە ڕووی فۆڕم و نێوەڕۆکەوە نەگەیشتوونەتە ئاستی کۆماری کوردستان. ئەو جیاوازییە وەختێک جێگای سەرنجە کە فاکتەری کات، شوێن و گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی - پاش زیاتر لە حەوت دەیە - بێتەسەر. بە خۆڕایی نییە کە زۆرێک لە مێژوونوسانی فارس و تەنانەت ئازەریش، هەوڵی بچووککردنەوەی کۆمار دەدەن.

دوو ڕوانگە لەنێو کورد دا زیان بە کۆماری کوردستان و پرۆسەی بە کۆماریکردنی ستاتۆسەکانی کورد دەگەینێ. ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە کە دەیهەوێ کۆماری کوردستان لە قەوارەی خۆی بچووکتر نیشان بدا و هەوڵدەدا لە ناو و ناوبانگی کۆمار کەم کاتەوە. ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەی ئەو بیروبۆچوونە ( واتا بچوککردنی قەوارەی کۆمار ) بە پلەی یەکەم لە نەتەوەی حاکمەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ڕەهەندێکی ئەو ڕوانگەیە لەنێو کوردیشدا هەیە. ڕوانگەی دووهەم ئەوەیە کە لە پەیوەندی



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ کۆمار و بەڕێوەبەرانیدا، هەوڵدەدا نەوعێک مێژووسازی بکاو و لە ڕێگایەوە وەها پرستیژێک لە کۆمار و بەڕێوەبەرانی دروست بکا، کە کەس بوێ نەبێ تەنانەت لاوازییەکانیشی بەرجەستە کاتەوە. هەر دوو ڕوانگە کە یەکیان بچووکی دەکاتەوە و ئەویتریش لە ڕێگای مێژووسازییەوە هەوڵدەدا کۆمار لەئاستی خۆی گەورەتر نیشان بدا، نەوعێک دەستێوەردانی مێژوویین و ئەجنێدای سیاسیان لە پشتە. کە یەکیان موزایەدەی سیاسی بە کۆمارەوە دەکا و خۆی لە هەموو کەس زیاتر بە ڕێبواری ئەو ڕێگایە دەزانێ، ئەویتر دەیهەوێ لە ڕێگای بچووک نیشاندانی کۆمار، لە دەوری دامەزرێنەری ئەو ڕووداوە کە حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەدن کەم بکاتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ نرخاندنی ئەو ڕووداوە مێژووییەدا، ڕەنگبێ دروستترین کار ئەوەبێ کە کۆماری کوردستان وەک ڕووداوێکی مێژوویی بە هەموو کەموکوڕی و نووقسانەکانیەوە وەک خۆی ببینین، و لەو پێوەندییەدا ئارەزووەکانمان لە جێگای ڕاستیەکان دانەنێین.

هۆکاری پێکهاتن و شکڵگرتنی زۆربەی کیانەکانی کورد بە کۆماری کوردستانیشەوە یەک شتە، ئەویش ئەوەیە کە لە ئاکامی تێکچوونی پارسەنگی هێز بە زیانی دەوڵەتی ناوەندی، لەئاستی ناوچە و جیهاندا هاتوونەتە کایەوە. ئەوەش لە پێشدا ئەوە دەگەیەنێ کە کورد هەموو بنەما نەتەوەییەکانی تێدایە و خۆی لە نەتەوەکانیتر بە جیا دەزانێ، بۆیە لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێ و تەعبیر لە خۆی دەکا. بەڵام هۆکاری زۆربەی نیزیک بە تەواوی شکستی کیانەکانی سیاسی کورد بە کۆماریشەوە، دیسان وێکدەچن. بەومانایە هەرکە پارسەنگی هێز بە سوودی دەوڵەتی ناوەندی و بە زیانی کورد تێک چووبێ، کورد لە ناو خۆیدا تووشی دووبەرەکێ دەبێ و دەرفەتەکە لە کیس دەدا و ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد ڕاستە یەک میللەتە، بەڵام بنەما نەتەوەییەکانی بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی سەقامگرتوو، لەرزۆک و دەڵەمەیە و، بە هۆی جیاوازیەکانیەوە بەرگەی زەختی میللەتی سەردەست ناگرێ. بۆیە لەگەڵ ئەوەی دەستەواژەی "نەتەوە سازی " ڕەنگبێ بۆ نەتەوەیەک کە شەرت و مەرجەکانی یەک نەتەوەی تێدایە، شتێکی پڕبە پێست نەبێ، بەڵام مێژووی لەکیسدانی دەرفەتەکان بەهۆی جیاوازیەکانەوە، ئەوەمان پێدەڵێن کە هەتا نەبین بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو و پتەوو، ناتوانین بە ئامانجەکانمان کە گەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بگەین. بۆیە کورد بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی جیهان کە، پێشتر چوونە ناو پرۆسەی دەوڵەتسازی و دواتر بوون بە نەتەوە، سەرەتا پێویستە بچێتە ناو پرۆسەی نەتەوەسازییەوە و دواتر بەرەو دەوڵەتی نەتەوی بڕوا.

۲ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤

# مانیفیستی تێکۆشان



ئاسۆ مینبەری

نکۆڵیی لێ ناکرێ کە کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا هەستیار بووە و هەر ڕووداوێک پێوەندیی بە ژنانەوە بووبێت، زیاتر توانیویەتی ئەکتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا بێنێت، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم پرسەش، ئەکتی کۆمەڵگەی کوردستان لە دوای دەسبەسەرکران و شەهیدکرانی ژینا ئەمینی لە تاران بوو.

ئەگەرچی هەندێک پەروەردەی نادروست کە سەرچاوەکەی ئەتوانرێ لە زۆر بابەت و پرسی جیاواز و لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکراوبوونی کوردستاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ ژن و بە گشتی پرسەکانی پێوەندیدار بەم توێژەی خستوونەتە پەراوێزەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە لای خەڵکی کوردستان، ژن وەک بەشێکی گرینگ لەو کۆمەڵگەیە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لە نارەزایەتیدەربڕینێکی بچووک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە هەتا خۆپێشاندان و نارەزایەتی و دەرکردنی بەیاننامە و بە دەیان ئەکتی دیکە.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ژنی کورد ئەگەرچی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە قەت پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتوە و هەمیشە ستەمی چەند قاتی بەرانبەر کراوە، بەڵام قەتیش بێدەنگ و دەستەوەستان نەبووە و هاوکات خودی کۆمەڵگەی کوردستانیش لەم پێوەندییەدا و هاوهەنگاو لەگەڵ ژنان هەستیارتر بووە.

لەم ڕۆژانەدا کە سزای لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی لەلایەن دیوانی باڵای ڕێژیمەوە پشتڕاست کرایەوە، شەپۆلێک لە نیگەرانییەکان کۆمەڵگەی کوردستانی گرتەوە. بەوە جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی ژنی کردووەتە ئامانج و دەیهەوێ بە ئەستاندنی گیانی ژنێک، کۆمەڵگە چاوترسێن و ملکەچ بکات.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لەو ڕێژیمە لەرزۆکانەیە یادگەیەکی مێژوویی باشی نییە! ئەکتی کۆمەڵگەی زوو زوو لە بیر دەچێ یان ڕەنگە بیهەوێ بە خۆگێلکردن ئەمجارە ئاکامێکی دڵخواز وەربگرێ! کۆماری ئیسلامی لە هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ هەمیشە لە بەرەی بەرانبەری خەڵکی کوردستاندا بووە و لە هەر برگەیەکی مێژوویدا بە جۆرێک دژایەتی و دوژمانیەتیی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەربڕیوە، بەڵام لە هەر قۆناغێکیشدا لەگەڵ دژکردەوەیک بەرەوڕوو بۆتەوە.
لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاویدا کە لە ژووره تاریکەکانی چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا، شیرین عەلەمهوولی و چوار بەندکراوی سیاسیی دیکە لە سێدارە دران، ڕێژیم قەت بیری نەدەکردەوە خەڵکی کوردستان بە مانگرتنێک بتوانن کۆڵەکەکانی لەرزۆک بکەن، بەڵام ئەمەی بینی و جارێکی دیکە بە کوشتنی کچە کوردێک لە پێتەختی بێدادیدا، هەڵەیەکی مێژوویی دیکەی کرد و خۆی خستەوە بەرانبەر خەڵکی کوردستانەوە!

ڕووداوەکانی دوای مەرگی ژینا جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای لەسێدارەدانی شیرین عەلەمهوولی هەبوو. ژینا لە سەردەمێکدا گیانی لێ ئەستێندرا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پردێکی زۆر بەهێزی پێوەندییەکان و تۆڕێکی بەهێزی گەیاندنی زانیارییەکانن، ئەمەش وای کرد کە هەموو جیهان بێنە سەر خەت و بە ئاشکرا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژنان بەدەستی کۆماری ئیسلامی ببینن. هەر ئەم بابەتە لە دۆسییەی پەخشان عەزیزیدا جێگای سەرنجە، هەبوونی سۆشیاڵ میدیا نەیهێشتوە پرسەکە شاراوە بمێنێتەوە و ئەکتی کۆمەڵایەتییشی بەخۆیدا هێناوە. دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە تەنیا تریبوونیان هەر ئەو سۆشیاڵ میدیایەیە، بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ دەنگی خۆیان خستووەتە پاڵ دەنگی پەخشان و بنەماڵەکەی، چالاکانی مەدەنی، سیاسی، مافی مرۆیی، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان و زانایانی ئایینی و هەموو چین و توێژەکان بە هەر بیروڕایەکی سیاسیی جیاوازیشەوە، بوونەتە دەنگی پەخشان و کۆماری ئیسلامییان خستووەتە ژێر گوشارەوە. سەرنجدانێکی دەقی بەیاننامەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لەلایەن دایکانی شەهیدان و ژنانی چالاکوان لە سنە بڵاو کرایەوە خۆیان مانیفیستێکی تەواو لە خەبات و تێکۆشانی ژنانن.ژنان نەترسانە و بوێرانە

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

**هاتوونەتە مەیدانی خەبات دژ بە داگیرکەر و بوونەتە بزوێنەری کۆمەڵگەی کوردستان.**

**هەر ئەوەی کە ژنان لەبەردەم بینای پارێزگاریی سنە بەو هەموو ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەوە کۆ دەبنەوە و سەرەڕای زاڵبوونی کەشی تەواو ئەمنییەتی بەسەر شاردا، بەیاننامەی خۆیان دەخوێننەوە و بە ڕوونی باس لە نەبوونی دادپەروەری دەکەن و پەخشان بە نوێنەری هیوا، ژیان و بەرخودان لە بەرانبەر مەرگ و بێهیوایی ناو دەبەن، نیشاندەری بێوێنەبوونی هێز و توانایی ژنانی کوردستانە کە خۆڕاگرانە لە بەرانبەر دەسەڵاتێکی تەیار بە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت وەستاونەتەوە و لە هیچ هەڕەشە و تۆقاندنێک سڵ ناکەنەوە.**

**خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی پاش شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، ڕێک لە بەیاننامە و ئەکتی ئەم ژنانەدا دەبینرێت، ژنان لە نێوخۆی کوردستان کە خۆیان لە چەقی خەباتەکەدا بوون، باشتر لە هەموو ئەو کەسانەی کە تەنیا بینەری ڕووداوەکان بوون لە ڕاستییەکانی بزووتنەوەکە تێگەیشتن و وانەیان لێ وەرگرت. ئەوان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم کە چاوترسێنکردنی ژنان بوو، بەهێزتر هاتوونەتە مەیدان و ئێستا هەموو ئەکتێکیان ئەچێتە چوارچێوەی ئەکتی سیاسییەوە چونکە تەواویەتی خودی ئەو دەسەڵاتەیان کردووەتە ئامانج. دەسبەسەرکردن، سەپاندنی سزای بەندکران و توندتر لە هەموویان سەپاندنی سزای لەسێدارەدان نەیتوانیوە ژنان لە خواستەکانیان پاشگەز بکاتەوە و ئەمە لە وشە بە وشەی بەیاننامە و پەیامەکانیاندا دەبینرێت.**

**ژنانی کوردستان بوێرانە بەرگری لە ژنێک دەکەن کە لەگەڵ هەموو ئازارەکانی ئەوان ژیاوە و ڕێژیم بۆ ئەوەی کە دەنگی کپ بکات، سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندوە. پەخشان عەزیزی، پەخشانی ئازارەکانی ژنانی کوردستانە کە بەندکران و سزادانیشی خۆی بووەتە هێمای یەکگرتوویی و ئەم یەکگرتووییە قەت نەک بە کۆماری ئیسلامی کە بە هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرتر و تۆتالیتەرتر لە کۆماری ئیسلامیش لەنێو ناچێت.**

**٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

# کۆماری ئیسلامی و دووڕێیانی چارەنووس!




**عومەر باڵەکی**

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا دەستپێکی ڕاپەڕینی "ژینا" چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی ئێران لە بیروڕای گشتیی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وایان نیشان دەدا ڕێژیمەکەیان، نیزامێکی سەقامگیر و بەهێزە و ئەوەندەش بەهێزە کە کاریگەریان لەسەر هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە هەیە. هەروەها هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و تەنانەت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا بەبێ کۆماری ئیسلامی سەر ناگرێ و ئەگەر سەریشی گرتبا حەتمەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە گرفتیان بۆ ئەو هاوپەیمانییە دروست دەکرد. بەڵام ڕاپەڕینی "ژینا"ڕوخساری ڕاستەقینەی هێز و توانا و پێگەی جەماوەریی ئەو نیزامەی هەم بۆ گەلانی ئێران و هەم بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕوونی دەرخست و ئەوە بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەو ڕێژیمە هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیدا.

دەسەڵاتدارانی تاران لە دوای ڕاپەڕینی "ژینا" بەتەواوی دۆشداماو و بێدەسەڵات بوون لە چارەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆیی



سەرچاوە
Serchawe

و دەرەکییەکان کە لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیاندا بۆ گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خولقاندبوویانن و دیتمان لە ڕاپەڕینی ژینادا ئاکامی ئەو قەیرانخولقێنییانە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا تەقیەوە و بەتەواوی سیستمی سیاسی و ئیداریی ئەو ڕێژیمەی هێنا ژێر پرسیار. بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بێجگە لە سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپیشاندەرانی ناڕازیی سەرشەقام لە نێوخۆی ئێران، لە ئاستی ناوچەکەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون قەیرانێکی وا بخولقێنن کە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە تووشی شەڕ و ئاژاوە بکەن و بەو چەشنە هەڵ و دەرفەتێک بۆخۆیان بڕەخسێنن کە بتوانن بە سەر قەیرانەکانی دوای ڕاپەڕینی "ژینا"دا زاڵ ببن. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕوانگەی گەڵاڵەدارێژەرانی کۆماری ئیسلامییەوە باشترین سووژە کێشەی نیوان ئیسرائیل و فەلەستین بوو. بۆیە لە ڕێگای ڕێکخراوی "حەماس"ەوە پلانی هێرشکردن بۆ سەر ئیسرائیل یان لە ٧ی ئۆکتوبری ٢٠٢٣دا دارِشت.

پلان و پیلانی ٧ی ئۆکتۆبەر بەو ستراتیژییە دارێژرابوو کە سۆز و هەستی وڵاتانی عەرەبی ببزوێنن و دوای دژکردەوەی توندی ئیسرائیل، ئەوانیش بەدژی ئیسرائیل دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و بەو شێوەیە ناوچەکە تووشی شەڕ و ئاڵۆزییەکی بەربڵاو بکەن تا هەم قەیرانەکانی نێوخۆی ئێرانی پێ داپۆشن و هەم ڕێگری بکەن لە سەرگرتنی سوڵحی ئیبراهیم کە لە نێوان ئیسرائیل و کۆمەڵێک لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەدا لە ئارادا بوو. لە هەمان کاتدا کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە قازانجی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بخولقێنن بۆ ئەوەی لە پاڵپشتی ئەو وڵاتانە بۆ ئۆکراین کەم بکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی دۆستە ستراتیژییەکەی - واتە ڕوسیيە - دەستی ئاوەڵەتر بێ بۆ گۆشارهێنانی زیاتر بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمەش ببێتە کارتێک لە دەستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژەکانی لەگەڵ ترۆئیکای ئورووپادا، واتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە قازانجی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و پەرچەکرداری خێرا و توندی ئیسرائیل بەدژی ڕێکخراوی حەماس و پاڵپشتی بێ ئەملا و ئەولای وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە حکوومەتی ئیسرائیل لەو شەڕە، بەتەواوی پلانی کۆماری ئیسلامیی تووشی شکان کرد و بە زیانی قەرەبوونەکراو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران شکایەوە. چونکە لەو شەڕەدا هیچ کام لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بە قازانجی ڕێکخراوی حەماس تێکەڵ بە شەڕەکە نەبوون و تەنانەت ئەوکاتەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ هێرشی مووشەکیی کردە سەر خاکی ئیسرائیل، بێجگە لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا هیندێک لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە یارمەتیی حکوومەتی ئیسرائیلیان دا لە تەقاندنەوەی مووشەک و درۆنەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەوەش سەرەتای شکانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بوو لە ناوچەکەدا و دەستی حکوومەتی ئیسرائیلی زیاتر ئاوەڵا کرد بۆ لیدانی زیاتری هەموو ئەو هێز و ڕێکخراوانەی پاڵپشتی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییان لە ناوچەکەدا دەکرد. لە ئاکامدا هەر دوو ڕێکخراوی حیزبوڵڵا و



سەرچاوە
Serchawe

حەماس لە بواری نیزامییەوە بە چەشنێک لاواز بوون کە توانای دژ کردەوەی کاریگەریان لە بەرانبەر ئیسرائیلدا لەدەست دا و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە لە مەیدانی کردەوەدا ناتوانن لەو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن. بە تایبەتی دوای ڕووخانی خێرای حکوومەتی "بەشار ئەسەد" لە سورییە و تەنانەت حکوومەتی ڕوسییە لەو شەڕەدا کە کۆماری ئیسلامی هەڵیگیرساندبوو چ لە بواری دیپلۆماسی و چ لە بواری نیزامییەوە بەئاشکرا یارمەتیی دەسەڵاتدارانی تارانیان نەدا.

ڕاستە لە ئێستادا کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن پاساو بۆ شکستهێنانی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەکە بێننەوە. بەڵام شکەستەکە ئەوەندە قورس و دیارە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و ئەو هەرەسهێنانە لەناوچەکەدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر ورەی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و ڕۆژانە بە دەیان پرسیاری هەمەچەشن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە جوراوجۆرەکانی نێوخۆی ئێران بەرەورووی دەسەڵاتدارانی تاران دەکرێنەوە و ڕێژیم لە گشتییەتی خۆیدا دێننە ژێر پرسیار .چونکە لە لایەک لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا داهات و سامانی گەلانی ئێران چۆتە گیرفانی ئەو ڕێکخراوە و گرووپە نیابەتییانەی نیزام کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا دروستی کردوون و بەکردەوە دەرکەوت کە ئەو هێزە نیابەتییانە لە کاتی تەنگانەدا نەیانتوانی ئەو هێزە گوشارە بن کە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ڕێژیمی ئێران بگۆڕن.

لەلایەکی دیکەوە بیجگە لەوەی گەلانی ئێران لە بوارەکانی ئازادییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر لە جاران دەچەوسێندرێنەوە و سەرکوت دەکرێن، بە هۆی ئابلۆقەی ئابووریی نێودەوڵەتی لە بارودۆخێکی نالەباری ژیاندا دەژین و ئەوانە هۆکاری گرینگن کە دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و زیاتر بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرز بێتەوە. وەزعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا دەکرێ لەیەک ڕستەدا بەو شێوەیە وێنا بکەین کە ئەگەر پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر دەگوترا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست حوکمی پێنج پیتەخت دەکەن، ئێستا لە ئیدارەدانی پێتەختی خۆشیاندا زەبوون و داماون.

لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان تەنیا دوو ڕێگایان لە پێشە: یەکەم ڕێگا ئەوەیە، پێکهاتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا و پاشەکشە و دەستهەڵگرتن لە هەموو ئەو کاروکردەوانەی وەک هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، وازهێنان لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، وازهێنان لە پشتیوانیی تیرۆر، وازهێنان لە کێبەرکێی چەک بەتایبەتی پیشەسازیی چەکی ناوکی و مووشەکی، داننان بە

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

**مافی شارۆمەندیی خەڵک لە نێوخۆی ئێران بە پێوەرە جیهانییەکان و ... . بەکورتی کۆماری ئیسلامی لە نەزمی جیهانیدا ببێتە تەیرێکی مەعقول. دووهەم ڕێگاش بەردەوامیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدانی سیاسەت و ئاجێنداکانی پێشووی و ملنەدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی.**

**لە هەر دوو ئەو حاڵەتدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانی ئەو هێژمۆنی و دەسەڵاتەی پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر لە ناوچەکەدا هەیبوو بەدەستی بێنێتەوە. هەروەک دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی "ژینا" نەیتوانیوە بە سەر ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا زاڵ بێ و کۆمەڵگەی ئێران بگەڕێنیتەوە بۆ پێش ڕاپەرینی "ژینا". لە ئاکامدا دەتوانین بگەین بەو ئاکامە کە چارەنوسی ڕێژیمی ئێران لەسەر دوو ڕێیانێکدا قەراری گرتوە بە چەشنێک بە هەر کامیاندا بڕوا دەرنگ یا زوو حوکمی بە نەمامی خۆی داوە.**

**٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

# قەیرانی شوناسی ئێرانی



**سەفەر عەزیزی**

شوناسی نەتەوەیی ئێران یەکێک لە ئاڵۆزترین کانسێپت و چەمکەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتەیە. ئێران بەهۆی هەڵکەوتەی جۆگرافی و مێژووی کۆنی خۆی هەمیشە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئاییینی بووە و تەنانەت تا پێش ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی دیاردەیەک بە ناوی حکوومەت یا دەوڵەتی ناوەندەگەرای هەر تێدا نەبووە. ئێران پێشتر بەشێوەی ئەیالەتی بەڕێوە چووە، بەڵام لە دەورانی مۆدێڕنیتە بەولاوە شوناسی دەوڵەت - نەتەوە (State-Nation)لە سەر شوناسی تاکە نەتەوە و تاکە زمان، واتە فارس و زمانی فارسی بونیات نراوە. ئەم کانسێپتە لە دەورانی سەفەوی بەدواوە، بۆتە خوێندنەوەیەکی گشتگیر و بەتایبەتی لە دەورانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زیاتر برەوی پێدراوە. دیارە لە دەستپێکی ڕەوتی نەتەوەسازی بە مۆدێلی ئێرانی، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەندازیارانی سیاسی ئەم پڕۆژە ناسیۆنالیستییە بۆ یەکسانکردنی کولتوور، چاند و زمانی نەتەوەیی باڵادەست و تواندنەوەی زمان و کولتوورەکانی دیکە لەنێو زمانی فارسیدا بووە.

**لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەم پڕۆسەیە لە سێ قۆناغی جیاوازدا جێبەجێ کرا:**

**یەکەم:** قەدەغەکردنی زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی لە بواری پەروەردە و ئیدارە لەچوارچێوەی بە سیاسیکردنی زمان (Political Language)تایبەت بە نەتەوەی باڵادەستدا.

**دووهەم:** پاکسازیی زمانی فارسی.

**سێهەم:** گۆڕینی دێمۆگرافیی شار و گوندەکان بە زمانی فارسی.

هەر لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا، ڕێژیمی پەهلەوی ساڵی ١٩٣٣ی زایینی، زمانی فارسیی وەک تاکەزمانی پەروەردەی سەرانسەری ئێران دیاری کرد و بەمجۆرە خوێندن و نووسین بە هەموو زمانەکانی دیکە کە پێشتر لەو جوگرافیا سیاسییەی ئەمڕۆ بە ئێران ناوزەد کراوە ئازاد بوو، قەدەغە کرا. بە خۆڕایی نەبوو کە دروشمی سەرەکیی ڕێژیمی پەهلەوی بریتی بوو لە: "یەک نەتەوە، یەک وڵات، یەک ئاڵا و یەک زمان". لە سەردەمی پەهلەوییدا تەنانەت جیاوازیی زمانەکانی دیکە وەکوو مەترسییەک بۆ سەر پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوە دەبیندران کە تەنیا لە ڕێگای لەنێوبردنی ئەو زمانانەوە چارەسەر دەکرا.
ئەم شوناسە بێجگە لەوەی نەیتوانیوە یەکیەتیی نەتەوەیی لە ئێرانێکی فرە نەتەوە و فرە ئاییندا دروست بکات، بەڵکوو بۆتە هۆی دووبەرەکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم وڵاتە. سیاسەتی فەرهەنگی و زمانی بە پێداگری لەسەر باڵادەستیی زمانیی فارسی و شیعەگەرایی ئێرانی، نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی ئاسیمیلە کردوە و لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا، نەتەوە و پێکهاتەکانی نێو جوگرافیایی سیاسیی ئێران هەست بە جیاوازی و هەڵاواردن دەکەن.
هەروەک باس کرا ڕیشەی ئەم خوێندنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی سەفەوی. کاتێک شا ئیسماعیلی یەکەم، ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامیی وەک ئایینی ڕەسمیی وڵات دیاری کرد و دەستی بە چەوسانەوەی کەمە ئایینییەکانی دیکە کرد. بەر لەم دەورانە، ئێران وەک وڵاتێکی پرولاری ئایینی و نەتەوەیی دەناسرا، بەڵام سەفەوییەکان سیاسەتی یەک-نەتەوە و یەک-ئایینیان دەست پێکرد. ناوبراو بەم سیاسەتە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای ئایینی شیعە بوو و بەمجۆرە هەوڵی تواندنەوەی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە دەستی پێکرد. ئەم سیاسەتە لە دەورانی قاجار درێژەی کێشا، بەڵام لە دەورانی پەهڵەوی فۆکۆسی دەوڵەت خرایە سەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی (فارسی) و زمانی فارسی بوو بە فاکتۆرێکی گرنگ بۆ بنیاتنانی یەکگرتوویی شوناسی نەتەوەیی لە ئێراندا. لە لایەکی دیکەوە، ئەم سیاسەتە بە بیانۆی یەکپارچەیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی،خوێندنی بە زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی، قەدەغە کرد و بەم شێوەیە مێژووی ئێرانی باستان، بەتایبەت مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆی وەکوو کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی دیاری کرد.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بنەڕەتی ئیسلامی سیاسی لە دەورانی مۆدێرندا دانرا و ئایینی شیعە بەڕەسمی و بەشێوەی بەربڵاوتر لە جاران، بوو بە فاکتۆرێکی بەهێزی شوناسی نەتەوەیی لە ئێراندا. قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایینی شیعەی دووازدە ئیمامی وەک ئایینی ڕەسمی وڵات دیاریکرد و تەنانەت سیاسەتی

ڕەسمیی دەوڵەت و نەهادەکانی دەوڵەتی لە سەر دوکتورینی ولایەتی مۆتڵەقی فەقێ و بنەمای شیعەی دووازدە ئیمامی داڕێژرا. ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەیکە کەمینە - ئایینییەکانی دیکە وەک سوننی، مەسیحی، یەهوودی، زەردەشتی پەراوێز بخرێن و لە زۆربەی مافەکانی شارۆمەندی بێبەش بکرێن سەرەڕای ئەوەی لە قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامیدا ئێعتراف بە ئایینی زەردەشتی، مەسیحی و یەهودی کراوە. دەبێ بگوترێت کە لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئێعترافێک بە ئایینی یاری و ئایینی بەهایی نەکراوە. ئەم کارەش بۆتە هۆی ئەوەیکە یارییەکان و بەهاییەکان لە تەواوی مافە یاسایی و گەردوونییەکان بێبەش بکرێن.

هەڵبەت لە پاڵ هەڵاواردنی ئایینی، هەڵاواردنی زمانیش بەشێک بووە لە سیاسەتی ڕێژیمی ئێستا لە ئێراندا. هەموو ناوەندە پەروەردەیی و کولتوورییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی سڕینەوەی زمانەکانی دیکەیان داوە، بە ڕادەیەک کە لە هێندێک لە ناوچەکانی غەیرە فارس، باس لە ژێنۆسایدی سپی دەکرێت.
ماهییەت و دیسکۆرسی تاکزمانی، تاک نەتەوە و تاک ئایین، بۆتە هۆی شێواندنی فرە چەشنی زمانی و نەتەوەیی لە ئێراندا. سەرەڕای هەوڵ و گوشاری حکوومەتەکانی ناوەندگەرا لە سەر بنەمای تێئۆریی دەوڵەت-نەتەوە بۆ باڵادەستکردنی ناسیۆنالیزمی فارس لە ڕواڵەت و چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا، نەیانتوانیوە ئێرانێکی فرەچەشن دوروست بکەن. دەرەنجامی ئەم سیاسەتە بەپێچەوانەوە بۆتە هۆی زیاتر دابڕان و ناکۆکی لە نێوان نەتەوەکانی ناو جۆگرافیای ئێران.

شوناسی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران هەر لەدەورانی مۆدێرنیتەوە تاکوو ئێستا، کاریگەرییەکی ڕیشەیی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە ئێراندا داناوە. جیاواز لە وڵاتانی ڕۆژاوا کە لە پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەسازی لە دەورانی مۆدێرنیتە هەوڵی یەکیەتییەکی زمانی، کولتووری، ئێتنیکی دراوە و بەتایبەتی سازانێکی گشتی دروست بووە کەچی لە ئێراندا بناغەی ئەم پرۆسەیە لەلایەن نوخبەیەکی دیاریکراو سەر بە نەتەوەی فارس و ئایینی شیعە داڕێژراوە. هەربۆیە، هەویتیی دەوڵەت - نەتەوە ناتوانێت تەعبیر لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەهەند، فرەئایین، فرەکولتوور و فرەنەتەوە بکات. ئەمڕۆ ئێرانیبوون بە واتای فارس - شیعە بوونە، چونکە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە لە پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەسازیدا پەراوێز خراون و هەر دەنگێکی ناڕازی وەک دژە ئێرانی و جوداییخواز پێناسە کراوە.

## ڕۆڵی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەدا:

پرۆسەی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی شوناسی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێراندا، زۆرتر لەژێر هێژموونیی جەریانگەلی ڕووناکبیریدا بووە. نوخبەگەلی ئێرانی لەدەورانی مەشرووتە و پەهلەوی دەورێکی سەرەکییان لە تێئۆریزەکردنی کۆدە سیاسی

کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێراندا هەبووە. ڕووناکبیرانی ئێرانی باوەڕیان وابووە کە یەکپارچەیی ئێران تەنیا لەڕێگەی دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتوو لە ڕێگای سیاسەتی زمانی و ئایینێکی دیاریکراوەوە مسۆگەر دەبێت. ڕووناکبیرانی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمیی ڕۆژاوا بۆ دەوڵەت - نەتەوە، هەوڵیان دەدا ئێران وەک وڵاتێکی یەکگرتوو پێناسە بکەن، بەڵام ئەم هەوڵە بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی فرە ڕەهەندیی کۆمەڵگەی ئایینی و نەتەوەیی ئێران و چڕکردنەوەی لە نەتەوە و ئایینێکی دیاریکراودا، نەیتوانیوە ئامانجە ئیستراتێژیکییەکانی خۆی بپێکێت.

لە دەورانی مەشرووتە زۆر لە ڕووناکبیرانی ئێرانی وەک میرزا ملکم‌خان، عەبدولکەریم تالبووف، میرزافەتعەلی ئاخوندزادە و سەید حەسەن تەقیزادە، هەوڵیان دەدا لە ڕێگای نەهادینەکردنی بیرۆکە و کولتوورێکی مۆدێرن، وڵاتێکی یەکگرتوو پێکبێنن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە هەر لە سەرەتاوە بە هێژموونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندگەرایی فارس، زمانی فارسی و ئایینی شیعە پێکهات. ئەم ڕووناکبیرانە بەبێ گوێدانە پارادێمیکی فرەزمانی، فرەکولتووری و فرەئایینی لە ئێراندا هەوڵیان دەدا شوناسێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەدا دروست بکەن. ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون، بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگەیەکی فیئۆداڵ و گۆاستنەوە بۆ نێو مۆدێرنیزاسیۆن، ئێران پێویستیی بە زمان و شوناسێکی یەکگرتوو هەیە. لە پێناو دروستکردنی ئەم شوناسەدا، بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵ دراوە کە زمان، فەرهەنگ و ئایینی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە و یەک لەوانیش کورد ئاسیمیلە بکەن. هەڵبەت فرەتر لە ٢٠٠ ساڵە کە نەتەوە و ئایینەکانی نێو ئێران، ئەم مێژووە بە هی خۆیان نازانن و کوردەکان وەکوو نموونە بەرانبەر بەم سیاسەتە ناسیۆنالیستییە خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژ لە خەبات و تێکۆشانن. لە دەورانی ڕەزاشای یەکەمدا هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەم شوناسی دەوڵەت - نەتەوەیە دەربازی قۆناغێکی نوێ بوو. هەوڵدان بۆ شوناسێکی یەکگرتوو لەڕێگای زمانی فارسییەوە بوو بە پلانی ستراتێژییەکی ڕەزاشا و ڕووناکبیرانی نەتەوە - پەرەستی ئەو سەردەمە کە لەژێر کاریگەری پرۆسەی نەتەوەسازی ڕۆژاوا قەراریان گرتبوو. ئەم سیاسەت و ستراتێژییە خۆی لە پرۆسەی گۆڕینی ناوە غەیرە فارسییەکان، سەرکوتکردنی زمانەکانی کەمینە - نەتەوەییەکانی دیکە، گۆڕینی سیستەمی خوێندن و پەراوێزخستنی کەمینە - نەتەوەییەکانی دیکە لە ژیانی سیاسی-نەتەوەیی ئێراندا. ڕووناکبیرانێک وەک محەممەدعەلی فرووغی، عەلی‌ئەکبەری داوەر، ئەحمەد کەسرەوی و ...هتد. لەو بڕوایەدا بوون، کە تەنیا لەڕێگای ئاسیمیلاسیۆن و هەڵاوردنی زمان و ئایینەکانی دیکە، یەکگرتوویی نەتەوەیی مسۆگەر دەبێت. لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم و دەسەڵاتی محەممەد ڕەزاشا، ڕووناکبیرانی ئێرانی هەوڵیان دەدا تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی لەگەڵ شوناسی ئێتنیکی دابڕێنن و مێژووی ئێران وەک سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لەم شوناسە نوێیە زەق بکەنەوە. ئێرانی باستان، دەورانی کووروش و داریووش وەک سەروەری مێژووی ئێرانیی پسا-ئیسلام بوو بە دینامیزمی تیۆریک و هاندەرانەی تایبەت بۆ دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە. لە پاڵ ئەم زەقکردنەوە مێژووییەدا، بەشێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی سڕینەوەی مێژوو، ناسنامە، کولتوور و فەرهەنگی کەمە-نەتەوەییەکانی دیکە دەدرا. ئەم هۆکارانە بوونە



سەرچاوە
Serchawe

هۆی ئەوەیکە کەمە - نەتەوەیی و کەمە - ئایینییەکانی دیکە خۆیان بە بەشێک لەم پێناسەیە نەزانن و لە هەر دەرفەتێک دژایەتی خۆیان نیشان بدەن. لەدەورانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەم ڕەوت و پرۆسەیە وەکوو ڕابردوو درێژەی هەبووە و تەنیا بە یەک جیاوازییەوە کە ئایدۆلۆژیی شوناسی نەتەوەیی لە ناسیۆنالیزمیی ئێرانی باستانگەراوە گۆڕدرا بۆ ناسیۆنالیزمیی شیعە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەرایەتی ئاغای ئایەتوڵڵا خومەینی لەسەرەتای دەسەڵاتدا بە بانگەوازی بۆ کۆمەڵگەی بەرابەر و عەداڵەتخواز حوکمڕانی خۆی دەست پێکرد، بەڵام هەر زوو شوناسی ڕەسمی وڵاتی لەسەر بنەمای ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی پێناسە کرد. ئایینی شیعە وەک ئایینی ڕەسمی وڵات لە قانوونی بنەڕەتی وڵاتدا دیاری کرا. ڕووناکبیرانی ئەم سەردەمە، بەپێچەوانەی ڕووناکبیرانی دەورانی پەهلەوی، هەوڵیان دەدا لە جێگای ئیلهاموەرگرتن لە ڕابردووی گوتاری ئێرانیی باستان، شوناسی ئیسلامیی ئێرانییان بەرجەستە دەکردەوە. دیسانەوە خواستی کەمە-نەتەوەیی و کەمە - ئایینییەکان نەک تەنیا لەبەرچاو نەگیرا، بەڵکوو لە جاران زیاتر پەراوێز خرا. پرۆسەی سازانی شوناسی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێراندا لەڕاستیدا نەک تەنیا نەیتوانیوە کۆمەڵگەی ئێران یەکگرتوو بکات، بەڵکوو بۆتە هۆی دابڕانێکی قووڵ و زۆر لە کەمە-نەتەوەیی و کەمە ئاییینییەکان قەد خۆیان بە بەشێک لەم شوناسە نەزانیوە و ئەم پرۆسەیە نەک تەنیا کەمە - ئایینی و کەمە - نەتەوەییەکانی پەراوێز خست، بەڵکوو سیاسەتی هەڵاواردن، تواندنەوە و لەنێوبردنیشیان دەست پێکرد. بەدرێژایی مێژوویی مۆدێرنی ئێران، کەمە ئایینی و کەمە-نەتەوەییەکان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا بەشدار نەکراون و زۆرجار وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سەیر کراون.

## ئەنجام:

دەرەنجامەکانی ئەم سیاسەت و دیسکۆرسی هەویتی وایکردوە کە ئێران قەد نەتوانێت ببێت بە خاوەنی شوناسێکی گشتگیر. لەجیاتی ئەوەی شوناسی ئێرانی ببێتە هۆی یەکیەتیی و یەکگرتوویی کۆمەڵگەی ئێرانی بەهەموو نەتەوە و ئایینەکانەوە، وەک کارتێکی سیاسی لەلایەن دەوڵەتەوە سوودی لێوەرگیراوە بۆ هەڵاواردن و لەناوبردنی کەمە - ئایینی و کەمە - نەتەوەییەکان. سیاسەتی تاکزمانی، تاک کولتووری، تاک ئایینی و یەک پەروەردەیی دەسەڵاتدارانیی ئێرانی بووە هۆی ئەوەی هەستی وڵاتپارێزی و ئێرانی بوون لەنێو کەمە-نەتەوەییەکان لاواز بکات. کێشەی دیکەی ئەم سیاسەتە ئەوە بووە، لەکاتێکدا لە زۆربەی وڵاتان، کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی نێوخۆیی یان دەرەکی، شوناسی نەتەوەیی وەک ئامرازێکی یەکیەتیی بەخش چاوی لێکراوە، کەچی لە ئێراندا بەهۆی هەڵاواردنی زمانی، کولتووری، ئایینی و نەتەوەییەوە لایەنەکانی غەیرە - فارس، دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، نەیتوانیوە خەڵک مۆبیلیزە بکات. ئەم خەڵکە هەمیشە بەچاوی گومانەوە لە دەسەڵات و سیستەمی وڵاتیان ڕوانیوە، چونکە سیستەم نەک بۆ خۆشبژێوی ئەوان، بەڵکوو وەک ئامرازی سەرکوت سوودی لێوەرگیراوە. دیسکۆرسی نەتەوە - سازی لە ئێراندا لە دیدێکی

ناسیۆنالیستی فارسی - شیعەی بەرچاوتەنگەوە، سەرچاوە دەگرێت و هەر چەشنە فرە ڕەهەندیی کولتووری، ئایینی، نەتەوەیی وەک هەڕەشە چاو لێدەکات.

بۆ دەربازبوون لەم قەیرانی شوناسە، ئێران پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و پێداچوونەوەیەکی جیددییە بۆ شوناسی نەتەوەیی. ڕووناکبیران، دەسەڵاتداران و نۆخبەکانی ئێران دەبێت قەبووڵیان بێت، کە شوناسی وڵاتێکی فرە ڕەهەند لە بواری نەتەوەیی و ئایینییەوە، ناکرێت لەسەر بنەمای نەتەوە و ئایینێکی تایبەت بونیاد بنرێت. هەر شوناسێک گوزارشت لەم فرە ڕەهەندییەی وڵاتی ئێران نەکات، درەنگ یان زوو دەبێت چاوەڕوانی هەڵوەشانێکی جۆگرافی و سیاسی بێت. بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی شوناسی نەتەوەیی، پێویستە سیاسەتی پەروەردەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتی بگۆڕدرێت. دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینە و هەموو ئەم پێکهاتانە لە کردەوەدا دەبێت لە داڕشتنەوەی شوناسی ئێرانی داهاتوودا بەشداربن. زمان، کولتوور و مێژووی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەبێت لە واقیعدا ببنە بەشێک لە مێژوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و لە قوتابخانەکان دەرس بدرێنەوە. ئێران بە مێژوویەکی دەوڵەمەند و شارستانییەتێکی گەورەوە ئەو پۆتانسیەلەی هەیە کە خۆی لە قەیرانی شوناس دەرباز بکات و خوێندنەوەیەکی دووبارە و سازانێکی نیشتمانی بۆ شوناسی ئێرانی دروستبکات، کە گوزارشت لە فرە ڕەهەندیی کولتووری، ئایینی، نەتەوەیی ئەم وڵاتە دەکات. بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەک خۆی بە ئێرانی بزانێت، دەبێت بتوانێت خۆی لەم شوناسە نوێیەدا ببینێتەوە. بە کورتی، بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی لەو چەشنە پێویستە کۆتایی بە دیسکۆرسی "پان - ئێرانیزم" و ئاپارتایدی سیستماتیکی هەویەتی، زمانی و کولتووری دژی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بهێندرێت.

## سەرچاوەکان

- آبراهامیان، یرواند. (١٣٩٦). ایران بین دو انقلاب. ترجمه کاظم فیروزمند و دیگران. تهران: نشر نی
- اشرف، احمد. (١٣٨٤). "مفهوم هویت ملی ایران". نامه علوم اجتماع
- دوفر، اولیویه. (١٣٩٣). ایران و ایرانیان. ترجمه ناصر فکوهی. تهران: نشر ثالث
- قاسمی، محمدرضا. (١٣٩٨). تاریخ اجتماعی ایران معاصر. تهران: انتشارات کویر

Katouzian, Homa. (2009). The Persians: Ancient, Medieval, and Modern Iran. Yale University-Press.

Dabashi, Hamid. (2012). Shi'ism: A Religion of Protest. Harvard University Press-

Vali, Abbas. (2003). The Formation of Kurdish National Identity in Iran. I.B. Tauris-

Vali, Abbas (2014) Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity (International-Library of Iranian Studies), I.B. Tauris

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## "موجتەبا" کلیل وشەی دوایین پیلانی دیکتاتۆر!



ئەلبورز ڕووینتەن

جێنشینی لە ڕێژیمە دیکتاتورەکان بەردەوام جێگای مشتومڕە، چونکە دەسەڵات بۆ کێ دەمێنێتەوە، دیکتاتۆری نوێ کێ دەبێ و چۆن دەبێ، بۆ بەردەوامیی دیکتاتوری و دەسەڵاتی تاقمی دیکتاتور و نزیکەکانی جێگای سەرنجە. بە تایبەتی کە دیکتاتۆر پیر و بەرەوڕووی هەزاران قەیرانی بێ چارەسەری بێ ئەو بابەتە دوو ئەوەندە گرینگ دەبێت. ئەو بابەتە ئەوەندە چارەنووسسازە کە لەنێو دەرفەت و مەترسی سنورێکی زۆر باریک هەیە و ئەوە ڕێژیم بە کام لادا دەکەوێ پێوەندیی بە چۆنیەتی و هاتن و بەردەوامی جێنشینەوە هەیە.

بابەتی جێنشین لە کۆماری ئیسلامیدا هەر لە سەرەتادا دوای هاتنەسەرکاری خومەینی لەگەڵ خۆی زۆر باس و خواسی هێناوە و وەک یەک یارییەکانی تەختی دەسەڵاتدار بە سەدان کتێبی لە سەر دەنووسرێ، بە تایبەتی بۆ مەلا دەسەڵاتدۆست و گەندەڵ و جنایەتکارەکانی ئیسلامی، کە مەترسی دەکەوێتە سەر دەسەڵاتیان هیچ سنورێک بۆ پارێزگاری ئەو دەسەڵاتە نازانن. چارەنووسی گەوەرە مەلایانی وەک تاڵقانی و مونتەزیری و، نەهێشتنی ئەحمەدی کوڕی خۆمەینی و دانانی خامنەیی

و مردنی بە گومانی یەک بە یەکی ئەوانی وەک جێنشینی ئەو ناویان دەهات، لایەنێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە کە مشتومڕی زۆری لە سەر بووە.

لەنێو هەموو ئەو باسانەدا ناوی موجتەبای کوڕی خامنەیی لە کاتە هەستیارەکانی لانیکەم دوو دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لە سەر زمانان بووە، بە جورێک کە لە دروشمی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕابەری کۆماری ئیسلامی بەردەوام ناوی هاتوە. لە دوایین پەردەی ئەو باسانەدا بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەست لە کارکێشانەوەی موجتەبا لە درس گوتنەوە لە حەوزەی قوم و هەروەها دیاریکردنی لە لایەن مەجلیسی خوبرگانە کە ئەرکی هەڵبژاردنی ڕێبەری داهاتووی هەیە. تەنانەت شێوازی درز کردن و بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە بە جورێک بە زیرەکی دەکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی هەڵبسەنگێنن و تەنانەت باس دەکرێ کە دیاریکردنی تەواو بووە و تەنیا چۆنیەتیی ڕاگەیاندنەکەی جێگەی باسە.

بۆ ئەوەی باسی شرۆڤەی ئەو پیلانەی ڕێژیم بکەین پێویستە هەڵوێستەیەک لە سەر دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیاوازدا بکەین. لە ئاستی نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا بەرەوڕووی سەدان قەیرانە و سەرۆک کۆماری دیاریکراوی ڕێبەر ڕۆژانە باس لەوە دەکات کە ئەوان ناتوانن هیچ کام لەو قەیرانانە چارەسەر بکەن. یەکێک لەو سەدان قەیرانە دەکرێ نەبوونی وزەی پێویست بێ کە بە جورێک ژیانی خەڵکی بە تەواوی بەرەو فەلەجکردن بردوە و سەرۆککۆمار دەڵێ ناتوانین چارەسەری بکەین. دۆخی نێوخۆ بەرەو تەقینەوەیەکی دیکە دەڕوات کە بە ئەزموونی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دەوڵەمەندە و دەتوانێ مەترسییەکی جیدی بێ بۆ سەر دەسەڵاتی دیکتاتوری و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هەیە.

لە ئاستی ناوچەدا ئیتر تەوەرێک بە ناوی مقاومەت نەماوە و ئەوەش دەستی ئێرانی ئەوەندە لاواز کردوە هیچ بەرگێکی جیا لە بەرگی ئەتومی بۆ دانوستاندن لەگەڵ ڕۆژئاوا پێ نەمابێت. ڕێژیم لە لایەک پێویستیی بە لابردنی گەمارۆکان هەیە بۆ ئەوەی هەناسەیەک هەڵکێشێ، لە لایەکی دیکە بەرگی شەڕ و ئاڵۆزیی ناوچەی لە دەستدا نەماوە و، بەرگی چەکی ئەتۆمیش ئەگەر لە ڕێگەی گوشارەکانی ترامپ لە دەستی دەربهێنرێ، ئەوەش بە پاشەکشە بۆ ڕێژیم دادەنرێت. ڕێژیمە دیکتاتورەکانیش یەکەمین هەنگاوی پاشەکشە بە نەمانی خۆیان دەزانن، بۆیە کۆماری ئیسلامی خۆی لە هەموو لایەکەوە لە ژێر گوشاردا دەبینێ و بە دوای ئەوەیە خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات.

یەکێک لە گرینگترین ڕێگەچارانەی بەردەم کۆماری ئیسلامی، ڕێککەوتن لە گەڵ ڕۆژئاوا و ترامپە. کۆماری ئیسلامی کە بەو ڕێگەچارەیە زۆر ڕازییە، چونکە تەنیا ڕێگە چارەیەتی بۆ هیوای چارەسەری ئەو هەموو قەیرانە و بۆ ترامپی بازرگانیش بە سەرکەوتن دادەنرێ، بەڵام لاواز بوونی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکان وایکردوە کە ئەو ڕێککەوتنە بە هەمان شێوە بۆ

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ترامپ سەرکەوتن بۆ خامنەی و نێوخۆش شکستێکی گەورە نیشان بدرێ کە ئەگەری تەقینەوەی خەڵکی لێبکەوێتەوە. بۆیە ڕێژیم بە دوای ئەوەیە ڕێککەوتن بکرێ، بەڵام بە پاشەکشە بۆ دەسەڵاتی حاکم نیشان نەدرێ. لێرەشدا فاکتەری موجەتەبا گرینگی دەنوێنێ، چونکە دەتوانێ بە ڕێککەوتن هەناسەیەک بۆ ڕێژیم دابین بکات و بەو شێوەیە لە سەر حوکم بمێنێتەوە و پشتیوانی ڕووسیەی هەبێ کە نەڕووخێ و ڕووسیە تووشی شکستێکی دیکەی وەک سووریە نەبێ، بۆ ترامپیش سەرکەوتنە کە دەڵێ بە ێ شەڕ کۆماری ئیسلامیم لغاو کردوە. بۆ موجەتەبا و ڕێژیمیش ئەو بابەتە بە پاشکشە داناندرێ و بەڵکوو ڕوویەکی نوێی ئەو ڕێژیمە نیشان دەدرێت کە هیوایەکی درۆیین بۆ چارەسەری قەیرانەکان لە نێوخۆ دروست دەکات، بە تایبەتی کە هەر لە ئێستاوە دەزگای پرۆپاگەندەی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بڵێن موجتەبا بن سەلمانێکی دیکەیە و دەست دەکا بە ڕێفورم، هەروەها گرەنتیش دەدرێ بە ئەوروپا کە پەنابەری زیاتر ناچێ و گرێبەستە بازرگانییەکان بەردەوام دەبن و لە شەڕ لە گەڵ ڕووسیەدا وزە بۆ ئەوروپاش دابین دەکرێ، واتە هەموو داواکانی ئەوروپییەکانیش هەر ئەوانەن ئەگەر جێبەجێ بن.

ئەو سناریۆیە سەرفی نەزەر لە سەرکەوتنەکەی ئەگەری جێبەجێ بوونی هەیە، چونکە هەموو پڕوپاگەندەی ڕێژیم لە ڕاستای ئەو بابەتەدا دەچێتە پێش، و بەو سناریۆیە کە هەموو لایەک خۆیان سەرکەوتوو دەبینن، تەنیا گەلانی بندەستی ئێران نەبێ کە بە درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی تووشی هەزاران نەهامەتی دیکە دەبنەوە.

مێژووی سووریە دەڵێ دوای مردنی حافز ئەسەد لە ناکاو دەرفەت بۆ بەشار دروست بوو کە پزیشکی گەنجی چاو کە لە لەندەن خوێندنی تەواو کردبوو، وەک ڕزگاریدەری سوریە نیشان بدرێت بۆ ئەوەی دوای سیاسەتی توندی مستی ئاسنینی حافز ئەسەد هەندێک ڕێفورم بکرێت. بەڵام بینیمان بەشار ڕووی حافزی باوکی بە جینایەتەکانی سپی کرد. بەشاری پزیشکی چاو کە هیچ ئەزموونی دەسەڵاتی نەبوو، تەنانەت تا مردنی براکەی کەس هەر باسی هاتنە سەرحوکمی نەدەکرد ئاوا ستەمکار دەرچوو، ئەی موجتەبا کە دەستی لە هەموو سەرکوت و جینایەتەکانی ڕێژیمدا هەیە چۆن ستەمکارێک دەردەچێ پێویستی بە شرۆڤەیەکی زیاتر نیە، بە تایبەتی کە موجتەبا لە مێژە خۆی بۆ ئەرکە ئامادە کردوە.

**٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان




### پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

فواد خاکیبەیگی

بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوابوو فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنیی لە پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت. هەرچەندە لە ڕابردوودا نوخبەکان و چالاکانی بزووتنەوەکان بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی گەیاندنی زانیاریی سوننەتی بە خێرایی کەم و تێچووی زۆر هەوڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی خەڵکیان دەدا، بەڵام لەگەڵ هەرچی زیاتر فراوانبوونی و لە بەردەست بوونی بۆ گشت کەس سەرەڕای زیادبوونی خێرایی لە گەیاندنی زانیارییەکان تێچووی ئەو چالاکییانە تارادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە هێندێک کات ئاراستەی بزووتنەوەکان دەگۆڕێت و تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازبوون یا لە نێوچوونی بزووتنەوەکە.

پەیوەندییەکان لە ڕێگای ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگیان لە زۆربەی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە. هەر بۆیە چەندین توێژینەوە سەبارەت بە تاوتوێکردنی ڕۆڵی ئەم ئامرازانە لە کارلێکی مەدەنی و بەشداریی سیاسی ئەنجام دراوە. بە پێی ئەو ڕوانگانەی کە هەوڵی شرۆڤە کردنی کاریگەریی ئینتێرنێتی لە بزووتنەوەکان داوە، ئینتێرنێت نەک چالاکیی ئۆنلاینی خێراتر کردۆتەوە بەڵکوو فۆرمێکی نوێی بە چالاکییەکان بەخشیوە. هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری زۆربوونی ڕوانگەی ئەرێنی و خۆشبینانە بەرانبەر ڕۆڵی ئینتێرنێت لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕوانگەی ئەرێنیی دیجیتاڵی هیوادارە کە بتوانێ نێوەرۆکی هێز لە تۆڕە دیجیتاڵییەکان و هەروەها نێوەرۆکی هێز لە جیهانی واقیعی بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو تۆڕە دیجیتاڵییانە زیاتر لە هەر کات تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤەکان بوون، بەڵام زۆری نەخایاند کە لە بەرانبەر ئەو تێڕوانینە ئەرێنیانە، تێڕوانی نەرێنی یان ڕەشبینانە پەرەی سەند، کە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیار. ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانە پێیان وایە کە کاریگەریی ئینتێرنێت لە سەر دێموکراسی ئەوەندەش ئەرێنی و خۆشبینانە نییە.

لێرەدا چەند خاڵێک سەبارەت بە کاریگەریی نەرێنی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر چالاکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

## بەربڵاوبوونی چالاکی و سلاکتیڤیزم(Slacktivism)

لەم ساڵانەی دواییدا توانایی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی فراوان جێگای مشتومڕی توێژەران و بیریارانی ئەو بوارە بووە. ڕوانگەکان سەرەتا سەبارەت بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە چالاکییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەرێنی بوون. بەڵام دواتر ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە هاتە کایەوە لە ژێر ناوی (سلاکتیڤیزم)، کە چالاکییە دیجیتاڵییەکان بە چەندین هۆکاری وەک؛ کەمتەرخەمی، کەمیی تێچوو، نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی واقیعی (جیهانی ئۆفلاین)، نەبوونی پابەندی، پەیوەندی کەم و لاوازیی تاکەکان لە گەڵ یەکتر، کەمبوونەوەی کاریگەری یا نەبوونی کاریگەری ڕەت دەکەنەوە.

چالاکیی ئۆنلاین وەکو (سلاکتیڤیزم) لە ئێستادا کەوتۆتە بەر ڕەخنە بەو مانایەی کە چالاکیی ئۆنلاین کاریگەری ڕاستیەقینەی لە سەر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت چالاکیی مەدەنیی داهاتووش دەخەنە مەترسییەوە. (سلاکتیڤیزم) کە بە "خەبات لەژێر لێفە" ناسراوە. فرێدکلارک و دوایت ئۆزارد (Fred Clark and Dwight Ozard) لە یەکەم کەسانێک بوون کە لە ساڵی ١٩٩٥دا چەمکی (سلاکتیڤیزم)یان بە واتایەکی ئەرێنی، بۆ ئاماژە کردن بە



سەرچاوە
Serchawe

چالاکییەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوەی گەنجان بە مەبەستی کاریگەری دانان لە سەر کۆمەڵگە لە ئاستی بەرتەسک بەکار هێنا. بەڵام لە ئێستادا ئەم چەمکە واتای ئەرێنیی خۆی لە دەست داوە و بە واتای نەرێنی بەکار دێت. چەمکی سلاکتیڤیزم لە وشەی (Slacker) بە واتای بێ هێز کردن و وشەی (activism) بە واتای چالاکییەکان پێکهاتووە. کەواتە سلاکتیڤیزم بەواتای بێهێزکردنی چالاکییەکان دێت .

"خستو و هاوکارانی" لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران ئاماژەیان بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە لاوازبوونی هێز و جۆش و خرۆشی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی ئەو کات کردوە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە لە نێوان زۆربوونی چالاکی لە کەشی مەجازی و هاتنەخوار و کەمبوونەوەی بەشداریی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام پەیوەندی هەیە. لە دوای ٢٦ی مانگی پووشپەڕی ١٣٨٨ (١٧ - ٧ - ٢٠٠٩) چالاکیی مەجازیی بزووتنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەکات، لەو ماوەیەدا بچووکترین هەواڵ و ڕووداو شەپۆلێک لە سازبوونی بابەتی نووسراو و فرە ڕەهەندی مێدیایی بە دوای خۆیدا دێنێ و بە لایک و کۆمێنت و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و دیمەنانە، چالاکییەکان دەکەوێتەوە بەردید و بۆچوونی خەڵک. تێبینیی گرینگ لەو قۆناغەدا گۆڕانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ئەندامان سەبارەت بە ڕێکخراو و بزووتنەوەکەیە.

بەڵام خۆپێشاندەران و نارازییان لە جیاتی سودوەرگرتن لە هێز و توانایی ئەنتەرنێت بۆ کۆنترۆڵ و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان، چالاکی لە ڕێگای کلیککردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان هەڵبژارد کە ئەوە هەمان خەبات و تێکۆشان لەژێر لێفە یا تێکۆشان لە ڕێگای کلیک و سەرلەنوێ بڵاو کردنەوەی بوو.

بەو شێوەیە کاتێک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لە جیهان شکڵی نەگرتبێ یان ئەو ڕەوتە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و ڕوونی نەبێ تێکۆشانی مەجازی لەژێر هەر ناوێک بێ شتێک جگە لە پێ ڕابواردن بە هەوڵ و تێکۆشان و لێدان لە پێگەی تێکۆشەران دژی بارودۆخی هەنووکەیی نییە. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە چوونەسەری ئاستی سودوەرگرتن لە ئامرازە بەردەستەکانی ڕاگەیاندن، هۆکار نییە بۆ چوونەسەری ئاستی چالاکییەکان؛ واتە هەڵکشانی سودوەرگرتن لە ڕاگەیاندنە مەجازییەکان لە کۆمەڵگە زیاتر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هاووڵاتییان لە دیاریکردنی بەستێنی تێکۆشان تووشی هەڵە بن و لەجیاتی هاتنە سەرشەقام و گووشارهێنان بۆ حکوومەت، چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بەستێنی چالاکی هەڵبژێرن، لە کۆتاییدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەران تووشی سەرلێشێواوی دەکا. ئەو سەرلێشێواوییە کاتێک بەرەورووی پرسێکی کۆمەڵایەتی یا چالاکییەک دەبێتەوە، هەر لە سەرەتاوە ڕاستەقینەبوونی خۆی لەدەست دەدات.

## چاوەدێری دەوڵەتەکان

ئەگەرچی ئینتێرنێت جیهانێکی بێسنوورە و هەموو کەسێک دەتوانێت لە ڕێگای دروستکردنی ماڵپەڕ یا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی

چالاکی بکات و زانیارییەکانی هاوبەشی پێ بکات، یان کاریگەری لەسەر کۆمەڵە کەسێک دابنێت بەڵام دەوڵەتەکان دەتوانن بە پێچەوانەی ببنە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی چالاکی و ناڕەزایەتییەکان و ناڕازییان نەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن یان گەیشتن بە ئامانجەکانیان دژوار بکات. لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ڕژێمەکانی ئەو ناوچانە بە پچڕاندنی ئینتێرنێت و چاودێری پەیوەندیی تەلەفوونی و پێشگرتن بە کاری ڕۆژنامەوانانی بیانی و نەدانی ڤیزا و دەستڕانەگەیشتنیان بە وڵات، بوون بە هۆکاری سانسۆر و بەرتەسککردنەوەی چالاکیی ڕاگەیاندنەکان و ناڕازییان، لە ئەنجامدا دژوارکردنی پەیوەندیکردنی بەشداربووان بەیەکتر. (ایوجنی مورازو) لە کتێبەکەیدا بە ناوی "فریودانی تۆڕی" باس لەوە دەکات ئینتێرنێت تەنها تایبەت بە خواستە دیموکراتیکەکان نییە، بەڵکوو ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لە ئێستادا زیاتر سانسۆری دیجیتاڵی بەکار دێنن، پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان کۆنترۆڵ دەکەن، هێرشی سایبری بەکار دێنن و چالاکوانانی ڕاگەیاندن و نەیارانیان بە ئامانج دەگرن، ئەگەرچی جێگای ئاماژەیە کە ئەو چالاکوانانە بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستی ئەو کۆنترۆڵ و کۆت و بەندانە دەبنەوە. هەروەها لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ڕاپەڕینەکانی ئۆکراین، سوود وەرگرتنی خەڵک لە مۆبایل و ناردنی نامە و بانگهێشتی خەڵک بۆ درێژەدانی ناڕەزایەتی هەیبوو، دەستی کرد بە پچڕاندنی سیستەمی کورتەنامە و هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەلبژاردنی ساڵی (١٣٨٨ی هـ). ئەو کارەش بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەی سەوز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵی چالاکییە ناڕەزایەتییەکاندا هەبوو.

سەرەڕای ئەوانە چاودێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتان لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ناڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێ، لەو بارەوە دەوڵەتان بە پاڵپشتی نەکردن لە بەرنامەکانی پەرەسەندن لە بواری تەکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندییەکان دەتوانن بەر بە شکڵگرتنی ژێرخانی گونجاو بگرن کە دەکرێ بەستێنی گونجاو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن. لەوبارەوە "سەردارنیا" باس دەکا کە " هەرچەندە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕاهێنان و پێوەندییەکان و هەروەها ژێرخانی پێوەندییە ئەلەکترۆنیکی- موخابەراتییەکان زیاتر بێ، ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و پێویستیی دەستڕاگەیشتن پێی زیاتر دەبێ. لەلایەکی تر هەرچەندە ئاستی پەرەپێدانی سیاسی و دێموکراسی لە وڵات بچێتە سەرەوە ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دەچێتە سەرێ و بەربەستەکانی سەر ڕێگا کەمتر دەبن.

لە میانی ئەوەی خرایە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی شمشێری دوو دم دەگێڕن بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیاندنانە لەلایەک دەتوانن لە دامەزرانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەردەم ڕۆڵگێڕ بن و بەستێن بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەروو نەتەوەیی ناڕازییان پێک بێنن، کە ئەمەش لە ڕوانگەی گەشبینانە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی پێ کراوە. ئینتێرنێت



سەرچاوە
Serchawe

ئامرازێک دەخاتە بەردەست ناڕازییان کە بە هۆیەوە شوناس‌سازی، پێکهێنانی تۆڕ و دواجار ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان بەدوای خۆیدا دێنێ. جگە لەوانە ئینتێرنێت بەهۆکاری بێسنوور بوون و بەجیهانی بوونی بەستێن بۆ سەروو نەتەوەیی بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنێ. ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاسایی و بە ئاسانی دەتوانن لە ناوچەیەک و وڵاتێک بگەنە شوێنەکانی تری جیهان. چونکە چالاکوانان لەو بزووتنەوانەدا دەتوانن ئایدیا، ئارمان و ئامانجەکانیان لە فەزایەکی جیهانی کە ئینتێرنێت پێکی‌هێناوە بێننە بەرباس.

لەلایەکی تر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی بزووتنەوە هاوچەرخەکان کە پشت بەستوو بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەیە کە بێ ڕێبەرن و هەستی کاری بە کۆمەڵ لەنێو بەشداران بەهێز دەکات. ئەو گەشبینییە بە ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوەکان وەک زاپاتیستەکان لە مێکزیک، بزووتنەوەی دژ بە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە ساڵی (١٩٩٩) لە سیاتێل، بزووتنەوەی دژ بە شەڕ لە ساڵی (٢٠٠٣)، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریت هەیانبووە.

سەرەڕای گۆشەنیگا و ڕوانگەی گەشبینانە کە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەکان هەیە، بەشێک لە گۆشەنیگا ڕەشبینانەکانیش لەو بارەوە گەشەیان کردووە کە باوەڕیان وایە دەبێ لە هەڵوێست گرتنەکانیان پێداچوونەوە بکرێ. بەپێی بۆچوونی ئەو بەشە لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگری جۆرێک لە چالاکی کە چالاکی لەژێر لێفە یان (سلاکتیڤیزم) دەناسرێ، بەستێن بۆ پاسیڤبوونی چالاکییەکان و ئامادە نەبوون لە گۆڕەپانی کردەوەدا پێک هێناوە. بەپێی ئەو بۆچوونە چالاکان بە کردەی ناکاریگەری وەک لایک، کۆمێنت، دانی پارمەتی بە بنکەی خێرخوازی، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە و دووبارە بڵاوکردنەوە، واژۆ کۆکردنەوەی ئۆنلاین یان هەر کردەوەیەکی تر لە دنیای مەجازی وا هەست دەکەن کارێکی گەورەیان بەڕێوەبردووە، لەحاڵێکدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پێویستی بە چالاکی لە سەرشەقام و کردەوەی واقیعییە. لەلایەکی تر دەوڵەتەکانیش بە بەربەست دانان و ئەنجامدانی هێندێک کردەی وەک فیلتێرینگ و سانسۆر دەبنە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.

ئەو جۆرە کردارانەش لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و چالاکییە بەکۆمەڵەکانی دیکە لە سەرانسەری جیهان بەرچاو دەکەون کە دەوڵەتەکان لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەدا هەوڵیان داوە بە بەرتەسککردنەوەی دەستڕاگەیشتنی چالاکان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەربەست دروست بکەن بۆ پێشگیری لە پەرەسەندنی بزووتنەوەکان. سەرەڕای ئەوانە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و نەرمە کاڵاکانی دیکە و مۆبایل

زیاتر لەوەی کە بۆ ئامانجی سیاسی دامەزرابن بە مەبەستی سەرقاڵ کردن و دروستکردنی کۆمەڵگەی بەکارهێنەر دروست کراون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قۆناغێک لە ژیانیان ئەزموون کردووە کە لەگەڵ ڕابردوو زۆر جیاوازە. پێشتر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشتبەستوو بوون بە ڕاگەیەندراوی جێگرەوە وەک؛ کاسێت، شەونامە، تێلگراف و ڕاگەیەندراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیەندراوانە کە دەست پێڕاگەیشتن پێیان بەرتەسک بووە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ڕەوتی شکڵ گرتن و بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەیەک دوور و درێژ بێتەوە، لەلایەکی تر تەنیا بەشێکی کەمی خەڵک ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەیان هەبووە. هەروەها ڕۆڵی ڕێبەری و نوخبەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو زۆر بەرچاو و دیار بووە و پشتی پێ بەستراوە، بەڵام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لەو ڕاگەیەندراوانە بۆ کۆی کۆمەڵگە، لە ڕۆڵی ڕێبەری لەو بارەوە کەم بۆتەوە. سەرەڕای ئەوانە خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە ئاستێکی بەرز دایە و بزووتنەوەکان لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن بە جیهانی بن.

خاڵێکی تر کە پێویست بە ئاماژە پێکردنە بە ئەگەری زۆر کاریگەری لەسەر داهاتووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ چوونە سەری کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێتی ماهوارەییە، کە ئەوەش بواری بەرتەسککردن و فیلتێرینگی لەلایەن دەوڵەتەکان نییە یان کەمترە، دەتوانێ بەستێن بۆ سازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆر بخوڵقێنێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ڕەوتێکی جیاواز ئەزموون دەکەن چوونکە هۆکاری سەرەکی لە پێداچوونەوە و چاوەدێری کەرەسەکانیان ئیتر دەوڵەتان نین بەڵکوو بازاڕ و خاوەن کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکانن کە دیاری دەکەن ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکام بزووتنەوە و بە چ شێوەیەک بەکار بهێنرێ. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانە لەوەدا بێت کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا پشتیوانی بکا. بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو بە شێوازێک بن کە دژی سەرمایەداری و بە تایبەت چاوەدێریی کۆمپانیا و بازار بن ئەوسا شێوەی هەڵسوکەوتیان لە بەرانبەریان جیاواز دەبێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەش هاووڵاتیان بە پێکهێنانی گرووپی هاککردن و چالاکیی خراپکارانە لە بەستێنی ئینتێرنێت هەوڵ دەدەن کە چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەور لێدەن و بەستێن بۆ پێکهێنانی جۆری نوێتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# لەمپەرەکانی ئەوکات و دەرفەتەکانی ئێستا!



**هاشم ڕۆستەمی**

لە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەمهەوێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە کە کەمتر سەرنجی خراوەتە سەر، ئەم وتارە بنووسم. ئەم وتارە زۆرتر لایەنی شرۆڤەکردنی هەیە نەک گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان. بۆ ئەوەی باسەکەشم پوختتر بێ، نووسینەکەم بە دوو قۆناغ دابەش کردوە کە هیوادارم جێگەی سەرنجتان بێ.

## قۆناغی یەکەم، دەورانی دامەزراندنی کۆماری دێموکڕاتی کوردستان و لەمپەرەکان

خاڵی بنچینەیی کە وەک لەمپەر لەو کاتدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین، بارودۆخی نێونەتەوەیی بوو. حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کە لە کۆتاییەکانی شەری دووهەمی جیهانیدا دامەزران و تا ئەوکات لە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو و تەنیا هێزێکی نێونەتەوەیی کە بۆ ماوەیەک پشتی گرتن، یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە ئەویش

دواتر لە بەرامبەر نەوتی باکوری ئێراندا، پشتی تێ کردن و بەو شێوەیە حیزب و کۆمار بێ پشتیوانەی نێونەتەوەیی مانەوە. جگە لەوەش، پەیماننامەی سایکس پیکۆ کە لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەسترابوو، نەک هەر خاکی کوردستانی دابەش کردبوو، بەڵکوو هێز و توانایی خەڵکی کوردستانیشی دابەش کردبوو. بەشی زۆری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لە نێوان شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی، لە لایەن ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کرابوو، بە هاوکاری و پشتیوانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکانی وەک فەڕانسە و بریتانیا و ... سەرکوت کرابوون. ئەوەش ترس و نیگەرانیی زۆری لە سەرجەم کوردستاندا بڵاو کردبۆوە. هەر لە سەردەمای دامەزراندنی کۆماردا بوو کە حکوومەتی عێراق بە پشتیوانی زلهێزەکان، توانیان شۆڕشی باشووری کوردستان بە سەرکردایەتیی مەلامستەفا بارزانی تێک بشکێنن و ئەویش بە خۆی و بە هێزێکی زۆرەوە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و تێکەڵ بە هێزەکانی کۆماری کوردستان بوو. هاتنی بارزانیەکان ئەگەر لە لایەک وەک هێزێکی کارامە و بەئەزموون، مایەی دڵگەرمی بوون بۆ کۆماری کوردستان، لە لایەکیش نیشانەی تێکشکانی شۆڕشی کورد بوو لە پارچەیەکی دیکەی نیشتیمان.

ئەوکات نە لە باکوور و نە لە ڕۆژ ئاوای کوردستان، هیچ جموجۆڵ و بزوتنەوەیەکی دیار و بەرچاو نەبوو. کەوابوو بارودۆخی نێو نەتەوەیی و ناوچەیی، نەک لەگەڵ کورد کۆک و تەبا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانە لە دژیشمان بوو.

لە نێوخۆی ئێرانێشدا جگە لە گەلی ئازەری، کە ئەوانیش حکوومەتێکی نەتەوەییان دامەزراندبوو، هیچ کام لە گەلانی دیکەی ئێران، نە بەلوچ و نە عەرەب و نە تورکمان، بەو شێوەیە داوای مافی نەتەوەییان نەکردوە. دەستەڵاتدارانی فارسیش هەر وەک ئێستا بە هەموو توانایانەوە لە دژی بزوتنەوە ناسیونالیستیەکان وەستاونەتەوە.

لە نێوخۆی کوردستانیشدا کۆمار لەگەڵ چەندین گرفتی نێوخۆیی ڕووبەڕوو بوو. کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتیەوە خاوەنی بافتێکی عەشیرەیی بوو، کۆمەڵانی خەڵک لە بێ سەوادیدا ڕاگیردرابوون، کۆمەڵگە هەژار و سوننەتی و بێدەرەتان بوو. بەشێکیشی هەر لە بندەستی هێزەکانی هاوپەیماناندا بوو. کۆمار دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا کە بەرەو سنە، کرماشان و ئیلام بڕوات. بۆیە مەیدانی کار و چالاکیەکانی چوارچێوەدار بوو.

هەروەها حیزبی دێموکڕات تازە دامەزرابوو، هێشتا ساڵێک لە تەمەنی تێنەپەڕیبوو کە کۆماری دامەزراند. هەر بۆیە کۆماریش دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسابوو کە لە بواری دیپلۆماسیەوە هەنگاوی پێویست باوێژێ. تەنیا دەروویەک کە هەیبوو، سۆڤیەت بوو، ئەویش گوشاری دەخستە سەر کۆماری کوردستان تا سەربەخۆ نەبێت و ببێتە بەشێک لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان.

لە کۆتایەکانیشدا سۆڤیەت (ڕوسیە) پشتی لە هەردوو حکومەتە میللیەکە کرد. ڕێبەرانی ئازەربایجان بەرەو سۆڤیەت ڕۆشتن. کۆمار بە تەنیا مایەوە، بەڵام پێشەوا قازی محمد بە فیدا کردنی گیانی خۆی، هەم خۆی جاویدانە کرد و هەم کۆماریشی کردە دەستکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی.

## قۆناغی دووهەم: بارودۆخی ئێستا و دەرفەتەکان

لەم وتارەدا دەرەتانی ئەوە نیە کە باسی سەرجەم ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە دوای کۆمار تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی ڕوویان داوە، تەنانەت دەرفەتی ئەوەش نیە کە باسی ئەو خەبات و بەربەرەکانیە بکەین کە زیاتر لە ٤٥ ساڵە لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێوە دەچێ و تێچوویەکی مرۆیی یەکجار زۆریشی هەبووە. بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و خەباتی خوێناوی دەیان ساڵەی حیزب و گەل لە پێناو ئامانجە نەتەوەیەکان، هەم حیزبی دێموکراتی پوختە و کارامەتر کردوە، هەم بزوتنەوەی کوردستانیشی زیاتر بە دونیا ناساندوە. ئێستا بەو پاشخانەوە حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار و لەهەمان کاتدا پڕ لە دەرفەت، تێدەپەڕێ.

دەرفەتەکان هەم لە بەستێنی نێونەتەوەیدا بەرچاون هەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان. جگە لەوەش بە خۆشییەوە ئەو ڕێژیمە کە ئێمەش لە گەڵی ڕووبەڕووین، بە هۆی ڕابردووی پڕ لە جەنایەت و ئاژاوەگێریەکەی لە جیهان و ناوچە و نێوخۆی ئێراندا، لە هەموو لایەک ڕا کەوتۆتە بەر گوشارێکی کەمەر شکێن و وێناچی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرگەی ئەم گوشارانە بگرێت.

لە بەستێنی نێونەتەوەییدا، وەک دەرفەت دەبێ ئاماژە بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بکەین کە چەند ساڵێکە لە لایان زلهێزەکانەوە باسی لێوەدەکرێ. ئەم پرۆژەیە بێ ڕەبت نیە بە پەیمانی سایکس پیکۆوە. ئێستا زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر ئەو پەیمانەدا تێ دەپەڕی. لەو پەیمانەدا بە شێوەی ڕەسمی، حکوومەتی ئەمریکا هیچ ناوچەیەکی دیاریکراوی وەک ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی بۆ دیاری نەکرابوو. بەڵام ئێستا ئەمریکا گەورەترین زلهێزی جیهانە و ناتوانێ چاوپۆشی لەو سەروەت و سامانە زۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. هەر بۆیە ئەوە چەند ساڵێکە هێزێکی زۆری هێناوەتە ناوچەکە و بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆی دایە.

لەم سەد ساڵەدا هەم ڕادەی حەشیمەت و هەم زۆر لە ڕیزبەندی و بەرژەوەندییەکان و تەنانەت شێوەی ئیدارەکردنی

حکومەتەکانی ناوچەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە. هەر بۆیە نەخشەی ئەم ناوچەیە بەرەوە داڕشتنەوە دەچێت. ئەوە چەند ساڵێکە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ژانی لە دایک بوونەوەیەکی نوێدایە. ئەوەی لەم پێوەندییەدا بە قازانجی کورد و بزووتنەوەکەی دەشکێتەوە ئەوەیە کە بەخۆشییەوە، بە پێچەوانەی سەردەمای کۆمار، زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە سێیان خاوەنی مافی ڤێتۆ لە شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەک گرتوەکانن، نەک هەر لە ناکۆکییەکی قوڵدان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەگەڵ دەستەڵادارانی ئەو سێ دەوڵەتی دیکەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ناتەبان. لێرەدایە کە دەبێ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە لێزانیەوە لە مەیداندا بن و دەرفەتەکان لە دەست نەدەن.

خاڵێکی دیکەی گرینگ کە بۆ ئێستای بزووتنەوەی کورد دەرفەتە، بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی و پەرەگرتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردە لە هەموو "پارچەکانی" کوردستان. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بەرەو لوتکە چوونەی بیری ناسیونالیستی خەڵکی کوردستان، لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا خۆی نواند. لە گەڵ ئەوەیدا کە ئەم ڕیفراندۆمە لە باشووری کوردستان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە. هەر ئەوە کە لە کاتی ڕیفراندۆمدا سەرجەم شارو گوندەکانی "ڕۆژهەڵات" هاتنە سەر شەقامەکان و شاییان کرد و خۆشحاڵییان دەربڕی، خۆی لە خۆیدا ئەوەش ڕیفراندۆمی سەربخۆیی خوازی بوو. ئەو ڕیفراندۆمە بە گوێی دونیایدا چرپاند کە کورد چیتر ژێر دەستەیی قبوڵ ناکات و هەر لایەنێک بێ هەوێت لەم ناوچەیەدا جێ پێیەکی هەبێت دەبێ حیساب بۆ خاک و خەڵکی کوردستان بکات.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جگە لەو خەباتە پڕ تێچووەی کە بۆتە پشتیوانەیەکی بەهێز بۆ بزووتنەوەکەمان، شۆڕشی ژیناش بۆتە بەستێن و دەرفەتێکی یەکلایی کەرەوە. ئەو شۆڕشە لە کوردستان ڕا سەری هەڵدا و هەموو ئێرانی گرتەوە. ئەگەرچی ئەو کات لەژێر شوێندانەری تەبلیغاتی شۆڤێنیزمی دەستەڵاتداردا قشری خۆڵەمێشی لە شارە گەورەکان لەگەڵ شۆڕشەکە نەکەوتن، بەڵام ئەو گوشارە ئابوورییە کە ئێستا شارە گەورەکانیشی گرتۆتەوە و ئەو شکستە یەک لە دوای یەکانی کە ڕێژیم لە ناوچەکەدا تووشی دێت، وێناچی چیتر درۆ و دەلەسەکانیان ڕەنێنی هەبێ و سەرئەنجام سەرجەم چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە دژی ئەو نیزامە ڕادەپەڕن و ڕای دەماڵن.

کاتێک باسی دەرفەت دەکەین، ناکرێ لە ڕێژەی حەشیمەتیش خافڵ بین. لە سەردەمای سایکس پیکۆدا کورد بە شیوەی گشتی هەر چەند میلیۆنێک دەبوو کە ئەویش بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کرابوو. بەڵام ئێستا حەشیمەتی کورد لە سەرووی چل میلیۆن دەبێ. ئەگەر کورد کۆدەنگی هەبێت و حیزب و ڕیکخراوەکانی هاوپەیمان بن، هیچ هێز و دەستەڵات و ناوەندێکی نێو نەتەوەیی ناتوانی نادیدەی بگرێت بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە هێزی کورد و پێشمەرگەی کوردستان لە شەری دژ بە

داعشدا، نێو و نێوبانگی بە جیهاندا بڵاو بۆوە.

ئەوە دەرفەتێکی گەورەیە کە زیاتر لە دوو دەیەیە، وڵاتانی غەربی بە کردار پشتی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیان گرتووە. ڕەنگە ئەو پشت گرتنە لە قەدەر چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان نەبێت، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە هێزە ناوچەیەکانیش ڕۆڵ و نەقشیان هەیە و هەموو شتێک بابەتی تەبعی زلهێزەکانیش ناچێتە پێش. بەڵام ئەوەی گرینگە بەردەوام بوونی ئەو پشتیوانیە.

بێ جێمان نەگووتوە کە بڵێین ئەو دوو قەوارە سیاسییە ئیدارییەی لە باشوور و لە ڕۆژ ئاوا هەمانە، لە سایەی ئەو پشتیوانیە نێونەتەوەییەدایە. هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم، بوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەئەزموون و خاوەن پێگەی بەرینی تەشکیلاتی و جەماوەری لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندوە تا کۆمەڵانی خەڵکیش باشتر مافە نەتەوەیاکانی خۆیان بناسن و لە کاتە پێویست و چارەنووس سازەکاندا بە بەربڵاوی لە سەر خەت بن و بە مانگرتن و خۆپێشاندانی جەماوەری دەنگی ماف خوازانەی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانیان بکەن.

دواجار بە پێی هەموو لێکدانەوە و بۆچونێک، کۆماری ئیسلامیش لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەردی حکومەتی سەددام و بەشار ئەسەدی بەسەر دێت، هەر بۆیە لە ئێستاوە لازمە حیزب وریکخراوەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان، خۆیان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکەن و هەموو لایەکمان بە لێبڕاوی و بە ڕاشکاوی بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێبکۆشین.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستان؛ سەرباشقەی خەبات



**هەردی سەلیمی**

مانگرتنی شکۆمەند و سەرکەوتووانەی ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان کە لەسەر داوای شەش لایەن و حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لاپەڕەیەکی گرنگی تری لە دەفتەری بزووتنەوەی کوردستاندا نەخشاند. کوردستان جارێکی دی نیشانی دا کە لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە بە چەندین قات لە پێشەوەی شوێنەکانی تری ئێرانە. بۆ دەرکەوتنی زیاتری گرنگیی مانگرتنی ئەم جارە دەبێ باس لەوەش بکەین کە لەگەڵ ئەوەی هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵک و کاسبکاران لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە زۆر چڕتر لە جاران بوو، بەو حاڵەشەوە خەڵک پێشوازییان لەو داوا بەجێیە کرد.

کۆماری ئیسلامی کە لە ڕووی سیاسی و ڕەوایی و نیزامی و دیپلۆماسی و ئابووری و هەموو ڕەهەندەکانی تری دەسەڵاتدارییەوە تووشی شکستی سەرشۆڕکەرانە بووە، دەیهەوێ بە ئامێری سەرکوت و ترساندنی خەڵکی ئازادیخواز لە ڕێگەی زیندان و ئێعدامەوە پشتی چەماوی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاست بکاتەوە، ئەم جاریش بە دەرکردنی سزای بەکۆمەڵی ئێعدام بۆ چەندین زیندانیی سیاسی، بەتەمایە تۆڵەی شکستەکانی لە خەڵکی ئازادیخواز بکاتەوە؛ هەر بەم بۆنەوە و بە



سەرچاوە
Serchawe

دەرکردنی ئەم سزایانە بەرەورووی کۆمەڵێک نارەزایەتی بۆوە. نارەزایەتیی پتر لە یازدە ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان و کرێکاران وەک سەندیکای کرێکارانی "شرکت واحد اتوبوسرانی" و سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوتتەپە، پاڵپشتیی ٣٤٠٠ هونەرمەند و نووسەر و چالاکی مەدەنی. ئایینی، سیاسی و خوێندکاری، ڕۆژنامەنووسان و پارێزەران لەو بەندییە سیاسییانەی وا لەژێر مەترسیی بەڕێوەچوونی سزای سێدارەدان، هەروەها بەرینتربوونی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، ویژدانی کۆمەڵگەی ئێرانی زیاتر لە هەر کاتێک لە بەرامبەر ئەم سزا نامرۆڤانە و ئەم کوشتنە حوکوومەتییەدا ئاگادار کردووەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەم نارەزایەتییانە داواکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتنێکی گشتی لەدژی ئەم سزا ناعادڵانە سەرتۆپی هەموو ئەو نارەزایەتیدەربڕینانە بوو.

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای جیاوازیی ڕا و ڕوانینی سیاسییان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ویستە هاوبەشەدا بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەکی حەیاتی و گرنگ و مێژوویی، داواکاریی خۆیان ڕوو بە خەڵکی کوردستان بە یەکریزی و یەکدەنگییەوە ڕاگەیاند، کە لەلایەن خەڵکی کوردستانیشەوە بە هەمان شێوە وڵام درایەوە. جگە لە گرنگیی یەکهەڵوێستیی چەندین حیزبی سیاسیی کوردستان لە ڕاگەیەندراوی ئەم جارەدا کە جێی دڵخۆشیی هەموو خەمخۆرانی پرسی کورده لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم داواکارییە دژکردەوەیی نەبوو و پێشگیرانە بوو، کە خۆی هەنگاوێکی گرنگ و دەسپێشخەرانەیە. هەروا بێتەوە پەیامێکی جێی سەرنجی بۆ ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دەرەوەی وڵات تێدا بوو کە دەبێ باش بزانن لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ کوردستانێکی یەکریز و ئەحزابێکی خاوەنفووزدا بەرەوڕوون؛ کۆماری ئیسلامی پەیامەکانی کوردستانی وەرگرتووە و بەباشییش ئاگاداری ئەم خاڵە بەهێزانەی کۆی بزووتنەوەی کوردستانە، بەڵام گرنگە هاوکات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنیش ئەم سیگناڵانە وەربگرن.

هەر لەم پێوەندییەدا چەند حیزب و ڕێکخراوێکی فارس پاڵپشتیی خۆیان لە مانگرتنی ئەم جارەی کوردستان ڕاگەیاند، ناوەندی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار) و کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا وێڕای بانگهێشتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و... بۆ پاڵپشتیی مانگرتنی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە داواکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. ناوەندی سیاسی-بەڕێوەبەریی حیزبی چەپی ئێرانیش کە لە تێکەڵبوونی سێ ڕێکخراو پێک هاتووە لە ڕاگەیەندراوێکدا بەبۆنەی پاڵپشتی لە داواکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوایان لە هەموو خەڵکی ئێران کردبوو لەگەڵ مانگرتنی کوردستان کەون. بەدەر لەوەی ئەم حیزبانە کەم بوون و بەردەنگەکانیان لەم پێوەندییەدا بەدەمیانەوە نەچوون، بەڵام ئەم هەڵوێستە جێی ڕێزە و دەکرێ هەنگاوێک بێ بۆ ئەوەی لایەنە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی دیکەش بە سەرسامی و هاودڵییەوە بڕواننە تێکۆشان و

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

**خەباتی کوردستان و میراتی خەباتی کوردستان بکەنە ئۆلگوویەکی بەهەقی موبارزاتیی خۆیان بۆ ئەندامان و لایەنگرانیـان، هەتا زووتر کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێ و کوردستانیش لە خەباتی خۆیدا بەدژی ئەو ڕێژیمە بەتەنیا نەبێت.**

**٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# نەریتی (گاڤارەوەکووڵ) یان (داڵگەوەهار) لە فەرهەنگی کوردانی یارساندا



سارۆ خوسرەوی

لە دێرزەمانەوە ئەفسانە و ئوستوورە، لەگەڵ دنیابینیی مرۆڤەکان و لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا لە پەیوەندیدا بووە و ڕەگ و ڕیشەیان لە باوەڕ و فەلسەفەی قووڵی کۆمەڵگەدا داکوتاوە. لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار، مرۆڤی سەردەم بۆ تێگەیشتن لە ژیار و شارستانییەتی خۆی، پەنای بردوە بۆ ئوستوورە و ئەفسانەکان.

ئوستوورەی (گاڤارەوەکووڵ، یان داڵگەوەهار) گەلێک ساڵە لە دەڤەری کرماشان و بە تایبەت لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕیی کۆمەڵگەی یارساندا باو بووە و نەوە لەدوای نەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕێوایەت کراوە و ساڵانە بەم بۆنەیەوە جەژن و ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوە دەچێت. ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵ، هەموو ساڵێک لە دەستپێکی مانگی ڕێبەندان و لە بەرەبەری بەهاری کوردیی گەرمێن، لە ناوچەی (کرند) سەر بە شارستانی داڵاهۆ بەڕێوە دەچێت.

ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵ، لەڕووی کۆمەڵایەتی، مەعنەوی و ئوستوورەییەوە جێگای بایەخە. ئەم نەریتە ڕیشەی قووڵی و

پڕواتای لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان و فەرهەنگی کەونارای زاگرۆسدا هەیە.

بە پێی ڕۆژژمێری کوردیی گەرمەسێر، دوازە ڕۆژ بمێنێت بە دەسپێکی بەهاری کوردی، وەک دەسپێکی وەرزی هەناسەکێشانی زەوی و دەرکەوتنی نیشانەکانی بەهار، یارسانییەکان، بۆ پێشوازی لە گاڤارەوەکووڵ (داڵگەوەهار)، ئاشی دانەکوڵانە ئامادە دەکەن. لە فەرهەنگی دووردرێژی ئەو خەڵکەدا باوە کە میوانێکی ئوستوورەیی بەناوی (گاڤارەوەکووڵ) کە موژدەی هاتنی بەهاری پێیە، دەمەو بەیان دێت و دەگەڕێت بە ماڵاندا و ئاشی دانەکووڵانە دەخوات و لەگەڵ خۆی بەرکەت بۆ خەڵک دێنێت.

دانەکوڵانە، پێکهاتەیەکە لە نیسک، نۆک و گەنم، کە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی جووتیارانە. لە ڕێوایەتی پیرانی یارساندا هاتوە، ئەگەر گاڤارەوەکووڵ بێت و لە دانەکوڵانەکە بخوات، زەوی جووتیاران و باخداران بەپیت و بەرەکەتر دەبێت. ئەو شەوەی کە گاڤارەوەکووڵ دێت، خەڵک تا بەیانییەکەی وجاخی ماڵەکانیان ڕۆشن دەبێت، بە ئاواتی ئەوەی ڕۆشنی و ڕەنگینیی بەهار ڕوو لە ماڵ و ژیانیان بکات.

لە فەرهەنگی باوەڕی یارساندا، گاڤارە، هێمای مەعنەوی زاوزێ، پاکی و بەردەوامیی ژیانە. هەروەها هێمایە بۆ یەکیەتیی کۆمەڵگە و قبووڵکردنی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر نەوەکانی داهاتوودا.

لە ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵدا، کاڤارە وەک هێمایەکی مەعنەوی ئامادە دەکرێت، ژنان و کچان گاڤارەکە لە گاڤارەوەکووڵ وەردەگرن و بۆ خۆیان لە کوڵی دەگرن و هاوڕا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە، بە گەڕەک و کۆڵانەکانی شاردا دەیگەڕێنن و لە هەر کۆڵانێک وچانێک دەدەن و هەمدیسان درێژە بە گەڕانەکەیان دەدەن. پاشان دانیشتووانی گەڕەک، بە ئاشی دانەکووڵانە، پێشوازی لە گاڤارەوەکووڵ و میوانەکان دەکەن. نەریتی گاڤارەوەکووڵ، کۆمەڵگە لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە و پەیمانی هاودڵی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا دروست دەکات. هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگە ڕێک دەخات و بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو ئەرکداری دەکات.

لە ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵدا، خەڵک بە نۆرە و هەندێ جار بەکۆمەڵ گاڤارەکە هەڵدەگرن و دەیگەڕێنن، ئەم نەریتە ئاماژەیەکە بە تێکۆشانی هەرەوەزی و ڕۆحی هاوکاری لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە. هاوکات پەیامێکە بۆ دواڕۆژی ڕوون و پڕ لە بەرەکەت بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەروەها لەکۆڵگرتنی گاڤارە، دەتوانێت جۆرێک لە پەیوەندیی مەعنەوی و دیرۆکی لەگەڵ کۆمەڵگەی سەردەم.



سەرچاوە
Serchawe

گرینگترین پەیامی ڕێوڕەسمی گاڤارەوەکووڵ، گونجاندن و پێکەوەهەڵکردنی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییە لە بەرانبەر کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوودا، ئەو نەوانەی کە لەم گاڤارەیەدا گەورە دەبن و ڕێی ڕووناکی ژیان دەگرنەبەر. کاتێک گاڤارەوەکووڵ وەک ئوستوورەیەک لە ئەزەڵەوە دێت و مزگێنی بەهار لەگەڵ خۆی دێنێت، خەڵک لە پێشوازیدا، بە پێشکەشکردنی ئاشی دانەکوڵانە، شوکرانەبێژیی خۆیان بۆ بەرەکەتی بەهار نیشان دەدەن. نەریتی گاڤارەوەکووڵ، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێمەی مرۆڤ بەردەوام وەک منالێک کە تازە لەدایک دەبێت و گەشە و نەشە دەکات، گەرەکە بە پێی ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ، گۆڕانکاری لە ژیانی خۆماندا دروست بکەین و گرینگی بە تازەبوونەوە و پێشکەوتنی ژیان بدەین.

-----

سەرچاوەکان:


- آئین های فولکلورد در تاریخ کورد، سید محمد حسینی
- گڤاره وکول، جشنی برای فرارسیدن بهار، عزیز مصطفایی
- ڕێوایەتی هەندێک لە بەساڵاچووانی یارسانی لە دەڤەری دالاهۆ


٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# خەڵکی ئێران و بەڵایەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی




**عەلی بداغی**

لە ڕێبەندانی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە چلوحەوتەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی. لەجێدا پرسیار ئەوەیە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چ خێروبێرێکی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران بووە؟ لە چەند فاکتێکدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە:

## بێبایەخیی گیان و ژیانی مرۆڤ

لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی پێی زاندراوە ٢٦٣٢٥ کەسی ئێعدام کردوە. لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا کە دەکرا هەر لە مانگەکانی یەکەمدا کۆتایی هاتبا و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەئانقەست و بە مەبەستی ڕەگداکوتانی دەسەڵاتەکەیان درێژیان کردەوە ٢٥٥٥٧٠ کەس بەکوشت دران، ٥٧٤١٠١ کەس بریندار بوون کە پتر لە نیوەیان لە سەتا ٢٥ هەتا سەتا ٧٥ نقوستان بوون. هەر لەو شەڕەدا ٥٥٠ هەزار منداڵی چەکدارکراو نێردرانە بەرەکانی شەڕ کە ٣٦



سەرچاوە
Serchawe

## هەزار کەس لەو منداڵانە تەرمەکانیان گەڕانەوە.

لە ئێران لە ساڵدا نیزیک ٢٠ هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن، ٩ هەزار کۆرپە بەهۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان گیان لەدەست دەدەن، ٥ هەزار کەس بەهۆکاری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵاتی خۆیان دەکوژن؛ و لانیکەم ٢ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی کار تێدا دەچن و بەرپرسایەتیی هەموو ئەم مردنانەش لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانیەتی.

## دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان دژی ئازادییەکان

هیچ ساڵێک نەبووە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران لەلایەن شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرابێ. دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەت بە کاروباری ئێران لە شووڕای مافی مرۆڤ هەر لەجێدا پێمان دەڵێ کە لە ئێران چ ڕادەبرێ!

## خەساندنی کۆمەڵگە بە پیلان و پلان

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوو لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو هەرەس بردوە. چوار هەتا شەش میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن. تەمەنی توشبوون بە مادەی هۆشبەر بۆ خوار ١٠ ساڵ دابەزیوە. لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد، هەژاری و بێکارییەوە ئاماری تەڵاق بەردەوام لە هەڵکشان دایە. تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەکە بەشی زۆریان خوێندەوارن و خاوەن مێرد و منداڵن.

لە ئێرانی ئێستادا ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی لادان و تاوانکاری دێتە خوارێ و درۆ و چەوتی هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی داگرتوە. بەپێی ئاماری دەزگای قەزایی لە ساڵدا لانیکەم ٣ میلیۆن پەروەندەی کەیفەری و ٢ میلیۆن پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر دەکرێ و، زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەش لە «شووڕاکانی حەلی ئیختلاف»دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ. کاڵبوونەوە و گۆڕانی بایەخ و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لادان و قانوون بەزاندن و دروستبوونی کەلێن و کەلەبەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگە واقعێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێرانە کە دەرەنجامی شکستی سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامییە لە مهەندیسی کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا.

## خەڵک لە دەرەوەی هەموو ئامانج و بەرنامەکان

بیرهێنانەوەی چەند ئاماری ڕەسمی پێمان دەڵێن کە کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ خەڵکی ئێران و ماف و گوزەرانیانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەڵک تەنیا بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان دەبن و، لە کاتی شەڕدا بۆ دەم لوولەی تۆپەکان. کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان دەڵێن کە لە ئێستادا دوو میلیون بنەماڵە کرێچین و ماڵ و حاڵیان نییە و لەو هەوایەش بڕوا قەت نابنە خاوەنی چوار گۆشەیەک میچەکەی ئی خۆیان بێ. ئەویش لە کاتێکدا کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرێ‌ماڵ دوو هیندەی پێشوو زیادی کردوە.

نان کە سەرەکیترین قووت و بژێوی ژیانی خەڵکە، ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتر دەبێ و کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕایگەیاندوە کە پێوەری داماوی (فلاکت) بۆ سەروو سەتا ٥٠ هەڵکشاوە.

ڕاپرسییەکی مەیدانی دەری خستوە کە ٣٠ میلیون کەس لەبن هێڵی هەژاریی موتڵەقدا دەژین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش لەسۆنگەی هەژاری و بێدەرەتانی دیاردەیەکە کە لە سایەسەری ئەم حکوومەتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنێ.

## بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش دەخۆم

بودجەی ئاوەدانی و خۆشبژێویی خەڵک کەمترین بەشی هەیە لە بودجەی ساڵانەی وڵاتدا، بەڵام بودجەی ناوەندەکانی سەرکوت، هێزە سەربازی و ئەمنیەتییەکان، دامودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات و پیلانگێری و شەڕخوڵقێنی لە ناوچەی بەپێی فیلانە. تەنیا لە نموونەیەکدا دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕاگەیەندرا کە ٣٠ میلیارد دۆلار پووڵ و سامانی وڵات تەنیا لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەو وڵاتە بەفیڕو دراوە. بەشی دامەزراوە و بنیات و ڕێکخراوە دینی و ئیدۆلۆژییەکان لە بودجەی وڵات چەند قات لە بەشی زانکۆ و پەروەردە و بنیاتە زانستییەکانی وڵات زیاترە کە خزمەتی وڵات و کۆمەڵگە دەکەن.

## تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

هیچ وڵاتێک نییە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بە ماکەی تێرۆریزمی دەوڵەتی نەزانێ. هەتا ئێستا چەند دادگای نێودەوڵەتی و دەزگای دادی سەربەخۆی وڵاتان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان سەبارەت بە بڕیاردان و دەستتێداهەبوون لە



سەرچاوە
Serchawe

کردەوە تیرۆریستییەکاندا مەحکووم کردوە. مەحکوومکرانی ئێران لە پەروەندەی «آمیا» لە ئارژانتین، «مێکونووس» لە ئەڵمان، زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی بانکوک لە تایلەند و «هیند» و «کێنیا» تەنیا چەند نموونەیەک بۆ بیرهێنانەوەن.

## ڕێژیمێکی بارمتەگر، لە سەرەتاوە تا ئێستا

دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران دەستی پێکرد. ئێستا ئەم ڕێژیمە چلوشەش ساڵە لەلایەک هەموو خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتوە و کردوونی بە قەڵغانی بەلا و لەلایەکی دیکە بە بارمتەگرتنی ڕۆژنامەنووس و گەشتیار و چالاکانی فەرهەنگیی وڵاتانی بیانی ویست و ئامانجەکانی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەسەپێنێ کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە.

لە کۆتاییدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵایەکە هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ کۆمەڵگەی جیهانی، کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەش تەنیا شیاوی ئەوەن کە بدرێنە دادگای خەڵک و سەبارەت بە تاوانەکانیان تێیان هەڵپێچن. بۆیە ڕەوا نییە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی ئەم خەڵکە و ڕاستییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ڕێژیمێک بەو پێناسە گەندەڵ و نێوەرۆکە دژەمرۆڤایەتییە بکەویە سازان. ئەم ڕێژیمە دەبێ لە کۆڵ خەڵکی ببتەوە، خەڵکی ئێرانیش قۆڵیان لەم کارە هەڵماڵیوە و تێیدا سەرکەوتووش دەبن.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## جینایەتی کوشتنی نیان و کورتە سەرنجێک!



**سۆهراب ڕەحمەتی**

دەستدرێژیکردنە سەر نیان جوبرەئیل‌پوور لە بۆکان و پاشان کوشتنی دڵی هەموومانی کردە ئاو و ناخی هەژاندین. ئەو تاوانە قێزەونە وای کرد خەڵکی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی خەڵکی شاری بۆکان لەبەرامبەر ئەو تاوانەدا بێدەنگ نەبن و بڕژێنە بەردەم فەرمانداریی ئەو شارە و داوای قورسترین سزا بۆ بکەرانی ئەو جینایەتە بکەن.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ماوەی دە ڕۆژەی ڕووودانی ئەو تاوانە کۆمەڵێک تاوانی بەردەوام، ژینگەیەکی نامۆ، لەبەر چاومان وێنا دەبن کە داهاتووەکەشی تا ئێستا نادیارە، بەڵام بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدرێ لە شعوور و تێڕامانی کورد بدرێ. ئازارەکانی ئەو کیژۆڵە ڕوح سووکە ئەگەر دەستە بژێر بکرێن یەکجار زۆرن.

**– بێبەشبوون لە نازی دایک و "مافی دایکایەتی:"**

ئەوە لەوانەیە بیرکردنەوەیەکی ڕەها بێ کە بڵێین لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێردێک کە خاوەنی منداڵ بن، بڵێین هەموو

کات دایک دڵسۆزترە و ئەرکی پەروەردەکردن باشتر بەجێ دەگەیەنێ، بەڵام بەگوێرەی ڕای زۆربەی پسپۆڕانی یاسایی بواری ئەحواڵی شەخسی، دایک دەتوانێ لە پەروەردە کردنی منداڵدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبێ. هەر بۆیە یەکەم ناحەقی و غەدر کە لە نیان و تەنانەت دایکی کراوە، بێبەشکردنی دایکی لە مافی دایکایەتی بووە. ئەو غەدرە پێش هەموو کەسێک سیستەم یا نیزامی یاسایی و حقووقیی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی لە ژنانی کردوە و دەیکا. ئەو یاسایە و داڕێژەرانی ئەو یاسایە ژن بە کەسێکی کامڵ نابینن و مافی پەروردەکردنی منداڵ لەدایک دەستێننەوە و باوک وەک پیاو و خاوان مافی تەواو دەبینن.

– مافی بینینی منداڵ:

ئەو مافە مافی هەموو لایەنەکانە کە دایک و باوک و منداڵ دەگرێتەوە. واتە ناکرێ منداڵێک نەتوانێ لە کاتی جیابوونەوەی دایک و باوکیدا ، لە بینین و سۆزی یەکێک لە لایەنەکان بێبەش بێ و هەروەها دایک و باوکی جیابۆوەش پێویستیان بە بینینی منداڵەکەیانە. بەداخەوە هەر کێشەکە لە کەیسی نیاندا نیە و لە نیزامێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوەی پووڵی هەبێ دەتوانی پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بشکێنێتەوە و ئەو یاسایەی کە هەموو کات پێویستە گشتگیر بێ دەکرێ گەمەی پێ بکرێ. هەر ئەوەی کە منداڵێکی وەک قوربانی ئەو تاوانە قێزەونە نەتوانی یا ئیزنی پێ نەدرێ کە بە زیاتر لە ساڵێک چاوی بەدایکی بکەوێ و زامەکانی لەلای باس بکا، هەموو ئەگەرێکی وای لێ چاوەڕوان دەکرێ.

پێکەوەژیانی هاوکات لەگەڵ دایک و کچێک لەلایەن پیاوێکەوە:

لەوانەیە لەنێو گەلان و وڵاتانی پێشکەوتوودا، پێکەوەژیانێک کە بەرپرسیارەتی دروست نەکا هەبێ و زۆریش ئاسایی بێ. هەر ئەوەی کە پڕوپاگەنداچییانی نیزامگەلی سیاسی- دینی بۆ ناشیرینکردنی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاریان و بە مەبەستی گەمژاندن و خۆڵکردنە چاوی هاووڵاتیانییانەوە، هەموو تریبوونەکانیانەوە کەڵکی لێ وەردەگرن بەڵام ئاخۆ ئەو نموونەیەی باوکی نیان کە هاوکات لەگەڵ ژنێک و کچەکەی ژیاوە و هەر ئەو چەشنە ژیانە بێ پرەنسیپییە هۆکاری سەرەکیی ئەوە بووە کە تاوانباری سەرەکی بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە دەستدرێژی بکاتە سەر منداڵێکی ناکامڵ لە باری مێشکی و جەستەییەوە. بێگوومان پێش هەموو شتێک دەبێ زەینی خوێنەر بچێتە سەر ئەو نیزامە سیاسی کۆمەڵایەتییەی کە ئەو ژینگە و فەزا ناساڵمەی درووست کردوە کە مرۆڤ بە مەبەستی خۆبەڕێوەبردن پەنا بۆ هەموو چەشنە ژیانێکی ناساڵم و بەدور لە پرەنسیپی ئەخلاقی ببات.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ئەوانە هەموویان خوڵقاندنی فەزایەکی ئاڵۆزن کە ڕوودانی تاوان تیایدا زۆر زیاترە لە فەزایەک کە مرۆڤەکان بتوانن کاریان بێ، بەرپرسیارەتی وەئەستۆگرن، پەروەردە بکەن، پەنابۆ بەر دەم یاسا و دادگە ببەن.

بەڵام تاوانی سەرەکی تەنیا یەک تاوان نیە بەڵکوو بە پێی دانپێدانانی تاوانباران ئەو تاوانە چوار مانگە ڕوی داوە. واتە چوار مانگە دەستدرێژی کراوەتە سەر کچێکی شەش ساڵە و هەر چوار تاوانبارەکە زانیاری تەواویان هەبووە و شاردوویانەتەوە و ئەوەی هەموو ئێش و زامەکانی بەرکەوتوە تەنیا نیانی تەمەن ٦ ساڵان بووە. تاوانی لێدان و داغ کردنی قوربانییەکە یەکێکی تر لە هەرە ناخهەژێنەکانی ئەو تاوانە بووە بە مەبەستی بێ دەنگ کردنی کەسی قوربانی. پێدانی زیاتر لە بیست حەبی بێهۆشی کە بێگومان بە مەبەستی کوشتنێکی بێدەنگ بووە کە پێدەچێ باوکی لەو ڕوداوەیاندا دەستی نەبووبێ و تەنیا سێ تاوانبارە سەرەکییەکە ئەو هەوڵەیان دابێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە مێشکی مرۆڤێکی خاوەن بیر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ژینگەی شێواوی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە حاکمان و هیزی جێبەجێکار و یاسادانەری ئەو کیانە کێن؟ لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەدا چۆن ئایدیای مەزهەبی و بان مرۆیی خۆیان تێدا چەسپاندوە و لە کاتی وا هەستیار دا دەیانهەوێ بە ناوی نەتەوەیەک کە یەک سەدەیە خەبات لە پێناو ئازادی دەکا، قێزەونترین سزا بەسەر قێزەونترین تاوان و تاوانباران دا بسەپێنن.


ئەوەی کە جێی تێڕامانە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی باوەڕی تەواوی بە حوکمی لەسێدارەدان و سەنگسار هەیە. بەڕێوەبەری پۆلیسی شارێکی گەورەی کوردی، مۆرەیەکی سەر بە ولایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە زۆر بە ڕاشکاوانە و پلانمەندانە دەیهەوێ حوکمی سەنگسار کە بێزراوی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتیە بە ناوی داواکاری نەتەوەیەکی شۆڕشگێر و خاوەن گوتارەوە بەرز بکاتەوە و ڕای گشتی پێ بجوڵێنێ. بێگومان حوکمی بەشێکی ئەو تاوانبارانە لەسێدارەدانە، بەڵام سەنگسارکردنی قێزەونترین تاوانبارەکانیش لە ژینگەی کوردستاندا، ئارمانجی کورد نیە. واتە کورد بەو تێڕوانینەوە لە بابەتەکە ناڕوانێ و ئەوە مارێکە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە دەستی کورد بیگرێ.

**٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی: نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە




## ئاماژە:

**خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی درێژ و تایبەت لەگەڵ کوردکاناڵدا تیشکی خستە سەر تازەترین هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر گۆڕانکارییەکانی ناوچە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" کاکڵ و پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کوردکاناڵ: پێوەندیدار بە هاتنەوەی ترامپ و ئەگەری گۆڕانی هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانی**

**خالید عەزیزی**: دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە دنیا لە ڕەهەندەکانی ئابووری و ئەمنییەتیدا بەبێ ئەمریکا تووشی بەتاڵایی دەبێت و دەوری ئەمریکا لە هەموو بوارەکاندا گرینگە و دەوری ڕەئیسجمهووری ئەمریکایش گرینگتر. نموونەیەکی کۆنی مێژوویی بێنمەوە. پێش شەڕی دووهەمی جیهانی ئەمریکا تەریک ببۆوە لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا و یەکێک

لەو شتانەی زەمینەی خۆش کرد دەسەڵاتێکی وەک هیتلێر پەیدا ببێت، بە بڕوای من غەیبەتی ئەمریکا بوو. دوای شەڕی دووهەمی جیهانییش کە ئیدی بەسەر هیتلێردا سەرکەوتن، ئەمریکا هاتە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و هێزی ئابووری و ئەمنییەتی و نیزامیی ئەو وڵاتە بوو بە فاکتەرێک لە سەقامگیریی جیهانیدا. هەتا ئەوکاتەی ترامپ لە کۆماریخوازەکان هاتەسەر کار، جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێوان دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکان لەهەمبەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوو. بەڵام دیاردەی ترامپ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو سیستەمە هەیە کە لە مێژووی ئەمریکادا بوو. شێوەی قسەکردنی، ڕوانینی، خوێندەوەی لە ئەمریکا و خوێندنەوەی لە دنیا زۆر تایبەت و دەگمەنە. دێموکراتەکان هەر لە سەر ئەو ئەساسە دەڕۆیشتن کە تێکەڵ بە مۆعادلاتی نێودەوڵەتی بن و لەگەڵ ئورووپاییەکان هەماهەنگی زۆرتریان هەبێت و شەریک بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام ترامپ زۆرتر ئەمریکای کردۆتە مێحوەر و بە تەبیعەتی بەرژەوەندیی ئەمریکا چاو لە هەمووی ئەوانە دەکات. ئێستاش ترامپ ڕایگەیاندوە کە سەردەمێکی زێڕین لە ئەمریکا دەستی پێ کردووە و زۆرتر فوکوس دەخاتە سەر ئەوەی چۆن لە هەمووی ئەو مۆعادلاتەدا ئەمریکا بەهێزتر بکات. بۆیە تەعاموولی ئەو لە داهاتوودا لەگەڵ هەموو زلهێزەکانی دیکەی دنیا و لە ئاستێکی خوارتر لەگەڵ ئێرانیش تابعێکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا. گرینگ ئەوەیە ئێمە بزانین کە دێمۆکراتەکان و کۆماریخوازەکان هەتا ئێستاش تەنیا بە دوای ئەوەدا ڕۆیشتوون و دەڕۆن کە سیاسەت و ڕەفتاری ئێران بگۆڕن و نەیانگوتووە کە ئێمە بە تەمای گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانین؛ ترامپیش ئەوەی نەگوتوە. بۆیە ئەمن پێشبینی دەکەم ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بکەوێتە نێو کۆمەڵێک تەعامول و گوشار و سەودا لەگەڵ ڕێژیم بۆ ئەو پرۆژەی بۆخۆی هەیەتی کە سنووردارکردنی توانا و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

**کوردکاناڵ**: دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شپرزەیی دەمێنێتەوە یان ئەزمێکی نوێ و سەقامگیرییەکی تایبەت ڕووی تێ دەکا؟

**خالید عەزیزی**: بە باوەڕی من دۆخی ناوچە بە شپرزی دەمێنێتەوە. دیارە ئێمە دوو جۆر شپرزی و دوو جۆر قەیرانمان هەیە. قەیران و شپرزەییەک کە ڕەهایە و قەیران و شپرزەییەک کە کۆنترۆڵ دەکرێت. ڕەنگە بەرژەوەندیی ناوچەکە لە سیاسەتی ئەمنیی کەلانی نێودەوڵەتی و بە تایبەت بەرژەوەندیی ئیسرائیل وا هەڵگرێت کە لە مەرحەلەی یەکەمدا بە دووی کۆنترۆڵی قەیراندا بن. هۆیەکەشی ئەوەیە کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر ئاڵۆز و تێکەڵ پێکەڵە و بەشێکی زۆر لە سیاسەتی ئەمنییەتی کەلانی نێودەوڵەتی بەرهەمی کێشەی ئیسرائیلە لەگەڵ فەلەستینییەکان. لە شەڕی ساردیشدا ئەوە هەبوو کە سۆڤیەتی پێشوو پشتیوانیی لە فەلەستینییەکان دەکرد و ئەمریکا پشتیوانی ئیسرائیل بوو. دوایە سۆڤیەتی پێشوو نەما و وردە دەسەڵاتی ناوچەیی دروست بوون، وەک تورکیە و ئێران، لە تەنیشت ململانێی شیعە و سوونیی. بۆیە لە ئێستادا لەوانەیە کێشەی غەززە و لوبنان چارەسەر بکرێت و دەبینین لە سوورییە دەسەڵاتێکی دیکە دێتە سەر کار. بە باوەڕی من



سەرچاوە
Serchawe

بەردەوام ئەو کێشانە درێژەیان دەبێ و بوونی ئەو قەیران و کێشانە بواری مەیدانیی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کردبوو بتوانی بە کۆپیکردن لە حیزبە کۆمۆنیستییەکان و بەئامرازکردنی ئاییزانی شیعە دەسەڵات و هێزی نیابەتی دروست بکات. لەلایەکی دیکەوە ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا تووشی شکستێکی زۆر زۆر گەورە بووە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کارتی بەدەستەوە نەمابێت. لێرەدا بە ئەگەری زۆر ترامپ بیهەوێ بە دوای ئەوەدا بڕوات ئەو کارتانەشی لێ بستێنێ کە یەکێک لەوان پڕۆژەی ناوکیی ئێران و قەزیەی بەرجامە. ئەمن زۆر جار گوتوومە پێشبینیی ئەوە ناکەم کۆماری ئیسلامی چەکی ئەتۆمی دروست بکات، چونکی بە یەکەم تەقینەوەی ئەو چەکە خۆی تێدا دەچێت و وڵاتەکەی وێران دەبێت، بەڵام ئەمە کارتی گەمە بۆ ساتوسەودایە و ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بۆ مانەوەی خۆی کەڵک لەم کارتە وەربگرێ. ئەمن پێموایە لەوێدا هاوکێشەکان دەگۆڕدرێن.

**کوردکاناڵ**: بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕقەیران!

**خالید عەزیزی**: ڕووسیە تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چووەتە دەرێ، یان دەنا دەتوانم بڵێم زۆر لاواز بووە، بەڵام ئەمریکا ئێستاش قسەی کۆتایی هەر ئەو دەیکات، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو نابێت. ستراتیژیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە کورتی و بە کوردی پاراستنی ئیسرائیلە. ئیسرائیل لۆبییەکی بەهێزی لە ئەمریکا هەیە و ئەو هەڕەشانەی لەلایەن ڕەوتی توندڕەو چ سوونی و چ شیعە لەسەر ئیسرائیل هەیە بەتایبەت دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتیی نیگەران کردوە. بۆیە من پێموایە ئەمریکا لە پێناو پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیلە بیەوێ ئێران سنووردار بکات. ئێستا ئیدی ئێران وەکوو پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناتوانێ تەڕاتێن بکات. کاتی خۆی شتێک هەبوو پێیان دەگوت دوکتورینی ئۆباما یا پڕۆژەی ئۆباما. لێکدانەوەی ئۆبامادا ئەوە بوو جەرەیانی توندڕەوی شیعە ڕاستەوخۆ لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە و ئەو جەرەیانە توندڕەوی شیعەیە ئەدرسێکی هەیە کە تارانە، ئەگەر وایە ئەوە قابلی مۆعامەلەیە؛ بەڵام جەریانی توندڕەوی سوونی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندین هێزی وەک ئەلقاعیدە و داعش و هێزی جۆراوجۆری ئیسلامی لێ دروست بووە و لایەنی جۆراوجۆریش کۆمەکیان دەکەن. جەریانی توندڕەوی شیعە زۆرتر دژی ئیسرائیل بووە و جەریانی توندڕەوی سوونی زۆر جار ئەمریکای کردۆتە ئامانج. جا لەژێر ڕووناکیی ئەو تێئۆرییەدا ئۆباما لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا پووڵ و سامانێکی زۆری بۆ ئێران ئازاد کرد و بەتەما بوو ئێران وەک پارتنێرێک بیێڵێتەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە بە ئامانج نەگیرێت.

**کوردکاناڵ**: پێوەندیی ئەمنییەتی ئیسرائیل بە سەقامگیریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؟

بەردەوامیی کێشە و ململانێیەکان وەکوو پێشوو درێژەیان دەبێت، بەڵام ڕەنگە هەڕەشەی ئەمنییەتی لەسەر سەقامگیریی ناوچە بەشێوەی پێشوو نەبێت. چونکە لەو شەڕانەی ئیسرائیل لە دەورووبەر کردوونی هەتا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەو ڕێکخراوانە سازماندەیی و هێز و توانای جارانیان نەماوە، بەڵام شتێک لێرەدا مەسەلەیە کە ئایا دەسەڵاتی نوێی سووریە بەپێی پێشینەی پێشووی ڕەفتار دەکات؟ کە من پێموایە ئەوە ناکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدەن تێکەڵ بە مۆعادەلات و مۆعامەلات و دەوڵەتداریی بکەن و بیکەن بە پارتنێری خۆیان و ڕەنگە ئەوە بەرەو ئەوە بڕوات و ئەمە بە جۆرێک یارمەتی بە سەقامگیری لەو ناوچەیە بکات. بەڵام کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروەک گوتم بەردەوام دەچێتە پێشێ و یەکێک لە فاکتۆرەکانیش ئێرانە.

**کوردکاناڵ**: کاریگەریی ڕاستەوخۆی هاتنەوەی ترامپ لەسەر چارەنووسی کۆماری ئیسلامی؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم**، کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیکە خەڵکەکەی زۆرتر مەیلەو ڕۆژئاوا بیر دەکەنەوە. یانی ئێرانی هەموو ئارەزووەکەیان ئەوەیە ڕێگەیان لە ئەمریکا بکەوێ و لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپای ڕۆژئاوا تێکەڵاوییان هەبێت. زمانی ئینگلیزی ئێستا لە ئێران ڕەقابەتی لەسەرە کێ جوان فێری بێ، بەڵام کەس بە دوای زمانی ڕووسی و چینیدا ناڕوا. بۆیە بە باوەڕی من لە درێژخایەنیشدا کۆمەڵگەی ئێران دەکەوێتە بەرەی ڕۆژئاوا. بەڵام پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی ئێران بیرۆکە و فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوایە، دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلە. من پێموایە ئەگەر ترامپ بکەوێتە نێو مۆعادلات و مۆعاملات کە واشی لێ دێت و لە بەرجام ڕا دەست پێ دەکات، کۆمەڵێک داروولەلە بۆ ئێران دادەنرێت. ئێران یا دەبێ بەپێی ئەو پرۆژەیەی ترامپ بچێتە پێشێ و سنوورداری بکەن، یان بە ئەگەری زۆر میکانیزمی ماشە دێتە گۆڕێ و ئورووپاییەکانیش لەگەڵ ئەوەن لەوێدا پاشەکەشە بە ئێران بکەن. بێگومان ئەمە شکەستێکی گەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و ترامپیش ئەوە عۆمدە دەکاتەوە.

**دووهەم**، لە پێوەندی لەگەڵ گرووپە نیابەتییەکان تەنانەت لە عێراقیشدا ڕەنگە ئەوە بەشێک لە مۆعادڵە و مۆعامەلەکان بێت و ئەوەش شکەستێکی دیکەیە بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام هیچی ئەوانە تا ئەو ساتە بە مانای ئەوە نییە شەڕ لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو دەدات. من لەو باوەڕە دام شتێک بە ناوی شەڕی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل یان ئەمریکا هەتا ئێستا نەبووە و ئەوەی ئێستاش بە کردەو و دژ کردەوە دەزانم و مووشەک تێگرتن لە دژی یەکتریش شەڕ نییە. هەمووی ئەوەیە ئێران بە ئیسرائیل بڵێ ئەمنیش دەسەڵاتم هەیە و وات لێ قەبووڵ ناکەم و ئیسرائیلیش هەر ئەوە بڵێ. لەبارەی ترامپیشەوە پێشبینی ناکەم بە شەڕ بەرەوپیلی کێشە لەگەڵ ئێران بچێت و مێتۆدێک هەڵدەبژێرێت کە ئەو مێتۆدە بە مرووری زەمان ئەو دەسەڵاتە لاواز دەکات و لە ئیعتباری دەخات و شەرعییەتی پێ ناهێڵێت و هەمووی ئەوانە ڕەنگدانەوەی

لە نێوخۆی وڵاتی ئێراندا دەبێت. ئەمریکاییەکان بە دێموکرات و کۆماریخواز زۆر جار گوتوویانە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانە و هەر ئەوەش بە قازانجی داهاتووی ئێرانە و دواجار دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ئاڵتێرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی.

**کوردکاناڵ**: پرس و چارەنووسی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی؟

**خالید عەزیزی**: بابەتی ئالترناتیڤ کێشەی ئێمەیە و کێشەی لایەنە ئێرانییەکانیش و کێشەی لایەنە نێودەوڵەتییەکانیشە. لە نموونەیەکی زۆر تازە و لە قەزیەی سووریەدا ئەو حوکمەتەی ئێستا لەسەر دەسەڵاتە نێزیک دوازدە ساڵ پێش ئێستا لە ئیدلێب بوو بە ئاڵتێرناتیڤ و حکوومەتی سێبەری دروست کرد. کاتێک وڵاتەکە وای لێ هات کە بەشار ئەسەد بڕوات، شەڕ و شۆڕشی تێ نەکەوت و خەڵکەکە ئیستعدادیان هەبوو کە بەشار ئەسەد دەڕوات وڵات بەتاڵایی دەسەڵات دروست نابێت و ئەمە بێ خوێنڕێژییەکی زۆر بوو بە ئەمری واقع و دەوڵەتی لەسەر دروست بوو. لە ئێراندا ئەو هەموو قوربانیدان و فیداکارییە بە تایبەت لە کوردستان دەکرێ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئێستاش ئاڵتێرناتیڤ بۆ تاران و بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست نەبووە. بۆ دروست نەبووە؟ من تێدەکۆشم کورتی بکەمەوە کە حیزبی دێموکرات ئەوەی لە دەستی هاتوە کردوویەتی. حیزبی دێموکرات کاتی خۆی لە سەردەمێکی زۆر سەختی ژیانی سیاسیی لە ئێراندا دوای ئەوەیکە شوارى میللیی مقاوەمەت دروست بوو، و بەنیسەدر و مەسعوودی ڕەجەویی تێدابوون و دوایە دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و دەوڵەتمەردی سیاسیی ئێران چووە نێو ئەو بەرەیە، بە بڕوای من ئاڵتێرناتیڤێکی باش بوو لەو سەردەمدا. بەڵام گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتوە. ئەو وەختە حەی و حازر بەنی سەدر و موجاهێدین بوون، بەڵام ئێستا دەیان و سەدان بەنی سەدر دروست بووە وەدیان و سەدان گرووپ دروست هەن و هەریەکی هەوایەک لێ دەدات. لە نەتیجەدا ئەو ئاڵتێرناتیڤسازییە سەرکەوتوو نەبووە. بۆیە ئەگەر چەند ساڵی دیکەش خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئێران لە گۆڕێدا بن کە هێشتا بەشێ زۆری خەڵکی ئێرانی لەگەڵدا نییە، لە ڕاستیدا هەتا ئاڵتێرناتیڤ نەبێت و هەتا کاتێک ئەو خەڵکە دەچێتە سەر شەقام و ئامادەیە خۆی فیدا بکات بێتوو بەدیلێک شک نەبات، کێشەکە هەر لەجێی خۆیەتی. بەڵام ئایا بە هاتنەسەرکاری ترامپ ئۆسوولەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێداچوونەوەیەک بە خۆیاندا دەکەن و ڕێکارێکی نوێ دێینە گۆڕێ، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بە هەر بۆچوونێک کە هەیانە بە دوژمنی خۆمانیان دانانێین، ئێمە دێینە سەر هاوکێشەکان و سیناریۆی دۆست پەیداکردن. دەبینین لەگەڵ یەکێکیان زۆر دۆستانە دەچینە پێشێ هەتا بە سازانێک بگەین و لەگەڵ هێندێکیشیان زۆرتریش دەچینە پێشێ هەتا مەبنایەک ئیمزا بکەین بۆ داهاتووی ئێران و لەگەڵ هێندێکیان ڕەنگە هەرگیز نەبین بە دۆست، بەڵام نایانکەین بە دوژمنی خۆمان. لە سیاسەتدا هونەر ئەوەیە لانیزۆری دۆست بۆ خۆت پەیدا بکەیت و

دوژمنان و نەیارەکانت بە لانیکەم بگەیەنی. ئێمە لەو چوارچێوەدا کارمان کردوە، هێندێک مەبنامان هەیە ئەویش ئەوەیە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بەو پرۆژەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی لە دانیشتنەکان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا ئێعترافی پێ بکرێت. چاوەڕوانیشمان ئەوە نییە هەموو لایەک هەموو ئەوەمان لێ قەبووڵ بکات، بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە بە خوێندوەیەک لە سوورەتی مەسەلەی واقعییەتی کۆمەڵگەی ئێران و جۆراوجۆریی پێکهاتەکان لەم وڵاتە بتوانین لە قۆناغی ئێستادا بە دەسکەوتێک بگەین.

**کوردکاناڵ**: هۆکاری ئاڵۆزییەکانی ئاڵترناتیڤسازی لە ئێران دژی کۆماری ئیسلامی؟

**خالید عەزیزی**: کۆمەڵگەی ئێران دێموکراسیی زۆر تێدا نەبووە، سەردەمی مۆسەدیق شتێک هەبوو کە زۆر کەم کێشا. دوای ئینقلابی ئێرانیش لە کوردستان بڕێک تەمەنی هەبوو کە ئەویش بەهۆی لەشکەرکێشیی ڕێژیمەوە سەرکوت کرا. ئێرانی بەگشتی فێری تەحەمولی یەکتر نەبوون. کورد باشترە، چونکە فەرهەنگی حیزبی دێموکرات و حیزبسازی ئێمەی پتر عادەت پێ دا کە لەگەڵ یەکتر کار بکەین و لە چوارچێوەی حیزبێکدا کۆ ببینەوە. خاڵی بەهێز و دەسکەوتی هەرە سەرەکیی جووڵانەوەی سیاسیی ئێمە بیرۆکەی حیزب دروستکردن بوو. حیزبی ئێمە سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوەکان خۆی ڕاگرت و ئێستا دەتوانێ قسە بکات لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا. بەڵام لەم دواییانەدا بە جۆرێک بیرۆکەی لێدان لە حیزب پەرەی ئەستاند، بە تایبەت لە پرۆژەی جۆرج تاوندا پرۆژەی لێدان لە سازماندەیی و لە حیزبایەتی بوو لە ئێراندا. لە ئورووپا کاتێک ڕێنسانس دەستی پێ کرد، نەخبە و ئیلیتەکان دروست بوون و بە مروری زەمان هەمووی ئەوانە لە بۆعدی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا جێگای خۆیان گۆاستەوە و چوونە نێو مۆئەسسات و دواتر حیزبەکان جێگایان گرتەوە. ئێران نەچۆتە نێو ئەو قۆناغەوە و لە غەیبەتی حیزبێکی بە قووەت یان چەند حیزبی بە قووەتی ئێرانی لە ڕاستیدا ئەوەیکە ئەوان پێی دەڵێن: سلێبرتیی و ئەوەیکە ئەوان پێی دەڵێن:کەسایەتی، خوێندکارەکان یان ئەوانەی کە ژۆرنالیستن هەر هەمووی ئەوانە قسەی ڕۆژ دەکەن و یەکێک لەو شتانەی من بۆ خۆم پێمەوایە زەرەری بۆ داهاتووی ئێران هەیە. ئەگەر کۆماری ئیسلامییش برووخێ، نەبوونی چەند حیزبی بەقووەت کە بەیەکەوە تەوافۆق بکەن، هەزاران کەس ناتوانی تەوافۆقیان لە نێویاندا دروست ببێ و کۆمەڵگەی ئێران بەرەو فەردگەراییەک دەچێت و بە تەبیعەتی جۆغرافیای سیاسیی ئێران لە ناوچەکەدا زۆر زەربەپەزیر دەبێت. لە پرۆژەی جۆرج تاونیشدا لەبیرمە ئەوکاتە لە تۆرێنتۆ من لە لایەن حیزبەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد و گوتم بیرۆکەی ئێمە ئەوەیە با کۆمەک بکەین بە سازماندەیی و و بۆ حیزبسازی لە ئێراندا تێبکۆشین، یان ئەو تاکانە خڕ ببنەوە بەیەکەوە لە حیزبێکدا کار بکەن، ئەو وەخت "حیزبزدایی" لە ئەوجی خۆیدا بوو و دەقیقەن پرۆژەی جۆرج تاون ئەوە بوو کە نەقشی ئەحزاب یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەمێنێ کە ڕابردوویەکی بەقووەت و ئێحترامێکی تایبەتی خۆی هەیە. یان کۆڕ و کۆمەڵی وا هەیە، بۆ نموونە کۆماریخوازەکان کە دادەنیشین هەزاران کەسن لە



سەرچاوە
Serchawe

نێوخۆیاندا ئەنواعی تەیفیان هەیە و هەمووشیان یەک شت دەڵێن، بەڵام بەیەکەوە و لەگەڵ یەکتر ناسازێن و ناتوانن حیزبێک دروست بکەن. بە هەرحاڵ ئێمە کۆڵ نادەین و لەگەڵ هەمووان کە دادەنیشین، تێدەکۆشین ئەو بیرۆکەیە بەقووەت بکەین.

**کوردکاناڵ**: ئەگەری گۆڕانکاری لە کۆماری ئیسلامیدا، لەدوای سەرکۆماریی پزشکیان!

**خالید عەزیزی**: لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا دەسەڵاتی مۆتڵەقەی وەلی فەقیهـ دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و دوایەش دەسەڵاتەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و سپای پاسداران ئەو خەتە سوورانەن کە ڕێگە بە هیچ ڕەئیسجەمهوورێک نادەن لێی تێپەڕێ. هەموو سەرکۆمارەکان دەسەڵاتەکەیان زۆر زۆر سنووردارە، بۆیە هێنانی پزشکیان لە ڕاستیدا ئەبتکارێک بوو. سیستەم پێشبینیی ئەوەیان دەکرد، یان ئەو ئەگەرەیان دانابوو کە ترامپ دەبێتەوە سەرکۆمار، بۆیە ئەو مەجالەیان بۆ پزشکیان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەو گوفتمانەی دوایە لەگەڵ ترامپ دەیانبێ، لە نێو حاکمییەتدا زەمینەیەکی هەبێت و دوایە کە چوونە نێو دانوستانەکە کێشەی ڕەوانی و کێشەی مەشرووعیەتیان بۆ دروست نەکات. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە ئەمە بتوانێ نیزامی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، بەڵام تێبینییەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جووڵانەوەی سەرەکیی ئێمە و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتە. شوێنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێوخۆی وڵاتە و ئەو نیزامە بگۆڕێ یا نەگۆڕێ، پزشکیان لە سەر کار بێت یا یەکێکی دی خەڵکی ئێمە لە نێوخۆی وڵات هەمیشە دەبێ داوای هەبێت، هەمیشە خواستی هەبێت، هەمیشە مێتۆدەکان و شێوازەکانی نوێ بۆ مافخوازیی خۆی بێنێتە گۆڕێ؛ بۆ ئەوەیکە جموجۆڵی سیاسی و مەدەنی ومافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەوێ. جا ئایا لە تاران جێبەجێی دەکەن یان نایکەن، باسێکی دیکەیە و ئێمە دەبێ مەوزووعمان هەبێت بیهێنینە گۆڕێ. لەو پێوەندییەدا ئەگەر پزشکیانیش شتەهایەکی گوتبێ کە من پێموایە عەمەلی نابێت، بەڵام ئێمە هەر دەبێ بە دوایاندا بڕۆین و ئەو نیزامە لە نێوخۆی وڵاتدا بە چالش بکێشین. دەنا پێشبینیی ئەوە ناکەم لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی مۆتڵەقەی وەلیی فەقیهدا گۆڕانکارییەکی وا ڕوو بدات. لە خاتەمییەوە هەتا ئێستا ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە دەست لە سەر دەست دانێین لە نێوخۆی وڵات و خەبات و تێکۆشانەکانی خۆمان کە بەخۆشییەوە لە ئەوجی خۆیدایە، ڕابگیرین.

**کوردکاناڵ**: کوردستان و ئێران دوای جووڵانەوەی ژینا؟

**خالید عەزیزی**: بزووتنەوەی ژینا پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەبوو کە هاتە گۆڕێ. بە باوەڕی من ئێمە وەک جووڵانەوەی



سەرچاوە
Serchawe

کورد و حیزبی دێموکرات ویست و داخوازییەکانمان سنووردار بکەینەوە و پێویستی بەردەوام پرسی شوناسخوازیی خۆمان وەک نەتەوەیەک بەهێز بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا بە دوای ویست و داخوازییەکانی دەڕوا و ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئەو داوخوازییە شۆڕ بکەینەوە و ئەو ویست و داخوازانە زەمانێک جێبەجێ دەبن کە ئێمە لە دەرەوەی کوردستان دۆستی زۆرمان هەبێت. نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەڵێین بڕووخێ با بێینە نیو دارووله‌لەی ڕووخانەکەی، کوردستان هەزینەیەکی زۆری داوە و هەمیشە لەسەر خەت بووە و قوربانییەکی زۆری داوە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکان و شارە گەورەکانی دەرەوی کوردستان. ڕادەی زینداننییانی سیاسی و ئێعدامەکان و سەرکوت و ئەو فەلاکەتەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، لەگەڵ هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران بەراورد ناکرێ. بەڵام دیسان دەیڵێمەوە ئەو نیزامە بە کەلان شارەکان دەڕووخێ، ئەو نیزامە بە تاران دەڕووخێ و بۆ ڕووخانی ئەو نیزامە دەبێ تاران و مەشهەد و شیراز و ئیسفەهان لەگەڵ بکەون. ڕێگاکەی چییە؟ ڕێگاکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی سیاسی، ڕووناکبیرەکان، خوێندکارانی زانکۆ پێوەندییەکی بەربڵاو و باشتریان هەبێت لەگەڵ نەتەوەی فارس و لەگەڵ نەتەوەی تورک و لەگەڵ هەموو تێکۆشەرانی شوێنەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوان ئەو بابەتانە بێینە گۆڕێ. دەمەوێ بڵێم پرۆژەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پرۆژەیەکی ئێرانییە و هەر ئەرک و پرۆژەیەکی تایبەت بە ئێمەی کورد نییە. ڕاستە ئێمە خۆی لێ نادزینەوە، بەڵام دەبێ یارگیریی زۆری بۆ بکەین. بۆیە بە باوەڕی من خوێندنەوەکە هەر دەبێ ئەوە بێت کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو ئەو گەمەیەدا دەبێ ببین و تێشیدا هەین و لەگەڵیشی دەڕۆین. مادام بە دوای چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانیش داین، دەبێ زۆر بەسەراحەت بچینە نێو هاوکێشەکان و شەرمی لێ نەکەین و لەگەڵی بڕۆین و ڕێگاکەشی هەر ئەوەیە. جاروبار بەعزە بۆچوونێک هەیە کە ئەوە سیاسەتی حیزبی دێموکرات نییە یان بۆچوونێک هەیە لە سۆشیال مێدیادا کە تووڕەیە لە فارس و وەک نەتەوە تووڕەیە لە ئێرانی و ئەو تووڕەییانە لە مۆعادلاتی سیاسیی ئێمە و یارگیریدا مانای نییە. چونکی ئێمە ئێستاش هەر بە دوای چارەسەری کێشەی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕێن، بۆیە تەوسییەی من یا بڵێم ڕێکاری حیزبی دێموکرات ئەوەیە ئێمە لە کوردستانی ئێران حەوجێمان بە دۆستی زۆر هەیە لە دەرەوەی کوردستان.

پێوەندیدار بە جووڵانەوەی ژینا، جووڵانەوەکە بەو جۆرەی لە کوردستان هەبوو نەچووە نێو شارەکانی دەرەوەی کوردستان و شارە گەورەکان بەو جۆرە لەگەڵی نەکەوتن. ئەوە یەکێک لە کێشەکانی تەواوەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئەگەر حیزبی دێموکراتی لێ دەر بکەی کە پێی لەسەر عەرزە و لەنێو خەڵکە و خەڵکێکی زۆری لەگەڵدایە، ئەوی دیکەی بەشی زۆری نوخبەیە و نوخبەگەرایی و قسە بۆ نوخبەکان دەکەن. ئەوە کێشەی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە، نوخبەکان و ئەوانەی چالاکی سیاسین و بەدواداچوون بۆ سۆشیال مێدیا دەکەن، ئەوەی دیکە توێژی خوارەوەی جەماوەرن و کەم لەگەڵ ئەدەبیات و گوفتمان و قسە و تەحلیلی بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە تایبەت تاکەکان لە مێدیا و

تەلەفیزیۆنەکانی فارسیدا هەن. دیارە لە ئەمریکاش ئەوە ڕووی دا و ترامپ ڕووی لە خەڵک کرد، قسەی بۆ خەڵک دەکرد و بەربژێری دێموکراتەکان کامێلا هریس قسەی بۆ نۆخبەکان دەکرد و دەکرێ بڵێم قسەی بۆ ئەیالەتی نیۆیۆرک و لۆس ئانجلێس دەکرد و بینیمان بە جیاوازییەکی زۆر گەورە دۆڕاندی. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستاش قسە بۆ نۆخبەکان دەکات و پێی لەسەر عەرز نییە و دوورە لە کۆمەڵگەی ئێران. بۆ ئەوەی پێی لەسەر عەرز بێتەوە و نیزیک بێتەوە لە کۆمەڵگەی ئێران، دەبێ گوفتمانەکەی جۆرێک بێت خەڵک لەوێ وەربیگرن و هەر شوعار نەبێت. پێمخۆشە ئاماژە بە ئەوەش بکەم کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی باشی هەیە. ئەو کۆمەڵگەیە لە هەستان و دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی فارس و تورک و ئەوانی دیکەش دەبی تێبکۆشی ئاوا فکر بکاتەوە و گوفتمانێک بێننە گۆڕێ کە بیرۆکەی ئاڵتێرناتیڤسازی لەنێوخۆی وڵاتدا شکڵ بگرێت. هەر لە تاران لە ماوەی چەند مانگی ڕابرووددا خەڵکانێکی زۆر کە بەشێک لەو سیستەمە بوون، ئێستا لە قسەکانیاندا بەشێکی زۆر ئەو سیستەمەیان بەجێ هیشتووە و باس و لێکدانەوەکان کە بڵاو دەبنەوە لەوێش هەن کە زۆر بە سەراحەت قسە دەکەن. ئەوانەش دەتوانن بەشێک لەو پڕۆژەیە بن. ئێمە دەبێ بەشێک لەو خەڵکەی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی بووە و ئەگەر دەرفەتی هێنا و وازی لێ هێنا یا ئەگەر مەجالێک ببینێتەوە لەگەڵی نامێنێ، ئەوانە نابێ لێیان بدەین. دەبێ بە جۆرێک نەقش و جێگەی خۆیان پێ بدەین بۆ ئەوەیکە ئەو نیزامە لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی دژبەرانی بێتەوە.

**کوردکاناڵ**: کورد و شوناسخوازی لە ئێراندا؟

**خالید عەزیزی**: بیرۆکەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری کوردستان مەسەلەی میللی و نەتەوایەتییە، مەسەلەی شوناسە و جەوهەری ئەو جووڵانەوەی ئێمەش هەر ئەوەیە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا لەوەدا کەمی نەهێناوە، بگرە ئێستاش بە سیمبولی ئەو جووڵانەوەیە دادەنرێ و لە بۆعدی شوناسدا دەچێتە پێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕبوونەوە بۆ جێبەجێکردنی مەیدانیی ئەو شوناسە حەوجێی بە دامەزراوەی زۆرتر هەیە. پرۆسەی میللەتسازی بە مانای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لەژێر ڕووناکایی ئەوەدا بچێتە پێشێ. میللەتسازی بەو مانایە دەڵێم کە جۆراوجۆرییەکانی نێو کورد بە هەموو ناوچەکان و زاراوەکان و هەمووی ئەوانە دەبێ لە تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەو قەناعەتە بگات کە ئەو کوردستانێکی لە مۆقابیلدا هەیە. نموونەیەک لە زۆر بۆچوونەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەو وتووێژانەش کە جار و باریش دەبوو، ئەوان باسی زمانی دایکیان دەکرد و لەوە ئامانجی تایبەتییان هەبوو. سەردەمی شا دەگوترا تێبکۆشین بۆ ئۆستانە جۆراوجۆرەکان بە لەهجەی جۆراوجۆری کوردی ڕادیۆ دابندرێ و بە لەهجەی ئیلامی و کرماشانی و ئەوەیکە ئێمە پێی دەڵێین شکاکی، یا ناوچەکانی دیکە بۆ ئەوەی کە

زمانی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێت. ئەوە بە ئێمە دەڵێ: بەشێک لەو شوناس و لەو جموجۆڵە لە نێوخۆی وڵاتدا دەبێ تێبکۆشێ ئەو گوفتمانە واحیدە،

یا ئەو دامەزراوە یەکگر و یەکگرتووە لەوێ دروست بکات.

**کوردکاناڵ**: لاوازیی ئێستای ئێران و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد؟

**خالید عەزیزی**: شکان و پاشەکشەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بۆ ئێمە ئەوەی تێدا بخوێنینەوە کە خەبات و تێکۆشانی جووڵانەوە ی کورد و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و ڕابردووی پڕ شانازیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئەو جمووجۆڵە مەدەنییە لە نێوخۆی وڵات لە ڕاستیدا خەریکە ئاکامەکانی خۆی وەربگرێت. تەنیا ئەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەم گۆڕانکارییەکان و پرسی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی قەتیسی نەکەینەوە بە کوردستان. ئێمە بەتەنێ شان وەبەر ئەو هەموو کێشانە نەدەین بۆ ئەوەی وای لێ نەیەت کۆمەڵگەی ئێران هەر پێمان هەڵبڵێن ئەوە کوردەکان شۆڕشگێڕن و زیرەکن و کوڵ نادەن و لە مانگرتن و خۆپێشاندان و هەمووی ئەوانەدا لە خەتی مۆقەدەمن. ئێمە دەبێ بچینە نێو مۆعادڵات و مۆعاملاتێک کە ئەوان زۆرتر ئەرکدار بکەین، دەنا قەرار بێت هەر ئەوە ببێتە ئەمری واقع و لەگەڵی بڕۆین و شتەکە هەر لە کوردستان بێت و فشارەکە هەر لە کوردستان بێ و هەزینەکە هەر ئێمە بیدەین؛ لە ڕاستیدا ئەوە بۆ ئێمە گران تەواو دەبێت.

ڕاستە شعووری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستیی کورد لە ئێران زۆر لەپێشە. یەکەم حیزبی کوردی مۆدێڕن و کۆماری کوردستان لەوێ دامەزرا و بەشێک لەوە بووە بە فەرهەنگ لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەدا. ئێمە واقعیەتێکمان قەبووڵ کردوە یا بەسەرماندا تەحمیل کراوە، ئەگەر کورد یەک میللەتە کە وایە و کوردستانیش یەک خاکە کە ئەویش وایە، بەڵام لە بۆعدی سیاسیدا یەک چارەنووسیان نیە. هۆیەکی ئەوەیە کوردستانی ئێران یا ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسیری خۆی و شێوەی خۆی هەیە و چارەسەری قەزیەی کورد لە ئێران دارووڵەڵەی خۆی هەیە. چارەسەری قەزییەی کورد لە عێڕاقیشدا -کە تا ڕادەیەک حەل بووە و ئێستاش بەردەوام دەچێتە پێشێ- شێوەی خۆی و کاری تایبەتیی خۆی هەیە. ئەوەی سووریە و تورکیەش هەر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە من لەو باوەڕدا نیم کۆپیبەرداری بکەین و بڵێین کۆپیی حەلی عێراق یان کۆپی حەلی سووریە یا تورکیە یان ئێران لە شوێنەکانی دیکەش کردەنی دەبێت. لە ڕووی ئۆسوول و پرەنسیپەوە حیزبی دێموکرات دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا ناکات و لەعینی حاڵێشدا پشتیوانی لە ڕێگاچارەی سۆڵح و چارەسەری پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کورد بە دانان بە مافی

نەتەوایەتیی کورد لەو وڵاتانە دەکات. حیزبی دیموکرات هەمیشە هەوڵی داوە فاکتۆرێک بێت بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی و هەر بەو جۆرەش ئینتزارمان هەیە حیزبی پارچەکانی دیکە دەخالەت لە کاروباری قەزیەی کورد لە ئێراندا نەکەن، چونکی ئەوە کێشەکە زۆرتر دەکا، ئاڵۆزتری دەکات. لە ڕاستیدا ئەمن لە بۆعدی نێودەوڵەتییشدا ئێستا چارەسەرێکی واحد بۆ قەزیەی کورد نابینم، بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەپێناو چارەسەری پرسی خۆمان لە ئێران ئێنرژییەکان هەر لە نێوخۆی وڵاتدا و لە چوارچیوەی کوردستان ئێراندا بەکار بهێندرێ.

**کوردکاناڵ**: وانەکانی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد؟

**خالید عەزیزی**: **دەرسی یەکەم**، ئەوەیە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئاڵتێرناتیڤی هەبوو، حکوومەتێکی سێبەری هەبوو، ئایا لە ئێران ئەوەمان بۆ دەکرێ؟ با هەوڵ بدەین هەرچی زووتر ئەوەی لە توانامانادا هەیە ئاڵتێرناتیڤێک دروست بکەین و ئەگەر کرا حکوومەتی سێبەریش دروست بکەین و خەڵکی ئێران بڵێن ئەوە ئاڵتێرناتیڤ هەیە  و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بزانێ ئەگەر  نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕووخا ئێمە نیگەران نابین و ئەوە ئاڵتێرناتیڤ هەیە.

**دەرسی دووهەم**، پێوەندیدار بە  پرسی کوردە. ئەمن دەخالەت لە کاروباری کوردی سووریەدا ناکەم و ئەوان بۆخۆیان وەزعی خۆیان باشتر دەزانن و بۆخۆیان حکوومەتێکی دیفاکتۆیان هەبووە. بە باوەڕی من ئەوان دەتوانن هەر لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بە داوی ئەوەدا بڕۆن و ڕادەی سەرکەوتنی ئەوان لەو مۆعامەلاتەدایە. سیاسەت بەشێکی مۆعاملەیە و لە مۆعامەلە لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە بمێننەوە یا زەرەرمەند نابن  و تەجرووبەی ئەوان دەتوانێ بۆ ئێمەش لە داهاتووی ئێراندا کەڵکی لێ وەربگرین کە ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی نەما و ئێمەش ڕەنگە لەگەڵ دیفاکتۆیەک ڕووبەڕوو بین ،لە کوردستان دەسەڵات بین؛ وەک چۆن لە سەردەمی دوای ئینقلابی ئێراندا دەسەڵات بووین. بەڵام چۆن تەعاموول بکەین لەگەڵ ئەو نیزامەی لە تاران دێتەسەر کار، ئەویش حەتمەن شەرت و شروتی خۆی دەبێت و، ئێمەش شەرت و شرووتی خۆمان هەیە. بۆیە تەجرووبەی ئەوان لە سووریە بۆ بەشەکانی دیکەش گرینگە.

**کوردکاناڵ**: سەبارەت بە دانوستانەکانی حکوومەتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان؟

**خالید عەزیزی**: سەرەتایەکی باشە. با ئێمە لە تیوریی پیلان و هاوکێشەکانی نێودەوڵەتی تێپەڕین. لە پاڕلەمانی تورکیە باسی پرسی کورد دەکرێ و دەوڵەت باخچەلی وەک توندڕەوێکی تورک بەو قەناعەتە گەیشتوە کە دەبێ چارەسەر بکرێت. دەکرێ ئێمەش ئەو عەقڵییەتە لە ئێراندا بەهێز بکەین و با غیرە کوردەکانی ئێرانی و کەسایەتییەکانیان لە تاران و



سەرچاوە
Serchawe

لەنێو تورکەکانیش بێنە نێو ئەو بابەتانەوە. دەبێ شەقامەکە لەگەڵ ئەوە بێت و بیرۆکەی چارەسەری بچێتە نێو مێشکیان کە ئەو مەسەلە بۆ وای لێ هاتوە. بە باوەڕی من ئەوە شتێکی باشە کە ئەو عەقڵییەتە دروست بێت هەتا پرسی کورد لەو وڵاتانە چارەسەر نەبێت، ئارامی و سەقامگیری تێیدا جێگیر نابێت.

**کوردکاناڵ**: بۆ باخچەلییەکان لە ئێران دەرنەکەوتوون؟

**خالید عەزیزی**: فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ تورکیە جیاوازیی هەیە. فەزای سیاسیی ئێران هیچ مەجالێک نادا و تا ئێستا نەیداوە و نەفەسێک نەهاتۆتە گۆڕێ. بەڵام ئێستا کە وەزعیان شپڕێوە و لەنێو خۆیاندا کێشە دروست بووە و خەڵکانێک هەن هەر لە تاران و لەوێ باسی پرسی کورد دەکەن، ئێمە دەبێت ئەوانە و ئەو دەنگانە لە تاران بەهێز بکەین و زۆریان بکەین. پێیان بڵێین ئێوە نیگەرانی داهاتووی ئێرانن و نیگەرانن ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ ئێران تەجزییە دەبێت، ئەوا ئێمە چارەسەرمان هەیە. ئێوە دەسەڵات لە تاران یان تاران لەڕووی سیاسییەوە ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکەن کە ئێمەی کورد بە دوای ئەوەدا نەڕۆین. جا بڵێین ماندووبووین و لێتان وەڕەز بووین لێتان و بە دوای تەشکیلی دەوڵەتی میللیی خۆماندا دەڕۆین. بۆیە بە لای منەوە گرینگە ئەو باسانە لەنێوخۆی ئێراندا بێننە گۆڕێ و ئێمە دەبێ لەو ڕێکارانە ماندوو نەبین.

**کوردکاناڵ**: دیاردەی جۆرج تاون و دەرەنجامەکەی؟

**خالید عەزیزی**: پرۆژەی جۆرج تاون سەری نەگرت، نەدەباش سەری گرتبایە و سەریشی نەدەگرت. جۆرج تاون ئاڵتێرناتیڤی مۆناسبی نێودەوڵەتی نەبوو، و میدیای فارسی زمان زۆر هێنایانە گۆڕێ و لایەنێک بەڕێوەی دەبرد. من زۆر پێش جۆرج تاون لەو باوەڕەدا بووم کوڕی شای بە تەمای شایەتی نیە، بە تەمای ئەوە نیە بگەڕێتەوە و بە تەمای ئەوە نیە ئێران ئیدارە بکات. ئەو ئیرادەی شابوون و قەبووڵی بەرپرسایەتی و ئیدارەکردنی ئێرانی نییە و ئەگەر ئەو ئیرادەی هەبا واقعیەتی کۆمەڵگەی ئێرانی قەبووڵ دەکرد و ڕەهەندێکی بەربڵاوتری پێ دەدا. بە باوەڕی من براوەی جۆرج تاون فەقەت ئەو بوو، و ئەوانی دیکە هەموو دۆڕان. بۆ؟ چۆن خۆی هێنایە گۆڕێ و لە جووڵانەوەی ژینا دا لانی زۆری کەلکی وەرگرت و میدیاکانی ئینگلیزی و فارسی ڕوویان تێ کرد و تەبلیغیان بۆ کرد. یانی هاتەوە نێو بازاڕی بورسی سیاسەت. پێمخۆشە ئەوەش بڵێم ئەو بۆچوونەی ئێمە لەسەر کوڕی شای بە مانای ئەوە نییە ئێمە دوژمنایەتیی لایەنگرانی کوڕی شای دەکەین. حیزبی دێموکرات بە نەچوون بۆ نێو جۆرج تاون بەو عەقڵییەتیەوە کە ئەوانی لە یەک کۆ کردبۆوە، سیاسەتێکی باشی هەبوو. جۆرج تاون هەر نەدەبوو بە شت و ئەوەیکە شکستی خوارد پەیامێکی تێدا بوو، ئەویش ئەوە کە ئەو

عەقڵییەتە ناتوانێ ببێت بە ئاڵتێرناتیڤی داهاتووی ئێران و ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە عەقڵییەتە ناڕووینە پێش.

**کوردکاناڵ**: پرسی نێوخۆیی کورد و ئالترناتیف بۆ ناوەندی هاوکاری؟

**خالید عەزیزی**: هەر ئێستا حیزبی دێموکرات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەورێکی دیکە لە دانیشتن و گفتوگۆی دەست پێ کردوە. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا تەنانەت پڕۆژەیەکیشمان ئامادە کردوە کە دەگەڵ لایەنەکان باسی بکەین و ئەو پرۆژەیە پێویستی بە خەسارناسییەکی پێوەندییەکانمان لە ڕابردوودا هەیە. ئێمەی کورد لە خەسارناسی و دانان بە هەڵەی خۆمان یان تەمبەڵین یان بوێریی ئەوەمان نییە. ئەو ئێعترافە دەبێ هەموو لایەک بیکەن بزانین کە چەندی وەبەر دەکەوێ و ڕەنگە ئەمە زەمینە خۆش بکا بۆ دروستکردنی ئاڵتێرناتیڤێکی کوردی بۆ مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی و تەنانەت لە بۆعدی نێودەوڵەتیشدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

**کوردکاناڵ**: نێوخۆی ڕۆژهەلات وەک سەرچاوە و گۆڕەپانی سەرەکی؟

**خالید عەزیزی**: نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە و دەشمێنێ. حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی محەممەدی لێ لە سێدارە درا، دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو لەسەر میزی مۆزاکێرە لە دەست چوو، دوکتور شەرەفکەندیی تێرۆر کرا، هەروەها ئێمە مووشەکباران کراین و سەدان کادرمان تێرۆر و هەزاران پێشمەرگەمان شەهید کران، بەڵام ئەو حیزبە هەر لە جێگەی خۆیەتی و لەسەر پێ ماوەتەوە، کوێ هێشتوویەتەوە؟ نێوخۆی وڵات، ئەو جێگەی حیزبی دێموکراتی لێ لە دایک بوو. جا ئەگەر وایە ئەوێیە پاکانە حسێب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات. کە مووشەکباران کراین، گوتمان ئێمە مووشەکمان نییە بۆیان بنێرینەوە، بەڵام بە سەدان هەزار خەڵکمان هەیە و دەقیقەن کۆماری ئیسلامییش دەگەڵ ئەوە بەرەوڕوو بۆوە. بۆیە بە باوەڕی من ئەوە دەبێت ئەسڵێکی ئێمە بێت و هەر ئەوێ مەیدانی تەغزییەی حیزبی دێموکرات و هێشتنەوەی حیزبی دێموکراتە، و هەر ئەوێیە دەتوانێ پەیامێکی باش بە نیزامی حکوومەتی و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات.

**کوردکاناڵ**: ئەرکەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات سەرەتا پێویستە لەگەڵ حیزبە کوردییەکان پێوەندییەکانی باش بێت و ئەگەر لە ڕابردوودا پێکەوە لەسەر پرۆژەی هاوبەش سەرکەوتوو نەبووین، زیاتر هەوڵی بۆ بدەین. حیزبی دێموکرات پێویستە لە



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ۲۷۲٤

پرۆژەی ئاڵتێرناتیڤسازی ئێرانیدا بێتەفاوەت نەبێت و هاوکات بە دوو ڕوخسار و بە دوو شێوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەولەتی تەعامووڵ بکات. ئێمە بەرانبەر بە چەندوچۆنیی ئاڵتێرناتیڤی دەسەڵات لە داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پرسێکمان هەیە بە ناوی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو هەوڵەکەمان بۆ دێموکراسی لە ئێران و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانمە.

۱۳ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤

# تێکۆشانی خەڵک دەبێ دەق بێ و ئەوانی دی پەڕاوێز



**هەردی سەلیمی**

"عەلی خامنەیی" لە دوایین دەرکەوتن و قسەکردنیدا بە شەرمەوە ڕێگەی بە دەوڵەتی "پزشکیان" دا لەگەڵ "ئەمریکا" وتووێژ بکات، ئەم ڕێگەپێدانە ناڕاستەوخۆ بوو، بەڵام هێندە ڕوون بوو، تەنانەت ڕۆژنامەی "کیهان"ـیش نەیتوانی شتێک وەک دژایەتیی خامنەیی لەگەڵ وتووێژدا لەو قسانە هەڵکڕێنێ و باسەکە هەمان لێدانی قەوانە کۆنەکە بوو کە "نابێ فریوی پێکەنینیان بخۆن"، لە ڕاستیدا ئەمە ڕێنوێنییە و تێشووی ڕێی وتووێژکەرانە، نەک فەرمانێک بۆ نەکردن و ئیزننەدان. عەلی خامنەیی لە دۆخی نالەباری ئابووریی "ئێران" ئاگادارە و پێی وتراوە ئەمە دەتوانێ "پاژنەی ئاشیل"ـی دەسەڵات بێ، بۆیە دیسان نەرمیی نواند و ئەم جارەیان نەرمییەکەی "قارەمانانە"ش نەبوو و بگرە زۆریش کڵۆڵانەتر بوو لە چاو جاری پێشوو و لەوپەڕی بێدەسەڵاتییەوە سەرچاوەی دەگرت.

هێشتا زووە بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەتی نوێی ئەمریکا چیی لەم وتووێژانە دەوێ و خواستەکانی کامانەن، بەڵام ئەوەی ڕوونە یەکەمیان بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمە و بەدوای ئەویشدا سیاسەتی ناوچەیی و بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامییە،



سەرچاوە Serchawe

ئەمە بێگومان ئەو تەوەرە سەرەکییانە دەبن کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران دەیانهێنێتە بەر باس، لێ ڕوون نییە دەیهەوێ چ دارولەلەیەکیان بۆ دانێت. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تازە و چیی تر ئەو کۆماری ئیسلامییەی پێش لە حەوتی ئۆکتۆبر نییە، کۆی ڕووداوەکانی ئەم کەمتر لە دوو ساڵەش وەک نەمانی سەرۆککۆمار، بەڕێوەبردنی دەنگوەرگرتنێکی کەساد، لەنێوچوون و زەبرلێکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە هاوپەیمانەکانی و... کۆماری ئیسلامییان خستووەتە حاڵەت و مەوزەعی لاوازییەوە.

دەبێ چاوەڕوان بین بۆ ئەوەی بزانین ئەم خولە لە وتوویژ کە ئەگەری بەڕێوەچوونی زۆرە چیی لێ شین دەبێ، بەڵام ئەم ڕاستییە ببینین کە "ترامپ" ئەو کەسە نییە وا پێناسەیەکی سفر و سەدی بۆ دەکرێ. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێیانوابوو یان حەزیان دەکرد ئەو باوەڕە بڵاو بکەنەوە کە ئەمڕۆ ترامپ بێتە سەر کار، بۆ سبەینێی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ، کە هیواهەڵچنینێکی زۆر خەیاڵاوی و دوور لە ڕاستییە، لە بەرامبەریشدا بەشێک لە خوازیارانی وتوویژ لە دەوڵەتی پزشکیاندا ترامپیان وەک کەسێکی گونجاو بۆ معامەلە پێناسە کردووە، کە هیچ کام لەمانە ناتوانن ئەسڵی بابەتەکە بن. جارێ زووە بۆ لێکدانەوەی ڕەها لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ترامپ، چون هێشتا نازانین ئەولەویەتی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەدا چییە و پێش لە هەموو شتێک بەدوای چییەوەیە؛ بەڵام ئەوەی ڕوونە ویستی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا زۆر لەبەرچاو دەگیرێ.

بەدەر لەوەی ئاکامی ئەم وتووێژانە بە کوێ دەگەن، ئەوەی دەبێ بۆ خەڵکی ئێران گرنگ بێت و لە پێشەوەی هەموو ویستەکانیان بێ، پرسی ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، کە بێگومان گرنگییەکی کەمتریان هەیە لەم جۆرە وتووێژانەدا. ئەوەی دەبێ باوەڕی پێ بێنن ئەوەیە کە بەپێچەوانەی بانگەشەی ڕەوتی میدیای سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، پێویستە خەڵک بۆخۆیان چارەنووسی سیاسییان بەدەستەوە بگرن، چون لە ڕاستیدا گەر ئەو گوشارانەی وا چاوەڕێ دەکرێ بخرێنە سەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاواییەوە، تەنیا کۆماری ئیسلامی لاواز دەکەن، نەک ئەوەی پێمان وابێ سفرە و خوانێک دەڕازێنرێتەوە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە، ئو لە بەرامبەریشدا نابێ فریوی دەوڵەتی پزشکیان بخۆن کە وا دەنوێنن بە بەئاکامگەیاندنی وتوویژ و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوایی، دۆخی خەڵکی ئێران بەرەو باشترین حاڵەت دەگۆڕێ؛ کۆی ئەم دوو باوەڕە خەڵک لە ڕاستییەکان و چارەنووس بەدەستەوەگرتن دوور دەخاتەوە.

وەک دوایین وتە: ئەوەی وا بەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا مەندییەکی بەرچاو هەست پێکرا، بەشێک لە هۆکارەکەی بۆ ئەو چاولەدەستی و چاولەدەمییە دەگەڕاوە، کە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم هیوا کاڵانەوە تووشی خەڵکی ئەو وڵاتەیان کردبوو. بەخۆشییەوە خەڵکی کوردستان لەم دواییانەدا بە مانگرتنی بوێرانە و سەرکەوتووانەی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

خۆیـان ئەو مەنـدییەیان شڵەژاند و بـۆ چەنـدەمین جـار وانەی خەبـات و تێکۆشـان و ئەکتـی سیاسیی دروسـتیان بە هەمـوو خەڵکـی بەشـەکانی تـری ئێـران و ئۆپۆزیسیۆنی بێبەرنـامەی کۆمـاری ئیسلامی دا و بـۆ جـارێکی دیـکەش سـەلماندیان کە بـاوەڕبەخۆیی دەتـوانێ لە سـەرەوەی هەمـوو کردارێکـی سیاسیی دیـکە بـێ و لە هەمـان کـاتدا لە هەمـووان بەکەڵکتـر و بەسوودتریش بێت. بۆیە هیچ کام لەم بابەتانە نابێ گرنگیی گەڕانەوە بۆ ئیرادەی تـاک و کـۆمەڵ کـاڵ بکـاتەوە و مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا بێڵێتەوە، بەڵکوو دەبێ دەرفەتەکان بخولقێنرێن.

١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# "دەیەی فەجر"ی ڕێژیم و چوار دەیە زەجر و بەشمەینەتیی خەڵک





**عەلی بداغی**

لە ڕێبەندانی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکەش پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دوای ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی خۆی بە زەبری چەک و سەرکوت جێژن دەگرێت.

ئەوە کە جێگەوپێگەی کۆماری ئیسلامی و شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵات دوای ٤٦ ساڵ حوکمڕانیی بەسەر ئێراندا لە ئێستادا چەندە و چۆنە، هەمووان دەیزانین. ئەم پێودانگە لە بەشداریی یەکجار کەمی خەڵک لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی چەند ساڵی دوایی، لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و بەردەوامیی مانگرتنەکان و ناڕەزایەتییە مەدەنی و جەماوەرییەکان بە تەواوی دەرکەوتوە. ئەمەش کە ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا لەوپەڕی لاوازیی تەمەنی دەسەڵاتدارییدایە، شتێک نییە لە کەس شاراوە بێت. بۆیە ئەم کورتە وتارە کە بەبۆنەی هاتنەوەی "دەیەی بەناو فەجر" نووسراوە، تەنیا دەیەوێ چەند لایەنێکی حوکمڕانیی پڕ نەگبەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان بیر بێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە ڕێژیم سەبارەت بە سەرکوتی ئازادییە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بەتایبەت مافی کەمە نەتەوە و ئایینییەکان، و سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئاستی جیهانیدا ناوی لە لیستی ڕەشدا نەبێت. لە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی جیا لە نەتەوە و ئایینزای سەردەست، گەلان و ئایین و ئایینزاکان و هەروەها جۆراوجۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بە توندی سەرکوت کران؛ کە کوردستان لەو نێوەدا پشکی شێری لەو سەرکوت و هەڵاواردن و پەراوێزخستنانە پێ دەبڕێت. چاوخشاندنێک بەسەر ئاماری ئێعدامەکان، گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان، کۆڵبەرکوژی، پەرەنەسەندن و دۆخی ئابووری و ئاوەدانی لە کوردستان ئاماژەیەکی بچووک، بەڵام کارەساتبار بۆ قووڵایی سیاسەت و ستراتیژی و ڕوانگەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە ئێرانن.

بەدەر لەوە و لە ئاستی گشتیشدا سیاسەتەکانی ڕێژیم لەڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانەکان کردوە. لە سۆنگەی ئەو سیاسەت و قەیرانگەلەوە، هەروەها گەندەڵیی هەراو و بەربڵاوی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، هەژاریی بەربڵاو، بێکاریی هەوسارپچڕاو و کەلێنی چینایەتی و دەیان گرفتی ژیانەکی بەربینگی بە ژیانی خەڵک گرتوە. تەنیا ئاماژە بەوە بەسە کە نرخی هەر تاق دۆلار لە کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تەنیا ٧ تمەن بوو کە ئێستا لە ٨٣ هەزار تمەن تێپەڕیوە و ئەوە کە بایی تمەن وەک دراوی نیشتمانی ١١ هەزار هێندە دابەزیوە؛ فاکتێکی گەورە بۆ دارمانی وڵاتێکی وەکوو ئێران لە هەموو بوارەکان لە سایەی سەری کۆماری ئیسلامیدایە.

قەیرانی ژینگە وەک ویشکبوونی گۆل و ڕووبار و تاڵاوەکان، وەک تێداچوونی لێرەوار و دارستانەکان، وەک لەکەمیدانی سەرچاوە ئاوییەکان و پیسبوونی هەوا کە سەرجەم لە سۆنگەی سیاسەتە چەوت و ناکارامەییەکانی ڕێژیمەوە هەناسەی خەڵکیان سوار کردوە و وڵاتیان بەرەوڕووی گەورەترین هەڕەشە و مەترسییەکان کردۆتەوە. گەندەڵیی سیستماتیک لە سەرێ هەتا خوارێی دەزگای حوکمڕانی و، دەیان قەیرانی دیکەی وەک ڕاکردنی نوخبە و بژاردنەکانی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات، پەرەسەندنی قەیران و دیاردە کۆمەڵایەتییە زیانبارەکان، قەیرانی شوناس و کاڵبوونەوەی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی دیکە لە دیارییەکانی دیاردەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕێژیمێکی بێزراو، دژی بایەخە جیهانگرەکان و هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەسەندنی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ناوچە و هەموو جیهانە. تەریککەوتنەوەی دیپلۆماتیکی ڕێژیم، شکستی ستراتیژییە سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیم لە نەزمی سیاسیی نێودەوڵەتیدا، گەمارۆ و سزا قورسە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و، تەنانەت ئەوە کە پاسپۆرتی ئێران یەک لە

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

بێنرخترین پاسپۆڕتەکان لە ئاستی دنیادایە؛ چەند فاکتێک بۆ هەرەسهێنانی پێگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدایە.

بەڵام لەگەڵ هەمــوو ئەوانەشــدا ئێســتا لە ٤٦ ســاڵەی دەســەڵاتدارەتیی کۆمــاری ئیســلامیدا خەڵــک کۆڵیــان نەداوە و نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژ بەو ڕێژیمە لەوپەڕی خۆیدایە. خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام دژ بە سیاسەتەکانی ڕێژیم کە لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ساڵی ١٣٧٨ پێی نایە قۆناغێکی نوێ و لە نارەزایەتییەکان بە ساختەکاریی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨ گوڕوتینێکی جەماوەریی بەرینی وەرگرت و، لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨دا کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵکی ئێرانی بە تەواوی دەرخست، ئێستا ئیدی لە بزووتنەوەی ژینادا گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی و تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بەئامانج گرتوە. جیا لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران لە چەند مەتەرێزی دیکەشدا دەردەکەون، وەک: نافەرمانیی مەدەنی لە شێوازی جۆراوجۆری لادانی حیجابی زۆرەملێ، بەهێندنەگرتن و شکاندن و سووتاندن و دڕاندنی نماد و سیمبولە حکوومەتییەکان، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بەشدارینەکردن لە بۆنە و ڕێوڕەسمە حکوومەتییەکان و تێکۆشانی میدیایی و دیپلۆماسی لە دژی ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێبەندانێکی دیکە و لە ٤٦ ساڵەی حوکمڕانیی خۆیدا پتر لە هەر کاتێک لاواز بووە. کوشتن و ئێعدام و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناوی پاشەکشەی بە مافخوازیی خەڵک نەکردوە و نارەزایەتییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر کڵپە دەستێنن. ئەگەرچی ڕێوڕەچەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بێ تەنگ و چەڵەمەش نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە خەبات و تێکۆشان لەو پێناوەدا بەردەوامن و لە کۆتاییدا بە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و گرفتەکاندا تۆماری ئەم ڕێژیمە بە یەکجاری دەپێچنەوە.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## د. ئازاد محەممەدیانی: ناوەند نەیویستوە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکات



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

**گرنگترین هەنگاوی بنەڕەتی بۆ ئازادبوونی نەتەوەکانی ژێردەستە لە زوڵم و ژێردەستەیی، دەتوانین ئاماژە بە دەوڵەت ـ نەتەوەسازی بکەین، چونکە نەتەوەسازی دەتوانێت یارمەتی بە پتەوبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگە، پەرەسەندنی بیرۆکەی هاوبەش و چوونەسەرەوەی هاواهەنگیی کۆمەڵایەتی و جیهانی بکات و لە ئەنجامدا ئەو ڕەوتە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی، پەرەسەندنی یەکانگیریی و هاوپێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و دروستکردنی هەستی بەستراوەیی و بەشداریی لە کاروباری گشتی، ڕێگە بۆ ئامانجی گەورەتر کە هەمان ئازادبوون لە ژێردەستەیی و کۆتایی زوڵم و ستەم خۆش دەکات. لە درێژەی ئەم وتووێژەدا پرسیارگەلێک وەکوو؛ نەتەوەسازی چییە؟ مێژووی دەوڵەت، نەتەوەسازی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟ کوردستان لەو بوارەوە چ پرۆسەیەکی تێپەڕاندووە؟ ئایا لە کوردستاندا نەتەوەسازی جێ کەوتووە؟**

**دەخەینە بەرباس و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وتووێژێکمان لەگەڵ دوکتور ئازاد محەممەدیانی، شرۆڤەکاری سیاسی ڕێک خستووە.**

**شەهرام سوبحانی**: کاک ئازاد سپاس لەوەی ئەو بانگهێشتەی ئێمەت قبووڵ کرد، سەرەتای وتووێژەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین کە نەتەوەسازی چییە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: نەتەوەسازی (Nation-Building) پرۆسەیەکە کە گرووپێک لە مرۆڤەکان بە مێژوو، کەلتوور، زمان و شوناسی هاوبەشەوە وەکوو نەتەوە پێناسە دەکرێن و هەوڵ دەدەن تاکوو ئەو نەتەوە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆ یان یەکپارچەدا بیچم بگرێت. لە ڕاستیدا پرۆسەی نەتەوەسازی کۆمەڵە هەوڵ، کردەوە و کارتێکرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە ئامانجی دروستکردنی شوناسێکی هاوبەشی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لەسەر خاکێکدایە. ئەو پرۆسە دەتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی و بەردەوام وەکوو ئاڵوگۆڕی مێژووی ئورووپا کە لە کۆتاییدا چەندین دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی تێدا دەردێت یان بەشێوەی بەرنامە دارێژراو و بە زۆر وەکوو وڵاتانێک وەکوو تورکیە، یەکیەتیی سۆڤیەت، چین و ئێران ڕوو بدات. بنچینەی دەوڵەت . نەتەوەسازی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێککەوتننامەی ڤێستافالیا کە لەنێوان سەددەکانی حەڤدەهەمدا لەنێوان وڵاتانی تووشبوو بە شەڕەکانی سی و هەشتاساڵەی ئورووپا و لە کۆتاییدا بووە هۆی کۆتایی شەڕ و بیچمگرتنی پێکهاتەیەکی نوێی نێونەتەوەیی و دووبارە پێناسەکردنەوەی تێگەیشتنی دەسەڵاتداری و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی. بەڵام پرۆسەی ئەمڕۆیی نەتەوەسازی زیاتر بۆ کۆتاییەکانی سەدەی١٨و دوای شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی١٧٨٩ و ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی ١٩ی ئورووپا دەگەڕێتەوە. لەنێوان هەر دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، داوێنی ئەو شەڕانە بۆ وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی کێشرا و وڵاتانێکی زۆر لە ڕێگەی نەتەوەسازییەوە هەنگاویان نا. دوایین نموونەی ئاڵوگۆڕەکانی نەتەوەگەراییانە، دەوڵەتانی تازە سەربەخۆبووی دوای شەڕی سارد و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. لە ڕاستیدا چەمکی نەتەوەسازی زیاتر بە بابەتی دەوڵەتەوە گرێ دراوە، مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی ئورووپا لە دوای ڤێستافالیا کە بووە هۆی دروستبوون یان دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و پێکهاتەی نوێی نێونەتەوەیی. بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەگشتی لە ئورووپادا بیچمی گرت بەو واتایە کە دەوڵەتان شوناسی وەکوو یەکیان هەیە، نموونەکانی وڵاتانێک کە پێکهاتەی چەند نەتەوەیین بە شێوەی ئاشتییانە دروست بوونە کە سویس و بێلژیک لە یەکیەتیی ئورووپا نموونەی هەرە بەرچاویەتی.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستان لەو بوارەوە چ پرۆسەیەکی تێپەڕاندووە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: هەروا کە ئاماژەی پێ کرا نەتەوەسازی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتییە کە بە تێپەڕبوونی کات پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویی لەسەر پایەی بابەتگەلێک وەکوو زمان، خاک، کولتوور و ئوستووره هاوبەشەکان دروست بووە، بەو واتایە کە دەتوانین بڵێین نەتەوەسازی پرۆسەیەکی سروشتییە کە بە درێژایی مێژوو ڕوو دەدات. ئەو ڕەوتە کە بە شێوەی سروشتی لە بەهێز بووندایە و ڕوانگەیەکی شوناسسازی لە بیرۆکەی بژاردەکان "مرجع" کورد دەتوانێت ئەو ڕەوتە خێراتر بکات یان پێکی بێنێت بەڵام لە ئێستادا دەتوانین بپرسین کە مەبەست لە بژاردە چییە؟ لە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی چەندقات بە بلیمەتەکانی کۆمەڵگەی داسەپاو کە بەرپرسی بەڕێوەبردن و ڕێنوێنی کۆمەڵگەن دەتوانێت بژاردە بێت کە لە سەرەوەی جۆری ئەوانە دەوڵەتەکانن، ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو حیزب و گرووپی سیاسی بە ئامانجگرتنی ئەو بابەتە گرنگە دەتوانن هەستی هاوبەشی هەمەلایەنە بەهێز بکەن کە بە نەتەوەیەک پێناسە دەکرێت. ئەگەرچی لەسەر ئەو باوەڕەم نەتەوەسازی پرۆسەیەکی سروشتی‌یە کە دەبێت لە تێپەڕبوونی کاتدا ڕوو بدات بەڵام نابێت ڕۆڵی بژاردەکان لەو پرۆسەدا لە بەرچاو نەگرین. هەر بەو پێیە ڕۆڵی حیزبەکان و ڕەوتی سیاسی کوردی، بژاردەکان و تەنانەت ناوەندە ئایینی و بژاردە ئایینییەکانیش لە کێشانەوەی نەخشە ڕێگای تەواوکەری ئەو پرۆسەدا جێگای سەرنجە. لە کوردستان کە جۆراوجۆری ئایینی، سیاسی و تەنانەت شەڕەدەندووکی زمانیی بوونی هەیە، بە فەرمی‌ناسین و قبووڵکردنی ئەو جۆراوجۆرییانە و هاوبەشیکردن لە بەرامبەر ئەو جیاوازییانە لە هەستی نەتەوەیی، هەستی هاوبەشیی نیشتمانی بەهێز دەکات. ڕێوڕەسمەکان و بۆنە ئایینییەکان کە هێماکانی نەتەوەیین کە ملکی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کوردستانە، دەتوانێت هۆکاری بەهێزی ئەو هەستە هاوبەشە بێت. لە ڕاستیدا ئەرکی بژاردەکان ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکانە بەپێی وێژمانی نەتەوەیی کە ئەوەیش دەبێتە هۆی تەواوکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا نەتەوەسازی لەنێو کورددا جێ کەوتووە؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: لە نەبوونی بژاردە فەرمییەکان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕووداوێک خەریکە ڕوو دەدات کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوبەش لەنێوان کوردەکان بەتایبەت لە کوردستانی ئێران. ڕەوتی نەتەوەسازی لە کوردستانی ئێران بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەوە ڕووداوگەلێک خەریکە ڕوو دەدەن. لە ڕاستیدا پرۆسەی نەتەوەسازی بە شێوەی زۆرەملێ یان لە سەرەوە و لە چوارچێوەی پرۆژەدا و لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە نەبوونی وەها دەوڵەتێکدا کۆمەڵگەی کوردی بە دوو شێوە بەرەو گەشەسەندنی ڕەوتی نەتەوەسازییەوە دەچێت، یەکەمیان لە بەرامبەر وێژمانگەلێک کە لەسەر دژایەتیکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد خووی گرتووە و ڕۆژانە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو شوناسە سەربەخۆیە دەکات بۆ مانەوەی خۆیان. دووهەمیان بە کەڵکوەرگرتن لە بەهێزکردنی هەستی هاوبەش لە ڕێگەی هێما و کەرەستەگەلێک کە لەنێو مێژووی هاوبەش، ئەدەبیات و ئوستوورەکانی نەتەوەییدا ڕیشەی داکوتاوە، خەریکە خۆی

دەنوێنێت. هەر بۆیە لە کوردستاندا نەتەوەسازی وەکوو پرۆسەیەکی سروشتی خەریکە خۆی دەردەخات و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکاندا دروست دەکات، بەڵام بۆ بیچمگرتنی ئەو هەستە دەروونییە ڕێگایەکی دوور و درێژ لە پێشدایە چونکە زیاتر ئەو هەستە هاوبەشە هەمەلایەنەیە وێنەی زنجیرێک پێکەوە گرێ دراون وەکوو چەمک و کەرەستەی نەتەوەیی لەلایەن بژاردەکانەوە شرۆڤە و شی دەکرێتەوە، پێویستە. تەنانەت بزووتنەوەی ئازادسازیی کورد بۆ هەموو جۆراوجۆرییەک لە چوارچێوەی وێژمانی نەتەوەیی خەباتی خۆیدا بوونی هەیە دەبێت پێکەوە گرێیان بدات. ڕێوڕەسمی ئابووری بۆ ژێردەستان، پێکهاتەی چینایەتی و توێژبەندیکراوی لەبار بۆ سازکردنی نەتەوەیی لە کوردستاندا بێتەدی. لە ڕاستیدا پێکەوەبییەکی سەرتاسەری نێوان ناوەندەکان، بژاردەکان و کەسانی خاوەن وێژمانی ناسیۆنالیزمی پێویستە هەتا کۆمەڵگە بەرەو ڕێگەی تەواوکەری پرۆسەی نەتەوەسازی ڕێنوێنی بکەن و هەڵبەت ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێشدایە. لە دۆخی هەنووکەیی جیهاندا و پێشکەوتنە بەرچاوەکانی مرۆڤ لە بواری ڕاگەیاندن و فەزای سایبێری وەرزی کۆتایی بە سەر گێڕانەوەکاندا هاتووە، گێڕانەوەهایەک کە تەنیا دەوڵەتەکان و خاوەن هێزەکانی نیشان دەدات لە کاتێکدا فەزای نوێ ئەو هەلەی بۆ جۆراوجۆرییەکان پێکهێناوە تاکوو گێڕانەوەیان لە شوناسی خۆیان هەبێت، پێناسەیەک کە پێشتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بەهێزی دەسەڵاتدار یان حکوومەتی ناوەندییەوە باس لە شوناسی کوردەکانەوە دەکرا، بەڵام لە ئێستادا کوردەکان خۆیان شوناسی خۆیان نیشان دەدەن و شرۆڤەکاری تایبەتمەندییە جیاوازییە کەلتووری، مێژوویی و دەروونییەکانی خۆیانن بۆیە ئەو فەزا بەستێنێکی لەبارە بۆ کوردەکان تاکوو پێناسەیەکی وردی خۆیان لە چوارچێوەی تەواوکردنی ڕەوتی نەتەوەسازی نیشان بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: نەتەوەسازی چ دەرهاویشتەیەکی لەسەر ڕوانگەی جیاوازی کۆمەڵگەوە دەبێت؟

**د. نازاد محەممەدیانی**: نەتەوەسازی ڕەوتێکی چەند لایەنەیە کە دەتوانێت دەرهاویشتەی بەربڵاوی بە سەر کۆمەڵگەدا هەبێت، ئەو دەرهاویشتانە دەتوانێت ئەرێنی یان نەرێنی بێت، نەتەوەسازییەک کە ڕەوتی سروشتی خۆی تێپەڕێنێت و لە ماوەی پرۆسەی مێژوویی و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویان داوە کە خاوەنی کەمترین دەرهاویشتەی نەرێنییە، بە جۆرێک کە کۆمەڵگە لە ڕەوتی پرۆسیەکی ئەزموون و هەڵەدا دەگەنە خاڵێک هەستی هاوبەشی گشتی و هەستی دەروونیی هاوپێوەندی و بەستراوەیی نێوان هەموو لایەکی کۆمەڵگە پێک دێنێت. ڕەوتێک کە ئورووپا وەکوو نموونەی دیاری نەتەوەسازی سروشتیە، ڕاستە کە شۆڕشە نەتەوەییەکانی لە سەدەی هەژدەدا خۆی خاوەنی چەندین دەرهاویشتەی وەکوو پەراوێزخستنی جیاوازییە قەومییەکان بوو و کەلێنی قەومی لەنێو کۆمەڵگە تایبەتەکان لە وڵاتگەلێک کە لە بواری قەومییەوە نالێکچوو بوون چالاکی نواند، بەڵام لە کۆتاییدا تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بووە هۆی سەقامگیریی دێموکراتیک، جۆرێک لە سەقامگیریی کە ڕوویەکی دیکەی دەوڵەتی نەتەوەیی یان دێموکراسی پێکهێنا، بۆیە نەتەوەگەرایی یان

نەتەوەسازی لە ئورووپادا ڕێخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی نەتەوەیی. جێگای باسە لە وڵاتێکدا ئەو ڕەوتە سروشتییە بیچمنەگرێت، ئەوا دەرهاویشتەی نەرێنی زیاتری بە دواوەیە بە جۆرێک کە ئەو شێوە لە ڕێگەی زۆرەملێوە تێدەپەڕێت و ئەو زۆرەملێیە هۆکاری سڕینەوەی جیاوازییەکان و لەبەرچاونەگرتنی جیاوازییە زمانی و قەومییەکان لەو یەکە سیاسی، کۆمەڵایەتییەیە. لە دەرهاویشتەی ئەرێنی نەتەوەسازیدا دەتوانین بە دروستکردن و بەردەوامیی شوناسی کولتووری هاوبەش، پەرەسەندنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی ناوەندگەلێک کە بتوانن لە کۆتاییدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکەن، هەستی شانازیی نەتەوەیی و پێگە و قورسایی نێونەتەوەیی و ... ئاماژە بکەین.

**شەهرام سوبحانی:** ڕۆڵی حیزبەکانی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. ئازاد محەممەدیانی:** حیزبە سیاسییەکانی کورد کە زۆربەیان لە ڕاستای خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کوردەکان تێدەکۆشن و دامەزراون، ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا دەگێڕن، حیزبەکان کە لە ئەسڵدا وێژمانیان لەسەر ڕاستای بواری شوناسی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت، شوێندانەریەکی زۆریان لە تەواوکردنی ئەو پرۆسەدا هەیە، ئەو حیزبانە، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەمان ڕۆژە سەرەتاییەکانی دامەزرانیەوە، بە دروستکردنی ناوەندی جۆراوجۆر بۆ خزمەت بە بیچمگرتنی وێژمانی نەتەوەیی و پرۆسەی نەتەوەسازی هەنگاوی هەڵهێناوە، ناوەندی پەروەردە کە لەسەر زمانی کوردی دامەزراوە یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی ئەو حیزبەیە بۆ پاراستنی شوناسی جیاوازی کورد لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دواتر نەتەوەسازیی ئێرانی بە دوای پشتگوێخستن و یەکسانسازی جیاوازییەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت کوردەکانەوە بوو. حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە کە تەنانەت ئەوانەش نەتەوەیی نەبوون بەڵام بەهۆی ئەوەی مافی نەتەوەی کورد بووە بەشێک لە بەرنامەکانیان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەمەڕ بەهێزکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی کوردەکان و خۆشکردنی ڕێگەی دژواری نەتەوەسازی بوو. پەرەپێدانی زمانی کوردی، پێداگریی لەسەر کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی کوردی وەکوو جلوبەرگی هێزی نیزامیی کوردەکان یانی "پێشمەرگە"، جەختکردنەوە لەسەر بەڕێوەبردنی جێژنی "نەورۆز" وەکوو جێژنی نەتەوەیی کورد و کەڵکوەرگرتن لە ئوستوورە مێژووییەکان بۆ ڕوونکاریی ئەو جێژنە، بەرزڕاگرتنی ئەدەبیاتی کوردی وەکوو بەشێکی دانەبڕاوە و شوێندانەر و جیاوازیی کولتووری کوردی لە بەرامبەر وێژمانی دوژمنکارانە و هەوڵەکانی دیکە کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا کاری بۆ کراوە یارمەتییەکی بەرچاوی بە هەستی دەروونی هاوبەشی نێوان کوردەکان داوە لە کۆتاییدا دەتوانێت پرۆسەی نەتەوەسازی تەواو بە ئاکام بگەیەنێت. بەڵام سەرەڕای شوێندانەریی ئەرێنی کە حیزبە کوردییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی بوویانە دەتوانین ڕێژەی زۆریی حیزبەکانی کوردستانیش وەکوو مەترسییەک بۆ هۆکاری بیچمنەگرتنی وێژمانی هاوبەشی کوردەکان لە بەرامبەر وێژمانی دوژمنکارانە ئاماژە پێ بکەین. بەو پێیە لە ماوەی ساڵانێکی زۆردا، ململانێ و دووبەرەکی نێوان حیزبەکان هۆکاری لاوازیی



سەرچاوە
Serchawe

کردەیی کوردەکان لە بەرامبەر دوژمن کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ کوردەکان لەسەر شوناسخوازی دەست پێکردووە، دوژمنایەتی نێوان کوردەکان و حکوومەتی ناوەندی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوژمنان نەیانویستووە شوناسی جیاوازی کورد لەسەر پێناسەیەک کە کوردەکان لە شوناسی خۆیان هەیانە، قبووڵ بکەن. کە هەڵبەت ناکۆکییەکانی حیزبەکان هۆی لاوازیی وێژمان و کزیی لە کردەوەی سیاسی لە بەرامبەر دوژمندا بووە. بوونی حیزبەکان لە دۆخێکی ئاسایی لە دەوڵەتێکدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستیی دەروونیی هاوبەش لەنێوان هاووڵاتیان ئەویش بەهۆی بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکاندا. بەڵام لە دۆخی ئێستای کوردەکان کە لە کاتی خەباتدان بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی و تەواوکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی بۆ ڕێگریکردن لە تواندنەوە و سڕینەوەیان، دەتوانێت زیانبەخش بێت، کە چارەی ئەو کێشەیە بیچمگرتنی وێژمانی هاوبەشی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردەکانە کە بەرامبەر ئەویتری دەرەوەی خۆیان، بابەتێک کە سەردەمانێکە لەلایەن بژاردەکانی کوردەوە پشتگوێ خراوە تاکوو ئێستا نیشانەیەک لە بەدیهاتنیان بەدینەکراوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕێگە جیاوازەکانی نەتەوەسازی کامانەن؟ و ئێوە وەکوو کارناسێکی سیاسیی چ ڕێگەگەلێک بۆ نەتەوەسازی پێشنیار دەکەن؟

**د. ئازاد محەممەدیانی**: هەڵبەتە لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەمان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێگەکانی کرد بەڵام بەگشتی دەتوانین دوو ڕێگە بۆ ئەو پرۆسەیە باس بکەین؛ یەکەمیان: شێوەی سروشتییە کە لە ڕەوتێکی مێژوویی و لەسەر هەڵکشان و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵاتییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی توانایی کۆمەڵگە و ڕۆڵگێڕیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانن درێژ یان کورت بێت، ڕوو بدات، وەکوو ئەوەی لە ئوورووپای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ڕووی دا. ئەو ڕەوتە زیاتر بە پەرەگرتنی ئابووری و سیاسی کۆتایی دێت چونکە لە ڕاستیدا دەوڵەتە نەتەوەییەکان پێک دێت کە بەرهەمی گشتیی پێکەوە هەڵکردنی هێزەکان و چینەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە و بەشداریی ئەوان لەو خاڵەدا ئەرێنی و بەجێیە، دووهەم: نەتەوەسازی زۆرەملێ بەپێی ئەساسی پرۆژەیەکی دیاریکراو، دەوڵەتێک بۆ بەهێزکردنی هەستی دەروونیی هۆگربوون بە خاکێکی تایبەت کۆمەڵ هەوڵێکە کە بەڕێوە دەبات، کە زۆربەیان بە جیاوازیی زمانێک لە جیاوازیی زمانەکانی دیکە، کەلتوورە جیاوازەکان یان شوناسی قەومی لە بەرامبەر شوناسی دیکەدا کۆتایی پێ دێت، لە نەبوونی جێبەجێکردنی پرۆژەی نەتەوەسازی جیاوازییەکانی دیکە یان بە زۆر دەسڕێنەوە یان خواست و تایبەتمەندییەکانیان لەبەرچاو ناگیردرێت و لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵ دەدرێت بیانتوێننەوە، ئێرانی سەردەمی پاڵەوی نموونەیەکی بەرچاوی ئەو نەتەوەسازییەیە. بە سەرتر نیشاندانی زمانی فارسی و نیشاندانی ئێرانێکی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا فەرمییەتی پێ درا و ئەوانی دیکە یان مەحکووم بە لە نێوچوون یان ناچار بە قبووڵکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو کەلتوورە بوون، چوارچێوە و بنەڕەتی ئەو بیرۆکەیە ئەو پرۆژە بوو. لە ڕاستیدا پرۆسەی نەتەوەسازی لە کوردستاندا لە سەردەمێکی هەستیاردایە بەو واتایە کە ئەو

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

**ڕەوتە لە مێژە بە هاناوەهاتنی لە ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان و گۆڕانێک لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویان داوە، دەستی پێکردووە و هەمیش هێزە سیاسییەکانی کورد و هەم کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لەو بوارە تێگەیشتوون کە پێناسەی شوناسی جیاواز کە ناوی کوردە "نەتەوە"یە، پێداگریی لەسەر بابەتگەلی جیاواز ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایە و ئەو ڕەوتە دەتوانێت ئەرێنی و بەجێ بێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم نەتەوە لە سەروبەندی هەڵبژاردنێکی گرنگ و مێژوویدایە کە ئایا قبووڵ دەکات وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەقامگیرەکان درێژە بە ژیانی سیاسی بدات یان بە ڕێگەی دەوڵەت - نەتەوەی کوردییەوە بەرەو پێش بڕوات؟ لە هەر حاڵەتێکدا هەرکام لەو بژاردانە هی کورد بن، بژاردە کۆمەڵایەتییەکان، کەلتووری و سیاسی و هەروەها حیزبە سیاسییەکان دەبێت لەسەر خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکان و بابەتە نەتەوەسازییەکان جەخت بکەنەوە و لە بیچمگرتن بە ڕۆحی گشتی و هەمەلایەنە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی گشتیی نەتەوەیی پێداگریی دەکات و ناوەندی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامانجانە بنیات بنێن و بەو شێوەیە دەتوانێت یارمەتی بە بەهێزکردنی کۆمەڵگە بکات و لە کۆتاییدا لە دوای ماوەیەک پرۆسەی ئەو ڕەوتە بەتەواوەتی بە ئامانجی خۆی دەگات.**

**شەهرام سوبحانی: کاک ئازاد سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژە**

**د. ئازاد محەممەدیانی: تکایە.**

**١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٧ (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)




**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی حەڤدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)تان پێ ڕادەگەیەنین.**

ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی (بەرانبەر بە ٣ی فێورییەی ٢٠٢٥ی زایینی)، بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە (ئەندامانی ڕێبەری، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان)، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا کارەکانی خۆی دەست پێ کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

لە سەرەتای ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا و دوای خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، پەیامی کردنەوەی کۆنگرە، لە لایەن بەڕێز کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

بەڕێز عەزیزی لە پەیامەکەیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە قۆناغەکانی "دوێنێ" و "ئەمڕۆ"ی حیزبی دێموکرات و دووره دیمەنەکانی ئەم حیزبە لە "سبەینێ"ی خەبات و تێکۆشانیدا، باسی لە پرس و بایەخی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و یەکگری و یەکگرتنەوەی بە ویستی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب زانی. وتەبێژی حیزب لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا بە ئاماژەدان بە زەروورەتی بەخۆداچوونەوە و دەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکوورییەکانی ڕابردوو، پێداگریی لەسەر ئەرکی ئەندامانی حیزب و چالاکانی نێوخۆی وڵاتی لە هێنانەئارای ئیدە و داهێنانی نوێ، پاراستنی یەکریزی و بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتدا کرد. کاک خالید عەزیزی لە کۆتایی پەیامەکەیدا بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە دۆخی پڕ لە قەیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێداگری لەسەر خۆئامادەکردنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئەندامانی حیزبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەر و سێناریۆکانی پێش و پاش ڕووخانی ڕێژیم وەک ئەرک و زەروورەتێکی ئێستای خەبات کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی کۆنگرەدا ڕاپۆرتی هەیئەتی ئامادەکردنی کۆنگرە لە لایەن بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی هەیئەتی ئامادەکردنی کۆنگرە پێشکەش بە بەشدارانی کۆنگرە کرا. بەڕێز کەریمی لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا بە ئاماژەدان بە هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆنگرە و ئەو دۆخە ئەمنیەتییەی دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بەسەر حیزبی دێموکراتدا سەپا، بە وردی باسی لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکانی کۆنگرە و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە و پرۆسەی بە ئەنجامگەیاندنی کاروباری کۆنگرە کرد.

بە دوای پێشکەشکرانی ڕاپۆرتی هەیئەتی ئامادەکردنی کۆنگرە و وەرگرتنی دەنگی متمانەی ئەندامانی کۆنگرە بۆ ڕەواییدان بە کۆنگرە، کورتەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب لە لایەن بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا. کاک مستەفا هیجری لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە بەشدارانی کۆنگرە و گرینگیدان بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەسەر ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزب، پوختەیەک لە ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزبی پێشکەش کرد.



سەرچاوە
Serchawe

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەم ڕاپۆرتەدا بە ئاوڕدانەوە لە بەئاکام گەیشتنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، توانا و زەرفییەتەکانی ئەم بزووتنەوە و وێناکردنی دوورەدیمەنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیشکی خستەسەر سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڕێزیان بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای ۷ی ئۆکتۆبری ۲۰۲۳ و شکستی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، باسی لە دۆخی ڕێژیم لەئاستی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و نێوخۆی وڵاتدا کرد.

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب تەرخان کرابوو بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خەباتی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان و لەو بەشەدا؛ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی، یەکگرتوویی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، پەرەگرتنی خەباتی مەدەنی و جەماوەری و بەرجەستەبوونی ڕۆڵی ژنان و لاوان، بە تایبەتمەندییەکانی خەباتی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان ناودێر کران.

کاک مستەفا هیجری لە کۆتایی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب بۆ کۆنگرە باسی لە ڕوانین و نەخشەڕێی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێرانی داهاتوو کرد و لەم پەیوەندییەدا؛ بەردەوامبوون لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ و، هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێبەریی داهاتووی حیزب زانی.

دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب، نۆرە گەیشتە قسە و باسی ئەندامانی کۆنگرە لەسەر خاڵ و بەندەکانی تایبەت بە بڕیارەکانی کۆنگرە کە لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیکدا ئەندامانی کۆنگرە ڕا و بۆچوون و پێشنیارەکانیان بۆ پەسندکردن هێنایە بەر باس.

هەر لەم بەشە لە کارەکانی کۆنگرەی ۱۷ی حیزب (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)دا بە دەنگی متمانەی ئەندامانی کۆنگرە ڕاپۆرتی سیاسی، بڕیارنامە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دیکەی کۆنگرە کە بەپێی ڕێکەوتنی هەر دوو لایەنی دێموکرات ڕێککەوتنیان لەسەر کرابوو، وەک بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پەسەند کران.

دوابەشی کاری کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی بوو کە ئەم بەشەش لە کاری کۆنگرە لە ڕەوتی ڕقابەتێکی سالم و دێموکراتدا سەرکەوتووانە گەیشتە ئەنجام.



سەرچاوە
Serchawe

رێبەندانی ٢٧٢٤

**ئۆگران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

بێگومان دواکەوتنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە خۆشییەوە ناوی "یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"ی لێ نرا و دەکرێ وەک جێبەجێبوونی یەکێک لە سەرەکیترین بەندەکانی ڕێککەوتنی نێوان دێموکراتەکان سەیری بکرێ، دڵنیگەرانیی بۆ زۆر کەس و لایەن، بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەمان درووست کردبوو. ئێستا کە بە خۆشییەوە بە ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی بە سەر کەند و کۆسپەکانی بەردەم گرتنی کۆنگرەدا زاڵ بێ و نیگەرانیی خەڵک و ئەندامان و لایەنگرانی بڕەوێنێتەوە، بەپێی سروشتی کۆنگرەکە و دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی کورد و گۆڕانکارییەکان لە ئێران، قۆناغێکی پڕ لە ئەرک و تێکۆشانمان لە پێشە.

کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان) بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە، پیرۆزبایی لە سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات و هەموو ڕیزەکانی حیزب و سەرجەم دۆستان و دڵسۆزانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستان بە گشتی بۆ پشتیوانی لە ڕێبەریی حیزب لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، بانگهێشت دەکا.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٤ی فێورییەی ٢٠٢٥

١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# بەڕێوەچوونی یەکەم پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکرات (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)




یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان) ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی ڕێبەندان (٦ - ٢ - ٢٠٢٥ی زایینی) بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیە هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیی حیزب، هەڵسەنگاندنی کاروباری کۆنگرە و دیاریکردنی گرنگترین ئەولەوییەت و کارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێی خستبووە دەستووری کاری خۆیەوە.

لە بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاک مستەفا هیجری بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا. کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم وتاری دوای هەڵبژێرانیدا بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرە، پیرۆزبایی لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و تێکڕای خەڵکی کوردستان کرد و ڕێز و پێزانینی خۆی و ڕێبەریی حیزبی بەو بەڕێزانە ڕاگەیاند کە بەوپەڕی دڵسۆزی و ماندوویینەناسی بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەم کۆنگرەیە، ئەرکیان گرتبووە ئەستۆ. هەروەها لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەوە سپاس و پێزانینی ڕێبەریی نوێی حیزبی دێموکراتی پێشکێش بە ئەندامی ڕێبەریی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

پێشووی حیزبی دێموکرات کرد کە لە ماوەی بەرپرسایەتییاندا ماندوویی‌نەناسانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان و لە هەمووان گرینگتر بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە بە هەموو توانا و ئەرکوەخۆگرییەوە تێکۆشان.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەی ناوەندی وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان، دۆستان، هۆگران و پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە لەژێر تیشکی ڕێنوێنیی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و بە ئیلهاموەرگرتن لە ناوی کۆنگرە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی و بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێلگیرانە تێدەکۆشێت. بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی هەرچی زیاتر بەهێزکردنی یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزب و خوێندنەوەی هەموو توانا و زەرفییەتەکانی نێو حیزب، بە بایەخدان بە پێویستیی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و بەردەوامیی تێکۆشان بۆ ئەو ئامانجە؛ یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو خەباتێکی نەتەوایەتیی هەمەلانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا دەکاتە ئەولەوییەتی کار و بەرنامەکانی خۆی.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٨ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی


٦ - ٢ - ٢٠٢٥ی زایینی

١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئیسڕائیل دوای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترامپ دەبێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئامادە بێ



ئورشەلیم پۆست – یاکوب ناگل

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

هاتنەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی نیشانەی سەردەمێکی نوێ لە واشینگتۆنە و، هیوای نوێ بۆ گەشەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسڕائیل دروست دەکات.

یەکەمین، گرینگترین و یەکلاکەرەوەترین پرس دەبێ شەڕی هاوبەش و لێبڕاوانە دژی بەرنامەی ناوکی ئێران، ئاکارە ناوچەییەکانی ئەو ڕێژیمە و پشتگیرییەکەی لە ڕێکخراوی تێرۆریستی لە سەرانسەری ناوچەکە بێ.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕافائێل گروسی، سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی، باسی ئەگەری هێرش بۆ سەر دامەزراوە

ناوکییەکانی ئێرانی کرد. ئەو گوتی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ چالاکییە ناوکییەکانی، دەبێ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بگاتە لیک تێگەیشتن تا بتوانێ پێش بە بەرەوڕووبوونەوەیەکی دیکەی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بگیرێت. ئەوە هەڵوێستێکی فرە هەڵە و مەترسیدارە، بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ناسکی ئێران لە ئێستادا: هەرسهێنانی پلانی دروست کردنی "ئاڵقەیەکی ئاگر" بە دەوری ئیسرائیلەوە، زەرەری بەرچاو لە سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییە ستراتیژیکەکەی، تواناییەکانی بۆ بەرهەمهێنانی هاژەک و تێکڕمانی ئابوورییەکەی کە هەر ئێستا لەئارا دان.

سەرەڕای ئەو ئالنگارییانە، خامنەیی درێژە بە بەرەوپێش بردنی پیلانە بەرزەفڕانەکەی، واتە لەنێو بردنی ئیسرائیل، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی ئاسایی لە ژێر "چەتری ناوکی" تا ٢٠٤٠ دەدا، وەکوو لە کاتژمێرەکەی مەیدانی فەلەستین لە تاران دیار بوو کە پاشماوەی کاتی جێبەجێ بوونی ئەو ڕووادوەی پیشان دەدا.

کاتێک سەرۆک کۆمار بایدن هەڵبژێردرا، نزیکەی چوار ساڵ پێش ئێستا، ئەو ڕایگەیاند کە بە تەمای دەستپێکردنەوەی دانووستان لەگەڵ ئێرانە. ڕاوێژکارەکانی تەنانەت ڕەشنووسێکیان ئامادە کرد کە لەوێدا باسی گەڕانەوەی خێرا بۆ ڕێککەوتنە پڕ لە کەموکوڕییە ناوکییەکەی ٢٠١٥ (بەرجام) کرابوو. سروشتییە کە ئیسرائیل لەبەر ئەو هەڵوێستە گەلێک نیگەران بوو، چونکە ڕێککەوتنەکە کە ترامپ ژێرانە لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە، ڕێگایەکی مەترسیدار و زەمانەتی گەیشتن بە چەکی ناوکیی پێشکەشی ئێران دەکرد.

بە خۆشییەوە، بۆ ئیسرائیل و باقی دنیا، ئێران هەستی بە دەسەڵاتێکی هێندە مەزن دژی بەڕێوەبەرایەتی لاواز و دوو دڵی بایدن دەکرد، کە خێرا مەبەستە ڕاستەقینەکەی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە بە چەند شێوازی جیاواز پیشان دا، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک وەڵامی بایدن یان ئورووپا بداتەوە، بێجگە لە چەند لێدوانی لاواز کە هیچ کردەوەیەکی بەدواوە نەبوو.

## نابێ دووپات بکرێتەوە

ئێستا ئیسرائیل دەبێ یەکگرتوو بێ و شیی بکاتەوە بۆچی تەنانەت بیرکردنەوە لە دانووستان لەگەڵ ئێران لە ڕادە بەدەر مەترسیدارە. ئەوە یەکلاکەرەوەیە کە ئەو پەیامە لە لایەن هاوبەشانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، واژۆکەرانی ڕێککەوتنی ئیبراهیم، عەرەبستانی سعوودی و هەموو ئەوانەی بە شێوەی هاوبەش نیگەرانی ئێران و خولیا ناوکییەکاننی، دووپات بکرێتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕابردوو دا ئەو نیگەرانییەی پاشگوێ خست، ئێستا فرە گرینگە ئەو کارە دووپات نەبێتەوە.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

چالاکییە دوژمنکارانەکانی ئێران دوای هەڵبژێرانی بایدن بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان ئەستاند (نەوەک دوای کشانەوەی ترامپ، کە زۆر لایەن بەهەڵە وا بیر دەکەنەوە).

لە هەڵبژێرانی بایدن بەدواوە، ڕێژیم هەڕەشە و گوڕەشە ناوکییەکەی چڕتر کردۆتەوە، سەدان کیلۆ ئۆرانیۆمی تا خەستیی پلەی ٪٦٠ پیتاندوە، سانتریفیوژی پێشکەوتووی لە بنکە ژێرزەمینییەکانیدا گەشە پێداوە، بەرهەمی هێناوە و دایمەزراندوون، بنکەی نوێی دروست کردوون و، هەمووی ئەوانە بە بیانووی کەڵک لێوەرگرتنی دووانە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی و بەشێک لە وڵاتانی ئەندامی بەڕێوەبەرییەکەی لە ساڵانی ڕابردوودا ڕاپۆرتی توندیان لەمەڕ چالاکییە ناوکییەکانی ئێران بڵاو کردوونەوە، کە لەواندا پەردە لەسەر پێشێلکارییەکانی پەیماننامەی بڵاونەکردنەوە و پەرەنەدانی چەکی ناوکی و ڕێککەتنی دیکە و هەروەها پێشێلکاریی ڕێککەوتنی ناوکی، لە لایەن ئێرانەوە هەڵدراوەتەوە. ئەو ڕاپۆرتانە بە پەسەندکردنی گەمارۆ یان هەنگاوی بەکردەوە پشتگیریی نەکران.

دۆخی ئێستای بەرنامەی ناوکی ڕێگا بە ڕێکەوتنێک نادا کە هەلی بەردەوامبوونی بۆ دەستەبەر بکات. هەموو لایەنێک خوازیاری ڕێککەوتنێکی باشن، بەڵام گرێ پووچکەکە لە وردەکارییەکاندایە. ڕێککەوتنێکی باش نابێ ئیزن بە ئێران بدا بە هیچ شێوەیەک درێژە بە چالاکییە ناوکییەکانی بدا و هیچ ئەگەرێک بۆ قبووڵکردنی ئەو مەرجە لە لایەن ئێرانەوە بوونی نییە. ڕێککەوتنەکە نابێ بیرهێنەرەوە یان تەنانەت هاوشێوەی ڕێککەوتنی پێشوو بە هێندێک چاکسازیی بچووکەوە بێ. هیچ ڕەواییەک بۆ ئیدیعای گاڵتەجاڕانەی "بەرنامەی ناوکیی مەدەنی" لە بنکەی ژێرزەمینیدا نییە.

هەر ڕێگاچارەیەک دەبێ بە دوای چارەسەرکردنی سێ لایەنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانەوە بێ: مادەی قابیلی لەتکردن ، سیستەمی چەک و هەروەها کەرەستەی هاویشتنیان. گفتوگۆکان دەبێ تەنیا کاتێک دەست پێ بکەن کە ئێران گەڕابێتەوە دۆخێک کە تێیدا دەبوو، بێتوو بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئاشکرا بوونی گزەکانی و دروستکردنی بنکەی شاراوەی ناوکی نزیکەی دوو دەیە لەوەپێشی ڕەچاو کردبان.

مادەی قابیلی لەتکران (ئۆرانیۆم و پلوتونیۆم) و تەکنەلۆژی بەرهەمهێنانی ئەوان دەبێ بە تەواوی لە سەر خاکی ئێران قەدەغە بکرێ و لە لایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکییەوە چاودێری بکرێ. هەموو تواناییەکانی هەنوکەیی و توانایی دیکە، دەبێ بە تەواوی لەنێو بچن. هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو داواکارییانە لەئارا دا نییە.



سەرچاوە Serchawe

هێنانە ژێر چاودێریی چالاکییەکانی دروستکردنی چەک لە ڕادە بەدەر دژوارە، وەکوو زانیارییەکانی نێو ئارشیوی ناوکیی ئێران لە ڕابردوودا ئاشکرای کردوە. بەر لە بیرکردنەوە لە هەر ڕێککەوتنێک، ئێران دەبێ چالاکییەکانی ڕابردووی ڕابگەیەنێت و وەڵامی سەرجەم پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی فایلەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی بداتەوە. بەر لە چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانی پێشوو و بەیاننامەکانی پەیوەندیدار بە یەدەگی و کەرەستەکان، نابێ دانووستان دەست پێ بکات.

چارەسەرکردنی پرسی کەرەستەی هاویشتن زۆر زیاتر لە بڕیارنامەی ناڕوونی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخوازێ. هەر ڕێککەوتنێک دەبێ بەتەواوی گەشەپێدانی هاژەکی بالیستیکی، کە توانای هەڵگرتنی چەکی ناوکییان هەبێ، ڕاگرێ.

ڕێککەوتنەکەی پێشوو برگەیەکی مەترسیداری "کاتی کۆتایی" تێدابوو. هەر دانوستانێک، دوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە، دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە هەموو سنووردانانەکانی سەر ئێران، لە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن، تەنیا دوای دەیان ساڵ ماوەیان بەسەر دەچێ. ئێران نابێ پێی وابێ ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی لە داهاتوودا دەبێ.

وێدەچێ هەموو ئەو مەرجانە قەت لە لایەن ڕێژیمی ئێستای ئێرانەوە پەسەند نەکرێن. تەنانەت بێتوو ئەو گریمانەیە دروستیش بێ، ئەگەر ئێران دەیهەوێ خۆی لە ڕێگاچارەیەکی دیکە ببوێرێ، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بۆ ئێرانییەکانی ڕوون بکاتەوە کە ئەوانە داواکارییەکانین.

ئاکارە نەرێنییەکانی ئێران بووتەوە هۆی دروستبوونی دۆخێک کە لەویدا دانووستان تەنیا دوای لەنێو چوونی بنکەکانی نەتەنز، فۆردو، ئیسفەهان و زۆر بنکەی ناوکی و ناوەندی بەرهەمهێنانی دیکە، دەتوانێ دەست پێبکات.

تا سەرجەم تواناییەکان و بنکەکان لە لایەن ئێرانەوە لەنێو نەچن، جا بە ویستی خۆی بێ یان بە هۆی هێزی دەرەکی، بەڕێوەبەرایەتی ترامپ دەبێ بەگەڕانەوە بۆ بەرمانەی "ئەوپەڕی زەخت"، لە نێویاندا گەمارۆی فرە توند ڕێژیمی ئێران تێبگەیەنێ کە هەڕەشەکانی پەیوەندیدار بە هەنگاوی ڕاستەقینەی سەربازیی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیەوە، تەنیا قسەی بێ کردەوە نین.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ئێران، بە ئەگەرێکی زۆرەوە، سەرەڕای دۆخە نالەبارەکەی، هەم لە ڕوانگەی

رێبەندانی ٢٧٢٤

ئەمنییەتییەوە، بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و دۆخی ناوچەییەوە بە تێکرمانی بەشی هەرە زۆری "ئالقەی ئاگر"ی بەکرێگیراوانییەوە، نایهەوێ بە ویستی خۆی هاوکاریی لەنێو بردنی تواناییەکانی بکات، ئیسرائیل دەبێ ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران و توانایيە ناوکییەکانی بێ، وا باشترە ئەو کارە بە هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان بکرێ، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانی بۆ لاوازتر کردنی ڕێژیم، بە هیوای ڕووخاندنی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە، کە ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەن ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکانەوە سەرکوت دەکرێن، چڕ بکاتەوە.

***

تێبینی: نووسەری وتارەکە پێشتر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ناتانیاهوو بووە

١٨ی رێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ئایدیاوە هەتا سیستەم




**ڕەزا محەممەدئەمینی**

مێژووی نوێی ئێران بەتایبەت لە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوییەوە هەتا ئێستا پڕە لە کارەسات و خوێنڕشتن. هاتنەسەرکاری ڕەزاخان و پێکهێنانی حکوومەت لەسەر بنەمای تیۆریی "دەوڵەت- نەتەوە" لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران، هەر لە سەرەتاوە هاوتەریب بوو لەگەڵ سەرکوتی خوێناویی گەلانی ئێران، دیکتاتۆری و داسەپاندنی سیاسەتی توانەوەی نەتەوەیی- "ئاسمیلاسیۆن"- نەتەوەکان لەژێر هێژمۆنی و ڕکێفی نەتەوەی باڵادەست، و بەگشتی دامەزرانی دەسەڵاتێکی خوێنڕێژ و سەرەڕۆ کە ئاکامی شۆڕشی مەشرووتە بوو. بنەماڵەی پەهلەوی لە ماوەی ٥٠ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیان توانییان ڕواڵەتی ئێران بگۆڕن و تا ڕادەیەکی زۆر سیمایەکی سەردەمیانە لە ئێران نیشانی وڵاتانی جیهان بدەن. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە شەپۆلی نارەزایەتیی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی هەتا دەهات پەرەی دەسەند. شەڕی جیهانیی دووهەم و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکان و تێکشکانی خێرای هەیمەنەی نیزامیی پاشایەتی، سەرەتایەک بوو بۆ دارمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی؛ هەروەها جیهانی دووجەمسەری و دەسپێکی شەڕی سارد لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیستی و سەرمایەداری لەلایەک و لەلایەکی دیکە پەرەسەندنی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی گەلانی ئێران

و پێکهاتنی دوو دەوڵەتی، حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان کە بەداخەوە تەمەنیان کورت بوو، و بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوت و کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و لێکەوتەکانی، ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتییان بەرەو هەڵدێری نەمان برد و لەئاکامدا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ تۆماری پاشایەتی بۆ هەمیشە تێکەوەپێچا.

بەداخەوە شۆڕشی مەزن و خوێناویی گەلانی ئێران هەر لە سەرەتاوە لەلایەن خومەینی، بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی بەلاڕێدا بـرا و ئەو ڕێـژیمەی کە پـاش ڕووخـانی پاشـایەتی دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گـرت، لە زۆر بـارەوە دڕنـدەتر، خـوێنڕێژتر و ماڵوێرانکەرتر بوو و دەکرێ بڵێین کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەچاڵەوە هـاتنە دەرێ و دەچاڵاوێ کەوتن. ڕێژیمی پاشـایەتی هەرچەشـنە نـاڕەزایەتییەکی گەلانـی ئێرانـی بە زەبـری سـەرکوتی بێبەزەیـانە، زینـدان، ئەشکەنجە و لەسـێدارەدان وەڵام دەدایەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕێژیمە دیکتـاتۆرییەکی سـەردەمیانە وەک زۆربەی دەسـەڵاتە دیکتاتۆرەکـانی جیهـان بـوو کە توانیبووی بە زەبری هێز و سەرکوت لە نێوخۆ و لە دەرەوەش، هاوتەریب لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی، دەسـەڵاتی خۆی سـەقامگیر بکـات. بەڵام کۆمـاری ئیسـلامی نەک هەر لە سـەرکوتی گەلانـی ئێـران و خوڵقانـدنی جینـایەت و خـوێنڕێژی ڕووی نیزامـی پاشـایەتی و زۆربەی دەسـەڵاتە تۆتالیتێرەکـانی جیهـانی سـپی کـردەوە، بەڵکـوو خـومەینی دەسـەڵاتێکی دواکەوتووانە و کۆنەپرستانەی لە ئێراندا دامەزراند کە نموونەی تا ئەوکـات هەر نەبـوو. دەسەڵاتێکی دواکەوتووی ڕەش کە تێکەڵاوێک بوو لە نیزامێکی نەزۆک و بەڕواڵەت کۆماری کە لەسەر بنەمای ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمـامی و لەژێـر فەرمـانی وەلی فەقیە وەک نوێنەری خودا لەسەر زەوی دامەزرا.

## ئەم نووسینە ئاوڕێک لە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی سیاسیی ئەم ڕێژیمە دەداتەوە:

چەنـد لایەنێکـی سیاسـی و فکـری لە سـەردەمی دەسـەڵاتداری حەمەڕەزاشـادا دژی ئەو ڕێـژیمە بـوون کە جگە لە حیزبـی دێموکراتی کوردستان کە لە تاراوگە بوو و لە دوای کۆماری کوردستان هەوڵی بووژاندنەوە و خۆڕێکخستن و چالاکیی سیاسی و نیزامی لە شارو گوندەکانی کوردستان دەدا، ئەوانی تر بریتی بوون لە: حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان بە هەموو ڕوانگە و بۆچوونەکانیـانەوە، هێـز و کەسایەتییە میللییەکـان کە پاش کوودەتـای ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٣٢ خەریکی خۆبـووژانەوە بـوون و هەروەهـا هێـز و ڕێکخـراو و کەسـایەتییە ئیسلامییەکان بەهەمـوو توێژەکـانیەوە کە بە تـایبەت پـاش بەنـاو شۆڕشـی سپی حەمەڕەزا شا و چاکسـازیی ئەرزی، بەتەواوی دژایەتـی دەسەڵاتیان دەکرد. ئەو سێ هێـزە سـەرەڕای جیـاوازیی ئیـدئۆلۆژی و ڕوانگەیی، لەسەر ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی هاوڕابوون.

ئەوەی لەو بەینەدا و لە بەرەبەری سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران توانی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان



سەرچاوە
Serchawe

بێ، خومەینی و شوێکەوتوانی بوون. خومەینی کە لە عێراق لە تاراوگە دەژیا بە هاوکاری کەسایەتییە سیاسییە مەزهەبییەکان، لیبراڵە میللی و ئیسلامییەکان و تەنانەت بەشێک لە هێز و ڕێکخراوە چەپەکان، ڕێبەری خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێرانی بەدەستەوە گرت. شک لەوەدا نییە، خومەینی و ئاخوندەکان لەلایەک لە نێوخۆی وڵات بەکەلکوەرگرتن لە جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتییان، مزگەوتەکان و هەزاران مەلا و فەقێ، گەورەترین ڕێکخستن و رایەڵەی پێوەندییان هەبوو لەگەڵ خەڵک و لەلایەکی دیکەش شەڕی ساردی نێوان بەرەی سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتی سۆڤییەتی پێشوو و بەرەی ڕۆژئاوا بە ڕێبەریی ئەمریکا، هەلێکی لەباری ڕەخساند بۆ خومەینی و ئاخوندەکان تا بتوانن ڕێژیمێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی دامەزرێنن. ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ پێشگرتن لە هەڕەشەی سۆڤییەت و ئوردووگای سۆسیالیستی ڕێخۆشکەر بوون بۆ هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان و پێیان وابوو بەمجۆرە ئێران ناکەوێتە باوەشی سۆڤییەت. هەرچەند خومەینی بیرۆکەی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دینی لەژێر ناوی حکوومەتی ویلایەتی فەقیە گەڵاڵە کردبوو، بەڵام هاوکات بیری ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا هەبوو. ڕووناکبیرانی ئیسلامی وەک جەلال ئال ئەحمەد و عەلی شەریعەتی و ئاخودەکانی وەک مورتەزا موتەهەری و بەگشتی بەشێک لە حەوزەی علمییەی قوم، بنەما فکرییەکانی حکوومەتی دینییان لەنێو لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی بڵاو کردبووەوە.

گەلانی ئێران نەیاندەزانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ چییە و خومەینی و ئاخوندەکان چارەنووسیان بە چ ئاقارێکدا دەبا. خومەینی لە تاراوگە و لە پاریس زۆر وادە و بەڵێنی خەڵک پەسەندی وەک ئازادی و دژایەتی ئیستبداد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدا، بەڵام هەر ئەو کاتیش پێداگریی لە دەسەڵاتی ئیسلامی دەکردەوە. لەلایەکی دیکەش خومەینی هەر لەسەرەتاوە نیشانیدا هیچ باوەڕێکی بە چەمکی نەتەوە و وڵاتی ئێران نییە و ئەوەی بۆ ئەو گرینگە "ئوممەتی ئیسلامییە". بنەمای هزر و فکری خومەینی دامەزراندنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە و داسەپاندنی یاسا ئیسلامییەکان و شەریعەت لە ڕوانگەی مەزهەبی شیعە و ناردنە دەرەوەی شۆڕش"صدور انقلاب" بوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی داب و نەریتە باوەکان و یاسا نێودەوڵەتییە پەسندکراوەکان. هەربۆیەش پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی، خومەینی شانۆی "کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر"ی خستە بەردەم خەڵک. دیارە زۆرینەی بەشدارانی ڕاپرسییەکە دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا و بەم چەشنە ڕێژیمێک شەرعییەتی لە دەنگی خەڵکی تاساوی ئێران وەرگرت کە کەمترین باوەڕی بە ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان نەبوو. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی، بۆ مێژووش بێ ئەو شانازییەیان بۆخۆیان تۆمار کرد کە لەو بەناو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان نەکرد و دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنی خومەینی و کۆماری ئیسلامی ڕاوەستان.

ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، هەر لەسەرەتاوە دەستی بە قەڵاچۆکردنی نەیارانی کرد و هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی

سیاسی، تەنانەت ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی وەک حیزبی توودە کە سەداسەد پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بوون، سەرکوت و هەڵوەشاوە ڕاگەیەندران. هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی سیاسی و ئەو کەسانەی چالاکانە لە شۆڕشی ٥٧دا بەشدار بوون گیران و پاش ئازار و ئەشکەنجە لەسێدارە دران؛ یاسای دژ بە ماف و ئازادییەکانی ژنان پەسند کران و سەرەڕای دژایەتی و خۆڕاگری کەموێنە، بەڵام سەرکوت و زەبرو زەنگ و لەهەمانکاتدا بێهیوایی و تاساوی کۆمەڵانی خەڵکی باڵی بەسەر ئێراندا کێشا. هێرشی دڕندانە کرایە سەر کوردستان و شەڕێکی نابەرانبەریان بە سەر گەلی کورد دا سەپاند کە هەزاران شەهید و قوربانی بێدیفاعی لێکەوتەوە. شەڕ و بەرگرییەک کە نیزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند و ئێستاش ئاسەوارەکەی دیارە. کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان و میلیتاریزەی کرد و بەهەموو شێوەیەک تێکۆشا ئیرادە و خۆڕاگری نەتەوەی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێبەرانی جووڵانەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کوردستان تێکبشکێنێ.

لەوبەینەدا هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی عێراق کە ٨ ساڵی خایاند و زیاتر لە ملیۆنێک کوژراو و بریندار لێکەوتەوە، هەلێکی زێڕینی بۆ خومەینی و کۆماری ئیسلامی ڕەخساند کە توانیان لەلایەک بۆ دیفاع لە ئێران لە بەرانبەر عێراق کۆمەڵانی خەڵک لەخۆیان نیزیک بکەنەوە و جێگە و پێگەی ڕێژیمەکەیان پتەوتر بکەن و لەلایەکی دیکە دڕندانەتر لە پێشوو نەیارەکانیان قەڵاچۆ بکەن و کوردستانیش بکەنە پادگانێکی گەورە و بەدەیان هەزار سەرباز و پاسداری بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە ڕەوانەی شارو گوندەکان بکەن و لاوانی کورد کۆمەڵکوژ بکەن. بێ هۆ نەبوو خومەینی بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ئەو شەڕە نێعمەتی ئیلاهییە!

لەم قۆناغە بەملاوە، بەتایبەت پاش خواردنەوەی جامی ژەهر لەلایەن خومەینییەوە و کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە و پاشان مردنی خومەینی و دیاریکردنی خامنەیی وەک ڕێبەری نیزام بەڕێخۆشکەری ڕەفسەنجانی، لەلایەک ڕەوتی یەکدەستبوونی دەسەڵات و وەلانانی سیما ناسراوەکانی ڕێژیم پەرە دەگرێ و لەلایەکی دیکەش بیرۆکەی "صدور انقلاب"، دەستێوەردان لە کارو باری وڵاتانی ناوچە و ئاژاوەنانەوە، دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەر نرخێک، دەبێتە بنەمای سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی. لەئاستی نێوخۆی وڵاتیشدا کۆماری ئیسلامی پەرە بە ڕەوتی سەرکوتی ئازادیخوازان، نووسەران و ڕووناکبیرانی داو هەزاران کەس ناچار بوون بۆ پاراستنی گیان وماڵیان ڕوو لە هەندەران بکەن. لەو نێوەدا سپای پاسداران وەک هێزێکی نیزامی سەرکوتکەرهەتا دێ زیاتر ڕۆڵ دەگێڕێ لە دەسەڵاتدا و دەبێتە گەورەترین کارتێل و مافیای نیزامی و ئابووری ئێران لەهەموو بوارەکاندا.

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە بوون و مانی خۆی لە بوونی دوژمن و دژایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەو خوڵقاندنی قەیراندا دەبینێ، هەر بۆیەش سیاسەتی پەلهاویشتن و دەستێوەردان لە ناوچە و قووڵکردنەوەی شەڕ و

ناکۆکییەکان زۆر بە بەرنامەتر لە پێشوو بەڕێوە بردوە. هەوڵدان بۆ دەست وێراگەیشتن بە چەکی ناوکی، پەرەپێدانی بەرنامە مووشەکییەکان و یارمەتی هەمەلایەنەی دەستەو تاقمە ئیسلامی و تیرۆریستییەکان لە جیهان، بەتایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێتە فکرو سیاسەتی بنەڕەتی خامنەیی و کۆماری ئیسلامی بەگشتی. ئەوە لەحاڵێکدایە کە لەلایەک ئەمریکا و وڵاتانی ناوچە زیاتر لە پێشوو هەست بە مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن و لەلایەکی دیکەش، قەیرانەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبەری وڵات و دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیان و ئازادییەکان، شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی لێدەکەوێتەوە. ناڕەزایەتییەکانی، ساڵەکانی ٧٦، داخرانی ڕەمەکی و بەکۆمەڵی ڕۆژنامەکان، خۆپێشاندانەکانی میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە شارە گەورەکان دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨ کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەدژی دزینی دەنگەکانیان لەلایەن خامنەیی و باڵی دەسەڵاتدار، ڕاپەڕینی بەربڵاوی خەڵکی ئێران لە ساڵی ٩٦ و ٩٨ و هەروەها زۆر دوور نەڕۆین ڕاپەڕینی بێوێنەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاییز و زستانی ١٤٠١ پێمان دەڵێ ئەم ڕێژیمە و بنەما فکرییەکانی هیچ بایەخێکی لەلایەن خەڵکەوە نەماوە و ڕەوایی کۆماری ئیسلامی لە لوولەی ئەو چەکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرەو سینگی کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێرانیان گرتووە.

ئەگەر خاڵێکی وەرچەرخان و پاشەکشەیەکی بەکردەوە لە بنەما فکرییەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک ناردنە دەرەوەی شۆڕش و نابوودی ئیسرائیل و هیلالی شیعە و ئەو سیاسەتانەی کە کۆماری ئیسلامی بە دەیان میلیارد دۆلاری لە سامانە گشتییەکانی خەڵکی ئێران بۆ تەرخان کردوە، دابنێین، هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل و دژە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامودەزگا نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی سەرەتای ئەو پاشەکشەیە بووە. ئیسرائیل زەبرێکی وەها کاریگەری لە سایتە مووشەکی و پەدافەندی ئاسمانی کۆماری ئیسلامی دا کە قەرەبوو کردنەوەیان زۆر ئاستەمە. ئەو هێرشەی ئیسرائیل نیشانی دا سەرەڕای هاشوهووشی دەسەڵاتداران، بەتایبەت فەرماندەرانی سپای پاسداران، هێزی نیزامی کۆماری ئیسلامی زۆر لە هێز و توانا سەربازییەکانی ئیسرائیل کەمترو و بەرگەی زەبرێکی دیکە ناگرێ. هەروەها تێکشکانی سەربازی و سیاسیی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان وەک دوو هێزی نیابەتی مەزنی کۆماری ئیسلامی و بەناو بەرەی مقاومەت و لە کۆتاییدا ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریە، خامنەیی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی تاساند و ترساند. تاساند چونکە باوەڕیان نەدەکرد ئەوەی زیاتر لە چوار دەیەیە خۆی پێوە ماندوو دەکەن، خەونی پێوە دەبینن و بنەمای سەرەکی و جەوهەری کۆماری ئیسلامییە و تێچووی دەیان میلیارد دۆلاردیان لەسەر داناوە، وەها بە خێرایی دارمێ و ئامانجەکانیان وەک پووش و پەڵاشی بەر بای لێبێ. ترساون لەپاش سووریە، عێراقیش لە پاوانیان بێتە دەرێ و نۆرەی سەری مارەکە بگا. بێ هۆ نیە لەپاش هەڵبژاردنی دووبارەی ترامپ لە ئەمریکا، ڕاوێژی زار و دەمودوودی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گۆڕاوە؛ هەروەها ترساون و مەترسیی نەمانیان لە ڕوخسار و ئاخاوتنەکانیان وەدەرکەوتوە، ترس لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و دارمانی ڕێژیمە جینایەتکارەکەیان؛ ترس لە هێرشی بەربڵاوی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ناوەندە نیزامی و

ئابوورییەکان، هەربۆیەش لەلایەک سەرەڕای بەڵێنییەکانی پێشوو، عەمەلیاتی سادقی ٣یان پشتگوێ خست و لەلایەکی دیکە ئامادەییان دەربڕیووە لەگەڵ ئەمریکا گفتووگۆ بکەن. ئەمانە هەموو ناتەبان لەگەڵ بنەما فکرییەکانی خومەینی و خامنەیی و نیشان دەدەن کە ئەولەوییەتی ڕێژیم لە ئێستادا پاراستنی مان و مەوجوودییەتی خۆیەتی.

دیارە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە بەخۆیەوە دەبینێ و نە خامنەیی و ڕێژیمەکەی توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەیان هەیە و نە ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان لە کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی خۆش دەبن. چونکە هیچ متمانە و باوەڕێکیان بە ئاخوندەکان نییە و باش دەزانن لەئەگەری هەر دەرفەتێکدا، دەسەڵاتدارانی ئێران خۆیان و دەستەو تاقمە نیابەتییەکانیان تەیار دەکەنەوە. جگە لەوەش ئەمریکای دوناڵد ترامپ وێڕای ئیسرائیل و وڵاتانی ئورووپایی دەزانن بۆ خاشەبڕکردنی ماکەی فیتنە، واتە کۆماری ئیسلامی و دەستەو تاقمە تیرۆریستیەکان دەبێ نەخشە ڕێگای درێژخایەن و بنەڕەتی و دوورە دیمەنی هەمەلایەنەیان هەبێ، ئەوەش پێویستی بە داڕشتنەوەی جوغرافیای نەتەوەیی لە چوارچێوەی سنورە جوغرافیایەکانی ئێستادا دەبێ، یانی بەشداری نەتەوە و کەمایەتییەکان لە ماف و ئازادییەکانیان و هەروەها سەرەتا داسەپاندن و پاشان نەهادینەکردنی دێموکڕاسی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە. هاوکێشەیەک کە هەر لەبنەڕەتڕا لەگەڵ بیر و هزری ئاخوندەکان ناتەبایە. بێگومان داهاتوو و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بەدەستی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بەکەلکوەرگرتن لە هەل و دەرفەتەکان دەنەخشێندرێ و ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە و ئەوناسۆرەی گەلانی ئێران و ناوچە پێیەوە دەناڵێنن بۆ هەمیشە ڕیشەکێش دەکرێ.

١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## دووانەی وەهم و ترس، دیکتاتۆر، نوێژی مردوو بە جلیقەی گوللەنەبر!



**ڕەزا دانشجوو**

دیکتاتۆرەکان خاوەنی تاقمێک تایبەتمەندی ناوازە و یەکسانن و دەتوانرێت هۆکاری زۆرێک لە ڕەفتارەکانیان ڕوون بکرێتەوە. لەنێو ئەم تایبەتمەندییانەدا دووانەی "وەهم و ترس" زۆر جێی سەرنج ولێکۆڵینەوەن.

لە ڕاستیدا بۆ ئەم دووانەیەی دژبەیەک لە نێوان دیکتاتۆرەکاندا هیچ سنوورێکی ڕوون نادۆزرێتەوە. لە کاتێکدا دیکتاتۆرەکان بە گشتی خۆیان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا دەبینن وهیچ سنوورێک بۆحوکمڕانیی خۆیان نابینن وله ڕاستیدا خۆیان بە ملکەچی یاسا نازانن، بەڵکو یاسا بە ملکەچی خۆیان دەزانن، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەر لە هەموو شتێک دەترسن و بەردەوام دڵەڕاوکێیان هەیە. پارانۆیا یان پارانۆید وشەگەلێکن کە بۆ ئەم چەشنە ڕەفتارانەی دیکتاتۆرەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

سەدام حوسێن دیکتاتۆری عێراق هەرگیز خۆی وەک سەرۆککۆمارێکی بەستراوە بە دەنگی خەڵکی عێراق نەدەدیت. لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕوانگەی سەدامەوە، ئەو نیعمەتێک بوو کە نەک تەنها بۆ گەلانی عێراق، بەڵکو جیهانی عەرەبیش پێویستی بە سەرکردایەتی و ڕێنمایی ئەو بوو. خۆبەزلزانینی سەدام لە هێرشکردنە سەر کوەیت کە ساڵانێک لە کاتی شەڕ لەگەڵ ئێراندا پێداویستییەکانی سوپای عێراقی دابین دەکرد، ئەوەی نیشان دا کە لە ڕوانگەی سەدامەوە ئەوەی کوەیت کردوویەتی ئەرکە و لەوە زیاتر هیچی تر نییە! یان کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر عێراق وگەیشتنە نزیک کۆشکی سەرۆکایەتی، سەدام لەنێو خەڵکدا خەریکی خۆنیشاندان و نمایشکردن بوو بۆ ئەوەی نیشان بدات کە ناترسێت و ڕادەوەستێت! بەڵام هەر ئەم سەدامە لە ترسی خیانەت زاواکەی کوشت! ڕۆژانە لە چەند شوێنێکی جیاواز لە عێراق خواردنیان بۆ ئامادە دەکرد تا کەس نەزانێت سەدام لەکوێ خواردن دەخوات، نەک ژەهراویی بکەن! و لە کۆتاییشدا، نائومێد و ترسنۆکانە، ڕیشن و پیس و چەپەڵ، بە شێوازێکی زۆر نالەبار وێڕای سووکایەتیکردن لە لایەن چەند سەربازێکی ئەمریکایی دەسبەسەر کرا، کاتێک لە چاڵێکی چکۆلەی ژێر زەویدا خۆی حەشار دابوو!

لە چاوی قەزافی دیکتاتۆری پێشووی لیبی، کتێبە سەوزەکەی ئەوەندە پیرۆز بوو کە لە هەموو شوێنێک دەبا هەبا. لە ڕوانگەی قەزافی ئەم کتێبە تاکە چارەسەر بوو نەک تەنها بۆ ڕزگارکردنی گەلی لیبی بەڵکو هەموو جیهانیش! قەزافیش وەک سەدام بانگەشەی سەرکردایەتیکردنی جیهانی عەرەبی دەکرد. بەڵام هەر ئەم قەزافییە لە کاتی سەفەرەکانیدا، لەبری ئەوەی لە هۆتێلێکدا بمێنێتەوە، لە نزیک شوێنی کۆنفرانسەکەدا چادرێکی هەڵدەدا و لە ترسی دەرمانداو کردنی لەلایەن نەیاران و وڵاتانی دژبەری، خواردنەکەی لەلایەن چێشتلێنەری تایبەتەوە ئامادە دەکرا!

قەزافییش تا دوا سات نەیارەکانی بە ترسنۆک ناو دەبرد و خەریکی خۆنیشاندان و قسەکردنی بێبنەما بوو، بەڵام لە کۆتاییدا لەژێر پردێکدا کە خۆی حەشار دابوو، دۆزرایەوە، کاتێک لە لایەن شۆڕشگێڕان دەسبەسەر کرا لە ترسان دەلەرزی!...

دووانەی "وەهم و ترس" لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆری دەسەڵاتداری تاراندا بە باشی بەدی دەکرێت. عەلی خامنەیی کە لە ڕێگەی دوو گێڕانەوەی درۆ و تەواو ناڕاستی هاشمی ڕەفسەنجانی توانی تاج و تەختی ویلایەتی فەقیهـ بەدەست بهێنێت و لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی خۆیدا بە ڕاشکاوی گوتی: "داخ بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی کەسێکی وەک منی بێتە سەرکردە!" بەڵام زۆر خێرا ڕواڵەتی خۆی گۆڕی و بە نەهێشتنی هەموو ڕکابەرە سیاسییەکانی و بانگەشەی بۆ ڕێبەری هەموو موسڵمانانی جیهان! وێنەیەکی نوێی دیکتاتۆریەتی خۆی خستەڕوو. خامنەیی جگە لە سەرکوتکردنی هەموو نەیارانی سیاسی و دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی، زۆر بێبەزەییانە دەستی کرد بە لابردن و لە ناوبردنی هاوڕێیانی ڕابردووی! لەسەرکارلابردن، خانەنشین کردن، زیندان و دواجار خنکاندن لە مەلەوانگە! ئەم تاکتیک و ڕێگایانە بوون کە خامنەیی بۆ یەکدەستکردن و

چەسپاندنی دەسەڵات بەکاری هێنان. ئێستا سەرکردەیەکی خەیاڵی و خۆبەزلزانی جیهانی ئیسلام! بیری لە فەتح و گەورەکردنەوەی سنووری دەسەڵاتی دەکردەوە بۆ نیشاندانی توانایی خەیاڵی وەلایەتی فەقیه، هیلالی شیعە!

دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکەی تاران کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە سەرکوتی دڕندانەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێرانی هەیە، هەرگیز ئامادە نەبووە و نابێت گوێ بیسی ڕاستییەکان و داخوازییەکانی خەڵک بێت. پڕوپاگەندەی بێکۆتایی بەرخۆدان لە دژی دوژمنێکی خەیاڵی، بانگەشەی بێ بنەما سەبارەت بە دەسەڵاتی خەیاڵی دیکتاتۆر، چیرۆکی هەر ڕۆژەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی عەلی خامنەیین!

بەڵام ئەم دیکتاتۆرە خوێنڕێژە ساڵانێکە بەدەگمەن لەنێو خەڵکدا دەرکەوتوە و وتارەکانیشی لەژێر توندترین ڕێوشوێنی ئەمنی بۆ تاقمێک گرووپی تایبەت و هەڵبژێردراو بەڕێوە دەچن! خامنەیی لە کاتی قەیرانەکاندا زۆر ئاشکرا خۆی نیشان دەدات و وەک کەسێکی تەواو دۆڕاو و بێدەسەڵات دەردەکەوێت هەرچەند تێدەکۆشێت وەک هەمیشە بە تاقمێک ئیدیعا و قسەی بێبنەما نیشان بدات ئێستاش توانای درێژەدانی ماوە! ڕەنگە قسەکان و شێوەی دەرکەوتنی لە نوێژی هەینی دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی کە تێکەڵاوێک لە گریان، داماوی و کلۆڵی و سواڵکردن بوو، یەکێک بێت لە باشترین نموونەکانی ترس و پاڕانۆیا لە ڕەفتاری عەلی خامنەیی!

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بەتایبەت دوای لەنێوچوونی قاسم سولەیمانی فۆرمێکی دیکەی بە خۆوە گرتوە. ئێستا لە دووانەی وەهم و ترس، ترس زیاتر دیارە. خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە گرنگترین کاری لەم چەند ساڵەی دواییدا خوێندنی نوێژی مردوو بووە! ئێستا بە شێوەیەکی سەیر بانگەشە بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمنی خەیاڵی و پڕوپاگەندەی درۆی کەم کردووەتەوە! لێدوانە ترسنۆکانەکانی خامنەیی لە دوای ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد، کە باس لە داخرانی ڕێگاکانی یارمەتیدان بۆ سووریە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و دەستێوەردانی وڵاتێکی دراوسێ دەکات بێ ئەوەی بوێرێت ناوی تورکیە بێنێت، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە دیکتاتۆری تاران خۆی زۆر زیاتر لە جاران لە لێواری هەڵدێر دەبینێت.

نوێترین دەرکەوتنی دیکتاتۆر بۆ ئێشی ئەم ڕۆژانەی، خوێندنی نوێژی مردوو بوو لەسەر تەرمی دوو ئادادوەری لەنێوچوو لە تاران! کە بە شێوەیەکی دیار نیشاندەری ترس و دڵەڕاوکێی بێسنووری عەلی خامنەیین لەم ڕۆژانەدا! ئەو کەسەی کە ساڵانێکە خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانێت و ساڵانێکە بەردەوام ئاواتی شەهیدبوون بۆ هەموو بەکرێگیراوان و نۆکەرانی دەخوازێت و شەهیدبوون بە شەرەف و گەورەیی بۆ شوێنکەوتووانی ناو دەبات، لە ترسی مردن و کۆتایی ژیانی بێ

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

**بایەخی، خۆی بە جلیقە و پەستەکی گوللە نەبڕ نوێژ دەکات!**


**ئەمە دیمەنی کۆتایی چیرۆکی دووانەی وەهم و ترس لە فیلمی دیکتاتۆردایە! ئێستا ترس بەسەر بوونی دیکتاتۆردا باڵا دەستە و هیچ شتێکی گرنگی تر بوونی نییە! ئێستا خامنەیی لە هەموو کاتێک زیاتر ڕاستییەکان لەبەر چاوی خۆیدا دەبینێت! کە پەردەکان لاچوون و دیکتاتۆر دوور لە دنیای وەهمدا خەریکی دیتنی ڕاستیەکانی کۆمەڵگەیە! ئەم کۆمەڵگەیەی کە بۆ لابردن و نەمانی چاوەڕوانی چکۆلەترین دەرفەتە! ئەمڕۆ یان سبەی! لە چاڵێکدا، لە بیرێکدا یان لەژێر پردێکدا! لە دەستی شۆڕشگێڕان و...**

**١٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## وڕێنەی دیپلۆماتكارێكی سەرلێشێواو



**دارسمە**

عەباس عەراقچی بەیانییەكی زوو لە خەو هەڵدەستێت، چایەكی تاڵ دەخواتەوە و لەبەر ئاوێنە گنجی كراسە یەخە ئاخوندییەكەی ڕێكدەخاتەوە.

دەموچاوی ماندوو دیارە و ئەمڕۆ دەچێتە كۆبوونەوەیەكی گرنگ لەگەڵ ئەو دیپلۆماتە ئوروپاییانەی دیار نییە دڵیان بە مانەوەی كۆماری ئیسلامی خۆشە یان لە كۆتایی تەمەنی ئەم دەسەڵاتەدا تەنیا خەریكی كۆكردنەوەی "گەزی ئیسفەهان" و "سۆوهانی قوم" و "نان كاكی سنە" و "نانەبرنجیی كرماشان" و "نوقڵی بیدمشكی ورمێ" و "شیرینی مەسقەڵی شیراز" و "باقلاوی یەزد"ن. دیارە دواتر هەتا ئێران ئەهوەن نەبێتەوە، دەستیان بەم دیاری و سەوغاتانە ناگات. ئەمەیە دەڵێن وشتر لە خەیاڵێك و وشتروانیش لە خەیاڵێك.

لە لایەكی دیكەوە عەباسۆكە لە كاتێكدا بیر لە ڕۆژانی زێڕینی كاك حەمە جەواد زەریف دەكاتەوە، چۆن بە



سەرچاوە
Serchawe

زەردەخەنەیەک و چەند وشەیەکی شیرین دەیتوانی "جۆن کێری"، هەمان وەزیرە باڵابەرزە ئەمریکاییەکەی سەردەمی گفتوگۆی ئەتۆمی و بەرجام و مەرجام بە چۆک دابێنێت و هەموو شتێک چارەسەر بکات.

- ""کاک عەباس، تەلەفۆنێک لە بەغداوە!" ئەمەش بەڕێوەبەری نووسینگەکەیەتی و عەباس لای خۆی بە دڵەڕاوکێوە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت:

- "بەڵێ؟"

- جەنابی وەزیر، ئەم گرووپە چەکدارانە نوێنەریان ناردووەتە بەشی مەیدانی باڵیۆزخانە و دەڵێن: ئێمە چی بکەین؟ نە سولەیمانی ماوە ڕێنماییمان بکات و نە کەس گوێمان پێ دەدات! ئەمریکاییەکان هەڕەشەمان لێ دەکەن و عێراقیش دەیەوێت چەکمان کات"!

عەراقچی دەستێک بە تەوێڵی دادێنێت:

- "ئێستا من لە بەردەم کۆبوونەوەیەکی گرنگ دام. دواتر قسە دەکەین".

هێشتا تەلەفۆنەکەی دانەناوە، پەیامێک لە دیمەشقەوە:

- "جەنابی وەزیر، تۆ خوا پێمان بڵێ دوای ئەسەد، ئێمە چی بکەین؟ تورک لە باکوورەوە دێن و کوردان لە ڕۆژهەڵاتەوە. ڕووسیە لە ئێمە خراپتر بە دەردی خۆیەوە دەناڵێنێت و ئەمریکاش وەک مێشەکەرە بە دەورمانەوە ویزەویزیەتی"!

عەراقچی هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت: "ئاخ حاج قاسم، لە کوێی؟ ئێستا من چۆن ئەم کەلافە ئاڵۆزە هەڵبوێرنم؟"

لە کۆبوونەوەکەدا، دیپلۆماتێکی فەڕانسەوی دەپرسێت: "جەنابی عەراقچی، سیاسەتی ئێستای ئێوە چییە؟ مەیدان یان دیپلۆماسی؟ ئێوە لە سووریە چی دەکەن؟ لە یەمەن بەتەمای چین و لە عێراق چۆنن؟"

عەراقچی بە زەردەخەنەیەکی ساختەوە وەڵامی دەداتەوە:

- "ئێمە... ئێمە... هەردووکیان و هیچیان! واتە... مەیدانی دیپلۆماسی... یان دیپلۆماسیی مەیدانی... ڕاستییەکەی خۆشم نازانم"!

دیپلۆماتێکی بەریتانیا بە تەوسەوە:

- "بەڵام جەنابی وەزیر، ئێوە دەبێت سیاسەتێکتان هەبێت. ناکرێت هەم باسی ئاشتی بکەن و هەم چەک دابەش بکەن"!

عەراقچی خۆی لە کورسییەکەیدا دەقووچێنێت و بیر لەو ڕۆژە خۆشانە دەکاتەوە سولەیمانی لە مەیدان و زەریف لە دیپلۆماسیدا ململانێیان دەکرد. ئەوکات هیچ کەس نەیدەوێرا وا بە ئاشکرا گاڵتەی پێ بکات.

لە پشووی کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری ڕووسیە لێی نزیک دەبێتەوە و بە گوێیدا دەچرپێنێت:

- "ڕەفیق عەراقچی، ئێمە تێدەگەین لە هەڵوێستی ئێوە. بەڵام ناتوانین هەتا هەتایە پشتتان بگرین. دەبێت بڕیار بدەن: یان لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێک بکەون، یان"...

عەراقچی ناهێڵێت ڕووسە سوورە چاوشینەکە قسەی تەواو بکات و بە پەلە دەچێتە دەرەوە. لە داڵانە تەسکەکەدا، سەرۆکی شاندی چینی چاوەڕێیەتی و دەڵێت:

- "جەنابی وەزیر، ئێمە ئامادەین یارمەتیتان بدەین، بەڵام دەمانەوێت بزانین پلانی داهاتووتان چییە؟" عەراقچی بە شەرمەوە ڕووی لێ وەردەگێڕێت و خێراتر بەرەو دەرگا هەنگاو دەنێت.

شەو، کاتێک عەراقچی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، چەندین نامەی لە یەمەنەوە بۆ هاتووە و ناوێرێت لە پەیجەر و مۆبایلەکەوە بیانکاتەوە و لەسەر لاپتۆپ سەیریان دەکات:

- "جەنابی وەزیر، تکایە ڕێنماییمان بکەن. ئایا دەبێت هێرش بکەین یان دانوستان؟ سعودییەکان پێشنیاری ئاشتییان

کردوە، بەڵام ئێمە نازانین چی بکەین. هەندێک دەڵێن سولەیمانی دەیگوت هەرگیز متمانە بە سعودییەکان نەکەین، هەندێکیش دەڵێن زەریف گوتویەتی دەبێت لەگەڵیان ڕێک بکەوین"...

عەراقچی بە ماندوویی لە مۆبڵەکەدا خۆی ڕێک دێنێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "خۆزگە دەمتوانی وەک زەریف قسە بکەم، یان وەک سولەیمانی بجووڵێمەوە. ئێستا تەنیا دەتوانم وەک عەراقچی سەرم لێ بشێوێت"!

تەلەفۆنەکەی زەنگ لێ دەدات. ژمارەیەکی نەناسراوە.

- "بەڵێ؟"

- "جەنابی وەزیر، ئێمە گرووپێکی نوێی چەکدارین لە لوبنان. حیزبوڵڵا دەڵێت ئێوە یارمەتیمان دەدەن"...

عەراقچی تەلەفۆنەکەی دادەخات و دەچێتە بەر پەنجەرە. مانگەشەوە. بیر لەوە دەکاتەوە چۆن ڕۆژگارێک ئێران دەیویست هەم لە مەیدان و هەم لە دیپلۆماسیدا سەرکەوتوو بێت، کەچی ئێستا لە هیچ کامیان سەری دەرناچێت.

بەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێک دەچێتە نووسینگەکەی، بڕیار دەدات سیاسەتێکی نوێ دابهێنێت: "دیپلۆماسیی بێدەنگ و مەیدانی خەواڵوو!" بەڵام دڵنیا نییە ئەمەش چ بڕ بە کەڵک بێت. لە پەنجەرەی نووسینگەکەیەوە سەیری دەرەوە دەکات. چەند کەسێک خەریکی خۆپێشاندانن و هاوار دەکەن: "نە شەرقی، نە غەربی، جمهوریێ ئیسلامی"!

پێکەنینێکی تاڵی دێتێ. ئەم دروشمەش وەک سیاسەتی ئەم سەردەمەمان بێ سەروبێبنە.

بەرپرسی نووسینگەکەی دێتە ژوورەوە: "جەنابی وەزیر، سەرۆک کۆمار داوای تۆی کردوە. گوایە پلانێکی نوێیان هەیە".

عەراقچی دەستێک بە ڕیشی دادێنێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "خودایە، یان وەک سولەیمانی بمانکوژە، یان وەک زەریف بمانکە بە ڕاوێژکارێکی بێ دەسەڵات"!

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# لە ڕەگەزی سوارچاکەکانی قەڵای دمدم




**برایم چووکەڵی**

نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەست بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی و بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لەو ژیانە پڕ لە ژانە بە سەریدا سەپێنراوە، ناچار بوو دەست بۆ چەک بەرێ و لە بەرامبەر چەوسێنەراندا ڕابوەستێ. ئەم نەتەوە خەباتکارە پێش ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی تێکۆشان پێویستی بەو مرۆڤە گیان لەسەر دەستانە هەبوو کە بوون و نەبوونی خۆیان فیدای بەرژەوەندی گشتیی دەکەن و لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە و ئەو مرۆڤانە ناویان "پێشمەرگە"یە.

ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکەیان، بەرانبەری هارترین دووژمنی ئازادیدا بەربەرەکانی دەکەن و بێ پشوودان و حەسانەوە ڕێگای خەباتی ڕەوایان دەپێون. لەو ڕێگا و ڕێبازە و لەم پێناوەدا بە هەزاران ڕۆڵەی ئەمەگناسی ئەم نەتەوە مافخوازە بوونەتە قوربانی و مێژووی خەباتیان بە خوێنی گەشی خۆیان نووسیوەتەوە. یەکێک لەو ڕۆڵە ئازادیخوازانەی گەلەکەمان کە باشترین قۆناغی تەمەنی هەتا دوا هەناسەی لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیدا بەخت کردوە، و لەگەڵ دوو ڕێژیمی سەرەڕۆی (پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی)دا بەربەرەکانی کرد و

هەر لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، شەهید ڕەسووڵ ئیبراهیمپووڕ ناسراو بە فەقێ ڕەسووڵە.

شەهید ڕەسووڵ ئیبراهیمپوور ناسراو بە فەقێ ڕەسووڵ ساڵی ١٣١٥ لە گوندی "بێشاسب" لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو بۆ خوێندن و پەروەردەبوون چووە قوتابخانەی ئایینی و پاش ماوەیەک بۆ دابینکردنی ژیانی بنەماڵە ڕووی لە کار و کاسبی کرد. کاتێک خەباتی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی ڕێژیمی پاشایەتی، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەستی پێ کرد، فەقێ ڕەسوول پێوەندیی بە تێکۆشەرانی دیموکراتەوە گرت و هەروەها بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکرات و لە ماوەی ١٨ مانگ خەباتی چەکدارانەدا، فەقێ ڕەسوول پشت و پەنای ڕۆڵەکانی دێموکرات بوو.

فەقێ ڕەسووڵ لە ماوەی ئەو خەباتە خوێناوییەدا زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد و، هەر مەئمووریيەتێک بۆیان دیاری کردبایە بە گیان و دڵ جێبەجێی دەکرد. بەردەوام لەگەڵ خەڵکە باوەڕ پێکراوەکان باسی چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد و ڕێگای ڕزگاربوون لەم ژیانە پڕ لە ئازارەی لەگەڵ دێنانە گۆڕێ و بێ‌پسانەوەی بیری لەو قۆناخە پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە دەکردەوە.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، دوای تێکەوەپێچانی دامودەزگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، فەقێ ڕەسووڵ بەبێ سێودوو لێکردن خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساند و بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە، لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی موعینیدا تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی دەست پێ کرد. لە ماوەیەکی کەمدا بەکردەوە و سەداقەت و دڵسۆزی ڕاستی و پاکیی خۆی پیشان دا و دەری خست کە ڕۆڵەی وەفاداری حیزبەکەیەتی. هەر بۆیە لەلایەن کومیتە شارستانی سەردەشت و هێزەوە بە بەرپرسی بەشی ماڵیی هێزی موعینی دیاری کرا و سادقانە و لێبراوانە درێژەی بە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی دا. پاشان کاری ئاموزشیی سیاسیی لەنێو پێشمەرگەدا دەکرد و لە هەموو ماوەی تێکۆشانیدا نمونەی ئینسانێکی بەئەخلاق و تێکۆشەر و کەسێکی تابلێی کۆمەڵایەتی و حیزب خۆشەویست بوو.

شەهید فەقێ ڕەسووڵ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا پتر لە ڕابردووی خەباتی ڕەوای گەلەکەی تێ بگا و زیاتر پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرێ، لە بواری نیزامیدا پێشمەرگەیەکی ئازا و دوژمنبەزێن و کوڕێکی تا بڵێی بەنەزم دیسیپلین بوو. ئەوانە و زۆر کردەوەی شۆڕشگێرانەی دیکە بوونە هۆی ئەوە پلەکانی نیزامی یەکلەدوای یەک ببڕێ و دواجار وەک جێگری هێزی شەهید موعینی دیاری کرا.

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

فەقێ ڕەسووڵ لە ماوەی پێشمەرگایەتیی‌دا ڕێکوپێک و بەنەزم و لە خۆبوردوو بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕووخۆش و بەئەخلاق بوو. خەڵک ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. ئەو لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوتی شۆڕشگێرانەی هەبوو. لە شەڕە حەماسییەکانی مەلبەندی سەردەشتی سەرسەوز ئازایەتیی دەنواند و بە دەستپێکردنی شەڕی کوردستان لە زۆربەی مەئموورییەت و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریی کرد و وەک فەرماندەیەک ڕۆڵی سەرەکیی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ڕێژیمدا بوو. ئەو هەتا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان مەئمورییەتی حیزبی و دەیان شەڕ و بەربەرەکانیدا بەشداریی کرد و ئازایەتیی خۆی زیاتر نواند و بەتایبەتی لە شەڕی پردی بریسوێ ڕۆڵی سەرەکیی گێرا. بە فەقێ ڕەسووڵ دەکردەوە نیشانی دەدا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە، هەربۆیە دڵسۆزان و هەڵسوراوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تێ‌دەکۆشا و لەم ڕێبازەدا لە هیچ هەوڵێک درێغی نەدەکرد و بۆ ڕوونکردنەوەی زەحمەتکێشان و ناساندنی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا. ئەو کاری سیاسی و نیزامیی تێکەڵاو کردبوو و لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبی و ڕوونکردنەوەی خەڵکی دەکرد.

بە داخەوە ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ لە ناوچەی سەردەشت لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵە شەهید بوو، و گیانی پێشکەش بە خاکی پاکی نیشتمان کرد.

**٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خاڵی وەرچەرخان لە خەباتی دوو نەتەوەدا



مستەفا شێخە

## پێشەکی:

خەباتی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد لە کوردستان و گەلی عەرەبی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەرکامیان خاوەنی مێژوویەکن و گومانی تێدا نیە هەردووکیان لە خەباتی ڕەوای بەرەو دابینکردنی مافی داگیرکراوی نەتەوەیی بەردەوامن. بەڵام خەباتی ئەم دوو نەتەوەیە، پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەسان نەک بە بەردەوامی هاوتەریب نەبووە، بەڵکوو زۆرجار خەباتی فەلەستینیان زیانی بە خەباتی کوردان گەیاندوە و هەندێک جار دژیشیان بووە. بەڵام کورد نەک هەر دژایەتیی فەلەستینی نەکردوە، تەنانەت خەباتی ئەوانی وەک هی خۆی بە ڕەوا زانیوە.

دوو نەتەوەی عەرەبی فەلەستین و کوردی کوردستان بە هۆی ئاڵۆزی و تێکچنراویی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست -ئەو شوێنە جوگرافیاییەی ئەم دوو نەتەوەیە لێی دەژین- وێڕای ئەوەی خەباتی هەر دوو لا خەباتێکی ڕەوایە، هەندێک جار بە

شێوەیەکی زۆر سنووردار پێوەندیی دۆستانەشیان بە یەکەوە هەبووە؛ بەڵام بە گشتی پێشکەوتنی خەباتی یەکێکیان لەگەڵ لاوازبوونی دۆخی گەشەسەندنی خەباتی لایەنەکەی دیکە هاوکات بووە. هۆی ئەم ناهاوتەریبەی خەباتی ئەم دووە زیاتر بۆ جیاوازیی پێوەندیی نێوان کوردی کوردستان و عەرەبی فەلەستین لەگەڵ دراوسێیان و هەڵسوکەوتی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی لە بەرانبەر ئەم دوو خەباتە دەگەڕێتەوە. لێرەدا دوو دەستەواژەی "نێودەوڵەتی" و "نێونەتەوەیی" لە یەکتر جیا کراونەتەوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەشێکی زۆری نەتەوان دەوڵەتیان نیە و بەشێکیشیان بە دەوڵەتن. کوردان لە نێو نەتەواندا لایەنگریان زۆرترە و دەوڵەتانیش بەهۆی بەرژەوەندیی خۆیانەوە زۆرجار لە بەرانبەر خەباتی گەلی کورددا چاویان نووقاندوە.

## مێژووی خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین

ئەگەر بە کورتی مێژووی ئەم دوو خەباتە لەبەر یەکتر ڕابگرین، مەودای دووری خەباتی گەلی کورد بە هەر چوار پارچەیەوە، زۆر لە خەباتی فەلەستینیان کۆنترە. هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا کورد و عەرەب دوو گەلی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوینن و هەردووکیان لە ڕابردوودا ژێردەستەی ئیمپراتۆری و دەسەڵاتدارانی گەورەتر بوونە، بەڵام گەلی کورد لە چەند سەدەی ڕابردوودا، بەسەر دوو دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانی و دواتر بەسەر چوار وڵاتی دەستکردی وەک تورکیە، سووریە، عێراق و ئێراندا دابەش کراوە.

لە لایەکی دیکەوە نەتەوەی عەرەبی فەلەستین تەنیا لەگەڵ وڵاتێکی تازە دامەزراو بە تەمەنی کەمتر لە سەدەیەک بە ناوی "ئیسرائیل" لەبەر یەکن و پێچەوانەی گەلی کورد، وڵاتانی سووریە، ئوردون و میسر لە دراوسێیەتیاندا هاونەتەوەیانن و وڵاتانی عەرەبی دیکەی باکووری ئەفریقا و باشووری کەنداوی فارسیش هەموویان عەرەب و هاونەتەوەی ئەوانن.

دیارە ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤ی مانگی مای ١٩٤٨دا دامەزراوە، بەڵام دەستپێکردنی خەباتی فەلەستینیان بە پێی ئەو مێژووەی خۆیان باسی دەکەن، بۆ بەر لەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە و دەڵێن، ئەم خەباتە لە سالانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە بەرگری و بەرخۆدانی فەلەستینیان دژ بە دروستکردنی ئەو شارۆچکە جوولەکەنشینانەی بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی بەریتانیا لەم شوێنە دەستی پێکردوە.

دوای دامەزراندن و سەقامگیربوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەتا ئەوکاتەی "ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین" لە ساڵی ١٩٦٤ وەک نوێنەری ڕەسمیی فەلەستینیان دامەزرا، خەباتی ئەم گەلە بە شێوازی سیاسی، دیپلۆماسی و خەباتی چەکداریی ناڕێکتر

دەستی پێکردبوو. بەمجۆرە خەباتی فەلەستینیان لە چاو خەباتی کوردان زۆر کەمتەمەنترە و لە چواریەکی یەکەمی سەدەی ٢٠ی زایینییەوە دەستی پێکردوە.

## مێژووی خەباتی کوردان

خەباتی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی، وەک کتێبی مێژوویی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی شایەتی بۆ دەدات، لە سەدەی شازدەهەمی زایینەوە دەستی پێکردوە و میرنشینانی کورد بە شێوازی ئەوکات حوکمیان بەسەر خۆیاندا کردوە و هەوڵێشیان داوە دەسەڵاتیان پەرە پێبدەن.

"ئەحمەدی خانی"ش بە نووسینی دیوانی "مەم و زین" لە سەدەی حەڤدەهەمدا هەوڵی دا شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کوردان سەقامگیرتر بکات. پاش ئەوانە، ئەم خەباتە لە سەردەمی مۆدێرندا بە سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (لە ساڵی ١٨٨٠، واتە لە چواریەکی سێهەمی سەدەی ١٨ی زایینی) لە ناوچەی شەمزینان دەست پێدەکات و بنەماڵەی بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٨ هەر لە کۆتایی سەدەی ١٨دا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە پشکۆی ئەم خەباتە، سیاسیانەتر و مۆدێرنتر لە پێشوو دەگەشێننەوە.

دیارە دوای ئەمە مێژووی هەرکام لە سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی کورد لە چەندین هەزار لاپەڕەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕاندا باسی کراوە. بەڵام کۆمەڵە و سەرهەڵدانەکانی وەک "جەمعییەت تەعالی و تەرەقی کوردستان"، "کاژیک"، "ڕاپەڕینی سمکۆ"، "دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، "دامەزران و هەرەس پێهێنانی کۆماری کوردستان"، "دەستکەوتی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار و شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان"، "خەباتی چەکدارانەی ساڵانی چل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامیی خەباتی کوردان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستا"، "سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان"، "ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان"، "سەرهەڵدانی کوردانی ڕۆژئاوا و دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لەم پارچەیە"، بەشێکن لەو ڕووداوە گرنگە سیاسییانەی لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە بە تایبەت لەم دواییانەدا "زۆر خێراتر" بەردەوامن.

## فەلەستین و کوردستان لە ئاستی ناوچە و نێودەوڵەتیدا

ئاستی پشتگیریکردن یان ناوهێنانی خەباتی خەڵکی فەلەستین وەک خەباتێکی ڕەوا و پشتگرتنی لە ناوچە و جیهاندا بە



سەرچاوە
Serchawe

هیچ شێوەیەک لەگەڵ چۆنیەتیی پشتگیریکردن لە خەباتی کوردان بۆ ئەوە نابێت بخرێنە دوو تای تەرازوویەکەوە. بۆ زیاتر پێشاندانی ئەم دۆخە، تەنیا ئاماژەکردن بەو چالاکییانەی ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆ لایەنگری لەگەڵی فەلەستین کردوویانە و هەروەها پشتگیریکردنی وڵاتانی ناوچە، ئەم ڕاستیەی سەرەوە بە ڕوونی پێشان دەدات.

**چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی لە نێو فەلەستینیاندا هەتا ئێستا بەمجۆرە بووە:**

- ئۆنروا: (UNRWA) ساڵی ١٩٤٩ بۆ یارمەتیدانی ئاوارەی فەلەستینی دامەزرا و لە بواری پەروەردەییەوە خزمەتی زیاتر لە نیو ملیۆن خوێندکاری کردوە، و ناوەندەکانی تەندروستیی ئۆردووگاکانی لە کەرتی خۆرئاوا و غەززە و ئوردون، لوبنان و سووریە بەڕێوە بردوە.

- نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی: (OCHA) ئەم ڕێکخراوەیە بە بەردەوامی لە ناوچە فەلەستینیەکان چاودێریی دۆخی مرۆیی کردوە و کاروباری یارمەتییە مرۆییەکانی لەم ناوچانە ڕێکخستوە، بەردەوام ڕاپۆرتی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ ئامادە کردوە و پلانی بۆ وەڵامدانەوەی ڕووداوە لەناکاوەکان داناوە.

- بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان: (UNDP) پرۆژەکانی گەشەپێدان لە ناوچە فەلەستینییەکان جێبەجێ کردوە، پشتگیری دامەزراوە حکومەتییەکان و یارمەتیی بنیاتنانی ژێرخان و بەرنامەکانی بەهێزکردنی ئابووریی جێبەجێ کردوە.

- یونیسێف:(UNICEF) پشتگیریی منداڵان و هەرزەکارانی فەلەستینی کردوە و لە بواری پەروەردەیی و تەندروستی و خزمەتکردن یارمەتیی دەروونی-کۆمەڵایەتیی ماڵانی زیانلێکەوتووی داوە و خۆیشی بەشێک لەم بەرنامانەی جێبەجێ کردووە.

- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی:(WHO) ئەمەشیان یارمەتیی بەهێزکردن و چارەسەرکردنی کێشەی دۆخی تەندروستیی داوە، بە واکسینکردن یان کوتان بەرەنگاریی نەخۆشییە گوازراوەکانی کردووە و پزیشکانیشی ڕاهێناوە.

ئەمەی سەرەوە جگە لە یارمەتیی وڵاتانی ئیسلامیی وەک "ئێران، تورکیە، قەتەر، مالیزی، پاکستان، ئەندۆنیزی و عەرەبستانی سعوودیە"ن. جگە لەمانە، ئەمریکا، یەکیەتیی ئەورووپا، چین و ژاپۆنیش هەرکام بە جیا و لە دەرەوەی بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی دەسەڵاتی فەلەستینیان داوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، وڵاتانی عەرەبی

و ئیسلامیی ناوچە وەک مالی سەرکردەکانی بزاڤی حەقخوازانەی خەلکی فەلەستین بوون. هەروەها فەلەستین لە سالی ٢٠١٢ بەملاوە، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئێستا وەک "دەولەتی چاودێر" هەژمار دەکرێت و مافی بەشداریکردن لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانوستانە نێودەولەتییەکان و چوون بۆ نێو ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکانی هەیە.

بەلام وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەرچەند مێژووی خەباتی کوردان چەند ئەوەندەی مێژووی فەلەستینیانە، بەلام بە هۆی دۆخی ژێئۆپۆلەتیکیی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان و دابەشکرانیان وەک ژێردەستەی ولاتانی ناوچە، بەشێکی زۆر کەم و ئەویش لە سەردەمی جیادا لە لایەن ولاتانی ناوچە و جیهانەوە یارمەتی دراون و ئەم یارمەتییانەش بەشێکیان ئێستا تەنیا بە بەشی نیوەڕزگاربووی باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

**دەکرێت یارمەتیی بەرژەوەندیخوازانە یان دەستتێوەردانی ولاتانی ناوچە لە کوردستان بەم جۆرە باس بکرێت:**

١- **تورکیە:** تورکیە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ دۆخێکی زەمەنیدا یارمەتیی کوردانی ژێر دەسەلاتی خۆی و پارچەکانی دیکەی نەداوە.

٢- **عێراق:** دەسەلاتدارانی عێراق لە کاتێکدا زۆرجار لەژێر گوشاری خەباتی کوردان هەلسوکەوتیان لەگەل کوردانی ژێر دەسەلاتی خۆیان ئەرێنی بووە و تەنانەت ملیان بۆ ئۆتۆنۆمیی بەشێک لەم پارچەیەی کوردستان ڕاکێشاوە، بەلام دواتر بە ئەنفالکردن و کیمیابارانکردن چەندین ئەوەندە زیانیان پێیان گەیاندوە. بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەش تەنیا لە کاتی جەنگی ٨ سالەی ئێران و عێراق بە شێوەیەکی سنووردار پشتی خەباتی کوردانی ڕۆژهەلاتیان گرتوە.

٣- **سووریە:** دەسەلاتدارانی ئەم ولاتەش لە کاتێکدا بە توندی کوردانی ژێر دەسەلاتی خۆیان سەرکوت کردوە و تەنانەت مافی هاوولاتیبوونیشیان لە بەشێکیان ئەستاندوە، تەنیا بەهۆی دژایەتیکردنی بەعسییەکانی سووریە دژ بە بەعسییە عێراقییەکان هەندێک جار ئیزنیان بە بەشێک لە کوردانی عێراق داوە لەم ولاتە بژین و سنووردارانە پشتگیریان کردوون.

٤- **ئێران:** حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی بەردەوام کوردانی ئەم پارچەیەی کوردستانی سەرکوت کردوە، لە سەردەمی نێوانناخۆشی لەگەل دەسەلاتی عێراق لەسەر شەتولعەرەب، بە شێوەی سنووردار یارمەتیی شۆڕشی کوردانی عێراقی ئەوکاتی داوە و لە سەردەمی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامییشدا ئەم ڕێژیمە جیا لە سەرکوتی سیستماتیکی کوردەکانی ئەم ولاتە، بەلام



سەرچاوە
Serchawe

بە ئامانجی ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و بە ئومێدی تێپەڕین بەرەو ئیسرائیل لە ڕێگەی کەربەلاوە! سنووردار یارمەتیی حیزبەکانی باشووری کوردستانی داوە.

## پشتگیریی جیهانی لە خەباتی کوردان:

بۆ یارمەتییە نێودەوڵەتییەکانیش ئەوەی بەرچاو بێت، بۆ کوردی ئێران یان ڕۆژهەلات، تەنیا یارمەتیی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور، ئەویش بە دەستپێشخەریی دکتۆر قاسملوو وەک مامۆستای زانکۆ لە پاریس و دۆستایەتیی ئەو لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکە کراوە و هەروەها دادگای میکۆنۆسی ئەڵمانیش لە دۆسیەی تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندیدا دژ بە دەسەلاتی ئێران پشتی کوردانی ستەملێکراوی گرتوە.

ئەوەی گرنگە لەم ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە دیاریکردنی هێڵی دژەفڕین بۆ کوردانی باشوور و پشتگیریکردنی بەردەوام لە مانەوەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستانە و بۆ ڕۆژئاواش پشتگیریی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سووریەی دێموکرات ئێستاش بەردەوامن. هەتا ئێرە ئەوەی ڕوون و خۆیایە، ئەو پشتگیرییە ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەی لە فەلەستینیان کراوە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم پشتگیرییە کەمەی لە کوردان کراوە بەراورد ناکرێت.

کوردان لە لایەن دەسەلاتدارانی دەوڵەتانی ئیسلامییەوە، نەک وەک فەلەستینیان پشتگیری نەکراون و یارمەتی نەدراون، بەڵکوو لەم ساڵانەی دواییدا لە کاتی کوشتاری بەکۆمەڵی کوردانی ڕۆژهەلات وەک ئێعدامی بێتاوانان لە فڕۆکەخانەی سنە و کۆمەڵکوژیی ٥٩ لاوی مەهابادی و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی قاڕنێ و قەلاتان و سۆفیان و کانیمامسەیدە و... هەروەها لە بەرانبەر ئەنفال و کیمیابارانی باشووری کوردستان و سەرکوتی ناوازەی کوردانی باکوور و ڕۆژئاواش گوێی خۆیان ئاخنیوە.

## کاریگەریی گەندەڵی و زاڵبوونی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەسەر خەباتی فەلەستین

هاوکاتی سەرکەوتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە سەرەتای پەلهاویشتنی ئەم دەسەلاتە بۆ نێو گەلانی موسوڵمانی ناوچە، بە تایبەت پاشەکشەی گرووپە سیاسییە چەپ و نەتەوەخوازەکان لە فەلەستین و زاڵبوونی ئیسلامی سیاسی بەسەریاندا بە تایبەت دوای هاتنی یاسر عەرەفات بۆ تاران و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و دروستکردنی حیزبوڵڵای لوبنان، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا پشتی هەستی نەتەوەخوازانەی فەلەستینیان بشکێنێت و لە ٧ی ئۆکتۆبردا

کردی بە زەبرێکی گورچووبڕ.

وەک ئیدوارد سەعید ڕووناکبیری فەلەستینی-ئەمریکاییش دەڵێت، گەندەڵی لە نێو دەسەڵاتی فەلەستینیدا بەربەستی گەورەی پێشکەوتنی ئەم گەلەیە. ئیدوارد سەعید دەڵێت وەرگرتنی یارمەتیی دارایی دەرەکی بەبێ چاودێریی پێویست، زەمینەیان بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی خۆش کردوە و پێی وایە گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی بووەتە هۆی لاوازکردنی خەباتی گەلی فەلەستین و کەمکردنەوەی بایەخی سیاسیی سەرکردەکانیان. ئەو دەڵێت، شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دامەزراوە فەلەستینییەکان بەهێز نەکراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە و هەروەها ئەم گەندەڵییەی بۆ بەردەوامیی پشتبەستنی فەلەستین بە یارمەتییە دەرەکییەکان بە هۆکارێک دەزانێ و پێی وابوو ئەمە سەربەخۆیی بڕیاردانی لێ سنووردار کردوون.

## ئەنجامی وەرچەرخانی ئەم دۆخە

دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وەڵامی توند و درێژخایەنی ئیسرائیل و دەرچوونی بەرەی تێکهەڵچوونەکان لە ناوچەی بەرتەسکی غەززەوە بۆ لوبنان و هەموو بەشی موسوڵمانشینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سووریە، وەرچەرخانێکی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بڵاو دەبنەوە، ئێستا تای تەرازووی بەرچاوبوونی خەباتی کوردان و پشتگرتنی ئەم خەباتە لە نێوان کورد و فەلەستینیاندا، لەم ناوچەیەدا قورسایی بە لای کورداندایە.

لە کاتێکدا دۆخی ناوچە بە ئاراستەیەکی ئەوتۆدا دەڕوات، هەرچەندە دۆخی دابەشبوونی کوردان و فرەحیزبی و فرەلایەنی لە نێو تێکڕای کوردستان و هەموو پارچەکانیدا لێوردبوونەوەی زۆر زیاتری دەوێت، بەڵام ئەزموونی ناسەرکەوتووی ڕابردووی خەباتی فەلەستین دەکرێت بەشێک لە تێشووی سەرکەوتنی خەباتی کوردان لە داهاتوودا بێت.

***

**تێبینی:**

ئەم وتارە کۆکراوەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی چەندین سەرچاوەی مێژوویی، سیاسی و ڕۆژنامەوانییە، لەوانە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، نووسینەکانی ئیدوارد سەعید و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ژنکوژی دیاردەیەکی دەوڵەتییە نەک نەتەوەیی



**هەردی سەلیمی**

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆڕبەندی جیهانیی ئابووری ناسراو بە "داووس" لە پیوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانیی ژن و پیاودا، وڵاتی ئێران هەموو ساڵێک و بەردەوام لە کۆتاییی خشتەکەدایە. پێوەر و فاکتۆرەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە چوار بەشی پەروەردە، تەندروستی، ئابووری و سیاسەتدایە و جگە لەم چوار بەشە نییە. هەر بۆیەشە لەلایەن چالاکانی مافی ژنانەوە بایەخێکی زۆری پێ نادرێ، لەبەر ئەوەی پێیان وایە فاکتۆرەکانی زیاتر پێوەندی لەگەڵ ئامار و ئەژماردایە و ڕۆ ناچێتە نێو قووڵاییی ئەم پرسەوە و زۆر پێوەری گرینگی تریش هەن کە لەبەرچاویان ناگرێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە و هەر ئەم ئامارە سەرپێییەش دەریدەخات درز و کەلێنی ڕەگەزی لە ئێراندا چەندە قووڵە.

ئەم ئامارانە نیشانی دەدەن ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک وەلا نراون و لەبەرچاو نەگیراون، کە بەداخەوە ڕێگەخۆشکەریش بووە بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالاریشەوە بە ڕەگەزی پلەخوار لێی بڕوانن و بەدوای ئەوەشدا لە بەرامبەریدا هەڵسوکەوتێکی تێکەڵ بە توندوتیژییان هەبێ و یاساش بەربەستێک نەبێ بۆیان، بەڵام ئەم

ئاستە لە پەڕاوێزخستن تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا سیستمی پاشایەتییش لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ڕوانگەیە لەسەر ژنان هەر ئەو ڕێیەی پێواوە وا کۆماری ئیسلامی خەریکە دەیپێوێ.

نزیک بە سەدەیەکە ئەم دوو دەسەڵاتە لە ڕێگەی پەروەردە، سینەما، ئەدەبیات، ڕۆژنامە، یاسا و زۆر ڕێگەی تریشەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەدژی ژنان و مافەکانیان و هەروەها ئاسانکاری بۆ توندوتیژی لەلایەن پیاوانەوە کاریان کردووە. سینەمای فارسی بە شێوەیەکی سیستماتیک بانگەشەکەری توندوتیژیی دژی ژنان بووە و کەسایەتیی قارەمانی لە کەسانی چەقۆبەدەست و ژنکوژ نیشان داوە و سیکلی توندوتیژیی بەرهەم هێناوەتەوە.

ئاماری ژنکوژی لە ئێراندا لەژێر کاریگەریی ساڵانێکی دووروودرێژ لە پەروەردەی ئاوا سەقەتدا ڕوو لە زیادبوونە، تەنانەت ئامارەکان نیشانی دەدەن لەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناشەوە کە دروشمە سەرەکییەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو، ژنکوژییەکان زیاتریشیان کردووە و کەمتر نەبوونەتەوە. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا بەنسبەتی ساڵی ٢٠٢٣، شەست لەسەد زیاتر حاڵەتی ژنکوژی ڕووی داوە و تۆمار کراوە، لە دەسپێکی ساڵی ١٤٠٣ هەتا ئێستاش کە هێشتا تەواو نەبووە، لانیکەم ١٤٣ ژن کوژراون. لەم ئامارانەدا کە بێگومان حاڵەتی تۆمارنەکراویشیان تێدایە، دەوڵەت لەژێر ناوی "ناکۆکیی بنەماڵەیی" و "کوشتنی نامووسی"، خۆی لە بەرپرسیارەتی دەدزێتەوە و کێشەکان بۆ خودی بنەماڵەکان دەگەڕێنێتەوە. لەم نێوەدا پتر لە دە ساڵە گەڵاڵەی بەناو پشتیوانی لە ژنانیش لە نێوان سێ هێزی دەسەڵاتدا دەستاودەست دەبێ و هەر نابێتە یاسا! کە دەرخەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی عەمەلەن پاڵپشتی لە توندوتیژی دژی ژنان دەکات و ڕێگر نییە لە بەردەم ئەم توندوتیژییانەدا.

کوردستانیش بەشێکی لەم ئامارانە هەیە و بەتایبەتی لە ماوەی پێشوودا چەندین حاڵەتی توندوتیژی و ژنکوژی لە شارە جیاوازەکانی کوردستانیش ڕوویان داوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەمی کەسانی دژەکورد بکرێتەوە و ئەم ئاکارانە لە پارادۆکسیکاڵبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەگەڵ ڕووتینی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بزانن و ڕوو لە بەشەکانی تری ئێران وا نیشان بدەن ئەم دروشمە لە نێوەرۆکدا پووچەڵ و بێواتا و ڤیترینییە. لە ڕاستیدا نکۆڵی لەوە ناکرێ لە کوردستاندا ئێمە شایەدی ئەو توندوتیژییانە هەین، بەڵام دەکرێ ئەو حاڵەتانە بگشتێنین؟ بێگومان وڵامەکە نایە؛ لەگەڵ ئەوە پێویستە هەندێک ڕوونکردنەوە بدەین. لە کوردستان بەهۆی حزووری چالاکی ئێنجیئۆ و ڕێکخراوەی مافی مرۆیی و ئەحزابی سیاسییەوە، هەواڵ و ڕاپۆرتی ژنکوژییەکان بڵاو دەبنەوە و بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری ئێران، پەردەپۆش و سانسۆر ناکرێن، بۆیە دیمەنێکی وا لە کوردستان نیشان دەدرێ کە زاتەن ناوچەیەکی ژنکوژە. جگە لەوە هەڵگرتنی دروشم

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نییە و دەبێ هەبێ، واتە کاتێک کەسێک دروشمی ئازادی دەدات کە هەست بە بەندبوون بکات؛ بۆیە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بەو واتایە کە بێمافیی ژنانمان هەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی ئابووری و خۆشبژیویمان هەیە و ئازادیش نین. کەواتە ئەم دروشمە بەشێکە لە تەشخیس و دیاریکردنی کێشە و ئینجا بەدوای ئەوەشدا چارەسەرە، بە واتایەکی تر هەم سەلبییە و هەمیش ئیجابییە.

هەندێک لە خاوەنڕایانی بواری کۆمەڵناسی لەو باوەڕەدان، وشیاریی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانیاندا و هەروەها ئامادەنەبوونی پیاوانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر داننان بەو مافانەدا بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، دەتوانێ ڕێژەی توندوتیژیی پیاوان بەرامبەر بە ژنان بەرێتەوە سەرترەوە، کە ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانیشدا ڕاستە، بەڵام لەم کاتەدا کە دەسەڵات و یاسادانان لە دەرەوەی ئیختیاراتی خەڵکدایە، پێویستە لە ڕووی فەرهەنگسازی و پتەوکردنی بەستێنە کولتوورییەکان و هەروەها پەروەردە و بانگەشە و میدیا و... کۆمەڵگە و بەتایبەتی پیاوان وشیارتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی پێش بەم ڕووداوە تاڵانە بگیرێ و چیی تر شایەدیان نەبین.

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ژن وەک خۆی!



ئاسۆ مینبەری

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەر گۆی زەوی وای کردوە کە ئەم بوونەوەرە لە پێوەندی لەگەڵ هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی هەبێ.

کۆمەڵایەتیبوون و گەیشتن بە قۆناغی ئەمڕۆی ژیان، پرۆسەیەکی دووردرێژی خایاندوە و نکۆڵی لەوە ناکرێ قۆناغەکانیش هەرکامەیان ئاستەنگ و ئەزموونی جۆراوجۆریان تێدا بووە، هەر ئەم ئاستەنگانە وایان کردوە کە قۆناغەکانی ژیان وەک یەک نەبن و هەرکامەیان بەپێی سەردەمی خۆی، ئاکار و هەڵوێستی پێویست و گونجاوی خۆی ویستوە.

ئەگەرچی هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای بە کۆمەڵایەتیبوونەوە شەڕ بۆ مانەوە هەبووە و مرۆڤەکان بە شێوازی جیاواز هەوڵیان بۆ مانەوە و سەقامگیربوونی خۆیان لە سەر زەوی داوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەش، دابەشکارییە

کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەبووە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ.

هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە زۆر کۆمەڵگەدا شەڕەکان بەردەوامن، ئەتوانێ لە کۆمەڵگەیەکدا -مەبەست سەردەمی ئێستایە- شەڕ بۆ مافی ژیان بێت، ئەتوانێ شەڕ بۆ سەلماندنی ناسنامە بێت، ئەتوانێ شەڕ بۆ خاک و نیشتمانیش بێت یان زۆر شەڕی دیکە.

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ وا دەکات مرۆڤەکان لە بەرەی هەر شەڕێکدا بە جۆرێک دابەشکارییان بۆ بکرێت، ئەم دابەشکارییە ئەتوانێ لە ڕووی توانای هزری و زانستییەوە بێت، یان توانای جەستەیی و یان تەنانەت توانا و جیاوازیی ڕەگەزی.

هەرچەند کە باسکردن لە جیاوازییەکان بەپێی ڕەگەز باسێکی زۆر دوورودرێژ و ئەڵبەت زانستیشە، بەڵام بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک بەربەست بینراوە!

زۆر جار لە زۆر بواری تایبەت و لە هەمان کات هەستیاری کۆمەڵگەدا، جیاکاریی ڕەگەزی وای کردوە کە پۆتانسییێلی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە پەراوێز بخرێ، ئەگەرچی ئەو بەشە زۆر بەتواناش بێ!

جیا لە جیاوازییە فیزیۆلۆژییەکان کە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناگونجێ، پەروەردە و زۆر جاریش هێژموونی دەسەڵات دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەم پرسەدا هەبێت و هۆکاری سەرەکی بۆ جیاکارییەکان لە بواری ڕەگەزەوە بێت.

بۆیە بابەتی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک بەرجستە دەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی پێوەندیدار بە جیاکارییە ڕەگەزییەکانەوە کە کۆمەڵگە لە وزەی بەشێکی بەرچاوی حەشیمەت بێبەری دەکات.

ئەمە بۆ ئێمە، واتە ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگە ئیدئۆلۆژیک و هاوکات نەریتییەکاندا ژیاوین، ڕاستییەکی ئاشنا و لە هەمان کاتدا تاڵە.

چونکە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک لە چوارچێوەی بیری خۆیدا ڕێوشوێنی ژیانمان بۆ دیاری دەکات و لە ڕێگەی پەروەردەوە وای لە کۆمەڵگەدا جێگیر دەکات کە لادان لەم چوارچێوەیە دەبێتە تاوانێکی گەورە و لەلایەکی تریشەوە نەریتیبوونی کۆمەڵگە وا دەکات کە زۆر شت بۆ ئێمە بە بڤە بزانرێت و نزیکبوونەوە و تەنانەت بیرکردنەوە لێیان تاوان

بێت.

ئەوەی کە دەبێ بایەخی پێ بدرێت، ئەو شەڕە پیرۆزەیە کە لەم کۆمەڵگەیانەدا لە نێوان ئێمەی قوربانیی نەریت و ئیدئۆلۆژی و دەسەڵات و پەروەردەدا هاتووەتە ئاراوە. شەڕێک کە پێش لە هەموو شتێک شکۆ و کەرامەتی ژن لەگەڵ خۆی بە دیاری دێنێ.

لە دێرزەمانەوە ژنی کورد هەوڵی داوە قەت لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەدا کە نەریت و دەسەڵات بۆیان داناوە خۆی قەتیس نەکاتەوە بۆیە زۆر پێویستە کە ژنی کورد وەک خۆی بناسرێت و ڕێز لە ماندووبوونی بگیردرێت.

ئەوەی کە لەم وتارەدا بە پێویست دەزانێ زەق بکرێتەوە، ئەوەیە کە بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا کە بە هۆی هەبوونی سۆشیاڵ میدیاوە زیاتر هەست بە بوون و بەشداریی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا کراوە، زیاتر ژنان وەک پاشکۆیەک چاویان لێ کراوە. زۆر جار وەک دایک، هاوسەر یان خوشکی فلانە کەس و هەوڵ دراوە کە بە جۆرێک پێوەندیی ژن لەگەڵ پیاوانی دەوروبەری نەپچڕێت، یان باشتر بڵێم ژن لە ناسنامەکەی دانەبڕێ!

ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لەلایەکەم لە کوردستاندا کە ژنان زۆر جار سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە خۆیان توانیویانە ڕێگای ژیانی سەربەرزانە بپێون، تا ڕادەیەک ڕەخنەهەڵگرە! و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و بەشێکی بۆ نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە.

بەڵام لە ڕاستیدا ژنی کورد نەک لە پێناسە لەگەڵ پیاواندا بەڵکوو هەموو کات توانیویەتی پێناسەیەکی ڕێکوپێک لە ئازایەتی، بوێری و گیانفیدایی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بۆ نموونە ئەگەرچی شەهیدبوونی منداڵ، پێناسەی زۆر بەنرخی دایکی شەهید بۆ ژن زیاد دەکات بەڵام دیسانەوە پێویستە ژن وەک خۆی و بە توانا و ئەزموون و لێهاتوویی خۆیەوە بناسین.

ژن پێش لەوەی کە کچ، هاوسەر، خوشک یان دایکی پیاوێک بێت، مرۆڤێکی سەربەستە.
ئەم سەربەستییە لە ئاکاری ژنانی کوردستاندا بە ڕوونی بینراوە. ئەم سەربەستبوونە وا دەکات کە ڕۆژانە ژنان لەلایەن

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ناوەندە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتەوە دەسبەسەر بکرێن، ئازار و ئەشکەنجە بدرێن، سزای قورسی وەک سێدارەیان بەسەردا بسەپێت تاکوو لە پێناسەی ژنبوونی خۆیان بیانسڕێتەوە.

ژنبوون ئەگەرچی لای کۆماری ئیسلامی وەک لاوازییەک پێناسەی بۆ کراوە بەڵام، ئاکاری شۆڕشگێڕانە و بوێرانەی ژنان وای کردووە خودی ئەو دەسەڵاتەش دان بە هێزی ژناندا بنێت هەر بۆیە پەتی سێدارەی بە باشترین چارەسەر بۆ سڕینەوەی ژنان زانیوە.

**٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

## تاوان و تاڵانی ئابووری، خاڵی هەرەدیاری کارنامەی کۆماری ئیسلامییە



**شەماڵ تەرغیبی**

یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکان لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش کە دواجار بووە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، لەڕاستیدا دۆخی شپرزی ئابووریی خەڵک و مەودای زۆری چینایەتی بوو؛ بەو واتایە کە ئەگەرچی حکوومەت سەروەت و سامانێکی ئێجگار زۆری لە بەردەست بوو هەتا خەڵک بکرێ بە شێوەی دادپەروەرانە لێی بەهرەمەند ببن، بەڵام بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیک و خەڵکی و بەپێچەوانەوە بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن کە دێموکراسی و ئازادیی تەنیا لە حیجابی ئیختیاری و هەندێ ئازادیی لاوکیی تاکەکەسیدا دەبینییەوە، نەیانتوانی بەو جۆرەی کە شیاوە کەڵکی لێوەربگرن. ئابووریی ئێران ئابوورییەکی تەواو دەوڵەتی بەستراوە بە دەربار بوو و پارە و داهاتەکان تەنیا خزمەتیان بە دەسەڵات و دەوروبەرییەکانی دەسەڵات دەکرد. ئەمەش وای کردبوو بەکردەوە دوو چین لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەبێ: چینێکی دەوڵەمەندی هەڵمساو بە پارەی خەڵک و چینێکی هەژاری بەشمەینەت کە دەبوو بەردەوام چاوەڕێی دەستی بەزەیی شا بوایە! کاتێک کە شۆڕش سەری هەڵدا و لە ٢٢ی ڕێبەندان بە ئاکام گەیشت، خەڵک پێیان وابوو چیدیکە ئەو ڕۆژگارە ڕەشە نابیننەوە و بەرەبەرە لەژێر سێبەری حکومەتی نوێدا بە ئاسایش و ئارامی و خۆشبژێوی دەگەن و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی

جێگیر دەبێ. بەڵام وا دەرنەچوو، و ئەو کەمە ئازادییە مەدەنییانەش کە پێشتر هەبوون یاساغ کران و لەباری ئابووریشەوە نەتەنیا خەڵک بە ئاسوودەیی نەگەیشتن، بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەنێو گەنداوی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی تازەدا ڕۆ چوون.

بەگشتی کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی گرینگی دا بە دەستەوە کە جێگەی لێوردبوون و لێفێربوونە تاکوو جارێکی تر هەڵەیەکی کوشندەی لەو چەشنە دووبارە نەکرێتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەگەر بەکورتیش بووە شەنوکەوی هەندێ لایەنی ژیانی ئابووری کۆماری ئیسلامی بکەین:

کۆماری ئیسلامی بە دروشم و بەڵێنی درۆیینی چاکسازیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی هاتە سەر کورسیی دەسەڵات. بەڵێنی دابوو نادادوەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کەم و داهاتی سەرانەی خەڵک بەرز بکاتەوە و نەوت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێ بەرانبەر بە سەر خەڵکدا دابەش بکا، بەڵام پاش ٤٦ ساڵ دەسەڵاتداری، دەرکەوت کە کاربەدەستانی ڕێژیم، لەلایەک لە فیکری دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی وڵاتی ئێراندا بوون و لەلایەکی دیکەوە سەروەت و سامانی وڵاتی ئێران بۆ ئامانجی سیاسیی خۆیان دەدەن بە گروپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە و جیهان.

گەندەڵی ئابووریی لە ڕێژیمدا هەر لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەری دوو جۆری گەندەڵی دیکە واتە گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی هەڵبژاردندا بووە. لەو ماوەیەدا دزی و گەندەڵیی مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی وەڵامدەر بە خەڵک و دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبووندا بووە. چونکە گەندەڵیی ئابووریی بە شێوەی سیستماتیک لە نێوان مۆرە باڵاکانی ڕێژیمدا بوونی هەبووە. لەوەش گرینگتر چونکە دەزگاکانی دادوەری، یاسادانان و بەڕێوەبەریی ڕێژیم لە نێوان بازنەیەکی داخراوی چەند سەد کەسی مۆرەکانی ڕێژیمدا قورغ کراوە، دەستیان لە گەندەڵیدا ئاوەڵاتر بووە هەر بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ گەڵاڵەیەک و بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئابووریی ڕێژیم سەرکەوتوو نەبووە.

لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم زۆر جار باسی گەندەڵی و چاکسازی لە سیستمی ئابوورییان کردوە، کە دەبێ ئابووری لە پاوان و ڕانت بێتە دەرێ. هەرچەند خۆشیان ئەوە باش دەزانن کاتێک ئابووریی ئێران لە پاوان دێتە دەرێ کە لە حاڵەتی دەوڵەتی بێتە دەر کە ئەمەش نامومکینە چونکە زیاتر لە ٨٧٪ ی ئابووریی ئێران لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، ئۆرگانە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دامودەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەریدایە. هەر بۆیە ئێران ئێستا، لە ئاستی جیهانیدا چوارەمین وڵاتە لە هەبوونی ڕێژەی گرانی و بێکاریدا و لەڕووی هەڵاوسان و چونەسەری نرخەکان لە ئاستی جیهاندا لە ڕیزبەندی یەکەمدایە. لەلایەکی دیکەوە بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانەوە ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار زیان لە ژێرخانی

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ئابووریی ئێران دەدرێ و دەیان کارخانە و کارگە داخراوە و بە هەزاران کرێکار بێکار کراون کە دوایین نموونەی دەتوانێ تازەترین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە بێ کە تێیدا باسی لە کەمبوونەوەی گەشەی بەرهەمهێنانی گاز لە ئێران کردوە و ڕایگەیاندوە ئەم کەمبوونەوە لە ساڵی داهاتووشدا بەردەوام دەبێت.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەم ئاژانسە گەشەی بەرهەمهێنانی گاز لە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی کەمتر لە ٢٪ بووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە نێونجیی گەشەی بەرهەمهێنانی گاز لە یەک دەیەی ڕابردوودا ساڵانە زیاتر لە ٥٪ بووە. ئەم ئاژانسە پێشبینی ئەوەشی کردوە کە دۆخەکە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەرەو خراپتربوون بڕوات و ئەگەری زۆرە کە گەشەی بەرهەمهێنان لەم ساڵەدا تەنیا یەک لە سەد بێت و ئەو یەک لە سەدەشی بۆ بەرنامەی کەمکردنەوەی سووتانی مەشخەڵەکان گەڕاندووەتەوە.
بە پێی ئامارە فەرمییەکانی بانکی جیهانی، ئێران لە ساڵدا تەنیا بە سووتاندنی مەشخەڵی کێڵگە گازییەکان واتە "فلێرینگ"، ٢١ میلیارد میتری سێجێ گاز دەسووتێنێ و بەفیڕۆی دەدا کە هاوتایە لەگەڵ ٤٠ لەسەدی گازی بەکارهێنراوی یەک ساڵی وڵاتێکی وەک تورکیە. گەشەنەسەندنی بەرهەمهێنانی گاز هاوکات لەگەڵ زۆربوونی حەشیمەتیش لەکاتێکدایە کە ٧٠ لە سەدی وزە لە ئێران لە ڕێگەی گازەوە دابین دەکرێت و هەر ئەوەش دەتوانێت قەیرانێکی گەورە بۆ سەر خەڵک و پیشەسازییەکانی ئێران لە داهاتوودا دروست بکات.
ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لە کەمیی گاز لە وەرزی پاییزدا کردووە و ڕایگەیاندووە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی نەبوونی گازەوە چالاکیی هێندێک لە وزەخانەکانی خۆی ڕاگرتووە.
لەو ماوەیەدا ساڵانە و لە بوودجەی خەڵکی ئێران بە دەیان میلیارد دۆلاری لە سیاسەتی دروستکردنی هیلالی شیعی لە سوریە و لوبنان و بەحرەین و یەمەندا بۆ ئاژاوەنانەوە و گروپە تیرۆریستییەکان خەرج دەکرد. بە گشتیی ئێران ئێستا لە ڕووی ئابوورییەوە گەندەڵترین وڵاتە، هاوکات لە ڕیزی دیکتاتۆرترین و داخراوترین و ناسەقامگرتووترین سیستمی سیاسیی، ئابووریی جیهاندایە.


قسەی کۆتایی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ٤٦ ساڵ حاکمییەتدا تەنیا برسیەتی، سەرکوت و خەفەقان، گەندەڵی ئابووریی و ئیداری و گۆشەگیری بۆ گەلانی ئێران بە دیاری هێناوە. سەرەڕۆییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات بەشێوەی کوشتاری بە تاک و بە کۆمەڵی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران و پەرەدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهاندا، وایکردوە، کە ئێستا ڕەوایی بۆچوونی ڕێبەرانی کورد لە سەرەتای شۆڕش و بەرحەقبوونی خواستەکانی بزووتنەوەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیان بنوێنن.

**٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# کرماشان لە هەناوی ژێئۆپۆلۆتیکی کوردستاندا



**پژمان شەریعەتی**

لە جیهانی ئەمڕۆدا وڵاتان هەوڵ دەدەن بە کەلکوەرگرتن لە ژێئۆپۆلۆتیک بۆ داڕشتنی سیاسەت و بەرەوپێشبردنی ڕێکار و نەخشەڕێگاکان بەنیسبەت بەدەستهێنان و پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانی کەلک وەرگرن و پرسێکی زۆر گرنگە لەبارەی ئەمنییەتی نیشتمانی. بەپێی دیکشێنێری ئاکسفۆرد، ژێئۆپۆلۆتیک واتە: "خوێندنەوەی چۆنیەتیی کاریگەریی وەرگرتنی سیاسەتە لە ژینگەی جۆغرافیایی" و هۆکارەکانی ناسیاوی ژێئۆپۆلۆتیک بریتین لە: هەڵکەوتەی ستراتێژیک و ژێئۆستراتێژی، هەڵکەوتەکانی پەیوەندی، ژینگە و فیزیکی زەوی لە بواری فۆرمەوە، بەرینایی، دۆخی تۆپۆگرافی، ئابووری، سیاسی، نیزامی، سەرمایەیی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێژوویی و... هتد. لەم پەیوەندییەدا وڵاتان بە کەلکوەرگرتن لە ژێئۆپۆلۆتیک، سیاسەتی بەرگری و ئەمنییەتی خۆیان دابڕێژن، ئاڵوگۆڕ بە هێزی نیزامی و توانای ڕێژەیی و کوالێتیی هێزە چەکدارەکانیان بگۆڕن، پەرە بە دامەزراوە و سەنعەتی نیزامیی خۆیان بدەن و هەروەها کەلک لە گرێبەستە نیزامی و پەیماننامە ئەمنییەتییەکان وەربگرن.

بەم پێشەکییە دێنە سەر کوردستان و ژێئۆپۆلۆتیکی ئەم وڵاتە و بەتایبەتی پارێزگای "کرماشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەڵکەوتەیەکی تایبەتی هەیە. بە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی و هەڵسەنگاندێک بە نیسبەت هەڵکەوتەی کوردستان و ژێئۆپۆلۆتیکی ئەم خاکە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە کە لە پێشەکیدا هاتوون، بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان هەڵکەوتەیەکی ستراتیژیکیی تایبەتی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە شێوازێک دەتوانین بڵێین زۆرینەی پرس و کێشە و گرفتەکان و دەروازەی چارەسەری ئەمنییەت لە ناوچەکە هەر کوردستانە. بێگومان داگیرکەرانی کوردستانیش بە باشی زاڵن لەسەر ئەم بابەتە و بەداخەوە ئەم خاک و جوگرافیایە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و هەتا ئێستاش نەیانهێشتوە کوردستان ڕۆڵی کاریگەریی خۆی بگێڕێت و بە جۆرێک دەیانهەوێت ئەو خاڵە پۆزەتیڤ و چارەنووسسازانە کە لە کوردستان هەیە و وەکوو سەرمایەیەکی جیهانییە لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بیهێنن.

لەو هاوکێشەیەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو بەشەکانی دیکەی کوردستان جێگەی سەرنجە و دەبێ وردبوونەوە و خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بکرێت، چونکە داگیرکەر لەو بەشەدا بە باشی لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆی و تاڵانکردن، نائەمنکردن و مێلیتاریزەکردنی کوردستان کەڵکی لێوەرگرتوە. بە باسکردن لەسەر چەندین نموونەی تایبەت و هەڵسەنگاندنێکی زانستی دەردەکەوێت کە پارێزگای کرماشان لە بواری ژێئۆپۆلۆتیک و ژێئۆستراتێژی، هەڵکەوتەیەکی زۆر تایبەتی هەیە. بەپێی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن، وەکوو ژینگە، فۆرمی زەوی، بەرینایی، ئابووری و سەرچاوە و... پارێزگای کرماشان هەڵکەوتەیەکی ستراتێژیکە و داگیرکەر بە خوێندنەوەی زانیاری لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە پرۆژەی نیزامی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و... خۆی بۆ کوردستان لە ڕێگای کرماشان بە کردەیی دەکات. لە بواری نیزامی ئەگەر بمانهەوێت گرنگیی پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ناوەندێکی تایبەت باس بکەین، هەر لە کاتی دامەزرانی ئەرتەشی ئێران لە سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، زۆرترین هێز و کەرەستەی نیزامی کە لە ڕۆژهەڵات دامەزرابێت، لە کرماشان بووە. وەکوو نموونەی بەرچاو: لەشکەری ٨١ی زرێهیی ئەرتەش کە پادگان و ستادەکەی لە کرماشانە و زیاتر لە ٢٤ هەزار کەس لە هێزەکانی ئەرتەش کە بریتییە لە: سێ تیپ و هەزاران کەرەستەی نیزامی لەو پادگانە جێگیر کراون و فەرماندەیی دەکرێن. خاڵێکی دیکە کە جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە لەسەر دەرگای پادگانی لەشکەری ٨١ کە لە نێوەڕاستی شاری کرماشان و لە شوێنی مەدەنی دامەزراوە، نووسراوە تایبەت بە شارەکانی:(کرماشان، سنە، هەمەدان و ئیلام). ئەمە بە باشی دەریدەخات کە ڕێژیم لە بواری ژێئۆستراتیژیک بە خوێندنەوە جووڵاوەتەوە و لەوپەڕی گرنگی دەڕوانێتە ئەو پارێزگایە، لێرەدا مەبەست لە گرنگی بەو واتایە نییە کە ڕێژیم گرنگی دەداتە شاری کرماشان، بەڵکوو گرنگییەکانی ئەو ناوچەیە دەزانێت و لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆی و دژایەتی و سەرکوتی کورد بەکاری دەهێنێت.

لە ئێستادا بە سەدان پادگان و بنکەی نیزامی، لە هێزی زەوی، ئاسمانی، پەدافەند، پایەگای مووشەکی و... لە پارێزگای کرماشان لە ئەرتەش و سپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم هەن کە نموونەی بەرچاوی میلیتاریزەکردنی کوردستانە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر بەو مەبەستە، ڕێژیم بە بیانووی شەڕی ئێران و عێراق دامەزراوە و هێزی نیزامی خۆی لە کوردستان چەند قات کرد و ساڵانە بنکەی نیزامیی زیاتر لە کوردستان بەتایبەتی لە کرماشان جێگیر دەکات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساڵانە مانۆڕی نیزامی بەڕێوە دەبات و یەکێک لەو شوێنانە کە بەردەوام مانۆڕی لێی بەڕێوە دەچێت، پارێزگای "کرماشانە". وەکوو تازەترین نموونە: دەتوانین ئاماژە بە مانۆڕی (پیامبر اعظم)ی هێزی زەوینی و ئاسمانی سپای تێرۆریستی پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندیی کرماشان بکەین کە چەندین ڕۆژە بەو بیانووە بە هەزاران هێز و کەرەستەی نیزامی و بەتایبەتی مووشەکی گواستەوە بۆ کوردستان و جێگیریان کرد. لەم مانۆڕەدا کە بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی پاسداری تێرۆریست "حوسێن سەلامی" و پاسداری تێرۆریست "محەممەدی پاکپوور" و دەیان فەرماندەی پایەبەرزی ڕێژیم بەڕێوە چوو، سپای تێرۆریستی پاسداران تاقیکاری سیستەمەی مووشەکی، تۆپخانەیی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کرد و هەروەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن یەکێک لە گەورەترین مانۆڕەکانی ڕێژیم بووە کە لە "غرب کشور!" بەڕێوە چووە.

ئەم سیاستەی ڕێژیم هەڵگری چەندین پەیامە بۆ ئێمە کە لە ڕوانگەی ئەوان ڕۆژاوای ئێران لە بواری ژێئۆپۆلۆتیک و ژێئۆستراتیژی زۆر گرنگە و ناوەندیی ئەو بەشە لە ئێران کرماشانە و چەندین ئامانجی جیاوازیان هەیە کە بە تەواوەتی بە دژی ئێمەی کوردە و دەیانهەوێت لە بنکەکانی خۆیان لەو پارێزگایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە ژێر چاوەدێری و بە پێچەوانە لە مێحوەرییەتبوونی کرماشان لە بزووتنەوەی کوردستان بە تەواوەتی دەترسن و وەکوو شادەمارێک دەیبینن و دەیانهەوێت بە کپکردن و لاوازکردنی ئەو شادەمارە، جەستەی کوردستان لاواز و بەرەو لەناوچوون ببەن.

لێرەدا تەنیا ئاماژەمان بە چەندین نموونە کرد و لەم باسەی کۆتاییدا کە باس لە سیاسەتەکانی ڕێژیم کرا دەبێ لە بواری ژێئۆستراتیژی خوێندنەوەی بۆ بکەین. ژێئۆستراتیژی بەگشتی بەو واتایە هاتوە کە پەیوەندیی نێوان ستراتیژی و هۆکارەکانی جوگرافیاییە. "مورتێر جیملر" لە پێناسەی ژێئۆستراتیژیدا دەڵێت: "هونەر و زانستی پەیوەندیدانی چالاکییەکانە لەڕاستای فاکتۆری سیاسەت، ستێراتیژی، جوگرافیا و بەکارهێنانیان بۆ جمووجۆڵی ستراتیژیکی نیزامی. بەشێوازێکی دیکە باس لەوە دەکرێت کە ژێئۆستراتیژی پەیوەندی نێوان هێزە بە لەبەرچاوگرتنی جۆغرافیا. لەو ڕاستایە بەکاردێت کە شوێنێکی دیاریی تایبەت، نەتەوەیەک لەنێو جوگرافیای دەسەڵات، شوێنێک کە وەکوو هێمایە و... دەستنیشان بکرێت بۆ دەستبەسەر داگرتن و کۆنترۆڵی ئەو موازنەی سیاسییە کە دەسەڵاتەکاندا هەیانە لەبەرچاوی دەگرن و گارانتی داگیرکردنی بەردەوام دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

دەتوانین بڵێین کە داگیرکردن و میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵات و دەستبەسەرگرتنی سەرچاوەکان تەنیا بابەتێکی ژێئۆپۆلۆتیک نییە، بەڵکوو ژێئۆستراتیژیکیشە و ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت بەبێ ئاشکرابوونی پیلانەکانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات و کات و دەستپێک و کۆتایی دیار نەبێت و قووڵایی پیلانەکە دەرنەکەوێت و ئاکامی دیار نەبێت، تاکوو لە بەرامبەری بەرگری نەکرێت و هیچ هێز و لایەنێک نەتوانێت پێشی پێبگرێت و لە کاتی قەومان و ڕوودانی کارەساتەکان وەکوو بابەتێکی ژێئۆپۆلۆتیک بیهێنێتە بەرباس. لە کۆتاییدا دەتوانیم بڵێم ئێمەی کورد پیلانەکانی ڕێژیمی ئێرانمان زانیوە و هەتا ئێستایشی لەگەڵ بێت لەبەرگریکردن و پێشگرتن لەو سیاسەتە دژە مرۆییە خەباتمان کردوە، بەڵام دەبێت زانستیتر و بە گۆڕینی ستراتێژیک بڕوانینە پرسەکان، چونکە نە تەنیا گرێدراوە بەشێوازی ئەمڕۆیی ژیانمان، بەڵکوو داهاتوومان دیاری دەدات.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# ساڵی دوو بەهار




**هیوا خانی**

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵیشمان بەڕێ کرد، ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزران و ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری ئازاد و دێموکراتیک لە سەر ئاستی کوردستان و لە ئێران بە ناوەندییەتی شاری دێرینی مەهاباد بۆ کوردانی هەموو جیهان. کۆمارێک هەر چەند ساوا بەڵام جێگای شانازی، مۆدێرن و سەردەمیانە و بەرۆژ. بەهاتنی گەلێک یەکەمی لەگەڵ خۆی هێنایە گۆڕەپانی سیاسی، هونەری، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ... گوفتمانێک و دەسکەوت گەلێکی هێنایە ئاراوە کە ئێستاش کۆمەڵگای کوردەواری لە زۆران بەجێماوە و بۆی دەستەبەر نەکراوە. شادی و خۆشییەکی یەکجار بەرفراوانی خستبوە دڵی هەموو تاکێکی کوردەوە. بۆ ڕۆژی ڕاگەیاندنی، ڕێورەسمێکی بەشکۆیان بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان پێکهێنابوو. بۆ هەستپێکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ خۆشی و شکۆی ئەو ڕۆژە پیرۆز و مەزنە، وەرن با ئاوڕێکی لێوەدەین و بە ڕوحیکی کوردانەوە بگەڕێینەوە ئەو سەردەمە زێڕینە و ئێمەش بەشداری ئەو ڕۆژە بەشکۆیە بیان و ئەو کەشە خۆش و لێوڕێژ لە هەست و خۆشی و سەرکەوتنە کوردانەیە لە زەینی خۆماندا وەرد دەینەوە و کارحازری ڕوحی بکەین بۆ ڕۆژێکی نەزۆر دووری داهاتوومان.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

بەرەبەیانی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییە، کازیوەی بەیانی ئەنگووتوە و تازە زەردە لە سەرانی داوە. لە ناوەندی چوار چرای مەهاباد، بارەگایەکیان ڕازاندۆتەوە و سەکۆیەکیان ئامادە کردوە کە لە ڕاست و چەپی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەشەکێتەوە. سەر تەختی سینگی سەکۆکەش بە ئاڵای موبارەک نەخشێندراوە. هێندێک قۆڵسوور (چاوەدێر، انتظامات) ڕاوەستاون و هێندێک کەسیش بۆ کارڕاستی تێکەوەداوێن، سەرمای تۆف و بەستەڵەکی زستانی مانگی ڕێبەندان حەرزی کردۆتە جگ. بەو حاڵەش حەوش و شەقام هەمووی گەسک دراوە و وڵات پاک و خاوێن، جوان و ڕازاوە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە پلاکارد و پەڕۆیی لیزگە کراوی ڕەنگاورەنگ ڕازێندراوەتەوە. وڵات بۆنی گڵی ئاوڕشێن کراوی بەهاری دەدا. تاویان خۆش دەبێ و وردە وردە خەڵک دادەوەرووکێن. چلەش ئاسمانی بۆ ئەو ڕۆژە بێگەرد کردوە، تاو و ساوێکی خۆش و دڵگیر. جەماوەر لە هەموو شار و شارۆچکەکانەوە، لە ڕێگای دوور و نیزیکەوە، بە چەند فەرسەخ بە هیوا و ئاوات و دڵی گەرمەوە ڕێگای سەخت و بەفر و بەستەڵەکی چلەی زستانیان بڕیوە و خۆیان گەیاندۆتە ناوەندی مەکۆی ئەویندارانی نیشتمان و ڕووگەی ئاواتی لە مێژینەی کورد. شوێن بۆ هەموو چین و توێژەکان دابین کراوە، هەموو بە جلکی کوردی ڕازاوە و جوان، سۆرانی و پێچ و کڵاو و جامانە. ژنان بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە خۆیان لە تۆپی گوڵێ داوە. خوێندکاران و قوتابییان لە کچ و کوڕ بەڕێز لە شوێنی دیاریکراو جێگیر دەبوون. گەورە پیاوان و پیاوماقووڵانی هەموو ناوچەکانی کوردستان، ئامادە بوون. ڕاددەی جەماوەری بەشدار بوو زیاتر لە بیست هەزار کەس دەقەبلێندرا، هێزی پارێزەری کوردستان کە تازە ناوی پێشمەرگەی بۆ دیاری کرابوو بە چەندان هێز و لک و پەل و دەستە بە پیادە و سوارە نیزام بە کەلوپەلی پۆشتەی سەربازی بە لەباری و تەکوزی خەبەردار ڕاوەستا بوون. جەماوەری شار و لادێ درشت و ورد هەر کەس لە جێگای خۆی بە نەزم و تەرتیبێکی جوان کە هێندێک دەسکە گوڵ بەدەست و هێندێک باوەشە گوڵیان بە ئامێزەوە بوو بەڕیز و بەڕێزەوە ڕاوەستاون.

یەکدابەدوو چەپڵە و هوڕای خەڵکی بەرز دەبێتەوە و دەنگی هەلهەلە و شادی دەگاتە ئاسمان. حەزرەتی پێشەوا وەدەر کەوت، سەرکۆماری موعەززەزی کوردستان، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو بارەگای ڕازاوە و سەکۆی وتاردان هەنگاوی نا. هەنگاوی قورس و قایم بە دڵێکی پڕ لە هیوا و ئاواتەوە بەرەو دیاری کردنی چارەنووسی قەت نەنووسراوی ڕۆژگاری پڕ لە نەهامەتی، بۆ دوایی هێنان بەو هەموو ئازار و مەینەتییەی کورد، نیزیک دەبۆوە بە چ سام و بە چ هەیبەتێکەوە! دەنگی جەماوەر هەر نابڕێتەوە، جەماعەتێک بە دوویەوە هێندێک لە ڕاست و هێندێک لە چەپی هاوڕێی دەکەن هەتا بەردەم سەکۆی وتاردان سڵاو لە جەماوەر دەکا و دەفەرمووێ: "ئەی جەماوەری کورد، ئەی بەچکە شێرانی کورد! سڵاوتان لێ بێت. ئەو ئەرکە گرنگەی کە ئێوە بە منتان سپاردوە، داوا لە خوای مەزن و ئێوەی جەماوەری کورد دەکەم کە یارمەتیم بدەن، تاکو بتوانم هەتا سەر ئەم کارە بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەم بەرمە سەر و بەرامبەر بە ئێوە و خوای مەزن خەجاڵەت نەبم" دیسان هووڕا و چەپڵەڕێزان بەرز دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

لەو کاتەدا پێشەوا تێکشا بەرەو هێز پارێزەری کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان سان دەبینێ و ڕێز و ئیحتیرامیان بۆ دادەنێ. پڕ بە گەروو هاوار دەکا "ئازادن، ئێوە ئەی پێشمەرگە" ئازادکەرانی کوردستان، پارێزەرانی نیشتمان هەر بژین. لەو کاتەدا دەنگی زرمەی تۆپی تۆپخانەی لەشکری کوردستان دەخرۆشێ و دە خولەک بێ پسانەوە شریخ و هۆری تۆپان بۆ شادباشی کۆماری تازەی کوردستان گوڕڕەی دێ و دەتەقێندرێ.

دیسان چەپڵەڕێزان دەست پێ دەکاتەوە هوراکێشان گوی ئاسمان کەڕ دەکا ئاڵای دەستی قوتابی و خوێندکارەکان و جەماوە وەسەما دەکەون، دەشەکێنەوە.

مەقامی موعەزەمی سەرکۆمار دەگەڕێتەوە سەر سەکۆ. لەنێو جەرگەی جەماوەردا مارش و موزیک و سروودی نەتەوەیی بەرز دەبێتەوە جەماوەر ڕادەبن، بێدەنگ، دەست دەخەنە سەر دڵیان. ئاڵای سێ ڕەنگ و پیرۆزی کوردستان لە پێش سەکۆوە وردە وردە بەرەو ژوور دەچێ. پێشەوا لەگەڵ ئەوەی ڕق ڕاوەستاوە، بە نیشانەی ڕێز بۆ ئاڵا دەستی ڕاستی لە نێوان چاو و گوێی ڕاگرتوە و دەئاڵاکە هەڵدەڕوانێ ئەویش هەروا بۆ سەر دەچێ. کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندووە زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان... ئەو مارش و سرووده ئاگر لە دەروونی زۆران بەردەدا، دەکوڵن، لۆزەوەی فرمێسک لە چاوان هەڵدەڕژێ. زۆریان ئۆخژنیان بە دڵی دادێ! ئۆخەی نەمردم و ڕزگاریی کوردستانم بە چاوانم دیت و نەبووە گریی سەر کفنەکەم، چاو و دڵمان ڕوون. دەسرەی دەستی گوڵینک ڕەنگاوڕەنگی بەر پشتێندان، دەکرێنەوە و فرمێسکی گەرمی دڵ سووتاوانی کوردستان دەسڕن. ئای ی کە چەند خۆشە ئەو گریانە، ئەو سووتانە، ئەو ئاوات و ئۆخژنانە.

ڕێوڕەسمەکە درێژەی پێ دەدرێ و لە درێژەدا ٢٣ کەسایەتی وتار دەدەن و شێعر دەخوێننەوە حەزرەتی پێشەواش وەک سەرۆک کۆماری کوردستان بە فەرمی سوێندی یاسایی دەخوات و ئەوجار وەک سەرۆک کۆمار نوتقێکی بەپێز دەدا و باسی نەهامەتی و دوژمنان و دوێنی و ئەمڕۆی کورد دەکا. دێتە سەر تاریفی کورد و دەفەرمووێ: "میللەتی ڕەشید و بەغیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەرکەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتیمانی ئەوانی بووبێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانییان کردوە و لە هیچ فیداکارییەک دەستیان دانەنواندوە. لە پاش لە دەستچوونی سەلتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیر خستنەوەی ئیستقلال و ئازادی بە میلیۆن قوربانییان داوە، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارزە و ملەدا بوون، هیچ جۆرە ئەزیەت و ئازارێک نەماوە نەیچێژن و نەیبینن"

ئاغای سەید محەممەد حەمیدی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵ و ئۆرگانی حیزب و کۆمار سەبارەت بەو ڕۆژە و وەدەستهاتنی ئەو دەستکەوتە ئاوا باسی پێشەوای کورد دەکا: "(ئەو شکۆ فەڕڕە) هەموو لە هێزی دەستی بەیزا و ئیعجازی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

وێنە مسیحایی بێوێنەی کورد و تاقە کوڕی بە شەهامەتی کوردستان مامۆستا و ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جەنابی قازی محەممەد، کە دەگەڵ جد و جەهدی خەلەل ناپەزیر و باوەڕی ڕاسخ و شوجاعت و مەتانەتی بێئەژمار ڕێگای ڕێنمایی قەومی خۆی وەپێش گرت و تەواوی خەتەراتی زۆر سامناک و بەرهەڵستی زلی ملۆزمان و دوژمنانی بە نەبوو دانا و بەبێ شک و تەردید و خەیالات، هەوەڵ، بە لابردنی هەموو بەرهەڵستەکان خەریک بوو، پاشان بە فەراهەمکردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستمدادی کۆمەڵ لە ڕێی دانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیقدامی فەرموو".

سپاس بۆ پێشەوای گەورە و مەزنی کورد سپاس بۆ پێشمەرگە ڕۆڵەی سەربەرز و نەبەزی کورد. سپاس بۆ حیزبی دێموکرات بۆ ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو و شازەی لەو بڕگەی مێژووییەدا پێشکەش بە نەتەوەی کوردی کرد کە پاش نیزیک بە هەشتا ساڵ ئێستاش هەموو کورد شانازی پێوەدەکا. پیرۆز بێت لە هەمووان دوو ڕێبەندان.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، سەرمایەیی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری




**ناسر ساڵحی نەسڵ**

لە قۆناغی ئیستادا کە خەباتی جەماوەری و خودئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەرمایەیی نەتەوەیی_کۆمەڵایەتی لە چڵەپۆپەی خۆی دایە، بیرکردنەوەی ئەمجارەمان لە هەمبەر ڕاسانەوە و هەستانەوەی خەباتی بە جەماوەری بوون دەبێ چۆن بێ و بە چ مێتۆد و ڕێکارێک بە دواداچوون بۆ خەون و ئایدیا سیاسی و نەتەوەییەکان بکەین. کامە ڕێکار و ڕێگا باشترین و شیاوترین ڕێکار و ڕێگایە بۆ دەرباز بوون و گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێرانێکی فرەنەتەوە و ئیتنیک و ئایینزا دا.

لەم قۆناغەدا لە لایەک دەبێ حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و کۆمەڵگەی کوردی دەسپێشخەری ئەم ڕاسانەوە و هەستانەوە بن و جڵەوی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوە بگرن. هەروەها دەبێ سیاسەتی چاوەڕوانی و تەمای یارمەتی دەرەکی وەلانێین و وزە و تواناکانی کۆمەڵگەی کوردی بکەینە سەرمایەیەکی نەتەوەیی - کۆمەڵایەتی و بنەمایەک بۆ هەستانەوە و ڕاسانەوەی ئەمجارەمان. هەروەها لە لایەکی دیکەوە چونکە لە ئەگەری هەر گۆڕان و

گۆڕانکاریەک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، کورد بەشێکی گرینگە لە گۆڕان و گۆڕانکاریی لە ناوچەکە و هەروەها کورد لەئاستی جیهانی دا لە بەرەی وڵاتانی دێموکراتیکدا جێگای دەبێتەوە، دەبێ کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەی بیری لێبکاتەوە، ئەوەیە کە هەستانەوە و ڕاپەڕینی ئەمجارە، چیمان لە وڵاتی فرە نەتەوە و ئیتنیک و ئاییینزای ئێراندا پێدەبەخشێت. چونکە ئەوە پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە کە شەرعییەت دەدا بە گۆڕان و گۆڕانکاری لە جوغرافیایی سیاسی - دەسەڵات لە وڵاتی فرە نەتەوە و ئیتنیک و ئاییینزای ئێراندا کە چارەنووسی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێرانی تێدا دەستەبەر دەکرێت.

هیچ ڕاسانەوەیەک و خەباتێک لە بۆشاییدا نایەتە کایەوە، بەڵکوو بەستێنێک و ژینگەیەک لە کۆمەڵگا بۆ خەباتی جەماوەریی هەیە. لە هەمان کاتدا هەموو خەبات و ڕاسانەوەیەک پێویستیی بە کەرەستە، ئامراز، ڕێکار و مێتۆدیی تایبەت بەخۆی هەیە. واتا پێویستی بە ئیمکاناتی ماددی و سەرمایەیی نەتەوەیی - کۆمەڵایەتی هەیە، تاکوو لەو ڕێگەیەوە ئامرازی بەردەوامبوونی خۆی مسۆگەر بکات. کاتێک باس لە ژینگەی کۆمەڵگە دەکەین، واتا کۆمەڵگە وەک ئەو ژینگە سەرەکییە ببینین کە هەموو جووڵە و بزووتنەوەیەک تێیدا لەدایک دەبێت. هەروەها هەموو جووڵەیەکی شاخ و شار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تێیدا گەورە و چالاک دەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەر و ئاکتیڤی هەبووە لەوەی کە بزووتنەوە جەماوەرییەکان و جووڵەکانی شاخ و شار چۆن سەرهەڵدەدەن، چۆن گەشە دەکەن. چونکە کۆمەڵگەی کوردی خاوەن ماتریاڵ یان میکانیزمی ئامرازی پاراستنی ژیانی سیاسی خۆیەتی کە بوون و بەردەوامیی خەباتی شاخ و شاریی مسۆگەر کردووە. هەروەها پێوەندیی بزاڤی سیاسی و کۆمەڵگەی کوردی دوو لایەنە بووە. چونکە لە لایەک کۆمەڵگەی کوردی وزە و توانای بە بزاڤی سیاسی داوە و لە لایەکی دیکەوە بزاڤی سیاسی وزە و توانای لە کۆمەڵگەی کوردی وەرگرتووە.

بۆیە کاتێک باس لە هێز و وزەی سەرمایەیی نەتەوەیی - کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی کوردی دەکەین لە ڕاستیدا مەبەستمان ئەوەیە کە کۆمەڵێک وزە و توانای نوێ کە لەم سەردەمەدا مانا دەبەخشێتە هەموو تواناکانی خەباتی جەماوەریی کە خۆی بۆ ژیانی سیاسی سەردەم و داهاتوویەکی ڕوون ئامادە کردووە. ئەم وزە و توانایە هەمان ئەو قورساییەیە کە لە سەردەمی ئێستا دا بە سەرمایەیی نەتەوەیی - مرۆیی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی شار ناوی دەبەن. بۆیە دەبێ حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی وزە و تواناییەکانی هەم سەرمایەیی نەتەوەیی - مرۆیی و هەم سەرمایەی کۆمەڵایەتی شار بە هەند وەربگرن. چونکە لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و تۆڕی ئینتەرنێت دا ئەم سەرمایە مرۆییە کە سەرمایەیی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگە جیاوازەکانەوە وەک تەکنۆلۆژی و نزیکبوونەوە لە جیهانی پێشکەوتوو و سەردەم، ڕۆژانە زانیاری وەردەگرێ، تاکوو وێنای خۆی وەک ئەکتەرێکی سەردەم پێناسە بکات. هەروەها لە سەردەمی ئێستا دا کە پێوەندییە سیاسی -

کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سنور ببەزێنن، ئیتر مۆنۆپۆلی پێوەندییە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکانیش مانای نامێنێت. کەوابوو لەو ڕوانگەیەوە حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان خاوەن سەرمایەی مرۆیین کە بەرە بەرە جێگای سەرمایە ماددیەکە دەگرێتەوە. ئەو سەرمایە ماددیە کە هەموو توانایەکی مرۆڤی بەخۆیەوە خەریک دەکرد و تاک و کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکان ناچار دەبوون کە گوێڕایەڵ بن. بۆیە هەڵە نیە ئەگەر بڵێین ناسین و تێگەیشتن لەم سەرمایە نەتەوەیی - کۆمەڵایەتی و مرۆییە، هەموو ڕێگایەک بۆ هەنگاونان بەرەو خەباتی جەماوەری لە شار و شەقام خۆش دەکات. تەنیا پێویست دەکا ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکەین کە ئەم سەرمایە نەتەوەیی - کۆمەڵایەتییە و سەرمایە مرۆییە، سەرچاوەی ڕاپەڕین و ڕاسانەوەیە. چونکە بەستێنی کۆمەڵایەتی - سیاسی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە لە ژینگەی شارە و شەقامە کە هەموو هێزێکی جەماوەریی_سیاسی لەوێوە گەورەیی و وزە و تواناکانی خۆی دەبینێت. ئەگەر لە ڕابردوودا ئەم بەستێن و سەرمایە نەتەوەیی_کۆمەڵاتییە کاناڵیزەکردنی پێویست بوو، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ڕێکخراو و ڕێکخەربوونی پێویستە.

**کەوابوو کاتێک لە وەها پارادایمێکدا باس لە ڕاپەڕین و شۆڕش و هەستانەوە لە شار دەکەین، مەبەست ئەوەیە کە:**

**یەکەم**: سیمای خەباتی جەماوەری، سیمایەکی مەدەنییە بۆ ماف و ئازادی.
**دووهەم**: هەموو کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو چین و توێژەکانییەوە خۆی تێدا دەبینێتەوە.
**سێهەم**: پاشخانی ڕەوتی خەباتی شاخ و شار پێکەوە گرێ دەداتەوە.

ئەم شێوازە لە خەباتی جەماوەرییە، بوارێکی دیاریکراو لە بزووتنەوەی کوردایەتی و پانتایەکی بەرفراوان لە ڕابردوو و داهاتوویی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە، کە پردی پێوەندییە بۆ دەرباز بوون لە پەراوێز بوون و بە ناوەندبوونی خەبات و هەستانەوەی و خۆ بە کەم زانینی تاک و کۆمەڵگەی کوردییە. کەوابوو ئەم شێوازە لە خەباتی جەماوەرییە، دەتوانێ هۆکاری خۆی هەبێ بۆ ئەوەی کە سەرەتای هەموو ڕاپەڕین و هەستانەوەیەک، کاتێک مانای خۆی وەردەگرێ کە بزووتنەوە و ڕاپەرینەکە وەک بزووتنەوەی ژینا " ژن. ژیان. ئازادی" توانی ئەوەی هەبێ کە گوتاری ناوەنگەراکان بخاتە ژێر پرسیارەوە یان ململانێی جدی بۆ ساز بکات. ئەم شێوازە لە خستنە ژێر پرسیاری گوتاری ناوەندگەراکان و لە چەق دابوونی خەباتی نەتەوەکانی پەراوێزخراوە و بە تایبەت نەتەوەی کورد لە دوو بوارەوە گرینگە:

**یەکەم**: ئەوەیە کە ئیتر مانایەک نامێنێ کە لە بواری کلتووری سیاسییەوە شەرعییەتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا "تمرکزگرا" لە ئێراندا بەرهەم بێنێتەوە.

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

**دووهەم**: پرسی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لە ئێرانی فرە نەتەوەدا بێ مانا دەکا و یان تووشی کێشە و شکستی بێ مانایی لە لای گەلانی ئێرانەوە لە جێبەجێکردنی دەکات.

ئەو شێوازە لە خەبات، لە لایەک وزە و هێز دەبەخشێتە کۆمەڵگەی کوردی تاکوو وێنای ئەوەی لا ساز بێت کە شتێک بە ناوی دەسەڵاتی ناوەندگەرا بوونی نیە. بۆیە لەوەها دۆخێکدا مانای هەستانەوە و ڕاپەڕینی شار زیاتر لای کۆمەڵگەی کوردی واتادار دەبێ و پاڵنەری بۆ ساز دەکا و لە لایەکی دیکەوە کاتێک باس لە خەباتی جەماوەریی دەکەین، لە ڕاستیدا چاومان لە حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەیە. چونکە کۆمەڵگەی کوردی و حیزبی سیاسی لە زۆر بوارەوە یەک تێڕوانین و هەڵوێستیان بۆ هەستانەوە و ڕاپەڕین و خەباتی جەماوەریی شار هەیە. بۆیە بە پەیوستبوونی بە خەباتی جەماوەریی شارەوە، هەڵبژاردنی ڕێگایەکی سەردەمیانە بۆ خەبات، سیمای خەباتی شار گەڵاڵە دەکات. چونکە سەرمایەی نەتەوەیی - مرۆیی کۆمەڵگەی کوردی لە خەباتی بە جەماوەریی بوون، هەست بە جێگیربوون و سەقامگیربوون دەکا و نایهەوێ کە ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە تووشی پچڕان ببێت. کەوابوو لە وەها باردۆخێکدا حیزبی سیاسی دەتوانێ لە دەرفەتەکان بە تیۆریزەکردنی سەرمایەیی کۆمەڵایەتی - مرۆیی، بەشداریی هەستانەوە و ڕاپەڕینی شار بێت. چونکە لە کۆمەڵگەیەکی زیندوو دا زۆر ئەستەمە داوای شتێکی لێ بکرێ کە لە ژیانی سیاسی خۆی جیای بکاتەوە. واتا حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی زیندوو بەرەوڕوون کە داوای تێگەیشتن دەکات و ڕێگای تێگەیشتن لەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە کە چۆن هاوکاری بین لەو مانایانە کە دەتوانێ ببەخشێتە خەباتی جەماوەری شار و شەقام.

ئیستا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس و خواستی سەرەکی خەڵک ئەوەیە کە دەروازەکانی هاتنە ئارای باس و خواستێکی وا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێتەوە، تاکوو لەو ڕێگایەوە دیالۆگی تاک، کۆمەڵگا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنی و فەرهەنگییەکان بتوانێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربازی قۆناغێکی دیکە لە خەباتی جەماوەریی و ژیانی سیاسی سەرووەریخوازی خۆی بکات. ئەم دەسپێکە دەتوانێ ببێتە بیرۆکەی نوێبوونەوەی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و مەدەنیی و فەرهەنگییەکان و یان لەهەمانکاتدا ببێتە هەوێنی بەرەیەکی نیشتمانی کوردی. کەوابوو ئەم خوێندنەوەیە و ئەم تێگەیشتنە دەتوانێ ببێتە ئاراستەیەک و مانیفیستێک کە توانای ئەوەی هەیە کە بچێتە پانتای ڕای گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو لایانە فیکری_ سیاسی و مەدەنیی و فەرهەنگییەکانیەوە.

٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# شۆڕشی گەلانی ئێران و، کۆماری ئیسلامی وەک دیاردەیەکی شووم



**سمایل شەرەفی**

لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویدا و لە ئاکامی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی جۆراوجۆر بە دژی نیزامی پاشایەتی و سیاسەتە دژیگەلییەکانی، شۆڕشی خەڵکی ئێران سەرکەوت و بۆ هەمیشە کۆتایی بە نیزامی پاشایەتی و دەسەڵاتی ٥٠ ساڵەی پەهلەوی هات.

بەداخەوە ڕۆژانی شادی و خۆشیی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە زۆر لەوە کورتتر بوو کە خەڵکی ئێران بیریان لێ دەکردەوە. بە خۆسەپاندنی ڕەوتێکی دواکەوتووی مەزهەبی بە ڕێبەریی پیرەپیاوێکی کەللەڕەقی وەک "ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی" کە "ئیمام"ی ناو لێنرابوو، هەم شۆڕشەکە بە لاڕێدا برا و هەم بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بە ناچاری ڕێی لە مەسیرێکی پڕ لە تێچوو و قوربانیدان کەوت.

بە هاتنەسەرکاری نیزامی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی لە پێگەیەکی ئاسمانی و ئیلاهییەوە پێناسە دەکرد



سەرچاوە
Serchawe

و خەڵکی بێئەملاو ئەولا بە جێبەجێکار و فەرمانوەرگری گشت یاسا و ڕێساکانی دەزانێ، بۆ ماوەی ٤٦ ساڵ، وڵاتی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتەی دیلی سیاسەت و بیرکردنەوە چەوت و دواکەوتوانەکانی خۆی کرد.

هەر لە سەرەتای خۆسەپاندنی بەسەر هەست و ئێحساساتی مەزهەبیی زۆرینەی خەڵکی وڵاتدا، کەوتە دژایەتیی هەر جۆرە بیروبۆچوونێکی جیاواز لە تێگەیشتنە ئیدئۆلۆژیک و دواکەوتووانەکانی خۆی و بە ئەقڵییەتی فەندەمێنتاڵ و فەرمانی جیهادەوە، بڕیاری ڕەشەکوژیی هەر جۆرە ئەویترێکی جیا لە خۆی دا و شەڕێکی نێوخۆیی پڕ لە جینایەت و کوشتاری ساز کرد. هەروەها بە گرتنەپێشی سیاسەتی "شەلم کوێرم کەس نابوێرم" جیا لە سەپاندنی شەڕێکی هەشت ساڵەی پڕ لە کارەسات و خەسار بۆ وڵات و خەڵک لەگەڵ عێراق، سیاسەتی دەرەوەی لەسەر ئاژاوەگێڕی، دەستێوەردان لە وڵاتان، پشتیوانی لە تاقم و گرووپی تێرۆریستی، تێرۆری نەیارانی لە وڵاتان، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و... بنیات نا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتداریی خۆی بە سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، پەلاماری باڵوێزخانەی وڵاتان لە تاران و بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتکاران، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ڕەوت و جەریانە سیاسییەکان، شەڕ لەگەڵ عێراق، سازکردنی دەیان بەندیخانە و لیپاولیپکردنیان لە تێکۆشەرانی سیاسیی جیابیر و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵیان دەست پێ کرد، لە درێژەی دەیەکانی دیکەی تەمەنیدا لە شکڵ و شێوازی دیکە و جیاوازدا لەسەر هەمان ڕێچکە و ڕێبازی خۆی چووە پێش و چارەنووسی خەڵک و وڵاتی بەرەو ئەو ئاقارە کارەساتبارە برد کە ئەمڕۆ دوای ٤٦ ساڵ دەیبینین.

ئەم ڕێژیمە کە ئێستا هەم خۆی و هەم خەڵک و وڵاتی تووشی دەیان کێشەی جیدی و قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، فکری و کۆمەڵایەتی کردوە، لە نزمترین ئاستی مەشروعیەتی سیاسی، ئیدئۆلۆژیکی و پێگەی جەماوەری و نێودەوڵەتیدایە. بەپێی ڕێژەی ئەو خەڵکانەی کە بە هۆکاری نالێک لە هەڵبژاردنە نادێموکراتیک و ناڕوونەکانی ڕێژیمدا بەشداری دەکەن، نزیک بە ٨٠٪ی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ناوێ و ئەم ڕێژیمە ڕەواییەکی نەماوە هەتا لە هەڵبژاردنەکاندا پێی بدرێت!

لەسەر ئاستی ناوچەکە؛ هەر ئەمساڵ کۆماری ئیسلامی، لە ئاکامی دەیان ساڵ بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ دروستکردنی تاقم و گرووپی چەکدار و نیابەتی پشتیوانیی ماڵی و تەقەمەنی بە مەبەستی داسەپاندنی هێژموونی خۆی و ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردان، مایەپووچ دەرچوو. بە تێداچوون و لاوازبوونی هێزە نیابەتییەکانی لە ئاکامی هێرشەکانی

ئیسرائیلدا، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی قووڵایی ئیستراتژیکی خۆی لە ناوچەکەدا تووشی شکست و دۆڕانێکی قووڵی سیاسی و ئەمنیەتی هاتوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" جیا لەوەیکە ناو و تایتێڵێک بۆ وەبیرهێنانەوەی تێرۆریزم و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە، تەنیا لە خانەی دابینکردنی بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکە و مانا بەخشین بە بوون و حزووری ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ کە مانەوەی پێوەندی بە پاراستنی ئەم تێڕوانینەی وڵاتانەوە هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو خۆیشیدا توشی دارمانی ڕێکخراوەیی و ئیدئۆلۆژیک بووە. ئەم ڕێژیمە بە دەیان باند و گرووپ و "مەحفل"ی لێ کەوتووەتەوە کە خاڵی هاوبەشیان، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی لەدەستچوویان، سەرلێشێواوی ئیدئۆلۆژیکی، تلانەوە لە بیر و باوەڕی دواکەوتووانە و دوورکەوتنەوەیان لە خەڵک و لەدەستدانی ڕەوایی ڕێژیمەکەیانە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە چلوحەوتەمین ساڵرۆژی هاتنە سەرکاریدایە، بە گەیاندنی نرخی نزیک بە سەدهەزار تمەنیی دۆلار، ژیان و گوزەرانی خەڵکی تووشی تاڵی و چەرمەسەری کردوە و بە پێی ئامارەکانی خوی، نزیک بە ٦٠٪ی خەڵکی وڵات لەژێر هێڵی هەژاریی موتڵەقدان. سەرباری ئەم دۆخە داسەپاوە ئابوورییە بە سەر خەڵکی وڵاتدا، سیاسەتی سەرکوت و کپکردنی دەنگی نارەزایەتی و ئازادیخوازی، گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان وەک هەمیشە و تا ئێستاش سێبەری شوومی ئەم ڕێژیمە بەسەر گەلانی ئێرانەوەیە.

خەڵکی مافخوازی ئێران بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە، تا ئێستاش گەورەترین چالشی ئەم ڕێژیمەن. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧ کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی بوو، هەروا لە لایەن خەڵکەوە بەهێزتر لە جاران بە زیندوویی هێشتراوەتەوە و بەردەوامە.

کوردستان و خەڵکە بەهەڵوێست و وشیارەکەی کە ٤٦ ساڵ پێش ئێستا بە فتوای جیهاد و پەلاماردان وڵامی ئاشتیخوازانە بوونی بزووتنەوەکەی درایەوە و شەڕی بەسەردا سەپا و ڕێبەرانی لەسەر مێزی وتوویژ بەهۆی نوێنەرانی ڕێژیمەوە تێرۆر کران؛ ئێستا و دوای نزیک بە ٥٠ ساڵ لە سەرکوتی سیستماتیک و دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر بە پێوەیە. کوردستان و خەڵکە وشیارەکەی کە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە، دەرکیان بە نێوەرۆک و ماهییەتی کۆنەپەرەستانە و دژیگەلیانەی ئەم ڕێژیمە کردبوو، بە خەباتی دەیان ساڵەی پێشمەرگانە و بنیاتنانی

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤


خەباتێکی گشتی و جەماوەری کە بزووتنەوەی ژینا گۆشەیەکی بەرزی ئەم شۆڕشە بوو، وشیارانە و پلانمەند، ٤٦ ساڵە بەرانبەر بەم ڕێژیمە ستەمکارە ڕاوەستاوە.

لەم دەفەتەدا ئەوەی ماوەتەوە بوترێ ئەوەیە کە بۆ دەربازبوون لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک، پێویستە کار لەسەر بەهێزترکردنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات بکرێ و لەم پێوەندییەدا یەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان و خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە پێش هەموو هەوڵ و نەخشەڕێگایەکەوەیە.

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

---

# کارنامەیەکی ڕەش



(وێنە و دیمەنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران)

**شەماڵ تەرغیبی**

گەلانی زوڵملێکراو و چەوساوەی دەستی ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە مەبەستی ڕزگاربوون لە زوڵم و بێدادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، و دەربازبوون لە نەهامەتی، سەرکوت، زەبروزەنگ و کۆیلایەتی ڕێژیم، توانییان بە شۆڕش و سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری تۆماری ڕێژیمی پەهلەوی تێکەوەپێچن. سەرهەڵدانێک کە سەرجەم نەتەوە و چین و توێژە جوراوجۆرەکانی کومەڵگەی زۆڵملێکراوی وڵات بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و لە پێناو ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی سەرجەم نەتەوە ستەملێکراوەکانی وڵات و دابینکردنی سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیک لە سەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی وەک یەک لە نێو سەرجەم پێکهاتەی وڵاتدا، بەشدار بوون. شۆڕشێک کە بە نرخی گیان و فیداکاریی گەلی تینووی ئازادی و سەربەستی، سەرئەنجام لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، کۆتایی بە دەسەڵاتی ٥٠ ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوی هێنا. بەڵام ئەوەیکە جێگەی داخ بووە و هەیە ئەو ڕاستییەیە کە گەلانی ڕاپەڕیو، دەیانزانی کە "دەبێ" ڕێژیم بڕووخێنن بەڵام نەیاندەزانی کە دەبێ لە دوای ئەم دەسەڵاتە ڕووخاوە چی

بكەن و چ جۆره سیستمێک بۆ بەڕێوەبەریی وڵات دیاری بكەن! هەر ئەم بۆشاییەش وای كرد كە تاقمێک ئاخوندی بیرتەسک له ژێر تیشكی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەكانی خومەینی و هاوبیرانیدا، بەكەڵكوەرگرتن له كەشوهەوای پێكهاتوو له ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەتایبەتی كەڵكاوەژوووەرگرتن له هەستی ئایینی و ئازادیخوازانەی خەڵک و دانی كۆمەڵێک بەڵێن و دروشمی هەڵخەڵەتێنەرانه، ئامانجەكانی شۆڕشیان بەلاڕێدا برد و دەستكەوتەكانی ئەم شۆڕشەیان پاوان كرد.

خومەینی و هاوبیرانی له ١٠ خاكەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ هەتاویدا، خەڵكیان ناچار كرد له نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و كۆماری ئیسلامیدا یەكێكیان هەڵبژێرن و لەم پێوەندییەدا دەرەتانی بەشداریكردنیان به هیچ هێز و ڕێكخراوێكی دیكه نەدا كه بێنه گۆڕەپانی هەڵبژاردن و ململانێی ئەو ڕێفراندۆمه و لەئاكامدا به ناڕەوا، ڕەواییان بەخشی به دەسەڵاتی دیكتاتۆرانەی خۆیان. ڕێفراندۆمێک كه هەرئەوكات گەلی كورد به نادێموكراتیک و فریودەرانه له قەڵەمی دا و له هەڵوێستێكی مێژووییدا، بایكۆتی ڕێفراندۆمی كرد.

هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن خومەینی و هاوبیرەكانی و پاشگەزبوونەوه له هەموو ئەو بەڵێنه فریودەرانەی كه به خەڵكیان دابوو، جارێكی دیكه بوو به هۆی بەرهەمهاتنەوەی دیكتاتۆری و چارەنووسێكی لێڵ و نادیار و كەوتنه داوی مرۆڤكەلێكی دڕنده و برسی كه وەک گورگی هار ئازادیخوازانی وڵاتیان ڕاماڵی و وڵاتیان به تەواوی میلیتاریزه كرد. كۆماری دیكتاتۆری ئیسلامی كه له سەر بنەمای عەقلیەتی سەدەكانی نێوەڕاست و مرۆڤكوژانەی خومەینییەكان دامەزرابوو به شێوەیەكی نادێموكراتیک و خۆسەپێنانه دەسەڵاتیان به دەستەوه گرت، به شێوەیەكی هۆڤانه و به مێتۆدگەلێكی نامرۆڤانه دەستیان دایه سەركوت و زەبروزەنگی ئازادیخوازانی وڵات و پێشیان به هەر جۆره پێشاژۆیەكی ئازادیخوازانه گرت و وەڵامی خواسته ڕەواكانی خەڵک و بەتایبەت نەتەوەكانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی مافخوازی كوردیان به ئاگر و ئاسن دایەوه. هەڵوێست و كردارێک كه هەنووكه پاش نیزیک به پێنج دەیه هێشتا هەر بەردەوامه و كەم ڕۆژ هەیه كه لاوانی ئەم وڵاته نەكەونه بەر پۆستاڵی داگیركەرانەی ئەوان.

خومەینی پاش هاتنه سەركاری له فەتوایەكدا كه به دژی گەلی كورد ڕایگەیاند، شەڕێكی سەرتاسەری له كوردستاندا وەڕێخست و به هەزاران خەڵكی بێ تاوانی كوردستانیان قەتلوعام كرد و سەدان گوندیان وێران و چۆڵ كرد. دەستیان دایه گرتن و كوشتن و ئێعدامی ڕۆڵه مافخوازەكانی وڵات و به سەدان كەس له ئازادیخوازانی وڵاتەكەمانیان له گرتووخانەكاندا گوللەباران كرد .ئەمەش بووه مێتۆدێكی باو بۆ میراتگرانی خومەینی و ساڵانی دوای مردنی ئەم جەللادەش دەبینین كه كارنامەی ڕێژیم لێوانلێوه له قەڵاچۆی ڕۆڵەكانی گەلی كورد كه تا ئێستەش بەردەوامه.

قەدەغەکردن و سەرکوتی هەرجۆرە تێکۆشانێکی مەدەنی و ئازادیخوازانە، تواندنەوەی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکان و جێگیرکردنی فەرهەنگی شین و تازیە و ڕەشپۆشی لە وڵاتدا، ئەمنییەتی کردنی کەشوهەوای وڵات، دامەزراندنی زۆرترین ناوەندی سیخوری و سەرکوتی خەڵک، داخرانی زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و پەرەدان بە ناوەندە ئایینیەکان و گۆڕینی نێوەڕۆکی ماددە دەرسییەکان لە سەر بنەمای عەقلیەتی دواکەوتووانەی ویلایەتی فەقیە و دەیان دیاردەی نەخوازراوی دیکە کە دیاری و بەرهەمی سیاسەتی ڕێژیمی خومەینی بوون، هاتنە ئاراوە و هەنووکەش پاش ٤٦ ساڵ هەر بەردەوامن.

سیاسەتی پاوانخوازانە و شەڕخوازانەی ڕێژیم لە ئاستی جیهانی و هەرێمیشدا، واتە پەرەدان بە تیرۆریزم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق، هەوڵدان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، گوێنەدان بە ویست و خواستەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە کە بە تەواوی ڕێژیمی ئێرانی خستووەتە ژێر توندترین گەمارۆکانی جیهان و ڕێژیم بە تەواوی تەریک کەوتووەتەوە سیاسەتێکە کە بە تەواوی ئابووری وڵاتی فەلەج کردووە و بێکاری، گرانی، هەڵاوسان و سەدان دیاردەی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیکە ئەو دەسکەوتانە بوون کە ڕێژیم پاش ٤٦ دەسەڵات حوکمرانی بۆ دانیشتووانی ئەم جوغرافیایە بە دیاری هێناوە.

باسکردن لە یەک بە یەکی ئەو خەیانەت و تاڵانکارییانەی کە کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکانی ئێران و ئاووخاک و تەنانەت ژینگەی ئەم وڵاتە کردوویەتی ئەوەندە زۆرن کە باسکردن لێیان دەیان کتێب و سیمینار و کۆنفرانسی دەوێ بەڵام ئەگەر بمانهەوێ تەنیا بەنموونە باسیان بکەین ڕەنگە باشترین نموونە لە بواری ئابووریدا ئەوە بێ کە دۆلاری ئامریکایی لە ساڵی ٥٧ بە ٧ تمەن بووە ئێستە لە ساڵڕۆژی بەتاڵانبردنی شۆڕش لە ساڵی ١٤٠٣ سنووری ٩٢ هەزار تمەنی بڕیوە!
لێرەدا پرسیارێکی جیددی کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆچی و چۆن ماوە؟ واتە چی وای کردووە کە کۆماری ئیسلامی سەرباری لەدەستدانی ڕەوایی و مەشروعیەت و هەبوونی ئەو دەیان جۆر قەیرانە کە باسیان لێوە کرا هەر لەسەرپێ و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە؟ ڕەنگە باسکردن لە هۆکارەکان بۆ وەرگرتنی وڵامێکی درووست بۆ ئەم پرسیارە کاتبر بێت بەڵام ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی پۆلێنیان بکەین دەتوانین بڵێین نەبوونی یەکیەتی و یەکریزی لە نێوان هێزە سیاسییە دێموکرات و سێکۆلارەکانی ئێران و پرشوبڵاوی هێزە سیاسییەکان و نەبوونی سازماندەیی گونجاو و پێویست چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستەدا ڕازوڕەمزی مانەوە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیە.

وانەکانی شۆڕشی بەتاڵانچووی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و ترووسکەکانی شۆڕشی گەلانی ناوچەکە لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتە عەرەبییەکان و بەتایبەتیتر ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە و ڕووداوەکانی پاش ٧ی ئۆکتۆبر، مزگێنی دواڕۆژێکی



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

**ڕوونتر لە ئێستەمان پێ دەدەن؛ بەو پێشمەرجەی کە گەلانی نیشتەجێ لە جوغرافیای سیاسیی ئێران وەک ساڵی ٥٧ بە چاوداخراوییەوە نەچن بەرەو گۆڕان بەڵکوو بە زانینی ئەوەیکە چییان لە پاش ڕێژیمی خومەینی دەوێ هەنگاو هەڵگرن.**

**٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و چەقین لە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکاندا



**فریاد عیزەتپەنا**

**بە پێچەوانەی ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران ڕۆژانە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لەوە دەکەن کە کابینەی پزشکیان، دۆخی ئابووری و سیاسی وڵاتی سەقامگیر کردوە، بەڵام دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی ئێران تووشی بێدەرەتانیی زیاتر دەبن و ئاستی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەرزتر دەبنەوە. بە پێی زۆر لە شرۆڤە و بۆچوونە جیاوازەکانیش سەبارەت بە دۆخی ئێران تەقینەوەی نارەزایەتییەکان بەسەر دەسەڵات لە ئاستی ئێراندا لە ئان و ساتدایە. لە ماوەیەی یەک ساڵی ڕابردوودا دۆخی خراپی بژێوی خەڵک و بێکاری بە تایبەت لە کوردستان و بەگشتی لە ئێراندا بەشێکی زۆری چین و تووێژەکانی ئێران بە تایبەت کاسبکاران و موچەخۆرانی دەوڵەتی وەزاڵە هێناوە، کە بە شێوازی مانگرتن و نارەزایەتیی مەدەنیانە و بە هاتنە سەر شەقام دژایەتی خۆیان سەبارەت بە دۆخی هەنوکەیی دەردەبڕن؛ لە بەرانبەردا دەسەڵاتدارانی تاران بە توندترین شێوە بەرەنگاریان دەبنەوە.**

**سیاسەتی هەڵەی ڕێبەرانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دەستتێوەردان لە سیاسەتی وڵاتانی ناوچە و هەناردەکردنی**



سەرچاوە
Serchawe

ئایدۆلۆژیای هیلالی شیعە بۆ ناوچەکە و دروستبوونی کێشە و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان، لە لایەکەوە بۆتە هۆی لاوازیی دەسەڵاتی ئێران و بەرەی مقاومەت لە ناوچەکە و بەگشتی ئێرانی بەرەو دۆخێکی قەیراناوی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕاکێش کردوە و لە لایێکی تریشەوە بە هۆی گەمارۆ و گوشارە ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سەر ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵگای لەگەڵ بێ دەرەتانی و قەیرانی زیاتر ڕووبەڕوو کردۆتەوە.

بە پێی هێندێک لە سەرچاوەی ئامارە فەرمییەکان و بۆچوونی کارناسانی ئابووری لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دانیشتووانی ئێران بە گشتی و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی کەسانی ناچالاک و بەساڵاچووەکان دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە حەشیمەتی بێکارەکان لە ئێران لە ٢٢ میلیۆن کەس و ڕێژەی بێکاری بۆ ٤٥ لە سەد بەرز بۆتەوە کە ئەو ئامارانە دەرەخەری دۆخی خراپی بژێوی ژیانی خەڵک و لاوازی کاربەدەستانی دەوڵەت لە بەڕێوەبەری حکومەتدایە. هێندێک جار ئەو ئامارە فەرمییانەی لە لایەن ناوەندە ئامارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا بڵاوی دەکرێنەوە چەواشەکارین و بە دوورن لە ڕاستییەکانی ڕێژەی بێکاری لە کۆمەڵگەدا، کە ئەوەش دەبێتە هۆی بێ متمانەیی زیاتری خەڵک و کۆمەڵگە سەبارەت بە دەسەڵات.

دابەزینی بایی تمەن و گەیشتنی نرخی دۆلار بە سنووری نەوەد هەزار تمەن و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی دەیان و سەدان کێشە جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی کردوە کە هەڵکشانی ڕێژەی زۆری خۆکوشتن و تەڵاق نموونەیەکی بچووک لە لێکەوتەکانی ئەم دۆخەن. لە پەیوندی لەگەڵ زەقبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بە پێی زانیاری هێندێک سەرچاوەی فەرمی لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٣دا، لە کۆی ٢٧٤ هەزار هاوسەرگیری تۆمارکراو لە ئێراندا، ١٠٨ هەزار حاڵەتیان هەڵوەشاون. بە واتایەکی تر ٣٩ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان لە ئێراندا جیابوونەوەیان لێکەوتۆتەوە، کە ئەو ڕێژەیە لە شارە گەورەکانی وەک تاران بە ٥٢ لە سەد دەگات. کۆی ئەم قەیرانانە بۆتە هۆی ڕق و قینی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵات و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی کاسبکاران و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بە گشتی لە ئێراندا. ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا زیاتر لە ڕابردوو هەستی پێ دەکرێت لاوازی و بێ دەرەتانی ڕێبەر و کاربەدەستانی ئێران لە چارەسەرکردنی قەیرانە جۆراوجۆرەکان و دۆخی خراپی کۆمەڵگەدایە، کە بە پێی شرۆڤە و بۆچوونە جیاوازەکان لە ئاستی جیهاندا ئەگەری سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە دژی دەسەڵات لەبەرزترین ئاستی خۆی دایە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە کۆمەڵگای ئێران تووشی قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە دەسەڵاتدارانی ئێران بە چەواشەکاری و بە کەڵکوەرگرتن لە بابەتی ئایینی و مەزهەبی خەڵکی ئێران و سەپاندنی یاسای حیجابی ئیجباری بە

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

**سەر کۆمەڵگەی ئێراندا لە هەوڵی بەلاڕێدا بردنی ویست و ئامانجی خەڵک لە سەر بنەمای ڕووخانی دەسەڵاتدایە.**

**لە پەیوەندی لەگەڵ ئەگەری سەرهەڵدانەوەی قۆناغێکی نوێی خۆپیشاندانەکان لە ئێراندا دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی دۆخێکی ئەمنیەتی و سەرکوتی نارەزایەتییەکاندان، هەر وەک لە چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا دا بەتوندترین شێوە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، ڕەنگە هەڕەشەی کاربەدەستانی ئێران لە دژی خەڵکی نارازی بە شێوەیەکی کاتی ببێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر هەڵوێستی خەڵک بە دژی دەسەڵات نابێت و ئەو ڕق و قینە وەک بورکانێک بە سەر دەسەڵاتدا دەتەقێتەوە.**

**٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە
Serchawe

# تێڕوانینێک لەسەر گەمژەیی مرۆڤ



**سەلیم حەقیقی**

گەمژەیی دیاردەیەکی ئاڵۆز لە شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤدایە کە لە کۆنەوە وەک مژارێکی گرنگیی نێوان فەیلەسوفان و بیرمەندان بووە. بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، گەمژەیی تەنیا بە مانای حوڵ، گەوج یان کەمزەینی نییە، بەڵکو جۆرێک ڕەفتار و هەڵسووکەوت و تەنانەت ڕەوشتە کە زۆرجار کەسانی ژیریش تێی دەکەون. ئەم دژایەتییە سەرنجڕاکێشە لە نێوان ژیری و گەمژەییدا، پرسیارێکی قووڵی فەلسەفی دەوروژێنێت: بۆچی مرۆڤ، سەرەڕای توانای عەقڵی بەرزی، هێشتا بەردەوامە لە هەڵەکردن و بیرکردنەوەی ناعەقڵانی؟

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی گەمژەیی مرۆڤ، پاتەکردنەوەی هەڵەکانە. مرۆڤەکان سەرەڕای ئاگاداربوون لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی هەندێک ڕەفتار و شێواز، هەمدیسان پاتەیان دەکەنەوە، ئەم بابەتە دەکرێت لەئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا ببینرێت؛ لە شەڕە بەردەوامەکان بگرە هەتا هەڵسووکەوت و کاردانەوە وێرانکەرە کەسییەکان.

لایەنێکی تری گەمژەیی، خۆ بەزلزانین و وەهمی زانینە. خەڵکانێک زۆرجار بیر دەکەنەوە کە لە کەسانی تر زاناترن و،

کەمتر ڕەخنە و پێداچوونەوە لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەکەنەوە. ئەم دیاردەیە کە لە دەروونناسیدا بە "کاریگەری دانینگ-کروگەر" ناسراوە، وادەکات کەسانی کاڵفام، تواناکانی خۆیان زیاتر لە ڕادەی پێویست مەزەندە بکەن. کاتێک سوقرات لە گێڕانەوە ئەفلاتوندا لەبەرامبەر سوفستاییەکان دەوستێت و تێیاندەگەیەنێت کە "ڕەوشتبەرزی" چییە، دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە؛ نەفسی مرۆڤ ئەرک یان دەورێکی تایبەتی هەیە، ئەرکی نەفس ژیانە، بیرکردنەوە و بڕیاردانە، ئەو ڕەوشت بەرزییەش هیچ شتێک نییە جگە لە دادپەروەری نەبێ، بە باوەڕی ئەفلاتوون ژیانێکی جوان بریتییە لە خۆهەڵنەکێشان و ئەخلاقمەند بوون و ئاکاری چاکە. ئەو لەوپەڕی بیرمەندیدا خاکەڕایانە باسی جوانییەکان ڕەوشت و بەرزی ئاکاری مرۆڤەکانی دەکرد.

یەکێکی تر لە دەرکەوتەکانی دۆخی گەمژەیی، بڕوا پێکردنی کوێرانەی بیروباوەڕە باوەکانە. زۆر کەس لە جیاتی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و ڕەخنەگرانە، ڕەوتی زاڵ پەسند دەکەن. ئەم ڕەفتارە دەتوانێت ببێتە هۆی بڕیارە هەڵە بەکۆمەڵەکان و تەنانەت کارەساتە مێژووییەکان، هەڵبەت لە بەشێک لەم حاڵەتانەدا بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن لەو دۆخە نەشیاوە. هەڵبەت دەبێت ئاگادار بین کە گەمژەیی مرۆڤ شتێکی ڕێژەییە و هیچ مرۆڤێک لێی بێبەری نییە. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئاگاداربوون لەم بابەتە و هەوڵدان بۆ خۆئاگایی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕێگایەکە بۆ کەمکردنەوەی ڕەفتارە گەمژانەکان.

خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە کە، گەمژەیی مرۆڤ هەندێک جار ڕیشەی لە ترس و نەبوونی ئارامی دەروونیدایە. خەڵک بۆ پاراستنی ئارامیی خۆیان، هەندێک جار ڕاستییە ئاشکراکان پشتگوێ دەخەن یان شیکردنەوەیەکی نالۆژیکی بۆ ڕاستییەکان دەکەن.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، فەیلەسوفە گەورەکانی وەک سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستۆ و کانت باسیان لە گەمژەیی مرۆڤ کردوە. سوقڕات بە وتنی ڕستەی بەناوبانگی "دەزانم کە هیچ نازانم" لە ڕاستیدا ئاماژەی بە جەهلی دووەمی مرۆڤەکان دەکرد - واتە نەزانینی خۆیان کە لەوانەیە گەورەترین نیشانەی گەمژەیی بێت.

### گەمژەیی مرۆڤ دەکرێت لە چەند ئاستێکی جیاوازدا تاوتوێ بکرێت:

خەڵک تووشی هەڵەی سیستماتیک لە بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەدا دەبن. بۆ نموونە، ئێمە حەزمان لێیە ئەو زانیاریانە وەربگرین کە لەگەڵ باوەڕە پێشووەکانماندا دەگونجێن و بەڵگەی دژ پشتگوێ بخەین. ئەم لایەنگیرییە یەکێکە لە نموونە

دیارەکانی گەمژەیی زانیاری. هەروەها، ئەو هەڵە لۆژیکییانەی کە خەڵک دەیکەن، نیشانەی لاوازی لە بیرکردنەوەی لۆژیکیدا هەیە.

گەمژەیی بەکۆمەڵ دیاردەیەکە کە تێیدا کۆمەڵێک خەڵک، بڕیار و ڕەفتاری نالۆژیکی بە شێوەی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن. ڕەفتاری جەماوەری، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و قبوڵکردنی بێ یەکودووی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان نموونەی ئەم جۆرە گەمژەییەن. سەیر ئەوەیە کە هەندێک جار کەسانی زیرەکیش کاتێک لە گرووپێکدا دەبن، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم دیاردەیە.

بەشێکی گرنگی گەمژەیی مرۆڤ ڕەگی لە هەست و سۆزدا هەیە. ترس، تووڕەیی، ئیرەیی و لووتبەرزی وا دەکەن خەڵک بڕیاری نەزانانە بدەن. بۆ نموونە کەسێک کە لە تووڕەییەوە بڕیار دەدات، دواتر زۆربەی جار پەشیمان دەبێتەوە.

لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، لەوانەیە گەورەترین گەمژەیی مرۆڤ ئەوە بێت کە مانای ژیان و مردن تێناگات و لەگەڵ ئەوەشدا وا دەژی وەک ئەوەی هەموو شتێک دەزانێت. نیچە لەم بارەیەوە دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکە نازانێت بۆچی دەژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پەلە بەرەو مردن دەڕوات.

### هۆکاریی برەودان بە گەمژەیی:

١- میدیای کۆمەڵایەتی و زانیاری هەڵە: لە سەردەمی ئێستادا، بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاری هەڵە و دۆنگۆییەکان، گەمژەیی بەکۆمەڵ زیاتر دەکات.
٢- ئاڵۆزیی جیهانی مۆدێرن: دنیای ئەمڕۆ ئەوەندە ئاڵۆزە تێگەیشتنی تەواوی بابەتەکان بۆ کەسانی ئاسایی دژوارە، لە ئەنجامدا پەنا دەبەنە بەر سادەکردنەوەی نالۆژیکی بابەتەکان.
٣- فشارە کۆمەڵایەتییەکان: کۆمەڵگەی مۆدێرن بە دروستکردنی فشاری جۆراوجۆر بۆ سەرکەوتن، سامان و ناوبانگ، خەڵک بەرەو بڕیاری گەمژانە دەبات.

### ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەمژەیی:

١- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: فێرکردن و ڕاهێنانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەتوانێت یارمەتی کەمکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان بدات، یان وازهێنان لەو پێش مەرجە گریمانییانەی کە بەردەوام لەگەڵمان دابووە و لەیەخەمان نابنەوە.

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

٢- خۆئاگایی: ناسینی سنوورەکانی مێشکی خۆمان و قبوڵکردنی ئەوەی کە لەوانەیە هەڵە بکەین و بە هەڵەش بڕیار بدەین.

٣- خوێندنەوەی مێژوو: فێربوون لە هەڵەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی دەتوانێت ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی گەمژەییە مێژووییەکان بکات.

٤- دیالۆگی سوقراتی: پرسیارکردنی بەردەوام و بەرەنگاربوونەوەی باوەڕەکانی خۆمان و ئەوانی تر.

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە. لە لایەکەوە خاوەنی ئەو عەقڵە مەزنەیە کە توانیویەتی شارستانیەتی دروست بکات، زانست پێشبخات و گەردوون بدۆزێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەمان ئەو بوونەوەرە دەبینین کە دەکەوێتە داوی بیروباوەڕی پووچ و بڕیاری هەڵە و کردەوەی نەشیاو ئەنجام دەدات.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دەکرێت بڵێین گەمژەیی خۆی جۆرێکە لە ژیری. چونکە ئەو کەسەی کە دان بە نەزانینی خۆیدا دەنێت، یەکەم هەنگاوی ناوە بەرەو فێربوون و گەشەکردن. وەک سوقرات دەڵێت: "تەنها شتێک کە دەیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم".

هەروەها گەمژەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فکریماندا. لە ڕێگەی هەڵەکانمانەوە فێر دەبین، لە ڕێگەی شکستەکانمانەوە بەهێزتر دەبین. بەم شێوەیە، گەمژەیی دەبێتە پردێک بەرەو زانین و تێگەیشتنی قووڵتر.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت کە تێگەیشتن لە سروشتی گەمژەیی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەریدا، دەتوانێت یارمەتی گەشەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بدات. ئەمەش پێویستی بە خۆئاگایی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئازایەتی لە قبوڵکردنی هەڵەکاندا هەیە.

٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# بۆ شۆڕش کرا؟



**هەردی سەلیمی**

ڕەنگە پاش پتر لە ٤٦ ساڵ و بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی هەرە نەرێنی و کاولکارانەی کۆماری ئیسلامی و هەروەها ڕۆڵی نۆستالژیستەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران، ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ؛ ئایا ئەو شۆڕشە پێویست بوو بکرێ؟ ئاکامی چ بوو؟ چ دەسکەوتێکی هەبوو؟ کۆمەڵگەی ئێرانی پێش لە ڕێبەندانی ٥٧ هەر ئەو بژاردەیان لەبەردەمدا بوو؟ بۆ بەرەو ئیسلامیبوون چوو؟ شۆڕش و ئاکامەکانی لێک جیان؟ سەردەمی شۆڕشەکان هەر ماوە یا بەسەر چووە؟ و زۆر پرسیاری دیکەش... لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەکورتی وەڵامێک بەم پرسیارانە بدرێتەوە.

پێش لە هەر شتێک ئاماژە بە چەند ئامارێک دەکەین، ئەم ئامارانە دەرخەری دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمەن و زیاتر لە هەر بیرەوەری و گێڕانەوەیەک دەتوانن ڕاستییەکانمان نیشان بدەن. لە نیوەی دووهەمی دەیەی چل و نیوەی یەکەمی دەیەی پەنجای هەتاویدا و بەبۆنەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و سەرکوتی بەربڵاوی نەیاران و دژبەرانی شا بەهۆی ساواکەوە، شا هەستی بە سەقامگیریی زیاتری دەسەڵاتەکەی کرد و مۆدێرنسازیی دەستووری خێراییەکی زیاتری

بەخۆوە بینی، بە بڕوای کۆمەڵناسان هەر ئەم خێرایی و گەشە نارێک و نالێکە، بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران هەستی خۆ بە بێگانە زانین دایانبگرێ و لە بەرامبەردا هانیان بدات بەرەو ئایین بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بەرهەست و دەرهەستە، چون نە لە ئێستایاندا و نە لە داهاتووشدا پێگەیەکیان بۆ خۆیان بەدی نەدەکرد. بۆیە سەیر نییە کەوا لە یەکێک لە گرنگترین و بەربڵاوترین توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەیەی پەنجادا کە هەموو دانیشتووانی ئێرانی لەخۆ گرتووە ٨٠٪ی کۆمەڵگەی ئاماری پێیان وابووە دەبێ پردێکی پێوەندی لە نێوان شەرع و پێویستییە ئەمڕۆییەکاندا دروست بکرێ، بە واتایەکی تر لایان وابووە یاسا مرۆییەکان ناتوانن وەڵامدەری خەڵک و دۆخ و پێویستییەکانیان بن، بۆیە دەبێ لەگەڵ شەرعدا ئاوێتە بکرێن. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ خومەینی لە "بۆشایی"دا دروست نەبوو و پێی لەسەر عەرزی واقعی کۆمەڵگەی ئێراندا بوو و یەکێک لە دەگمەنترین ڕێبەرە ئایینییەکانی ئەوکات بوو کە دەیویست حکوومەت بشەرعێنێ.

"نیکی کێدی" لە کتێبی "ڕیشەکانی شۆڕشی ئێران"دا دەڵێ: "لە ساڵی ١٣٥٥دا ٤٣٪ی بنەماڵە ئێرانییەکان تەنیا یەک ژووریان هەبووە." هەر لەم پێوەندییەدا کرێ‌ماڵ لە ساڵی ١٥٥٣دا دووسەد لە سەد زیادی کردووە و لە ساڵی ٥٤یشدا سەد لە سەد لەچاو ساڵی پێشووتری هەڵکشاوە. "یرواند آبراهامیان" لە "ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا" دەڵێ: "لە ساڵی ٥٥دا ئاماری مردنی منداڵان زۆر زیاد دەکات، هەر لەو ساڵەدا ئێران لەچاو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا، لە بەراوردی حەشیمەت لەگەڵ تەختی نەخۆشخانەدا، لە خوارترین پلەی ڕیزبەندەکەدا بووە." هەموو کەسانی ئەو سەردەمە لەبیریانە لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا زۆربەی دوکتور و پەرستارەکان خەڵکی وڵاتانی وەک "بەنگلادش"، "هیندوستان"، "فیلیپین" و... بوون.

دوو نموونە هەر لەو ئامار و فاکتانە لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ئایین لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا دێنینەوە: لەنێوان ساڵانی ١٣٣٣ هەتا ١٣٤٢، ٥٦٧ کتێبی ئایینی بڵاو بووەتەوە، واتە ١٠٪ی کتێبەکان ئایینی بوون. لە ١٣٥١ هەتا ١٣٥٣ ئەم ژمارەیە بووەتە ١٦٩٥ کتێب، واتە ٥٠٪ی کتێبەکان ئایینی بوون، کە ئەم ئامارە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ ٢٠٪ داکشاوە! نموونەی دووەم: لە ساڵی ١٤٠دا و لە شاری تاران ٢٩٣ مزگەوت هەبووە، ساڵی ٥٠ دەبێتە ٧٠٠ و لە ٥٢دا دەبێتە ٧٩٩ و لە ساڵی ١٣٥٤یشدا دەبێتە ١١٤٠ مزگەوت! ئەمە لە کاتێکدایە خوێندنەوەی ڕۆمانی "دایک"ی "ماکسیم گۆرکی" و نووسراوەکانی "بێهرەنگی" و... لێپرسینەوەی ساواک و زیندانی لەدوا بوو. بۆیە "خوسرەو گوڵسورخی" لەخۆڕا نەبوو لە دادگاییەکەیدا وتی: "ئێوە لەسەر کتێبخوێندنەوە خوێندکار لە زیندان دەکەن، کە هاتە دەر ئیدی چەک هەڵدەگرێ نەک کتێب!" کەشی داخراوی سیاسیی ئەو سەردەمە ڕێگەی نەدەدا هیچ چالاکییەکی سیاسی بکرێ، مەگەر بەنهێنی. لێرەدایە قووڵایی قسەکەی "مێهدی بازرگان" زیاتر دەردەکەوێ کە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کێ ڕێبەری شۆڕشە، وتی: "محەممەد



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

ڕەزا شای پەهلەوی". بەڕاستی پەهلەوی بە گرتنەبەری سیاسەتی هەڵەی ئابووری، مودێرنیزاسیۆنی سەقەت، داخستنی کەشی سیاسی بە قازانجی ڕووحانییەتی شیعە و... بواری بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و بەدوای ئەویشدا بەئیسلامیکردنی شۆڕش خۆش کرد. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئێرانی سەردەمی پەهلەوی لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەوە تووشی قەیرانی زۆر گەورە ببوو، لەم نێوەشدا دیسان بەپێچەوانەی ئەوەی دەوترێ "اتحاد ارتجاع سرخ و سیاه" ئەوە ڕێژیمی پەهلەوی بوو کە مەیدانی بۆ بەرینبوونەوەی چالاکیی سیاسیی ئایینییەکان چۆڵ کردبوو و تەنانەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوکارییشی دەکردن.

کەمترین دەسکەوتی هەر شۆڕشێک سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە ئیرادەی خەڵکێکی یەکگرتوو دەتوانێ بەسەر هەر لەمپەرێکدا سەر کەوێ. سەرەڕای ئەمانە نکۆڵی لەوە ناکرێ شۆڕشی ساڵی ٥٧ نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ و ئاکامەکانی لە زۆر ڕووەوە پێچەوانەی ویستی ئەوانە بوو وا شۆڕشیان بۆ کرد، بەم حاڵەشەوە شۆڕش بابەتێکە و ئاکامی شۆڕش بابەتێکی ترە، لە ئێستادا هەوڵێکی زۆر دەدرێ بۆ ئەوەی ئەم دووانە بکرێنە یەک و لێک جیا نەکرێنەوە، بەڵام بۆ؟ یەکەم؛ لایەنگرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین کە دژە شۆڕشترین توێژی کۆمەڵگەی ئێرانن، ئەوان شۆڕش وەک ساڵرۆژی لەدایکبوونی دەسەڵاتیان دەبینن و جەژنی بۆ دەگرن و لەوەش زیاتر ناترازێن و ئێلێمانەکانی شۆڕش وەلا دەنێن بۆ مانەوەی خۆیان، دووەم؛ ئیسلاحخوازەکانن کە شۆڕش و شۆڕشگێڕی بە بڤە دەزانن و بەردەوام دەڵێن شۆڕش ئاکامی نادڵخوازی دەبێ و خەڵک سارد دەکەنەوە، سێهەمیان؛ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنە کە لەژێر کاریگەریی ئەو دوو تەیفەدا و هەروەها بەمەبەستی کڕینی ئێعتبارێک بۆ دەسەڵاتی پێش شۆڕشی ٥٧، لە وشەی شۆڕش بێزارن و تەنانەت ناوی "براندازی"یان لە خۆیشیان ناوە. لە ڕاستیدا ئەم سێ توێژە لە پێناو یەک ئامانجدا هەوڵ دەدەن، ئەویش هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە دەکرێ ئۆپۆزیسیۆن چاوکراوەتر بێ و لەم سێ بەرە کۆنەپارێزییە کە ئاکامی هەوڵەکانیان مانەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامییە، خۆیان بە دوور بگرن و بگەڕێنەوە سەر واتای ڕاستەقینەی شۆڕش کە هەمان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە، نەک لابردنی بەشێک و هێشتنەوەی بەشێکی تر لەم جەستە نەخۆش و جێی مەترسییەی کۆماری ئیسلامی. هێشتا گیانی شۆڕش زیندووە و بە پێداگریی زیاتر لەسەر دێموکراسی و ئازادی و عەداڵەت، دوور نییە ویست و ئامانجەکانی شۆڕش بێنە دی.

**٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ؟



**عەلی بداغی**

لە چل و حەوتەمین ساڵی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گۆڕینی نیزامی سیاسیی وڵات سەرەکیترین داوای خەڵکە، ویست و داخوازێک کە لانیکەم لە کوردستان ٤٦ ساڵە خوێن و تێچووی بۆ دەدرێ و ئێستا ئیدی بۆتە ویستێکی گشتگیریش لەنێو هەموو پێکهاتەکانی ئێراندا.

کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابوورییەکان لە سۆنگەی سیاسەتی ئایدۆلۆژی-ئەمنییەتیی ڕێژیم، ناکارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات و گەندەڵیی بەربڵاوی حکوومەتی؛ بێمافی خەڵک لە هەموو بەستێن و بوارەکان، کۆی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان، داخراویی سیاسی لە تەنیشت سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی هەرچەشنە مافخوازی و نارەزایەتییەک لەدژی ڕێژیم بووەتە هۆی ئەوەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران لە هەموو شتێک پێویستتر بنوێنێ و حەوڵیشی بۆ بدات.

گۆڕینی نیزامی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بابەتێکی فرەڕەهەند و چەند لایەنە کە پشت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێ، وەک

هەلومەرجی نێوخۆیی، دۆخی ئابووری، شەرعییەتی سیاسیی دەسەڵات و ئاستی پشتیوانیی خەڵکی و فاکتەری دەرەکی وەک هێزی پشتیوان. بە سەرنجدان بەوە پرسیارە ئەمەیە ڕێگاکانی گۆڕینی ڕێژیم کامانەن و هەتا ئێستا کۆسپەکان چ بوون و بە چ شێوەیەک دەکرێ ئەم ئامانجە بەدی بێت؟

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا "ڕێفراندوم" و دەنگی خەڵک دەتوانێ بۆ هەر گۆڕانکارییەک یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام خەڵکی ئێران جگە لە کوردستان کە لە ساڵی ١٣٥٨دا بەشدارییان لە "ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی"دا کرد، نەیانزانی دەنگیان بە نیزامێکی سیاسی داوە کە خۆی ئیدی ڕێگە بە هیچ چەشنە ڕێفراندۆمێک بۆ گۆڕینی دەسەڵات نادات. واتە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا ڕێگەی لە ڕێفراندۆم بۆ گۆڕین و دیاریکردنی نیزامی سیاسی و پرسیار دروستکردن لەسەر "کۆماری ئیسلامیی ئێران" گرتوە؛ ئەویش لە کاتێکدا کە لە ئێستادا تەنیا سەتا ١٠ی حەشیمەتی ئێران ئەوانەن کە تەمەنی بەشداری لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی کۆماری ئیسلامییان بووە، سەرفی نەزەر لەوەش کە ئاخۆ ئەوکات بە ئا و بە نا بەشدارییان تێدا کردوە یان نا!

لە ڕێفراندۆم بترازێ، بزووتنەوە مەدەنی و نارەزایەتییە گشتییەکان، نافەرمانیی سیاسیی و مەدەنی و ڕاوەستانی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر دەسەڵات یەکێک لە شێوازەکانی گۆڕینی حکوومەت لە سەردەمی ئێستادان کە -بێ سەرنجدان بە ئاکام و هەڵسەنگاندنی ئەرزشیی شۆڕش و گۆڕانکارییەکان، بەڵام- لە ئینقلابە نارنجی یان مەخمەلییەکانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لە دەیەی ٩٠ و دواتریش لە بەهاری عەرەبی دەیەی ڕابردوودا نموونەکانی بەرچاو دەکەون.

ئەگەرچی ئەو شێوازە لە خەباتە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگە و بەرنامەی خەباتگێڕیی خەڵکدا غایب نەبووە، بەڵام بە چەند هۆکار کە ئاماژەیان دەدرێتێ سەرکەوتوو نەبووە. لەبەر ئەوەی بڕگەیی بوون و ئەوەندە بەردەوام نەبوون کە ڕێژیم بە تەواوی بخەنە تەنگانەوە. هەروەها نارەزایەتییەکان گشتگیر، بەربڵاو، فرەلایەن و چەند ڕەهەندی نەبوون و هەرجارە لەنێو چین و توێژێک سەریان هەڵداوە و پاڵنەرەکانیش جۆراوجۆر بوون، یان ئابووری، یان خواستی سیاسی، یان تەنانەت جیاواز لەڕووی نێوەرۆکەوە، وەک ڕەگەز و خەسڵەتەکانی خەبات و مافخوازیی مەدەنیی خەڵکی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. گرینگتر لەوانەش ڕێبەرییەکی ڕێکخراو و ستراتیژییەکی ڕوون و دیاریکراو و بەولاوەتر پشتیوانیی دەرەکیی بەهێزیشیان لە پشت نەبووە؛ بەڵام لە بەرانبەردا حاکمییەت بە هەموو توانای سەرکوت و سەربازی و ئەمنیەتیی خۆیەوە بەرەنگاری خەڵک و نارەزایەتییەکان بووەتەوە و پاشەکشەی پێ کردوون. ئەگینا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و بۆنە حکوومەتییەکان، مانگرتن و نافەرمانییە مەدەنییەکان و تەنانەت لە چەند قۆناغدا خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی سەرشەقام هیچ شەرعییەتێکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی گۆڕینی نیزامی سیاسی، ڕکەبەری و ململانێ و گۆڕانکارییەکان لەنێو دەسەڵات بە ئاراستەی شکانەوە بەلای بەرژەوەندیی خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازیی کۆمەڵگەدایە. پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لانیکەم لە سێ دەیەی ڕابردوودا خەڵک لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە هەم پەیامی گۆڕانخوازیی خۆیان بە گوێی دەسەڵات و کۆمەڵگەی جیهانییش گەیاندوە و هەم ئەو دەرفەتەیان بە قۆڵە بەناوی ڕیفۆرمخوازەکان داوە ئاقاری دەسەڵات و حوکمڕانی بە دیوی بەرژەوەندیی خەڵک بگۆڕن. بەڵام ئەوە نەکرا و خەڵکی ئێرانیش لەمێژە دەستی هیوایان لێ بەردوان و لەوانیش تێپەڕیون.

سادەترین ئاکامگیری لەو باسە ئەوەیە کاتێک بەهۆی نیزامی دیکتاتۆری و داخراویی سیاسی دەرەتانی گۆڕانکاریی دێموکراتیک لە پێکهاتە دەسەڵات لە وڵاتێکدا نەبێت، مەیل و پێویستیی ئەم گۆڕانکارییە بەناچار بۆ ڕاپەڕین بە مەبەستی ڕووخان دەڕوات، بابەتێک کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێت. بەتایبەت کە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئەم پەیامەی بە خەڵکی ئێران دا کە گۆڕینی نیزامە دیکتاتۆڕ و سەرکوتگەرەکان کردەنییە و دەست دەدات. ڕووخانی حکوومەتی سووریە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر تێڕوانینی ئەمریکا و ڕۆژئاواش لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی هەبێ و بە داخستنی پەروەندەی وتوویژی ڕەخنەگرانە و موماشات لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بەلای پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا بشکێنەوە. بەتایبەت لە ئێستادا ترامپ گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردوە و کەلێن نێوان خەڵک و حاکمییەت لە ئێران بەگشتی و تایبەتیتر کەلێن و ناکۆکیی نێوخۆیی دەسەڵات لە ئێران پتر لە هەر کاتێکە.

لە کۆتاییدا پێشمەرجی هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەپێناو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی ئەوان و فراوانکردن و گشتاندنی مەیدانی ئەو خەباتە بۆ هەموو جەمسەر و جومگەکانی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. ئەمەش دەخوازێ شوڕایەکی ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم پێک بێت کە هەم بتوانێ نوێنەرایەتیی خەڵک بکات، هەم بەرنامەیەک بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەپێناو ڕاگەیاندنی ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕینی دێموکراتیک لە قۆناغی ڕووخان و دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئێستا بخاتە ڕوو؛ لەلایەکی دیکەشەوە بە وەرگرتنی شەرعییەتی خەڵکی بتوانێت پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم گۆڕانە دەستەبەر بکات. ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە دێموکراسیخوازانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە.

٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# هەموو هێز و ڕوانینمان بخەینەوە سەر نێوخۆی وڵات



سمایل شەرەفی

لە ماوەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا زۆرێک لە شرۆڤەکارانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەلاقەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئامریکا و ڕۆژئاواوە سەیری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵاتیان کردوە. بێگومان پرسی ناوکی و هەوڵی ڕێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و سیاسەتی هەڕەشە و فشاری کۆشکی سپی و ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی دیکەی پێوەندیدار بەم پرسە لە درووستکردنی ئەم تێڕوانین و لێکدانەوانەدا شوێنەواری کەمی دانەناوە. بەداخەوە ئەم ڕوانینە باڵی بەسەر ڕەفتار و تێڕوانینی گەلانی ئێرانیشدا کێشاوە و ئەوەندەی هیوا لەسەر فشار یان هێرشی دەرەکی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و لاواز یان ڕووخانی لە لایەن وڵاتانی دیکەوە هەڵچنراوە، کەمتر بیر لەوە دەکرێتەوە کە چۆن لە نێوخۆی وڵات کار بۆ وەدیهێنانی ئەم حاڵەتانە بکرێت.

هۆکارەکانی پشت پەرەگرتنی ئەم ڕوانینە زۆر و جۆراوجۆرن کە باسکردنیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مێتۆدیکی زانستی هەیە کە لە تاقەتی وەها وتارێکدا نیە. بەڵام بە پێی دەرفەت و ئامانج لە نێوەڕۆکی بابەتەکە، هەوڵ دەدەین ئاماژە بە

چەند خاڵێک لەم پێوەندییەدا بکەین:

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستەمێکی "فرافکن" (بەلاڕێدابەر) کە بەردەوام هەوڵی داوە بیروڕای گشتی لەسەر پرسە ئەساسییەکان لە ڕێبازی خۆی دوور بخاتەوە و بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە پاڵی پێوە بنێ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی درووستکردنی ئەم ڕوانینە لەنێو خەڵک و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیشدا بووە. ڕێژیم بۆ ئەم کارە لە دوو شێواز و ڕێکاری سەخت و نەرم کەڵکی وەرگرتووە؛ یەکەم ئەوەی لە ڕێگای سەرکوتێکی سیستماتیکی دەیان ساڵەوە هەوڵی داوە هەموو دەرفەتە نێوخۆییەکان بەڕووی خەڵک و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و حیزب و ڕێکخراوەکاندا ببەستێ و بە هەڕەشە و فشاری جۆراوجۆر مەیدانیان پێ چۆڵ بکات و ناچاریان بکات کە مەیدانی سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوە بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکان و هەندەران بکەن. دووهەم ئەوەی لە ڕووی دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە و بەتایبەت کەڵک وەرگرتن لە پەروەندەی ناوکی، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پڕ لە تێچوو بۆ خۆی و خەڵک ساز بکات کە سەرنجەکان لەسەر ئەم مەیدانە چڕ بکاتەوە.

هەڵوێستی ئەمریکا و ئورووپاییەکانیش چ بەرانبەر بە تەواویەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و چ سەبارەت بە پرسی ناوکیی ڕێژیم و پرسەکانی دیکەی وەک پشتیوانی لە هێز و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە و دەستێوەردانی لە وڵاتان، کە لەسەر ئەساسی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بنیات نراوە، لە پەرەگرتنی ئەم چاوەڕوانییەی خەڵکدا شوێنەواری دەیان ساڵەی داناوە.

وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپایی لە قۆناغی جۆراوجۆردا بە پێناسەکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕیزی "مێحوەری شەرارەت" و "گەورە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی" و " دوژمنی دێموکراسی و سەقامگیری" و ... قسەکردنی لە بژاردەی سەربازی و "ڕێژیم چێنج" هیوای گۆڕانکاریی بنەڕەتییان لە ڕێگای هێرشی سەربازی بۆ سەر ڕێژیم لە بیر و زەینی خەڵکدا بەهێزتر کرد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە دوای ٤٦ ساڵ لە هەڵکشان و داکشانی ئەم هەڕەشانە، دیسان لە لایەن هەمان وڵاتانەوە باس لە درێژەدان بە دانووستان و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێ!

ڕوانگە و خوێندنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بۆ ئەمری گۆڕانکاری لە ئێران، دیل و گرفتاری هەمان فەزای کازب و خەیاڵییە کە وەک ئاماژەی پێ کرا لە لایەک خودی کۆماری ئیسلامی پەرەی پێ دەدا و لە لایەکی دیکەوە دوورکەوتنەوەی خودی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە واقعیاتی کۆمەڵگەی ئێران تیایدا هۆکارن.

بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە بە دوورکەوتنەوەیان لە ژینگە و واقعیەتەکانی نێوخۆی وڵات کەمترین شوێنەواریان بەسەر بزووتنەوەکانی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، لە گوتار و ڕەفتاریاندا بە جۆرێک وابەستەی سێناریۆی ڕووخانی ڕێژیم لە ڕێگای هێزی دەرەکییەوەن و لە چاوچێوەی هەمان سێناریۆدا لە گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی وڵات و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران دەڕوانن.

کەس ناتوانێ شوێنەوار و کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر وڵاتان ئینکار و حاشا لێ بکات. بەتایبەت لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە لە ڕووی مێژووییەوە، هۆکاری دەرکی یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان بۆ گۆڕانکاری لەم وڵاتەدا بوون و خودی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم ئیدیعایەن. بەڵام ئەوەی لەم چەند ساڵەدا بەسەر بیر و زەین و نەخشەڕێگای خەڵک و ئۆپۆزیسیۆندا بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم و لە کۆتاییدا ڕووخانی ئەم ڕێژیمەدا زاڵە، لە جۆرێکی دیکەیە و پڕ مەترسیداریشە. مەترسیدارە بەو مانایە کە پەرەسەندنی ئەم تێڕوانینە کۆمەڵگە لە جووڵە و چالاکیی سیاسیی دوور دەخاتەوە و تووشی جۆرێک لە چاوەڕوانی و پاسیڤبوونی دەکات.

بۆیە لەم پێوەندییەدا پێش هەموو شتێک پێویستە کۆمەڵگە ئەو پەیامە وەربگرێت کە؛ ئەوەی قەرارە ڕوو بدات و ببێتە مایەی گۆڕانکارییەکی دڵخوازی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە، هەر دەبێ لەنێوخۆی وڵات و لەسەر ئەساسی هێز و هەڵوێست و داخوازییەکانی خەڵک بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بێت. بۆ ئەم مەبەستە پێش هەموو شتێک پێویستە باوەڕ بەوە بێنین کە کێشە و ناکۆکیی وڵاتان لەگەڵ یەکتر لەسەر ماف و ئازادییە سەرکوتکراوەکانی گەلان نیە و پاراستن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان مەبەستە. جا کەوایە پێویستە ڕوانین و هێز و هەڵوێستمان ڕووی لە نێوخۆی وڵات بێت و لە مەیدانی ڕاستەقینەی خۆیدا ڕووبەڕووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببینەوە.

بۆ ئەم مەبەستە کارکردن لەسەر هۆکاری سەرەکیی مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی بەهێزی وڵامدەرە، ئەرکی خەڵک و هێزە سیاسییە شوێندانەرەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگەی مەدەنییە کە بۆ ئەم پرسە ڕوانین و هێزیان بۆ نێوخۆی وڵات بخەنە گەڕ و لەو مەیدانەدا بیر لە پێکەوەبوون و چێکردنی ئاڵترناتیڤ بکەنەوە.

لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی کوردستان بە خەڵک و هێزە سیاسییەکانیەوە چەند هەنگاوێک لە پێش ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوەن. قەوارە و بەستێنی بزووتنەوەی ژینا و پەیامەکانی و هەروەها پێگەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن کە گۆڕەپانی سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

**کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە دژیگەلییەکانی، هەر نێوخۆی وڵاتە.**

**بۆ ئەم مەبەستە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەمیشە هێز و وزەی خۆی لە خەڵک و مەیدانداری لە شەقامەکانی کوردستان وەرگرتوە، هەوڵی ئەوەیە بە ڕوانینێکی نێوخۆییانەوە درێژە بە خەباتی هەمەلایەنە و فرەڕەهەندی خۆی بدات و هەموو هێزی خۆی بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەنێوخۆ تەرخان بکات. هەر لەم پێناوەش وێڕای پاراستنی پێوەندی و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتنخوازی ئێرانی و نەتەوەکان لە دەرەوەی وڵات، کار لەسەر بەرینکردنەوەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەی ئێران، کەسایەتی و هێز و لایەنەکانە سیاسی و مەدەنییەکانی لە نێوخۆی وڵات دەکات.**

**٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# براوەی سەرەکی هەر گەلانی ئێرانن



شاهۆ مەتین

بیست و دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل و شەش ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران، دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێپەڕی. ئەو شۆڕشەی گەلانی ئێران بۆ بەدیهێنانی سەربەستی، ئازدیخوازی و دێموکراسی کردیان و ئارمانجیان بوو ڕێژیمێکی گەلی و پێبەند بە پرێنسیپەکانی ئەمڕۆیی دەسەڵاتدارتییان بکات و گەل و ژێئۆپۆلەتیکی ئێران بە هەموو توانایی و دەڤرایەتییەی هەیتی ببێتە بەشێک لە سیستمی یۆنیوێرساڵ و لە قۆناغەی پاوانخوازی ناوخۆیی و ڕۆڵی پۆلیسی ناوچەیی بێتە دەر و لە سیستمی گۆلۆباڵ بەو ئیمکانە مادی و مەعنەویەی لە سێکتەرە جۆربەجۆرەکان هەیتی کە گەشەسەندوویی، پێشکەوتن و بەختیاری جێگرەوەی ڕێژیمی پاشایەتی کە تایبەتمەندی زاڵی دیکتاتۆریزم وشۆوەنیزم بوو بگرێتەوە.

بەڵام مەخابن شۆڕش لەلایەن تاقمێکی پاوانخواز بە ڕێبەرایەتیی شەخسی خومەینی بەتاڵان بردرا و ئەم جیهانەی گەلانی ئێران ئاواتەخوازی بوون، بەدی نەهات و خومەینیزم بە شۆڕش لەناو شۆڕش هەموو دەرفەتەکانی بۆ دێموکراسی و ئازادی کوشت و لە ڕێگای ئەم کوودەتایەی دژی کەسایەتی، ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی دیکە کردی ،دیکتاتۆریزمی پاشایەتیی بۆ

دیکتاتۆریزمی ئایینی گۆڕی.

شوعاری سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری کە لە نێوەرۆکدا ویستی گەلانی ڕاپەریو دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو دەستیان بەسەر داگیرا و دواتر بە پاشخانی ئیسلامیزم لە ئەندیشە و فەلسەفەی خومەینیزم لە جەوهەر و حەقیقەتی خۆیان سەرەتا لە ئاستی ناوخۆیی و پاشان لە ئاستی دەرەکیدا بەتاڵ کرانەوە.

ئەمڕۆکە چ لە ڕەهەندی نێوخۆیی یا دەرەکی بمانهەوێت شرۆڤەیەک بۆ مانیفێستی سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری لەژێر سایەی سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیدا بکەین بەو سیاسەت و پلانەی ڕێژیمی ئاخوندی کە لە هەر دوو بەستێنەکەدا بەڕێوەیان دەبات لێکدژێکی بە تەواو مانا لەو چەمکانەی بەدی دەکرێت.

هەر دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی کوودەتای نێوخۆیی ، شەڕی دۆڕاویان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس و،،، هتد ئابووریان بە تەواوەتی تێکڕما و سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریان لە دەستدا و زوو گرێدراوی و پاشکۆیەتیان بەنیسبەت وڵاتانی دەرەوە بۆ دروست بوو، کە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارێتیان وڵاتی ئێرانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا خستووتە ژێر هێژموونی و ئۆتۆریتەی دوو وڵاتی چین و ڕووسیە و ئەگەر جاران دەسەڵاتی قاجارەکان ئێرانیان لەژێر ناوی ڕێکەوتنی گوڵستان و تورکەمەنچایی و ...هتد کردبوو کۆلۆنیزەی وڵاتانی دەرەکی، ئێستا بە هەمان جیهانبینی، ئێرانی ژێر هێژموونی و پاوانخوازی ڕێژیمی ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆلۆنیزەکراوی ڕووسیە و چینە و بەکردەوە دەسەڵاتی ئەمنی، سەربازی دیپلۆماسی، ئابووری و تەناهی ئێران دوو وڵاتی ڕووسیە و چین بەڕێوەی دەبەن و ئەو دۆخەی ئێران بە تەواوی دۆخی وڵاتێکە کە لە شەڕدایە و هەست دەکەی هەموو شتێک لە ئۆتۆمێسفێرێکی سووررێئال لە کاتی ڕوودانداییە.

ئازادی کە ویستی هەرەبەرزی تاکی شۆڕشگێڕ و گۆڕانخوازی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز بۆ بەدیهێنانی ئازادی لەلایان ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی بوو و گیانی ئازیزیان بۆ بەخت کرد جارێکی تر لەلایان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئازادی بەند کرا و حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپا، بەڵام ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ئازادیخوازی لەنێو گەلانی ئێران نە تەنیا سەریان بۆ ویستی لە سێدارەدانی ئازادی دانەنواند بەڵکوو بە ئیمان بە ژیان و کەرامەتی ئازاد و پاراستنی شکۆیان لەژێر دەسەڵاتێکی ئازاد و سەربەستدا، تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدا و بە پێداگرییان لەسەر ئەم بەها جوانانە بەندیخانە بە چۆکدا هات و ئازادی لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە فێندێمێنتالە سەدە نێوڕاستییە ویستی سەرەکی گەلانی ئێرانە.

## ڕێبەندانی ٢٧٢٤

لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە بڕوامەندنەبوونی بە دەنگی سەربەخۆیی و ئازادیخوازی خەڵک بە نیسبەت مافی بە حەق و ڕەوای خۆیان چەمکی کۆماری کە بە مانای دەسەڵات لەلایان خەڵکەوە بۆ خەڵک بێت زەوت کردوە و لە مانای ڕاستەقینەی خۆی خست، هەر چەشنە تایبەتمەندیێکی سیستمی کۆماری بە مانای ڕاستەقینەی وشە لەژێر پاوانخوازی سیستمی خومەینیزمدا بوونی نەماوە و بە هاتنی سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی هەر سێ چەمکی سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان بەتاڵ کرانەوە و بە خوێندنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیانەی خومەینیزم بەلاڕێدا بران، بەڵام لە شەڕی نێوان گەل و دەسەڵات، ئەوەی ئێستا ویستی ڕاستەقینەی گەلانی ئێرانە هەر چەشنە گرێدراوی دیکتاتۆریزم و پاوانخوازێکی ڕەد دەکەنەوە و بە تێکۆشانی بێوچانیان دەیانهەوێ ئەم مانیفێستە بکرێتە پارادامی زاڵ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و پاشەکشەیەکی واتایی و مانایی بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کراوە و کۆی بەها و بایەخەکانی ئەم سیستمە حاڵەتی دژەنۆڕمیان بە خۆیان گرتوە و دۆڕاوی سەرەکیی ئەم مەیدانە هەر ئەندێشەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهە و براوەی سەرەکی مەیدانەکەش گەلانی سەربەخۆییخواز، ئازادیخواز و کۆماریخوازی ئێرانن.

**٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە Serchawe

# دۆناڵد ترامپ و ئێران، لاپەڕەیەکی نوێ یان دووبارەبوونەوەی ڕابردوو؟



**حەسەن قارەمانی**

لە ٤ی فێبوریە ٢٠٢٥، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" خۆی بەرامبەر ئێران دەست پێ کردەوە، ئەویش بە واژۆکردنی فەرمانی جێبەجێکردن سزا ئابوورییەکانی لە دژی ئێران و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەرگای وتووێژیشی لەگەڵ ئێران ئاوەڵا کردوە.

ترەمپ جەختی لەوە کردەوە کە "مەحاڵە ئێران بتوانێت چەکی ئەتۆمیی هەبێت" و هیواشی دەربڕی کە بتوانرێت لەگەڵ ئێران ڕێکبکەوێت. هاوکات هۆشداریشی دا کە ئەمریکا مافی خۆیەتی ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی ئێران بە وڵاتانی دیکە بکات و هەڕەشەی کرد بێتوو ئێران هەوڵی هێرشکردنە سەری بدات لێکەوتەی وێرانکەری لێدەکەوێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە بەرامبەردا ئێرانی ناچار کردوە بژاردە ستراتیژییەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت. دەمێنێتەوە بزانین ئایا ئەم پێشهاتە تەعبیر لە لاپەڕەیەکی نوێ دەکات لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێراندا، یان تەنیا دووبارەبوونەوەی دانوستانە گرژەکانی سەردەمی خولی یەکەمی دۆناڵد ترامپە.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە تایبەتییانە لەسەر دۆناڵد ترامپ و ئێران لاپەڕەیەکی نوێ یان دووبارەبوونەوەی ڕابردوو دەستنیشان دەکەین؟

## سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە خولی یەکەمی ترەمپدا

لە ماوەی یەکەم خولی سەرۆکایەتی ترامپدا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی توند جێبەجێ کرا کە داینامیکی نێوان ئەمریکا و ئێرانی گۆڕی. لە مانگی مای ساڵی ٢٠١٨، ترەمپ ئەمریکای لە پلانی کاری گشتگیری هاوبەش ڕێککەوتننامەی بەرجا (JCPOA) کشایەوە کە بە ڕێککەوتنی ئێران ناو دەبرێت و سزاکانی سەرلەنوێ سەپاندەوە کە پێشتر بەپێی ڕێککەوتنەکە هەڵگیرابوون. دۆناڵد ترامپ و ئیدارەکەی ڕەخنەیان لە ڕێککەوتنەکە گرت و بە ناتەواویان زانی بۆ ڕێگریکردن لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی ئێران، هەروەها بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی مووشەکیی وڵات و پشتیوانی لە تاقمە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە.

پاشان "هەڵمەتی"ئەوپەڕی گوشار" ئامانجی ئەوە بوو ئێران ناچار بکات بچێتە نێو ڕێککەوتنێکی نوێ کە هەم بەرنامەی وزەی ئەتۆمی وڵاتەکە و هەم کاروچالاکییە ناوچەییەکانی بخاتە ڕوو. سزا ئابوورییەکان کە بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران و کەرتە سەرەکییەکانی دیکەی کردە ئامانج، بووە هۆی دابەزینی ئابووری لە ئێران و کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە، کە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا بوو.

## وەڵامدانەوەی ئێران و دەرئەنجامە نێوخۆییەکان:

وەڵامدانەوەی ئێران بۆ سیاسەتی ئەمریکا، چڕبوونەوەی وردە وردەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی بوو، کە بریتی بوو لە تێپەڕاندنی سنووری ڕێککەوتن لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بۆ پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی. ئەمەش لە چوارچێوەی نائارامی نێوخۆییدا ڕووی دا، کە دابەزینی ئابووری کە لە ئەنجامی گەمارۆکانەوە هاتە ئاراوە، ناڕەزایەتی و ناسەقامگیریی سیاسی زیاتری لێکەوتەوە.

سەرەڕای هێڵی توندی ئەمریکا، سەرکردایەتیی ئێران لە نێویاندا عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئینقلابی ئیسلامیی ئێران، سەرلەنوێ چاویان لە ستراتیجی خۆی بەرامبەر واشنتۆن کردەوە. سیاسەتمەدارانی ئێران، وەک عەباس عیراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران، ئامادەیی خۆیان بۆ تاوتوێکردنی پرسی ئەتۆمی دەربڕی و جەختیان لەوە کردەوە کە ئێران فەتوای

مەزهەبی هەیە کە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی قەدەغە دەکات. ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستدا دەکرێت وەک نیشانەیەک سەیر بکرێت کە سەرکردایەتی ئێران بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی گوشارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان زیاتر مەیلی بۆ بەدواداچوونی دانوستان هەیە نەک بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوە.

## داینامیکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

هەروەها زەمینەی ناوچەیی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتوە، نفوزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمی کردوە، بەتایبەت دوای لەدەستدانی هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وەک ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٤.

لە هەمان کاتدا سیاسەتی نێودەوڵەتییش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە. گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار" لە دژی ئێران و زیادکردنی گەمارۆکانی سەر نەوتی ئەم وڵاتە، کێشە ئابوورییەکانی ئێرانی قووڵتر کردووەتەوە. زلهێزەکانی ئەوروپا کە پێشتر زیاتر مەیلیان هەبووە بۆ پشتیوانی لە وتووێژ لەگەڵ ئێران، ئێستا هۆشدارییان داوە لە گەڕاندنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێ نەکرێت. ئەم گۆشەگیرییە دیپلۆماسییە بارودۆخی ئێران زیاتر خراپتر دەکات.

## ئاڵنگارییەکان و دەرفەتەکان بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ

سەرەڕای زیادبوونی گوشارەکان لەسەر ئێران و گۆڕانی هەلومەرجی جیۆپۆلەتیکی، هەم ئاڵنگاری و هەم دەرفەت بۆ ڕێککەوتنی نوێ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە. یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکان، بێمتمانەیی مێژوویی نێوان ئەو دوو وڵاتیە، کە دانوستانەکان ئاڵۆزتر دەکات. بێمتمانەیی لەمێژینەی ئێران بە مەبەستی ئەمریکا و گومان بوونی واشنتۆن لە تەماحە ئەتۆمییەکانی تاران، دەتوانێ بەربەست بخاتە بەردەم بەرەوپێشچوونی دانوستانەکان. هەروەها هۆکارە سیاسییە نێوخۆییەکان ڕۆڵێکی چارەنووساز دەگێڕن. لە هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و ئێران، کوتلەی سیاسی هەن کە دژایەتی ئیمتیازەکان دەکەن، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی خاوبوونەوەی دانوستانەکان.

ئاڵنگاریکی دیکەی بەرچاو، کاریگەری ئەکتەرە دەرەکییەکانی وەک ئیسرائیل و سعودیە، کە ئێران وەک هەڕەشەیەکی ناوچەیی سەیر دەکەن و ڕەنگە هەوڵی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بدەن بۆ ڕێگریکردن لە ڕێککەوتنێک کە پێیانوایە سوودی بۆ ئێران دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەندانی ٢٧٢٤

**ئەنجام:**

لە کۆتاییدا پرسیارێک کە ئایا ئەمریکا و ئێران دەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ کە کۆتایی بەو ململانێیە لەمێژینە بهێنێت و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بگەڕێنێتەوە، لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزە و پێشبینیکردنی قورسە. چەند هۆکارێک هەن کە دێنە گۆڕەپانەکەوە و پرۆسەکە هەم چالاک و هەم پێشبینی نەکراو دەکەن. پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە بێمتمانەیییەکی قووڵی ڕەگداکوتاوە کە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا پەرەی سەندووە. ئەم بێمتمانەییە بەربەستێکی بەرچاوە لەبەردەم دانوستانەکاندا، بەو پێیەی هەردوولا گومانیان هەیە لە نیازی لایەنی بەرامبەر و ئامانجە درێژخایەنەکان. زۆرجار ئێران سیاسەتەکانی ئەمریکا بە ئیمپریالیستی و دەستێوەردانگەرانە دەڕوانێت، لە کاتێکدا ئەمریکا ئێران وەک هێزێکی ناسەقامگیرکەر لە ناوچەکەدا دەبینێت و هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە و نۆرمەکانی نێودەوڵەتی دەکات.

جگە لەوەش، دانوستانەکان بەهۆی هۆکارە سیاسییە نێوخۆییەکانی هەردوولا ئاڵۆز دەبن. لە ئەمریکا دژایەتی توندی کوتلە سیاسییەکان هەیە کە ئیمتیازدان بە ئێران بە خیانەت و مەترسی ئەمنی دەزانن، بە تایبەت کاتێک باس لە بەرنامەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە و چالاکییەکانی ناوچەکە دەکرێت.

٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی**: ڕەحمان نەقشی

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی**

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe